مەحوی 2

منتدى إقرأ الثقافى
www.iqra.ahlamontada.com

هیممەت بەرزی

لە نێوان متمانە بەخۆ بوون - ڕێگایەك بۆ سەرکەوتن
پاککردنەوەی دەروون - بالآ بوون لە ئیرادەدا

نووسینی
هارون نوح طه



پێداچوونەوەی
م. عبدالقادر تەوحیدی

١٤٣٢ك ٢٠١٣ز
هەولێر
کوردستان - عێراق

هیممەت بەرزی

لەنێوان متمانە بەخۆ بوون ، رێگایەك بۆ سەركەوتن
پاككردنەوەی دەروون ، بالأبوون لە ئیرادەدا!

نووسینی
هارون نوح طه

پێداچوونەوەی
م: عبدالقادر تەوحیدی
- چاپی یەكەم -

١٤٣٣ ك
٢٠١٣ ز

هەولێر
كوردستان - عێراق

پێناسەی کتێب

- ناوی کتێب : هیممەت بەرزی
- نووسینی : هارون نوح طە
- تیراژ :
- تایپ و نەخشەسازی : نووسینگەی هیوا
- چاپ : چاپخانەی
- چاپی یەکەم ، هەولێر / ٢٠١٣

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (٤٥)ی
سالّی (٢٠١٣)ی دراوەتێ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله حمداً كثيراً طيباً ، والصلاة والسلام على حبيبنا محمد المصطفى وعلى آله وأصحابه البررة الأوفى .... وبعد.

لەسەر داخوازی برای خۆشەویستم مەلا هارون تەماشای نووسینی وانەکانی (هیممەت بەرزی) م کرد، کە خەمخۆرەو خۆی ماندوو کردووە و شتێکی جوانی کۆکردۆتەوەو نوسیویەتی ، کە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە پێویستەو مایەی سوود ئەبێت، إن شاء الله ... بەڕاستی نووسینێکی مام ناوەندییە نەزۆر کورت و نە زۆر درێژەو بۆ سەردەمی پەلەی ئەمڕۆ باشە ، بەکەڵکەو سوودی ئەبێت ، خوا پاداشتی خێری بداتەوەو ئێمەو ئەویش لە پیزی پیاو چاکانی هیممەت بەرزدا دابنێ ، هەروەها داواکارم لە خوای گەورە و میهربان زیاتر زانایی و هیممەتی پێ ببەخشێت بۆ خزمەتی ئەو ئایینە پیرۆزە و رێنمایی رۆڵە ئازیزو دڵسۆزەکانی ئەم گەلەمان .

ئاشکرایە نووسینی باش یەکێکە لەچاکە هەمیشە ماوەکانی مرۆڤی موسڵمان و پارێزگاری کەری ئایین و زمانی گەلە هاوزمانەکەیەتی ، خۆزگە نووسەرو خەمخۆرانی ئەم گەلە هەمیشە لەبیری سوودی گەورەو هەمیشەیی خۆی و خەڵکدا ئەبوون و بە نووسینەکانیان ، خۆیان و خەڵکیان بەرەو کاروانی بەختەوەری رێنمایی بکردایەوە ، جێگای داخە کە چەندین نووسەر و قەناتی فەزایی لەم وڵاتەدا زۆربەیان بە مالێ و سامانی ئەو خەڵکەوە گەڕ ئەکەون ، شەوو رۆژ خەریکی کاری نا لایق و نابەجێن رۆڵەکانی ئەم گەلە بەرەو هەڵدێرو مالێ وێرانی دەبەن و ئایندەشیان ڕەش و نادیارە .

هیوادارم بیرکەنەوەو بەزەییان بەخۆیان و ئەو گەلە دابێتەوە وە هەنگاوێکی مەردانە هەڵگرن و واز لەو نووسین و قەناتە فەزاییانە بهێنن ،

وتراوه: هەڵە لەهەر کوێدا لێی بگەڕێتەوە قازانجە ، ئیشێکی وا بکەن کە نەوەی ئایندە سوپاستان بکات نەك نەفرینتان بکات، دڵنیابن چ چاکەکارو چ خراپە کار گەردیلەیەك لە ئیشەکانی وون نابێ و ڕۆژێ دێت کە حیسابی لەگەڵدا بکرێت.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی لەم برا بەڕێزەم دەکەم وە داوای سەرکەوتنی و پاشان بەهەشتی بەرینی لەخوای میهرەبان بۆ دەخوازم و هیوادارم ئەم نویسنەی ببێ بە مایەی خۆشبەختی دین و دونیای .

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله واصحابه أجمعين ،

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

عبدالقادر تەوحیدی

٢٢/ رجب / ١٤٣٣ ك

پێشەکی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين ، وصلى الله وسلم وبارك على حبيبنا وإمامنا (محمد) المبعوث رحمة للعالمين ، وعلى آله واصحابه الطيبين الطاهرين وعلى من تبعهم باحسان الى يوم الدين .

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست ، دەمێك بوو تامەزرۆی ئەوە بووم چەند بابەتێکی گرنگ و بەسوود لە بواره جیا جیاکاندا پێشکەش بە براو خۆشکانی موسڵمانم بکەم بە زمانی شیرینی دایك ، کە باس لەهەندێ لەو جۆرە بابەتانە دەکات کە یەکجار پێویستە بۆ گەنج و لاوی موسڵمانی کورد ، وە پێویستە ڕێگایەکی سەرەکی بۆ سەرکەوتن و متمانە بوون بە خۆو هەروەها پاککەرەوەبێ بۆ دڵ و دەروون و خۆ پاراستن لە ڕەوشتە ناشیاوەکان کە بەڕاستی ئەبنە هۆکارێك بۆ خۆلەدەست دان و خلیسکان لەو مەیدانەدا ، وەبۆئەوەی زیاتر گەنج و لاوی موسڵمان هیممەت و ئیرادەیان لە ئاست کارەکانیان یەکجار بەرز بێت ، وەکۆسپ و ناخۆشیەکانی ڕۆژگار نەبنە هۆکاری سارد بوونەوەیان لەکارو کرداریاندا.

بۆیە هەستام بە نووسین و کۆکردنەوەی ئەو دوانزە ئەلقەی کە تۆمارکراوی ڕادیۆی ڕووناکی بوون لەژێر ناونیشانی زنجیرە بەرنامەی هیممەت بەرزی لەگەڵ زیادکردنی هەندێ بابەت و ناونیشانی تر کە زۆر پێویست بوون پاشان شێوازی تۆمارکراوە دەنگیەکەم گۆڕی جگە لەناونیشان و پێشەکیەکانی ، هەروەها چەندین سەرچاوەی گرنگی ترم هەڵبژارد و سوودم لێ وەرگرتن .

لەسەرەتا ناوی ئەلقەم لابردووە لەجیاتی (وانە) م داناوە هەروەها تخریجی ئایەت و فەرمودەکانم بە پوختی کردووە و لە پەراوێزدا دامناون ، دەقەکانم

لەنێو کەوانەدا نووسیون وەکو قورئان و فەرموودە پاشان ماناکەم بەجیا گواستۆتەوە ، لەو کارەمدا پشت و پەنام بەستووە بەخوای بالآ دەست و کاربەجێ ، چوونکە ئەو خاوەن سۆزو ڕەحم و بەزەییە بۆ بەندەکانی، بۆیە داوای لێ دەکەم کە بەم نامیلکەیە سوود بگەیەنێ بەخۆم و خوێنەرانی ئازیزم وەبۆمان بێت بە زادو توێشووی ئاخیرەت، ئەگەر ڕاستی و تەوایەتیم بۆ دەرخستبن ئەوا لە فەیزی خوای پەروەردگارە ئەگەر هەڵەو ناتەواویشتان بینی ئەوا لە ناتەواوی خۆمە چوونکە ئینسان جێگای نیسیان و لەبیرچوونە ، تۆی بەڕێزیش بە ئینساف لەهەڵەکانم ببووڕە و ڕاستیان بکەرەوە ، چوونکە ئینساف چاکترین ئەوساف و ڕەوشتە ، وبالله التوفیق.

هارون نوح طه

٢ ی (رجب) ی ١٤٣٣ کۆچی

٢٠١٢/٥/٢٣ی زاینی

شاوێس / هەولێر

وانەی یەکەم:
گەورەیی هیمەت بەرزی

الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهد الله فهو المهتد ومن يضلل فلن تجد له من دون الله ولياً مرشداً ، واشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن سيدنا وحبيبنا محمداً عبده ورسوله ، يا أيها الذين أمنوا اتقوا الله حق تقاته ولاتموتن الا وأنتم مسلمون.

يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفسٍ واحدةٍ وخلق منها زوجها وبث منهما رجالاً كثيراً ونساءً وأتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيباً.

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديداً يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزاً عظيماً.

أما بعد، إن أصدق الحديث كلام الله وخير الهدي هدي سيدنا محمد وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار .

رب أشرح لي صدري ويسرْلي أمري واحلل عقدة من لساني يفقهوا قولي .

برایان و خوشکانی بەڕێز و خۆشەویست سەلام و رەحمەتی خوای گەورەتان لەسەر بێت ، خۆشحاڵین کەوا لەیەکەم وانە بەیەکتر گەیشتین لە زنجیرە وانەکانی هیمەت بەرزی ، ئومێدەوارم لەخوای گەورەو میهرەبان کەوا بۆمان بکات بە تۆیشووی دواڕۆژو بەختەوەری هەردوو دنیا ، بەڕێزان هیممەت بەرزی ڕەوشتێکە کەهەموو پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) لە ژینانیاندا بەرجەستە بووە چوونکە بەم هیممەت بەرزیە توانیان بەتەواوی پەیامی خوای

گـەورە بگـەینین بـەم خەڵکـە هـەر بـەم هیممـەت بەرزیـە شـوێن کـەوتووانی پێغەمبەران توانیان پەیامی خوا ڕابگەیـەنن بـەدەورو بـەریان ، بۆیـە دەتـوانین بڵێین ئەم هیممـەت و ووڕە بەرزیـە ئـەم هێـزو تاقـەت و توانایـە یـە کـەوا مـرۆڤ هەیـەتی وە دەتـوانێ بەسـەر کارەکـانی دا زاڵ و سـەرکەوتوو بـێ ، هـەروەها ڕەوشتێکە لەم ڕەوشتە بەرزانەی کەوا تەواوبوونی مرۆڤی بەدواوەیە ، چوونکە کەسـێ لـە کارەکـانی بـێ هیممـەت و بـێ ووڕە بـێ ئـەوا نـاتوانێ سـەرکەوێ و بەتواوی ئەنجامی بدات ، بۆیە پێشەوا (إبن القیم الجوزیه) دەفەرموێ : (تەواوی و کاملّی مرۆڤەکان بریتین لە دوو شت یەکەمیان: هیممەت بەرزی یە کە دەبێتـە هۆکار بۆ سەرکەوتنی لە کارەکانی ، دووەمیان: زانست و زانیاریەکە ، کـە پێـی ڕێنمـایی و ڕێـی ڕونـی ببـێ ، واتـە: سـەبارەت بـەم زانـستە دوورەبـێ لەسەرگەردانی و گومڕایی .

شاعیر دەڵێ :

ئـــەم خوایـــەی خـــاوەن ئاسمـــان و ئـــەرزە
دەســـــەڵآت دارە تـــــا بڵێـــــی بـــــەرزە
هەرکـــەس هیممـــەتی نـــزم و خـــامۆش بـــێ
ســـــەرتاپا ژیـــــانی ئـــــازارو لـــــەرزە

***

گـــــەڵێ وشـــــیار بـــــن ئـــــەی پـــــیرو لاوان
هیممـــــەت بـــــەرز بـــــن دوور بـــــن لـــــە تـــــاوان
ئـــــەمڕۆ دنیایـــــە ســـــبەی قیامـــــەت
بـــــەدۆزەخ مـــــەدەن بەهەشـــــتی فـــــراوان

***

داواکـــــــارێکی نابـــــــەجێ و پیـــــــسە
چـــــەك و شـــــەڕابی دەســـــتی ابلیـــــسە
دەبـــــا هیممـــــەتتان بـــــەرز بـــــێ هـــــەردەم
تـــــاکو بەهەشـــــتتان نەچـــــێ لـــــە کیـــــسە

***

ژیـــــان بـــــۆ کەســـــێ بـــــەرزە هیممـــــەت بـــــێ
ســـــەربەرزی دنیـــــاو ڕۆژی قیامـــــەت بـــــێ
هەرکەســـــێ چـــــۆك دادا بـــــەبێ هیممـــــەتی
دەبـــــێ ژیـــــانی چـــــەندە زەحمـــــەت بـــــێ

***

پێناسەی هیممەت بەرزی :

ئەهلی زمان بەم شێوەیە پێناسەی هیممەت بەرزی دەکەن کە دەڵێن (همة – علی وزن فِعْلَةٍ) بەواتای ئەوە (مِنْ هَمَّ یَهِمُّ) ئەمەش درێژەی ئیرادەو دەست پێکردنی ویستی ئینسانە ، بەڵام هەندێ لە زانایان تایبەتیان کرد بە کۆتایی پێهاتنی ویست و ئیرادەی ئینسان هەروەها دەوترێ (هُمام) واتە (الملك العظیم الهمة) همام، بەپیاوێکی باڵادەست و گەورە و خاوەن ویست و توانا و ئیرادە دەگووترێت ، وەزۆر جاریش بەو کەسانە دەڵێن (همام) کە زانست و زانیاریان زۆربێ ، یاخود خاوەن تاقەت و هێزو دەسەڵاتێکی زۆر بن لەنێو خەڵك.

بۆیە کە ئێستا دەڵێین (همام) واتە کەسێك کە زۆر بەهیممەت و توانا بێ و هیممەتی بەرزبێ لە کارەکانی بەڵام لەناو خەڵك باوە کە دەڵێن (قیمة کل امرئٍ ما یُحْسِنُهُ) واتە : ڕێزو قەدری هەموو پیاوێك لەوەدایە کە جوانکاری و ڕێك و پێکی بەکارەکانی یەوە دیاربێ ، بزانە ئەو کەسەی کە خاوەنی هیممەتە ، ئەوە خاوەن بەهایەکی جوانە ، لەنێو خەڵکی تایبەتیش دەڵێن (قیمة کل أمرئٍ ما یطلبه) بەهای هەموو کەسێك بەوە دەردەکەوێ کە داوای دەکات.

ئەگەر داواکاریەکەی بەنرخ بوو ئەوا بەنرخە پێچەوانەکەشی بێ نرخە ، قورئانی پیرۆز زۆر هانمان دەدات لەسەر هیممەت بەرزی لەکارەکانمان و باس و بەسەرهاتی ئەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هیممەتیان بەرز بوو کۆڵیان نەدا لە داواکردنەکەیان و کارەکانیان : لە چینی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان و زانایان کە نموونەی هیممەت بەرزی بوون ، ئازارو ناخۆشیەکانی ژیان کاری تێ نەکردن کە وازبێنن لە بانگەوازی و کارە ڕەوایەکانیان ، بەشەوو بە ڕۆژ ، بەگەرماو سەرما ، بە بوون و نەبوون ، کۆڵیان نەدا بەرامبەر بە گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە بە خەڵك ، یەکێ لە هاوەڵە بەڕێزەکان کاتێ کە دانیشتبو لەلای پێغەمبەر (ﷺ) ...پێغەمبەر فەرمووی: (ئەی ربیعەی بن کعب پرسیارم لێ بکە با وەلأمت بدەمەوە ئەویش گووتی: یا رسول الله أسألك مرافقتك فی الجنە ، ئەی پێغەمبەری خوا تەنها ئەو داواکاریەم هەیە دەمەوێ ببم بە هاوڕێ ی تۆ لە بەهەشت دا ، فەرمووی: أو غیر ذلك...؟ جگە لەوە هیچی ترت ناوێ ، ربیعە گووتی: هو ذلك، تەنها ئەوەم دەوێ ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە هیممەت بەرزی ربیعەیە ، کە تەنها ئەو داواکاریەی هەیە ئینجا پێغەمبەر فەرمووی : فأعنی علی نفسك بکثرة السجود ، دەسا یارمەتیم بدە بە زۆر کرنۆش بردن بۆ زاتی خوا ، واتە: وڕەو هیمەتت بەرز بێ لەخوا پەرستی ماندوو نەبی و خاوەن هێزو تاقەت

و ئیرادە بە ، شێخ حەسەنی بەسری دەفەرموێ : ئەگەر کەسێکت بینی لە کارەکانی دنیا پێشبڕکێت لەگەڵ دەکات تۆ لەکارەکانی دواڕۆژدا پێشبڕکێی لەگەڵ بکە و هەوڵ بدە زیاتر سوود لە دواڕۆژت بەدەست بێنێ ئەوی کە ئەو لە دنیادا بەدەستی دێنێ وەکو باسمان کرد ئەم کەڵە پیاوانە نموونەی هیممەت بەرزی بوون.

یەکێك لەمانە ئەبو بەکری صدیق (ڕەزای خوای لەسەر بێت) کە یەکێکە لەگەورەترین هاوەڵانی پێغەمبەر بەیەکدەنگی زانایان کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) داوا لە هاوەڵان دەکات کە خێرو چاکە بکەن و ماڵ و سامانیان لەڕێگەی خوا ببەخشن لەوکاتە عومەری کوڕی خطاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دێتە لای پێغەمبەر بە ماڵ و سامانەکەی کە بەخشیویەتی ئەبوبەکریش بەهەمان شێوە دێت ، پێغەمبەر پرسیار لە ئیمامی عومەر دەکات پێی دەڵێ ئەی عومەر هیچت بەجێ هێشتووە بۆ منداڵ و خێزانەکەت ؟ عومەر فەرمووی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا نیوەی ماڵم هێناوە نیوەکەی تریشم بۆیان بەجێ هێشتووە پاشان ڕووی کردە ابو بکر فەرمووی ئەی أبو بکر تۆ هیچت بۆ ماڵ و منداڵ و خێزانەکەت بەجێ هێشتووە ؟ فەرمووی ئەی پێغەمبەر بەڵێ خواو پێغەمبەری خوام بۆ بەجێ هێشتوون واتە ماڵی خۆی هەموی خەرج کرد لەم ڕێگایە دا کە بەڕاستی ئەمە بە کەسێك دەکرێ کە تەواو هیممەتی بەرز بێ وە متمانەیەکی تەواوی بەخۆی هەبێ دەبێ أبو بکر لەم جۆرە پیاوانە بێ کە بەم شێوەیە دڵسۆزە بۆ ئاینەکەی ، بۆیە ئیمامی عومەر فەرمووی : (لا أسْبقُهُ الی شيء أبداً) ، واتە: ئیتر بۆ هیچ شتێکی تر پێشبڕکێی لەگەڵدا ناکەم چوونکە ئەو

لەهەموو شتێکدا لە پێشەوەیە[1]

لەهەموو چاکەیەك دا لەڕیزی پێشەوە بوو ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ ﴾ اللیل: ٥ – ٧، لەبەخشیندا بێ وێنەبوو، لەخوا پەرستیدا کۆڵنەدەر بوو، کاتێ پێغەمبەریان بەدرۆ دەخستەوە ئەو بەڕاستگۆی دەزانی وە متمانەیەکی بێ دوودڵی پێ ی هەبوو (إن كان ذلك قالَ فقد صدق) گەورەترین چەکە بۆ کوفر کە لەم کاتە ناسکەدا پێ دەوەستێ بەرامبەر بە سەرانی غەدرو کوفر کێ باوەڕی دەکرد کە مرۆڤێك بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان بەلاشەو ڕۆحی خۆی گەر ئەبو بەکر نەبێ، دەڵێ زیاتریش بۆ محمد باوەڕ دەکەم کە لەئاسمانەکان بەسەر دەکەوێ، ئەمە هیممەت بەرزی ئەبو بکری ڕاست گۆیە، کێ هاوڕێیەتی کەسێك دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ناخۆشیەکانی دنیا لەکاتێك کە دڵنیابێ دووژمن پێ بەپێ بەدوات هەنگاو بنێ کێ ئەم هیممەت بەرزیەی هەیە کە لە ئەشکەوتی ثەور خۆی بکاتە قوربانی بۆ هاوڕێیەکەی، کێ بەم شێوە دڵسۆزە، کێ گیان لەسەر دەستە، کێ چاونەترسە ؟ وەکو أبو بکر، بەهیممەت بەرزی لە ڕۆژی هەڵگەڕانەوە، گەورەترین هەڵوێستی هەبوو بەرامبەر بەوانەی کە لەپاش وەفاتی پێغەمبەر هەڵگەڕانەوە بەچەك و شمشێرەکەی خۆی بەسەرکردایەتی قائیدی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید توانی ئەم ئاگرە بکوژێنێتەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت .

إبن سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کاتێ کە دەڕۆیشت بۆ نێو خەڵك لە بازاڕو شەقامەکان، عادەتی وابوو بانگی دەکردن بەدەنگێکی بەرز دەیووت :

(١) صحيح رواه أبو داود.

الله أكبر لەولاوە دیسان دەیگووت: لا إله إلا الله خەڵك لێی کۆدەبوونەوەو لێیان دەپرسی ، ئەویش لەناو بێ ئاگایی دا بە خەبەری دەهێنانەوە ، پێیان دەگووت: ئەی ئیمام بۆچی لەکاتی نیوەڕۆ و کاتی کۆبوونەوەی خەڵك بەم شێوازە بانگی خەڵك دەکەیت ؟ لەوەڵامدا دەیفەرموو : چوونکە کاتی غەفڵەت و بێ ئاگایی یە وەکاتی تووش بوونی خەڵك بە گوناح و تاوان بۆیە دەمەوێت بێداریان بکەمەوە ، ئەوە هیممەت بەرزی أبن سیرینە کاتێ کە خەڵکە دەبینی لەناو گوناح کردندان وەری زیاتر بەرز دەبێ بۆ بەئاگا هێنانیان وە بەهیچ جۆرێ فەرامۆشیان ناکات ، وەناڵێ من کارم بەسەریان چی یە، دەبێ تەنها ئاگام لەخۆم بێ، نەخێر لەم بانگەوازە کۆڵنادا ، بێ ئاگایان بەخەبەر دێنێ وە گوێ بۆ ئەم و ئەویش ناگرێ .

محمدی کوڕی مکندر دەڵێ: شەوێك لە شەوان لەگەڵ دایکم دانیشتم قاچم بۆی دەشێلا چوونکە نەخۆش بوو لەولاوە بینیم براکەم خەریکی شەونوێژو عیبادەتە ئینجا سەیرکە بزانە چی پێ دەڵێ (وما أود أن ليلتي بليلتـه) نامەوێ شەوەکەی خۆم کەتێیدا خەریکی خزمەتکردنی دایکم بم بیگۆڕمەوە بە شەوی برایەکەم کە خوا پەرستی تێدا دەکات واتە: کۆڵ نادات لەو خزمەتکردنە بەرامبەر بە دایکی وە ئەم خێرو پاداشتە لەدەست خۆی نادات هەروەها سەیر دەکەین لە قورئانی پیرۆز کە پڕە لەو هەڵوێستانە کەوا مرۆڤ هان دەدەن بۆ ئەوەی هیممەت و وەری بەرز بێ ، کاتێ کە هەڵدەستێ بە جێ بەجێ کردنی کارێك لە کارەکانمان بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەری ، کاتێ کە دەبینین یارانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) کەوا کۆمەڵە گەنجێك بوون وەکو قورئان باسی دەکات : ﴿إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى﴾ الكهف: ١٣،

خوای پەروەردگار بە گەنج ناویان دەبات بە کۆمەڵێك ناویان دەهێنێ کە ئیمانیان بە خوا هەیە ، وەهەروەها خۆیان جیا کردۆتەوە لە دەسەلآتدارێك لە سەردەمی خۆیان ، بەم کارە متمانەیەکی تەوایان بەخۆ هەبوو بۆ ئەم هەڵوێستە ، بۆ ئەم خۆ جیاکردنەوەیە هیممەتیان بەرز بوو ، بۆیە لەدەست ستەمکاری ئەم چەرخەدا ڕایان کرد ، کە دووڕە پەڕێزیان لێدەکرد تەنها خوایان دەپەرست ، وە بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازو ڕەوشتی حەزرەتی عیسی (علیه السلام) کە جگە لەخوا هیچی تریان نەپەرستووە، ئەو کاتە خوای پەروەردگار گەڕاندنیەوە بۆ لای خۆی وە بە بەهەشتی شاد کردن ، لە قورئانی پیرۆزدا زۆر جار خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کەوا هیممەتمان بەرز بێ ، وە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە بۆ بانگەوازی کردنی خەڵك هیممەتی بەرز بێ وە کۆڵ نەدات لە کارەکەی بەرامبەر بە خزم و کەسەکانی ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ ﴾ الشعراء: ٢١٤ — ٢١٥، واتە : پەیامی خوا بە خزمە نزیکەکانت ڕابگەیەنە باڵەکانت بۆ ئیمانداران نزم بکەو بۆیان ملکەچ بە ، ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەی دەکات کەوا کاتەکانی بە خوا پەرستی ببات سەر ، وە لەو کەسانە بێت کە بەردەوام بێت لەسەر خوا پەرستی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢﴾ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ﴿٣﴾ ﴾ المزمل: ١ — ٣، هەروەها پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت ئەوانیش نموونەی هیممەت بەرزی بوون ، کاتێ کەوا لەنێو قەومەکانیاندا چەند بە ئازارو ئەشکەنجە بوون بەڵام ئەوان بەشەوو بە ڕۆژ کۆڵیان نەدا وە ڕانەوەستان لە بانگەوازەکەیان ، بزانە نوح (علیه السلام) .... کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز سورەتێکی بەناوی ئەوەوە هێناوە بۆ

پێغەمبەری ئازیزمان ، کە تیایدا باس لە قەومەکەی دەکات : ﴿ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ۝٢ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ۝٣ ﴾ نوح: ٢ – ٣، سەرەتا بانگی کردن بۆ یەک خوا پەرستی وە پێی ڕاگەیاندن کەوا من لەلای خوا هاتووم بۆ ئێوە ، گوێڕایەلیم بکەن لە خوا بترسن ، پاشان باسی قەومەکەی دەکات دەفەرموێ :﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَٱتَّبَعُوا۟ مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴾ نوح: ٢١، واتە: نوح گوتی: (ئەی خوایە ئەوان بەگوێم ناکەن شوێن کەوتوی شتێ دەبن کە نە مالّ و نە سامان و نە نەوەکانیان هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ ، جگە لە زیان و زەرەمەندی نەبێ، بەڵام هەتا کۆتایی تەمەنی گوێی بەوە نەدا هەر بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازەکەی ﴿ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ﴾ کە لەم بانگەوازەدا تەنها (١٠) دانە کەس ئیمانیان هێنا لە ریوایەتێکی تردا هاتووە دەفەرموێ (٨٠) کەس ئیمانی هێنا، یان ١٢ کەس ... خوای گەورە زانیاتری بە پاستی ﴿ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ۝١٤ ﴾ العنکبوت: ١٤، ئەم پێغەمبەرە نازدارە تەمەنی پیرۆزی هەزار دانە سالّ (٩٥٠) نۆسەدو پەنجای لەنێو ئوممەتەکەی بە ئازارو دەردەسەری و ئەشکەنجە بردە سەر ، تا کاتی ئەوە هات کە خوای گەورە تۆڵەی لە قەومەکەی کردەوە ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ۝١٤ ﴾ العنکبوت: ١٤، ئاوی ئاسمانەکان زیاد لە ئەندازەی خۆی دابەزی ، ئاوی دەریایەکان زیاتر لە ئەندازەی خۆیان هەڵقوڵان خوای گەورە ئەم قەومەی بەم تۆفان و ئاوەوە گرت ، چونکە ستەمکار بوون ، بەڵام هیممەت بەرزی نوح لەبیر

ناکەین کە لەم بانگەوازەیدا کۆڵی نەداو نەحەسایەوە تاکو دوا هەناسی لە دنیادا سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت ، هەروەها پێغەمبەر إبراهیم (علیه السلام)، لەگەڵ کوڕو نەوەکانی إسحاق و یعقوب (علیهم الصلاه والسلام)، کە خوای گەورە باس لە هیممەت بەرزی و کۆڵنەدانیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٥﴾ ﴾ ص: ٤٥، واتە: بۆ ئوممەتەکەت باسی إبراهیم و اسحاقی کوڕی و یعقوبی نەوەی بکە و پێیان ڕابگەیەنە کە إبراهیم باوکی پێغەمبەرانە باوکی إسحاق و یعقوب بوو ، کە ئەوان خاوەن دەست بوون واتە: خاوەن هێزو قووەت بوو لە عیبادەت و خواپەرستیدا هەروەها خاوەن عەقل و بیرو هۆش بوون.

ئیمامی (الطبري) دەفەرموێ مەبەست لە (ٱلْأَيْدِى) هێزو تاقەت و توانای لاشەو جەستەیە ، وەمەبەست لە (وَٱلْأَبْصَٰرِ) عەقل و بیرو هۆشێکی ساغ و سەلیمە .

ئیمامی (ابن عباس) دەفەرموێ ﴿ أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ ﴾ خاوەن هێزو تاقەت و توانا لەخوا پەرستی وە خاوەن بیرو هۆشێکی بەهێز لە شارەزابوون لە دین .

– هیممەت بەرزی (موسی) علیه الصلاه والسلام

حەزرەتی موسی یەکێکە لە زنجیرەی پێغەمبەران لەو پێغەمبەرانەی کە بۆ تیرەی بەنی ئیسرائیل ڕەوانە کرابوون، بەڵام هیچ پێغەمبەرێك لەنێو پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیلی دا ، وەکو حەزرەتی موسی ئازارو ئەشکەنجەی نەچەشتووە ، لەدەست قەومەکەی هەروەها لەدەست

ستەمکارانی سەردەمی خۆی ، بەلأم ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر بانگ کردنیان بۆلای خواو کۆلّی نەدا لەم کارە پیرۆزە ، لەگەیاندنی پەیامی خوا ﴿ وَوَٰعَدْنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَٰهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ﴾ الأعراف: ١٤٢

ئێمە بەڵێن مان دا بە موسی کە (٣٠) دانە شەو لەکێوی تووربمێنێتەوە . هەروەها لەدوای ئەم (٣٠) شەوە بە (١٠) شەوو یترمان بۆی تەواو کرد بوو بە چل شەو.

ئێستا موسی پێویستی بە پشودانە چونکە (٤٠) چل دانە شەوە خەو نەچۆتە چاوانی ، کەمێ لە خواردن نەبێ نەیخواردووە ، بەلأم ئایە موسی کە دەگەڕێتەوە نێو ئوممەتی دەبێت پشووبدات و بخەوێت.، سفرەی خواردنی تایبەتی ئامادە بکات.؟ بەپەلەبوو بۆ ناو قەومەکەی خوای گەورە پرسیاری لێ کرد و پێ ی فەرموو ﴿ وَمَآ أَعْجَلَكَ عَن قَوْمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾ ئەوە چ پەلەتە بۆ ناو قەومەکەت ئەی موسی.؟﴿ قَالَ هُمْ أُولَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِى وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴾ [1] واتە:موسی فەرمووی : ئەی خوایە کە هاتم ئومەتەکەم شوێن من کەوتبوون رەفتاریان بە پەیامەکەی تۆ دەکرد ئێستاش بۆ رەزامەندی تۆ پەلە دەکەم و دەگەڕێمەوە نێو قەومەکەم.

چەندە دڵسۆزە بۆ بانگەوازی بۆ ئامۆژگاری بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکەیان. کاتێ کە هاتەوە ناویان دەبینی (هارون) ی بۆای وەکو

(١) سورة (طه) – (٨٣–٨٤).

پێغەمبەرێکی خواو وەزیرێکی موسی. کۆڵی نەداوە لە کارەکەی خۆی لەم چل رۆژەدا لەگەڵیان بوو. هەر ئامۆژگاری کردوون . بەڵام قەومەکە لە گوێڕایەڵی هارون دەرچوون هەستان بە دروستکردنی گوێرەکەیەك و کردیان بەخوای خۆیان بەسەرکردایەتی سامیری گومڕا. موسی کە ئەمەی بینی هەستا ئەم گومڕاییە و هەڵگەڕانەوەی لە ڕەگ دەرهێناو لەناوی برد. واتە: وورەی دانەبەزی لەم جۆرە هەڵس و کەوتانەی ئەوان. زیاتر هێز و توانای خۆی بەگەڕ خست و بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازەکەی تاکو پەرستن و خۆشەویستی ئەم گوێرەکەیەی لە ناو دڵ دەرهێنان . هیمەتی بەرز بوو سەرکەوت (سەلامی خوای لەسەر بێت).

(ئارامگرتن هیمەت بەرزیە)

بە ئارامگرتن لەسەر وازهێنان لە گوناح و تاوان . لەسەر خواپەرستی ، لەسەر نەهامەتی، هیمەت بەرزی نیشان دەدات، چونکە کەسێك ئەگەر هیمەت و وورەی بەرز نەبێ ناتوانێ خۆی بگرێ لە گوناح، وە ناتوانێ بەردەوام بێ لەسەر خواپەرستی، وە بەرگەی ناخۆشی و نەخۆشی ناگرێت ، بۆیە دەبێ خۆراگربێ ، گوێ بۆ قسەو گفتوگۆی خەڵك شل نەکات، قیل و قاڵی خەڵك بە لاشەی خۆی هەڵنەواسێ لەکاتی سەرزەنشتی کردن دا وورەی دانەبەزێ لەکارەکەی زیاتر هەوڵ بدات ڕاستی بکاتەوە، قوتابیەك بەرامبەر مامۆستایەکەی وەستا، ئەوەی ماندوبوون بوو هەموی بەزایە چوو ، چونکە هیچی نەزانی لە بەرامبەری باس بکات ، مامۆستاکە کەوتە سەری بەلێدان و سەرزەنشت کردنی ، کە دێتە مااڵێ بیر لە خۆی دەکاتەوە ، بەخۆی دەڵێ پێویستە هیمەتم بەرزبێ گوێ بۆ ئەوە نەدەم کە لەلای هاوڕێیەکانم

سەرزەنشت کرام، دەبێ زیاتر خۆم ماندوو بکەم , کۆڵ نەدەم لە وانەکانم ئەو کاتە هەرگیز مامۆستا لێم رازی دەبێ، بەم شێوە قوتابیەکە سەرکەوت و گەیشتە ئاواتەکانی، بەڵام بە پێچەوانەوە زەرەرمەندی یە، روخانە لەدەست دانی زانستە ئەگەر سەیری هیمەت بەرزی زانای پایە بەرز و خواناس بکەین (شیخ ابن حجر) رەحمەتی خوای لێ بێت لە نێو قوتابیەکان خوێندن و دەرسی بۆ نەدەکرا تەنانەت هیچی پێ لەبەر نەدەکرا ناچار گەڕایەوە ماڵێ ووتی ماندوو بونێکی بێ سوودە، بۆیە لە رێگادا بەلای شاخێك تێ پەڕی، بینی لە بەرزایی شاخەکەدا دڵۆپێ ئاو تنۆك تنۆك دەڕژێتە سەر بەردێك شوێنی ئەم دڵۆپە ئاوە لەم بەردەدا کون بووە، بیری کردەوە ووتی سەیری مێشکی من لەم بەردە ڕەق تر دەبێ وەکو ئەم ئاوە بەردەوام بم تاکو بەسەر مێشکم زاڵ دەبم، ئینجا لە رێگای خۆی گەڕایەوە نێو هاوەڵانی و بەردەوام بوو لەسەر خوێندن واتە کۆڵی نەدا و هیممەتی بەرز بوو تاکو سەرکەوتنی بەدەست هێنا.خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلْأَيْدِ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾ واتە: ئەی محمد ئارام بگرە لەسەر قسە و گوتەی خەڵك ، گوێ مەدە لۆمەی ئەوان باسی حەزرەتی داود بکە بۆ ئومەتەکەت کە خاوەن دەستێکی بالآ بوو هیمەت بەرز بوو کۆڵ نەدەر بوو لە کارەکانی، ئەمەش ئامۆژگاری و دڵ دانەوەی پەروەردگارە بۆ پێغەمبەر کاتێ کە دەبینی کافرەکانی مەککە نەخشە و پیلانیان بۆ دادەڕشت لە دار الندوە کە خانوێکی خۆیان بوو تێیدا ڕاو بۆچوونی جیاوازی خۆیان دەردەبڕی وە شوێنی هەموو بڕیار و حوکم و تەشریعی کوفر بوو، بۆیە خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی رادەگەیەنێ کە هیمەتی بەرزبێ نەترسێ لە کۆبونەوەکەیان، چونکە ئەو پەیمانی دارالندوە پوچەڵ دەکاتەوە وەکو لە ڕۆژی هیجرەت.

(لەژێر تیشکی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص) زۆرن لەسەر هیمەت بەرزی ، کە بەتەواوی ئاماژە بە کارە جوانەکانی ئینسان دەکەن و لە قالبێکی زێڕینی دەگرن. لە فەرموودەیەکی (صحیح) دا هاتوە ئیمامی (طبراني) ڕیوایەتی کردووە. لە (حسین) ی کوڕی ئیمامی (علی) ڕەزای خوایان لێ بێت. دەفەرموێ: (ﷺ) دەفەرموێ (ان الله یحب معالي الامور و اشرافها و یکره سفسافها) واتە: خوای پەروەردگار کاری جوان و بەجێ و بەرزی خۆش دەوێت، بەلاّم کاری ناشرین و خراپ و نارێکی خۆش ناوێت، وەکو بەردەوام نەبوون لەسەر کارەکان، وازهێنان لە لایەك و دەست پێ کردن لەلایەکی تر ... چونکە ئەو کەسەی کە کارێك دەکات لە کارەکەی جوانی و ڕێك و پێکی پێوە دیار بێ وە لەپێش چاوی خەلّك بە کارێکی جوان و بەجێ سەیر بکرێ ئەوە خوای گەورە ئەو کەسەی خۆش دەوێ کە بەم شێوەبێ، هەروەها پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) لە فەرموودەیەکی (صحیح) دا دەفەرموێ (ان الله یحب من العامل اذا عمل ان یحسن) ئیمامی بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە واتە:خوای گەورە ئەو کەسەی خۆش دەوێت کە کارێك ئەنجام بدات جوانی و ڕێکی لە کارەکەی بەدی بکرێ ئەم کار جوانی یەش خۆی لە خۆی هیمەت بەرزی یە، چونکە کەسانێك کە بەم جۆرە بەردەوام بن لە کارەکانیان وە کۆڵ نادەن لەم ڕەنج و ئازارە بۆ کاریان بەتەواوی سەرکەوتوون بەسەر دوژمنەکانیان دا . لە فەرموودەیەکی (صحیح) دا هاتووە کە ئیمامی (الترمذي) ڕیوایەتی کردووە لە خاتوو عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (اني لأنظر الی شیاطین الانس و الجن قد فروا من عمر) واتە :شەیتانەکانی جنۆکە و ئینسان دەبینم کە ڕادەکەن لە دەست (عمر) ی کوڕی خەتاب، چونکە (عمر) خاوەنی ئەم هیمەت

بەرزی یەیە بۆیە زاڵ بووە بەسەر حەز و ئارەزووەکانی، وە سەرکەوتووە لە کارەکانی دا دەبێ ئەوەش بزانین کە گەورەترین هیمەت بەرز ئەو کەسەیە کە دەست بگرێ بە سونەت و رەوشتە جوانەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) .

(بەرهەمی کۆڵ نەدان سەرکەوتنە)

زۆرجار دەبینین خاوەن بەهرەیەک زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی سەرکەوێ لە کارەکەی دەوروبەری شاد بکات بە بەرهەمەکەی، بەڵام لە ناکاو هاوڕێیەک لە هاوڕێیەکانی یان هەرکەسێکی تر تێبینیەک دەدۆزنەوە لە کارەکەی بەم چەشنە وڕەی دادەبەزێ و پاش گەزدەبێتەوە لەم کارەدا. لەوانەیە جارێکی تر هونەرەکەی نەگاتە ئەم پلەیە کە پێشنیار و تێبینی بوێت بەڵکو بە تەواوی لە کاروان دادەبڕێ وە توێشووی خاڵی دەبێ.

وەستایەک ئەگەر دیوارێک دروست بکات سەرەتا هەوڵ دەدات بناغەیەکی قایم و توند بنیات بنێت پاشان کارەکەی تری بۆ ئاسانتر دەبێ بەڵام لەو لاوە یەکێ پێ ی دەڵێ ئەمەت هەڵەیە یان ئەم داڕشتنەت نەپێکاوە وەستا گیان هێشتا ماوتە بۆ ئەوەی پێت بڵێن وەستا چونکە تۆ نازانی دیوار و خانوو دروست بکەیت. ئەم هەموو تێبینی و ڕەخنەیە لە شوێنی خۆی کە ڕوخانی هیمەتی کاکی وەستای لێ وە چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام وەستای هیمەت بەرز و بەهیمەت گوێ بۆ وتەکانی دەوروبەری رادەگرێ و زیاتر هەوڵ دەدات و هیمەتی بەرزتر دەبێت. وەکو قوتابیەک کە لە تاقی کردنەوەکانی سەرکەوتو نەبوبێت, بەڵام لەپاشان زیاتر هەوڵ دەدات تاکو بە تەواوی سەرکەوێ ئیتر ئەم وەستایەش بەم جۆرە کۆڵ نادات هەڵەکانی راست دەکاتەوە وە سەردەکەوێ

لە کارەکانی . داهێنەرەکانی جیهان بە کۆڵ نەدان سەرکەوتن ماندووبون لە کارەکانیان، (تۆماس ئەدیسۆن) یەکەم داهێنەری هێزی کارەبا بوو وبستی چرایەك دروست بکات کە پڕشەنگ داربێت ، هەڵسا بە دروست کردنی گلۆپێکی کارەبایی حەوت سەد گلۆپی دروست کرد لە هیچیان سەرنەکەوت ، بەڵام کۆڵی نەدا تاکو لە گلۆپی حەوت سەد و یەك دا سەرکەوت بەم شێوە داوای هەر شتێ بکەیت و بەدوایدا بگەڕێیت وەدەستی دێنیت و سەردەکەویت.

(گەڕان بەدوای پاداشتدا هیمەت بەرزی یە)

یەکەم: ئەو کەسانەی پاداشتی چاکەکانیان دوو قات بە دەست دێنن.. پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) دەفەرموێت:(ثلاثة یؤتون اجرهم مرتین، رجل من اهل الکتاب امن بنبیه و ادرك النبي فامن به و اتبعه و صدقه فله اجران، و عبد مملوك ادی حق الله و حق سیده فله اجران، ورجل کانت له امه فغذاها فاحسن غذاءها ثم ادبها فأحسن تأدیبها ثم اعتقها فتزوجها فله اجران) رواه البخاری و مسلم، و احمد و الترمذي و النسائی و ابن ماجه، واتە: سێ تاقم هەن کە بە دوو قات پاداشتی چاکەکانیان وەردەگرنەوە لەلای خوا، یەکەم: پیاوێکە لەسەر دینی پێغەمبەرێکە کە خاوەن پەرتوکی ئاسمانی یە، پاشان دەگاتە پێغەمبەر واز لە ئاینەکەی پێشووی دێنێ وە باوەڕی پێ دەکات و شوێنی دەکەوێ وە بە ڕاست گۆی دادەنێ , ئەوە دوو پاداشت وەردەگرێ . دووەم: کۆیلەیەکە هەڵدەستێ بە جێ بەجێ کردنی مافەکانی خوا و مافەکانی گەورەکەی ئەوەش خاوەنی دوو پاداشت دەبێ لەلای خوا. سێ یەم: پیاوێکە جاریەیەکی هەیە، بەخێوی دەکات بە جوانترین بەخێوکردن پاشان ئارەزوی دەکات و مارەشی دەکات ئەوە دوو پاداشتی بۆ دەنوسرێ لەلای خوا.

دووەم: ئەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی باراندنی ڕەحمەت و میهرەبانی خوا بۆ سەر خاوەنەکەی :

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ

(ان الله و ملائكته يصلون على المتسحرين) حسن رواه ابن حبان و الطبراني في الاوسط. واتە: خوای گەورە و فریشتەکانی ڕەحمەت و میهرەبانی دەبارێنن بەسەر ئەو کەسانەی کە پارشێو دەکەن .واتە: بۆ بەڕۆژوو بوون لە پارشێو هەڵدەستن لە خەو.

سێیەم: ئەو کارو کردەوانەی کە پاداشتەکەیان بەردەوامە و نابڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی لە دوای مردنی. وە سوربوونی لەسەر ئەم کردەوەیە بەڵگەیە لەسەر هیمەت بەرزی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (سبع يجري للعبد اجرهن وهو في قبره بعد موته ، من علّم علما ، او حفر بئرا، او اجرى نهرا، او غرس نخلا، او بنى مسجدا، او ورَّث مصحفا، او ترك ولدا يستغفر له بعد موته) حسن، رواه البزار واتە: حەوت شت هەن کە پاداشتەکەیان بەردەوامە بۆ ئینسان ، کەچی ئەو لە ناو گۆڕەکەی دایە، کەسێك زانست و زانیاری فێری خەڵك بکات، یان بیرێکی ئاو هەڵبکەنێ کە خەڵك سودی لی وەرگرن, یان کارێزێك، یان دارێك بڕوێنێ کە خەڵك سوود لە بەروبومی و سێبەرەکەی وەربگرن ، یان مزگەوتێك دروست بکات, یان پەرتوکێك لەدوای خۆی جێ بهێڵێ، یان منالێکی لەدوای خۆی دوعای بۆ بکات...

چوارەم: یەکێك لە نیشانەکانی هیمەت بەرزی بەردەوام بوون لەسەر کردارێك کە ببێتە هۆی نزیك بوونەوە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) (انا و كافل اليتيم كهاتين فى الجنه) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ من و ئەو کەسەی

کەفالەتی منداڵی یەتیم دەکات واتە چاکەی لەگەڵدا دەکات و یارمەتی دەدات وەکو ئەم دوو پەنجەیە وایە لە بەهەشت واتە دەبێتە هاوڕێ ی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشت دا...

پێنجەم: چەند کردەوەیەک کە پاداشتیان زۆر گەورەیە لەلایەن خوای پەروەردگار:-

- ذکر السوق: یادی خوا کردن لەکاتی چوونە بازاڕ، کە زانایان دەفەرموون بەبەرەکەتی ئەو زیکرە خوا دەیبارێزێ لەچەندین جۆرە گوناح و تاوان، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (من قال لا اله الا الله وحده لا شريك له ، له الملك و له الحمد و هو على كل شئ قدير. كتب الله له الف الف حسنة و محا عنه الف الف سيئة و رفع له الف الف درجة و بنى له بيتا في الجنة)حسن رواه احمد و الترمذي.

واتە: هەر کەسێك بڵێ (لا اله الا الله وحده لا شريك له ..... هتد) خوای گەورە هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسێ ، وە هەزار هەزار گوناحی لێ دەسڕێتەوە وە هەزار هەزار پلەی بۆ بەرز دەکاتەوە ، وە ماڵێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشت.

ئینجا بزانە خوێندنی ئەم زیکرە لەکاتی چوونت بۆ نێو بازاڕ بەدەست هێنانی ئەم ملیۆن ملیۆن پاداشتەیە لەلای خوای گەورە.

- عيادة المرضى: سەردانی نەخۆش و دڵدانە و دوعا بۆکردنی.

- اتباع الجنائز: ڕۆیشتن بەدوای جەنازەی مردوو تاکو ناشتی.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (اذا عاد الرجل اخاه المسلم مشى

في خرافة الجنة حتى يجلس, فاذا جلس غمرته الرحمة، فان كان غدوة صلى عليه سبعون الف ملك حتى يمسي و ان كان عشيا صلى عليه سبعون الف ملك حتى يصبح) صحيح رواه الامام احمدو ابو يعلى.

واتە: ئەگەر پیاو سەردانی برا موسڵمانەکەی کرد لە کاتی نەخۆش کەوتنی ، ئەوا لە ناو فراوانی بەهەشتدا دەڕوات تاکو دەگاتە لای وە دادەنیشێ لەلای ، کە دانیشت ڕەحمەت و میهرەبانی و دڵسۆزی خوا دایدەپۆشێ ، ئەگەر بەیانی بوو حەفتا هەزار فریشتە ڕەحمەتی بۆ دەنێرن تاکو ئێوارە ، ئەگەر کاتی ئێوارە سەردانی ئەم نەخۆشەی کرد ئەوا حەفتا هەزار فریشتە ڕەحمەتی بۆ دەنێرن تاکو بەیانی.

(بەردەوام بوون لەسەر خوا پەرستی هیمەت بەرزی یە)

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (كان داود اعبد البشر) واتە: پێغەمبەر داود سەلامی خوای لەسەر بێت لەهەموو بەندەکانی خوا زیاتر خواپەرستی دەکرد ، هەروەها هاتووە لە فەرمودەیەکی صحیح کە ئیمامی بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە دەفەرموێ : (احب الصيام الى الله صيام داود كان يصوم يوما و يفطر يوما، و احب الصلاة الى الله صلاة داود كان ينام نصف الليل و يقوم ثلثه و ينام سدسه) واتە: خۆشەویست ترین ڕۆژوو لەلای خوا بەڕۆژوو بوونی حەزرەتی داود ئەو ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو ڕۆژێکیش دەیشکاند، وە خۆشەویست ترین نوێژ لەلای خوا نوێژکردنی حەزرەتی داود ئەو شەوی دەکرد بە دوو بەش نیوەکەی دەنووست یەک لەسەر سێ ی شەویش هەڵدەستاو زیندوی دەکردەوە بە نوێژکردن، وە یەک لەسەر شەشی کۆتایی

شەوی بە حەسانەوە و نوستن ی دەبردە سەر ئەو ئارام گرتنە و بەردەوام بوونە لەسەر ئەم خواپەرستی یە کە پێغەمبەر داود(علیە السلام) دەیکرد گەورەترین هیمەت بەرزی بوو ئەگەر سەیری مێژووی پێغەمبەران بکەین ئەوان نمونەی ئەم خۆڕاگرتنە بوون. هەروەها هاوەلانی پێغەمبەرمان (ﷺ) وە چاکانی پێشینەو زانایانی پایە بەرز و ئەوانەی شوێن بە شوێنی ئەوان هاتن بەم هیمەت بەرزی یە گەورەترین پلە و پایەیان دەست کەوت .

بە هیمەت بەرزی ئوممەت چاکساز دەبێت.

و صلی الله و سلم و بارك علی سیدنا محمد و علی اله و اصحابه اجمعین.

وانەی دووەم:
هیمەت بەرزی لە دڵسۆزی بۆ خوا (الاخلاص)و هیمەت بەرزی لە وەدەست هێنانی زانست

الحمد لله رب العالمين والصلاة و السلام على سيدنا و حبيبنا و امامنا و مقتدانا محمد و على اله و اصحابه و من تبعهم باحسان الى يوم الدين.

برایان و خوشکانی موسڵمان، سەلامی خوای گەورەتان لەسەر بێت، پێ خۆشحاڵین کە جارێکی تر گەیشتینەوە بە یەکتر لە دووەم وانە لە وانەکانی هیمەت بەرزی هیوادارم جێگای ڕەزامەندی خوای پەروەردگار و سودلێ وەرگتنی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست بێت.

بەڕێزان وانەی ئەم جارەمان دوو بابەتی گرنگی لەخۆ گرتوە: یەکەمیان بریتی یە لە هیمەت بەرزی لە دڵسۆزی (الاخلاص) بۆ خوا ، دوەمیان هیمەت بەرزی لە داواکردن و بەدەست هێنانی زانیاری. (علو الهمة في طلب العلم).

زانایان وا پێناسەی ئیخلاس و دڵسۆزی لە خوا پەرستیەکاندا دەکەن کە بریتی یە لە شتێکی پەنهان و نادیار کە پەیوەستە بە دڵ و دەروونی مرۆڤ ، خوای گەورە خستۆیەتی یە نێو دڵی ئەوەی کە خوای گەورە حەزی لێ بێت کە ئەنجامی بدات.بۆیە دەبینین هیمەت بەرزی لە ئیخلاس و دڵسۆزیدا لەم ئایەتەدا زیاتر دەردەکەوێ کەخوای گەورە دەیەوێ عەبد و بەندەکانی هەر کارو کردەوەیەکیان ئەنجام دا گشتی بۆ خوا و ڕازی بوونی خوابێ بۆیە ڕوو دەکاتە پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) پێ ی دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ الانعام ١٦٢-١٦٣ واتە: پێیان بڵێ

عیبادەت و خواپەرستی من نوێژی من ژیان و مردنی من بۆ ئەو خوایە گەورەیە کە خاوەنی هەموو جیهانیانە، بێ هاوتا و یاریدەدەرە ، هەر بەوەشەوە فەرمانم پێ کراوە و منیش یەکەم کەسم کە ملم کەچ بکەم بۆ یاسای خوا و ببم بە موسڵمانێك ی دڵسۆز.

ئەگەر ژیان و مردنت , نوێژ و خواپەرستنت تەنها بۆ خوابێ کەسێکی تر نەکەیتە هاوەڵ بۆ وەرگرتنەوەی پاداشت و کرێ یەکەت، تەنها لە خوا داوا بکەیت بزانە نهێنی ئەو دڵسۆزیە جێگای بۆتەوە لە دڵت وە ئەم خواپەرستی یە بە جۆرێ دەبێ کەهیچ تۆز و غوباری پێوە نەلکا بێ، بۆیە کۆڵ نەدانت لەم دڵسۆزیە پاککردنەوەی دەرونت هیمەت بەرزی یە، ابو عثمان ی (المغربی) وا پێناسەی ئیخلاص دەکات و دەفەرموێ: (هو نسیان رؤیة الخلق بدوام النظر الی الخالق) واتە: چاوپۆشی کردنی خەڵك کە کاتێك چاویان لەتۆوە کە خوا پەرستی یەك دەکەیت تۆش فەرامۆشیان بکەیت و لەبیریان بکەی بە تێڕوانینت لە وەرگرتنەوەی پاداشت لە خوای گەورە، کەواتە پاراستنی دڵ و دەروون لە ڕەوشتە ناشرینەکان وەکوو خیانەت ، درۆ ، ڕق و قینە ، هتد هەموو بە دڵسۆزی و اخلاسەوە دەبێ وە هەر بە ئیخلاس و دڵسۆزی پیاوانی ئوممەت سەرکەوتنی تەواو بەدەست دێنن....

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (نضر الله امرءا سمع مقالتي فوعاها فرب حامل فقه ليس بفقيه ، ثلاث لا يغل عليهن قلب امرئ مؤمن ، اخلاص العمل لله ، و المناصحة لأئمة المسلمين و لزوم جماعتهم ، فان دعاءهم يحيط من وراءهم) صحيح رواه البزار . کەواتە ئیخلاس یەکێکە لەو شتانەی کە ڕێگرە لەو ڕەوشتە خراپانەی کە لەناو دڵی ئماندار هەبێ ، وە هەر دڵێك ئیخلاص و دڵسۆزی تێدا

نەبێ ئەم رەوشتە خراپانە جیگای خۆیان دەکەنەوە لەناو ئەم دڵە، سەرکەوتن بە دڵسۆزیە ، بە پاکی ناخی دڵە، لە فەرموودەی صحیح دا هاتوە (انما ینصر الله هذه الامة بضعیفها ، بدعوتهم و صلاتهم و اخلاصهم) رواه النسائي و غیرە .

واتە: خوای گەورە یارمەتی ئەم ئومەتە دەدات و سەرکەوتوویان دەکات بەسەر دوژمنانیان ، بە هەژار و بێ هێزەکان بە پارانەوەکانیان ، بە نوێژەکانیان ، بە دڵسۆزی و ئیخلاسیان بۆ خوا ئینجا بزانە دڵسۆزی دەبێ لەم شتانە بێ کە هەڵدەستیت بە ئەنجام دانی یەکێك لەوانە : یەکەم : پێویستە لە نوێژکردن دڵسۆز بیت تەنها داوای پاداشت لە خوا بکەیت نەك چاوەڕوانی پاداشت و سوپاسی خەڵك بکەیت. دووەم: دڵسۆزی لە خێر و چاکە بە نهێنی، کە بە دەستی ڕاستە دەیبەخشی دەستی چەپەت ئاگای لێ نی یە، سێ یەم : لە زیکر و خوێندنی قورئانی پیرۆزدا، دڵت پاك بکەوە و سازی بکە بۆ خوا ، لە گریان بۆ خوا و لەترسی عەزابی خوا. پێنجەم: لە داواکردن و بەدەست هێنانی زانست و زانیاری واتە دەبێ خۆت فێری هەر زانستێك دەکەیت دڵسۆزی و پاکی تێدابێ وە مەبەستت پاك بێ . شەشەم: لە پارانەوە و تکا کردندا لە خوا . حەوتەم : لە وازهێنان لە زینەت و جوانی دونیا و خۆنەویستی و دونیا نەویستندا، هەروەها لە جیهاد و تێکۆشاندا لە ڕێگای خوا ، وە لە یارمەتی دان و جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانی خەڵك.

ئەگەر سەیری پیاوانی سەلەفی صالحین بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە دڵسۆز و پاك نەفس بوون، وە چەندە خۆنەویست و خوا ویست بووینە ، هەمیشە ڕایان کردوە لەدەست گرتنە بەری دەسەلآت و گەورایەتی ، حەزیان بە ناوداری و شوهرەت نەکردووە ، دڵیان بە سووپاس و گوزارشی خەڵك خۆش

نەبووە ، لە نوێژەکانیان خەڵکیان فەرامۆش کردووە لەبەر خوا ئاگایان لە هیچ شتێك نەبووە بۆیە هیمەتیان بەرز بوو لە کارەکانیان ، جارێکیان دوو سێ پیاو بەدوای ابراهیمی کوڕی ادهم دا دەگەڕان ، چونکە ناو و دەنگی ابراهیمیان بیستبوو کە چەندە پیاوێکی لەخوا ترس و زاهیدە ، دەچنە ئەم شارەی کە ابراهیم تێیدا نیشتەجێ بوو ، هەر پرسیاریان دەکرد کوا ابراهیم ی کوڕی ادهم کەس وەڵامی نەئەدانەوە ، لەناکاو چونە ناو باغێك گەیشتن بە ابراهیم ووتیان: ئەرێ کاکی برام، ابراهیمی کوڕی ادهم ناناسیت ؟ لە کوێ یە زۆر عەودالّین بە خزمەتی بگەین دەمانەوێ بی بینین ؟ لە وەڵامدا پێ ی ووتن ابراهیم کێ یە ئەرێ ئێوە پێ ی نازانن لە کوێ یە منیش دەمەوێ ببینم؟ بەم شێوەیە خۆی لێ وونکردن.

(هیمەت بەرزی لە داواکردنی زانست و زانیاری)

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست دەبێ ئەوە بزانیت کە هەرکەسێ بە وردەبەرزی و بەردەوام بوون لەسەر داواکردنی علم و زانست و تێکۆشان لەم ڕێگەیە دەبێتە خاوەنی ئەم زانستەی کە خۆی دەیەوێ ، چونکە ئەگەر هیچ هەوڵ نەدات و بیر و هۆشی خۆی بەگەڕ نەخات بۆ ئەم زانستە ئەوە لەم کاروانە دادەبڕێ و ناگات بە ئاواتەکانی ، کەواتە دەبێ لەم کاتەدا هیمەتی بەرزبێ و متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێ .

وردەی دانەبەزێ لەم داواکردنە وە دەبێ زیاتر لە هەموو هەوڵ و کۆششەکانی ئارامی بنوێنێ بۆ ئەوەی زووتر بگاتە ئاواتەکانی ئەوەی پێویستە لەسەر قوتابی کە دەبێ ڕەچاوی بکات و فەرمۆشی نەکات ئەوەیە گوێ بە هیچ گیروگرفتەکانی نەدات لەم ڕێگا پیرۆزەدا، وە نەبوونی بێ پارە و پوولی

هیجرەت کردن.، خەمۆکی بوون لە وانەکان و ئەزمونەکان... هتد. ئەگەر سەیری زانایانی چەرخی پێشوو بکەین لە زانست و زانیاریدا ئێجگار دەستی بالآیان هەبوو چونکە لە داواکردندا هیمەتیان بەرزبوو ، گوێیان نەداوەتە هیچ گیر و گرفتێك ، ئەوە ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، باوکی وەفات دەکات ئەو لە تەمەنی دوو سالّی دایە ، دایکی بە هیمەتێکی بەرز پێ ی دەلّێ دەبێ بڕۆیت بۆ شارەزابوون لە نووسین و خوێندەواریدا بۆ لای مامۆستا و نوسەران ئیتر لە شاری (غەززەی) فەلەستین دەبیات بۆ (مکە) لە وێوە فێری نوسین و خوێندەواری دەبێت، مامۆستا بە دایکی دەلّێ. دەبێ کرێ ی ئەم منداڵەم بدەیتێ ئەگەرنا فێری ناکەم ، دایکی فەقیر و هەژاریش دەلّێ تۆ فێری بکە خوا گەورەیە کرێ یەکەت دەدەمێ .

ڕۆژێکیان شافعی دێتەوە مالّێ دەلّێ دایکە مامۆستا وتوێەتی بڕۆن پارەم بۆ بێنن، دەلّێ هیچ پارەمان نی یە دایکی دەلّێ بڕۆ لەلای یەکێ لە منداڵە دەولّەمەندەکان دابنیشە (اقرأ و لا تکتب) تەنها گوێ ڕابگرە بەلاّم هیچ مەنووسە، پاشان دەمێك بەردەوام دەبێ لەسەر ئەم حاڵەتە دواتر دەلّێتە دایکی ، ئەم فێر بوونەم بەلاوە شتێکی چاك نی یە ئەگەر نەینووسم ، ئینجا دایکی دەلّێ ڕۆڵّەکەم پارەمان نی یە کاغەز و مەرەکەبت بۆ بکڕم ناچار دەڕوات پارچەیەك ئێسکی ڕانی حەیوانی دەداتێ پێ ی دەلّێ بڕۆ لەسەر ئەمە بنووسە ، کە دێتەوە لای هاوڕێیەکانی بە خۆی و بە کۆڵّێ لەم پارچە ئێسکە دەبینێ هاوڕێیەکانی گاڵتەی پێ دەکەن، بەلاّم ئەو هەر کۆڵ نادات وە بەردەوام بەم نەبوونی یە و هەژاریە خۆی شارەزا دەکات ، ئینجا کە تەمەنی پیرۆزی دەگاتە هەشت سالاّن دوای ئەوەی کە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە ، بەردەوام دەچێتە کۆڕی زانست و زانیاری تاکو وای لێ دێت ئەگەر ڕۆژێك

مامۆستایەکی ئامادەی دەرسی قوتابیەکانی نەبێ شافعی لە جیاتی مامۆستایەکەی دەرسی بە هاوڕێیەکانی دەڵێت.. بەم شێوە هیمەتی بەرز دەبێ تاکو دەبێتە زانای زەمانی خۆی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا فەتوا دەدات، دەبێتە موفتی مەکە، بۆیە زانا بەرزەکانی سەردەمی خۆی شاهیدی بۆ دەدەن، کە خاوەنی زانستێکی وایە کە هەموو ئوممەت پێویستیان بە زانستی ئەوە . بەکۆڵ نەدان و وەرە بەرزی زانست دەست دەکەوێ ...

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێ (اطلبوا العلم من المهد الى اللحد) واتە : بگەڕێن بەدوای زانست ، هەر لەکاتی لەسەر بێشکەدان تاکو مردن و ڕۆیشتن بۆ ناو گۆڕ ، ئەمە ئامۆژگاری پێغەمبەرە (ﷺ) بۆ ئوممەتەکەی کە دەبێ هیمەتیان بەرزبێ لە کارەکانیان وە لە داواکردنی زانست و زانیاری چونکە بەرنامەی ڕێبازی هەموو پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة و السلام) کە داوای زانست بکەن و بەخەڵکیش ڕابگەیەنن.

بۆ ئەم مەبەستە ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾ طه: ١١٤ کە خۆی بەم شێوەیە داوامان لێدەکات.

(ئەوانە کە هیمەتیان بەرزبووە لە داواکردنی زانست)

١- حەزرەتی (موسی) سەلامی خوای لێ بێت، گەشتێك ئەنجام دەدات بەمەبەستی فێربوونی زانست، هەر لەم گەشتەدا ئازارێکی زۆر ئەچێژێ بەڵام هەر سوورە لەسەر وەرگرتنی زانست تاکو دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی ، ئەویش بریتی یە لە گەشتی پێغەمبەر (موسی) لەگەڵ پیاوە زانایەکە ، کە خوای گەورە بەسەر هاتی ئەوانی بە تێروتەسەلی تۆمارکردووە لە قورئاندا لە

سورەتی (الكهف). خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴾ الكهف: ٦٦ واتە : موسى (سەلامى خوای لەسەر بێت) بە پیاوە زانایەکەی گوت ، ئایا ڕێگام پێدەدەیت کە لەگەڵت بم بۆ ئەوەی ئەو شتەم فێربکەیت کە تۆ فێرکرایت و پێ ی ڕێنمایی کراویت ، زانایەکە گوتی تۆ لەگەڵ من ئارام ناگریت بەڵام حەزرەتی موسی هەر سورتر بوو لەسەر بەدەست هێنانی ئەم زانستە پیاوە زانایەکە پێ ی گوت تۆ چۆن خۆت ڕادەگری لەسەر شتێك کە لێ ی بێ ئاگایت و هەواڵەکەت پێ نەگەیشتووە، (موسی) فەرموی : بە ئومێدی خوا خۆم ڕادەگرم و هیچ لەفەرمانت دەرناچم، (بزانە ئەمە ڕێزی قوتابی یە بەرامبەر بە مامۆستایەکەی کە دەڵێ : لە فەرمانت دەرناچم و بێ دەنگ دەبم) زانایەکەش پێ ی گووت: هەر شتێك بکەم لە پێش چاوت ئەگەر شوێنم دەکەویت نابێ پرسیاربکەیت تاکو خۆم بۆت باس دەکەم ، ئینجا زانایەکە سێ دانە جار کارێکی وای دەکرد کە (موسی) دەیبینی نەیدەتوانی پرسیار نەکات وە لەم کارە خۆی بێ دەنگ بکات چونکە وەکو قوتابیێك بەدوای زانست دەگەڕێت و بۆ زانستیش هیجرەتی کردووە لەپاشان زانایەکە گوتی : دەبێ من و تۆ لێرەوە لێك جیا ببینەوە ، وە ئاگاداریشت دەکەمەوە لەو سێ کارانەی کە من کردم و تۆش ئارامت نەگرت لەسەریان بێ دەنگ بیت ، لەجاری یەکەم کە سواری کەشتیەکە بووین من کەشتیەکەم عەیبدار کرد لەبەر ئەوە ئەم کەشتیە تازەو نوێ بوو هی چەند فەقێرێك بوو کە بۆ خۆیان کاریان دەکرد لەنێو بەحردا بەڵام پادشای ئەم سەردەمە بەزۆر لێ ی داگیردەکردن ئەگەر عەیبدار نەبا، دووەم منداڵەکەم بۆیە کوشت چونکە دایك و باوکێکی ئیمانداری هەبوون دەترسام تووشی خراپەیان بکات چونکە بەخۆی

هەر لە منداڵیەوە بە ئیماندار نەخولقێندرابوو ، سێ یەم کاتێ کە چوینە دێیەکە میوانداریان نەکردین منیش کەلاوەیەکم بینی ڕمابوە سەر یەکتر هەستام بە نۆژەن کردنەوەی دیوارەکە ، کەچی زۆر لەگەڵمان خراپ بوون و خواردنیان پێ نەداین چونکە ئەم دیوارە یان ئەم کەلاوەیە هی دوو منداڵی هەتیوبوو، کە باوکیان پیاوێکی چاك بوو لەژێر دیوارەکەی چەند کوپێکی زێڕ و پارەی تێدا نێشتبوو، بۆیە ویستم بەزایە نەچێ کە ئەم دوو منداڵە گەورەبوون سوودی لێ وەربگرن ، ئەوەی کردم هیچی بەڕای خۆم نەبوو بەڵکو خوای گەورە فێری کردم ، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە تۆ ئارامت لەسەر نەگرت.

– لوقمانی حکیم: یەکێکە لە دانا و زانایانی سەردەمی حەزرەتی داود، وە یەکێکە لەوانەی کە هیمەتیان بەرزبوو لە داواکردنی زانست و گەڕان بەدوایدا، هاتووە لە فەرمودەی (صحیح) کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (خوای گەورە لوقمانی سەرپشك کرد لەنێوان پێغەمبەرایەتی و دانایی (الحکمة)دا بەڵام ئەو دانایی هەڵبژارد. بۆیە زۆر گەڕا بەدوای زانست و زانیاری هەتا دەڵێن دەچووە مەجلیسی حەزرەتی (داود) علیه السلام گوێ ی ڕادەگرت لە قسەکانی و کاتی خۆی تەرخان دەکرد بۆ وەرگرتنی زانست تاکو وای لێ هات لەنێو دۆست و هاوڕێیانی کە پێشتر بەیەکەوە مەڕومالاتیان لە دەشت و کێو دەلەوەڕاند ،دەهاتن لە مەجلیسی لوقمان دادەنیشتن ئامۆژگاری یەکانی ئەویان وەردەگرت بۆیە کەسێك بەدوای هەرشتێ بگەڕێ بێگومان چنگی دەکەوێ.

– گەشتێکی تر بۆلای کاروانی هیمەت بەرزان لە داواکردنی زانست ، یەکێکە لە هاوەلانی پێغەمبەر کە (معاذ) ی کوڕی (جبل)ە ڕەزای خوای لێ بێت. سەبارەت بە زانستەکەی (معاذ) و داواکردنەکەی بە هیمەتێکی بەرز پێغەمبەر

(ﷺ) فەرمویەتی : (معاذ) لە پێشی هەموو زانایانە لە پۆژی دوایدا[1] عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێ (لو استخلفت معاذ بن جبل سألني ربي ما حملك على هذا يا عمر؟ لقلت : سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ان العلماء اذا حضروا ربهم كان معاذ بن جبل بين ايديهم برتوة) واتە : ئەگەر (معاذ) بکەم بە جێنشینی خۆم ، وە کارێکی گرنگی پێ بسپێرم ، ئینجا خوای گەورە پرسیارم لێ بکات بۆچی ئەوت هەڵبژارد، لە وەڵامدا دەڵێم: ئەی خوایە گوێم لە پێغەمبەرەکەت بووە کە دەیفەرموو : زانایان کاتێ لەبەرامبەر خوای گەورە ئامادە دەبن معاذ بەخۆی لە پێشیانە. بۆیە لەسەرە مەرگدا دەردەدڵی بۆ مالّی دونیاو جیابونەوە لە دونیادا ناکات، بەڵکو بۆ جیابونەوە لە کۆڕی زانست و زانیاری یە لە خزمەت پێغەمبەرەکەی ، وە لە خزمەت فەرمودەکانی ، هەروەک خۆی دەڵێ : ئەی خوایە من مانەوەم لە دونیادا پێ خۆش نی یە بۆ کۆکردنەوەی مالّی دونیا و چاندنی نەمام و وەرگرتنی خۆشیەکانی و دروستکردنی کانیاو و جۆگەلەی جۆراو جۆر بۆئەوەی لەبەرامبەری دانیشم وە نامەوێ لە دونیادا بمێنمەوە بۆ خوشیەکانی دونیا ، بەڵکو دەمەوێ لە دونیادا بمێنمەوە بۆئەوەی شەو و ڕۆژ لەسەر یەکتر دابنێم خەو لە چاوەکانم بتۆرێنم وە خەڵکیش پاڵە پەستووبکەن لە دەورم بێن بۆ کۆڕی زیکرو زانست و زانیاری وە منیش لە خزمەتیان دابم.

ئیمامی (الذهبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: معاذ ی کوڕی جبل ئەو زانایە گەورە و بەڕێزەبوو لەو تەمەنە بچوکەیە کە داوای زانستی کرد ، گەیشتە ئەو ڕێزە ، کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی بنێ (مقدام العلماء) واتە : پێشەواو ئیمامی زانایان بەڕاستی ئەوە هیمەتێکی بەرزە.

---

(١) صحيح رواه ابو نعيم في الحلية.

ئینجا که موسڵمان بووه تەمەنی ١٨ ساڵان بووه وه کە وەفاتی کردووه تەمەنی ٢٨ ساڵان بووه.

یەکێکی تر لە هیمەت بەرزان سەبارەت بە هەوڵ دان بۆ وەدەست هێنانی زانست و زانیاری (ابو هریرە) عبدالرحمن ی کوڕی سەخرە ، ڕەزای خوای لێ بێت ، بێگومان ئەو لە داواکردن و گەڕان بەدوای زانستدا خاوەن ورەیەکی ئێجگار بەرزبوو ، پێشەوای باوەڕداران بوو لە گێڕانەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) چونکە هەمیشە لە کۆڕ و مەجلیسی پێغەمبەر دا بوو (ﷺ) ، هەروەکو خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ : هیچ کاتێك دانەبڕام لە کۆڕ و مەجلیسی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە هیچ شتێك سەرقاڵی نەکردم وەکو کڕین و فرۆشتن و وەدەست هێنانی ماڵی دونیا و سەرقاڵی بازاڕەکان ، کە دابەزێم لە پێغەمبەر (ﷺ) ، تەنها بەوەوە سەرقاڵ دەبووم کە قسەیەك لە ئەو فێربببم ، هەروەها دەیفەرموو : ئێوە وادەزانن و واگومان دەبەن کە من زۆر قسە لە پێغەمبەر دەگێڕمەوە بەڕاستی من پیاوێکی فەقیر و هەژاربووم هاوڕێتی پێغەمبەرم کرد پڕبە زگم ، (واتە: بەڕاستی هاوڕێیتیم کرد) تاکو ڕۆژێك بە ئێمەی فەرموو : کێ پۆشاك و فەرواکەی خۆی لەو مەجلیسە ڕادەخات تاکو من لە قسەکانی خۆم دەبمەوە ، پاشان بەدەستی خۆی پێچایەوە ، ئەوا هیچ شتێك کە لەو مەجلیسەدا لە منی بیستوە لەبیر ناکات و یەکسەر لەبەری دەکات ، دەڵێ: منیش هەستام فەرواکەم یان عەبایەکەم ڕاخست پاشان ئەو پێچایەوە و منیش لەبەرم کرد سوێند بەوخوایەی کە پێغەمبەری بەڕاست ناردووە هەرچی گوێم لێ بوو لە پێغەمبەر (ﷺ) هەموویم لەبەر کرد، وە هیچم

لەبیر نەچوەوە[1].

بەڵێ ئەوەش هیمەت بەرزی بوو ، کۆڵ نەدان بوو ، دەبێ طالب العلم ئەوهابێ هیمەت و وەرەی دانەبەزێ لە داواکردنی علم و زانیاریدا.

– یەکێکی تر لەوانەی کە بەهیمەتی بەرز و بەکۆڵ نەدانی لە وەدەست هێنانی زانست ، کە زانایان سەرسام بوینە لە زانستەکەی ئەو ، سەحابەیەکی بەڕێزی پێغەمبەرە (ﷺ) ئەویش (سعید) ی کوڕی جوبەیرە رەزای خوای لێ بێت ، تابلێ ی مل کەچ و خۆ بەکەم زان بووە ، کۆڵ نەدەر بووە لە فێربوونی یەك ووشە و لە هەوڵ و کۆشش دابووە بۆی تەنانەت دەگێڕنەوە لێ ی دەڵێن بۆ مانای ئایەتی ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا ﴾ النساء: ٩٣ کۆچ دەکات لە کوفەی عێراق بۆ ولاتی حیجاز بۆ لای (ابن عباس) لە شاری مەدینە پرسیاری لێ دەکات دەڵێ ئایا حوکم و بڕیاری ئەم ئایەتە ماوە یان نەسخ بۆتەوە ئینجا عبدالله ی کوڕی عباس بە تێروتەسەلی ماناکە و بڕیارەکەی بۆ شی دەکاتەوە ، ئەویش دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

بەڵێ ئەوەش هیمەت بەرزی یە ، چونکە زانای وا هەبووە بۆیەك فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای دوو مانگ و سێ مانگی بڕیوە تاکو دەستی کەوتووە.

– شێخ حەسەنی بەسری یەکێکە لە تابعینی هەرە گەورەکان لە کتێبی مێژوو نوسان هاتووە کە زیاتر لە سەدو بیست سەحابەی پێغەمبەری (ﷺ) چاوپێکەوتووە ، بێگومان پیاوێکی زانا و خواناس بووە ، زۆر هەوڵی بۆ وەدەست هێنانی زانست و زانیاری داوە ، زۆر کۆچی کردووە بۆ ئەوەی شتێ

(١) صححها الشيخان./ قاله في الفتح

فێربێت نموونەی هیمەت بەرزی بووە ، تەنانەت بۆ بچوك ترین پرسیار کۆچ دەکات لە بەسرە بۆ کوفە بۆلای (کعب) ی کوڕی عەجرە ، کە دەیەوێ شارەزابێ بێگومان ئەوە هیمەت بەرزی و کۆڵ نەدانە .

هەروەها پێشەوا (ابو حنیفە) (ڕەزای خوای لێ بێت) کە لەناو زانایان و خەڵك دا ناوی دەرکردبوو بە (فقیه الملة و عالم العراق) شەرع زانی ئوممەت و زانای عێراق دیارە لەو ڕۆژەی ئیمامی (ابو حنیفە) وەفات دەکات ئیمامی (شافعی) لەدایك دەبێ ، کە سەبارەت بە زانست و زانیاری ئیمامی (ابوحنیفە) دەفەرمووێ: (الناس في الفقه عيال على ابي حنيفة) واتە: خەڵکی لەشەرع و تێگەیشتنی مانای قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەردا ((ﷺ)) فەقیر و ناچارن لە ئاستی ئیمامی ابوحنیفەدا ، وە هەموو کەسێك پێویستی بە زانستی ئەوە .

هەروەها ئیمامی شافعی دەفەرمووێ : بە ئیمامی (مالك) یان گوت : ئایا ئیمامی ابو حنیفەت چاوپێکەوتووە ؟ فەرمووی : بەڵێ : بەڵام چ پیاوێك بوو ؟ پیاوێك بوو بینیم ئەگەر قسەی لەگەڵت بکردایە سەبارەت بەو پایە (ستوون) کە ببێ بە ئاڵتوون ، دەبوا دەس بەجێ لەبەر بەڵگە بەهێزەکانی ببوایە ئاڵتون ئەوها وەڵامی خەڵکی ئەدایەوە .

یەکێکی تر لە نێو زانایان ئیمامی (مالك ی کوڕی انس) ە ، کە لە نێو زانایان و خەڵك دا مەشهور بوو بە (امام دار الهجره) زانای شاری مەدینە ، پێشەوای خانووی هیجرەت ، (ابوهریرە) دەفەرمووێ : خەڵکی دەگەڕێن لە جەرگی ووشترەکانیان دەدەن (واتە ماندوویان دەکەن) تاکو دەگەنە زانایەك یان شەرع زانێك هیچ زاناو شەرع زانێك نادۆزنەوە وەکو زانایانی شاری مەدینەبن ،

ئیمامی (مالك)یش لە شاری هیجرەت سەری هەڵداوە ، وە یەکێکە لەو زانا هەرە بەرز و بەڕێزانە.

ئەگەر بچینە خزمەت (ناصر السنة) و زانای خواناس و پایەدار ئیمامی شافعی ڕەزای خوای لێ بێت ، بەڕاستی گەورەترین هیمەت بەرزبووە لەبۆ داواکردنی زانست و زانیاری هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد ، ئینجا ئەو کۆڵ نەدانەی گەیشتە ئەو ئاستەی کە زانایانی سەردەمی خۆی هەریەکەو بە جۆرێ باسی دەکەن و بە زانستەکەی سەرسام بوینە لە هەموو زانستێك دەستێکی بالآی هەبووە ، بێگومان بە هیمەت بەرزی گەیشتۆتە ئەو پایە گەورەیە.

– ئیمامی (احمد) ی کوڕی حنبل ڕەزای خوای لێ بێت کە بە ئیمام و پێشەوای (اهل السنة) ناوی دەرکردبوو لە نێو خەڵك ، خاوەن ئەو زانستە بوو کە ئیمامی شافعی دەرحەقی فەرموویەتی : لە بەغدا دەرچووم کەسم لەدوای خۆم بەجێ نەهێشت گەورەتر و زاناتر وە شارەزاتر و لەخواترس تر لە (احمد) ی کوڕی حنبل ، ئەڵبەتە ئیمامی احمد یەکێك بووە لە قوتابیەکانی ئیمامی شافعی وەك چۆن شافعی قوتابی ئیمامی مالك بوو ڕەزای خوایان لێ بێت وە دەرەجاتیان عالی بێت.

– یەکێکی تر لە کاروانی هیمەت بەرزان ، کە پێشەوای ئیماندارانبوو لە گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش پێشەوا (محمد) ی کوڕی اسماعیل ی بوخاری یە کە بە ئیمامی بوخاری مەشهور بووە.

ئەو بوخاری یەی کە کتێبەکەی گەورەترین کتێب بووە لە دوای قورئانی پیرۆز ، ئەو بوخاری یەی کە جێ ی متمانە بووە لەلای هەموو زانایان کاتێك

باس لە یەك فەرموودە بکرێت بڵێن مامۆستا بوخاری گێڕاویەتیەوە ، دەبێ هەموو کەس بۆی مل کەچ بێت چونکە بەڕاستی و پاکی گەڕاوە بەدوای ڕاستترین فەرموودە ، وە لە هەموو کەسێکیشی وەرنەگرتووە کە تەواو دڵنیانەبێ لە ڕاست گۆیی و دەست پاکی و دەم پاکی ئەو ، ئینجا باس لە چ گەشت و کۆچێکی بوخاری بکەم کە ئەو ئەنجامی نەدابێ بۆ فەرمودەکان مەسافەی قەسر دەڕۆیشت بۆ وەدەست هێنانی یەك فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەلای یەك کەسێ کە بچوکترین گوناهی پێوە دیاربا دەست بەجێ دەگەڕایەوە هیچی لێ وەرنەدەگرت ، ئەم هیمەت بەرزی یە کە بەو شێوە کۆشش دەکات بۆ وەدەست هێنانی زانست دەڵێ جارێك چوومە بەسرە ، سەردانی زانایەکم کرد لەوێ ناوی (بندار) بوو ، لە مەجلیسی دانیشتم ، کە چاوی پێ کەوتم گوتی : گەنجە خەڵکی کوێیت؟ لەکوێ هاتیت؟ منیش گوتم : خەڵکی بوخارام لەوێوە هاتووم. گوتی : کە هاتی لە بوخارا (ابوعبدالله ی بوخاری) چی دەکرد حاڵی چۆن بوو..؟ منیش بێ دەنگ بووم هیچم نەگوت ، خەڵکی تەریق بوونەوە ، گوتیان ئەی پێشەوا (بندار) ڕەحمەتی خوات لێ بێت ، ئەوە خۆیەتی ، ابو عبدالله ی بوخاری یە ، دەڵێ کە وایان پێ گوت یەکسەر هەستا و بەرەو لام بەپەله هات لەو مەجلیسە دەستی گرتم و لەباوەشی کردم فەرمووی : بەخێرهاتی ئەی ئەو کەسەی کە چەندین ساڵە شانازیت پێوە دەکەم.

– لە یەك شەودا کتێبی (الاعتصام) ی نوسیوەتەوە.

– ابو الازهر دەڵێ چوار سەد فەرموودە ناس (المحدث) هەبوون لەسەمەرقەند ، ویستیان هەڵەیەکی گەورە بە ئیمامی بوخاری بکەن ، بۆیە

کۆبونەوە اسنادی فەرموودەکانی ڕاوی شامیان تێکەڵ بە هی عێراق کرد ، هی عێراقیان تێکەڵ بە اسنادی شامی کرد ، وە هەروەها حەرەم لە یەمەن و یەمەن لە حەرەم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی هیچ هەڵەیەك دروست بکەن بۆی بەڵکو یەك لە دوای یەك وەڵامی سەنەدەکەی دەدانەوە ، دەیفەرموو سەنەدی شامی یە نەك عێراقی ... هتد.

دەفەرموێ سەد هەزار (١٠٠٠٠٠) فەرموودەی ڕاست (صحیح) م لەبەر کردووە ، هەروەها دووسەد هەزا (٢٠٠٠٠٠) فەرموودەی لاواز (ضعیف) م لەبەرکردووە. ئەگەر ئەو کەڵە پیاوە ورەی بەرز نەبێ چۆن توانی بەم شێوەیە زانست بەدەست بێنێ ، کەواتە هەرکەسێ هەوڵ بدات بێگومان زۆر شت وەدەست دێنێ ئایا داستانی زانای پایە بەرز و گەورەتان (ابن حجر) نەبیستوە کە لە هەموو خوێندن و زانستێك بێ ئومێد ببوو ، بۆیە گەڕایەوە ولاتی خۆی لە ڕێگادا پەند لە دڵۆپە ئاوێ وەردەگرێ کە چۆن بەرد کون دەکات بە وردی ، کە ئەمە دەبینێ ورە دێنێتە بەر خۆی دەڵێ خۆ مێشکی من لەو بەردە ڕەق تر نی یە دەبێ هەر فێربیم ئینجا کۆڵی نەدا تاکو چاك ترین زانستی وەدەست هێنا ڕەزای خوای لێ بێت.

چاکسازی ئوممەت لە هیمەت بەرزیدایە.

و صلی الله علی سیدنا محمد و علی اله و صحبه و سلم.

وانەی سێ یەم :

هیمەت بەرزی لە بانگەوازی کردن بۆلای خوا.

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على سيدنا و حبيبنا محمد قائد المجاهدين و امام المتقين ، و على اله و اصحابه و من تبعهم باحسان الى يوم الدين.

برایان و خوشکانی موسڵمان سەلامی خوای گەورەتان لەسەربێ خۆشحاڵێن کەوا جارێکی تر گەیشتینەوە بە یەکتر لە سێ یەم وانە لە زنجیرە وانەکانی هیمەت بەرزی هیوادارم کە ئێوەی بەڕێز لێ ی سود مەندبن و جێگای بەختەوەری و سەرفرازی دونیا و قیامەتمان بێت ان شاءالله ، ئازیزانم ، ئەو جارەش باس لە بابەتێکی گرنگ دەکەین کە هەموو تاکێک پێویستی پێ ی هەیە لە ئوممەتی پێغەمبەر بیسڕەوە ! (ﷺ) ئەویش بریتی یە لە (علو الهمة في الدعوة الى الله) واتە : هیمەت بەرزی لە بانگەوازی کردن بۆلای خوا. ئیمامی (ابن القيم الجوزية) دەفەرموێ : پلەو پایەکانی دەعوە و بانگەواز گەورەترین و پیرۆزترین پلەکانی خواپەرستنە چونکە دەبینین پیشە و وەزیفەی پێغەمبەرانە و شوێن کەوتوانی پێغەمبەرانن لە جێنشینەکان لە نێو ئوممەت وە خەڵکیش شوێن ئەوان دەکەون لە بانگەوازی کردن بۆلای خواو بلاوکردنەوەی دینی خواو یاساکانی.

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ

صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾[1]

واتە: جا کێ لەو جوان گوفتارتر و قسەی بەجێترە کە بانگەوازی کردووە بۆلای خوا ، کارو کردەوەی چاکیشی ئەنجامداوە پاشان گوتوویەتی بەڕاستی من لەڕیزی موسڵمانانداندام. بۆیە بانگەوازی کردن و بانگێشت کردنی خەڵك بۆ سەر دینی خواو بەرنامەی پێغەمبەر (ﷺ) پیشەی هەموو تاکێکە لەو ئوممەتە بە ئەندازەی شارەزابوونی ، کەچی ئێمە بەهەڵە حاڵی بووین کە گوایە تەنها پێغەمبەران و زانایان و هەڵگرانی ئەو پەیامە لەسەریانە کە خەڵکی بێننە سەر ڕێگای ڕاست ، بۆچی ئەوانی تریش هیچ نازانن خۆ لەسەر شانی ئەوان نی یە بەڵکو ئەوەی شتێ بزانێ دەبێ وەك واجبێك و ئەمانەتێك بیگەیەنێ بەخەڵك ، چونکە لە ڕەوشتی باوەڕدار دایە کە ئامۆژگاری برا موسڵمانەکەی بکات بەڕاستی و بە ئارامگرتن ، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾

واتە : سوێند بە دەورو زەمان ، یان کاتی عەسر. بەڕاستی ئینسان هەمووی لە زەرەرمەندی دایە ، جگە لەو کەسانەی کە باوەڕدارن و کاری چاك ئەنجام دەدەن وە ئامۆژگاری و وەسیەتی یەکتریان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن ، هەروەها ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە پابەندی سەبر و ئارامگرتنیش بن ، وە پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆڕاگری و ئارامگرتن هەیە.

کەواتە: هەموو کەسێکی موسڵمان لەسەر شانیەتی ئامۆژگاری ببەخشێ بە

(١) سورة فصلت (٣٣).

برا موسڵمانەکەی لە کاتێکدا کە لەناو گوناح و تاواندایە و ڕزگاری بکات و ڕاستە ڕێ ی بکات ، بۆچی تۆ دەتەوێت خۆت بقۆزیەوە لەدەست ئەو بانگەوازی یە ، دەتەوێت قورتاربیت ، ئەوەتا پێغەمبەرەکەت (ﷺ) لە ڕۆژی جەژندا لە حەجی مالّئاوایی کە وتار دەدات بۆ خەڵکی پەیامەکەی لەسەر شانی خۆیەتی ڕایدەگەیەنێ و خەڵکی و خوا دەکات بەشاهید بە ڕاگەیاندن پاشان ئەو وتار و ئامۆژگاری یە گەیشت بەمن و تۆ چۆن....؟ لە کۆتایی فەرمووی (الا فليبلغ الشاهد منكم الغائب) واتە : ئاگاداربن ئەوەی حوزوری هەیە لێرە با ئەوە ڕابگەیەنی بەو کەسانەی کە لێرە نین و ئاگایان لە قسەکانمان نی یە . یان (بلغو عني ولوآية) واتە: لەمنەوە ڕابگەیەنن بەخەڵك ئەگەرچی ئایەتێکیش بێت.

– عبدالله ی کوڕی مەسعود دەفەرموێ :

لەگەڵ هەر بیدعەیەك کە بۆ فێڵ و تەڵەکە بازی دروستکراوە لە خۆشەویستانی خوا. خوای گەورە هەندێ خۆشەویستی هەن کە ئەو بیدعەو خورافیاتانە دەتاوێننەوە و باس لە نیشانەکانی دەکەن بۆ خەڵکی تاکو توخنی نەکەون ، ئێوەش ئەو کات و شوێنانە بەهەل بزانن ، ئامۆژگاری ببەخشنە خەڵکی ڕاستەڕێ یان بکەن و بە دانایی و زانایی شارەزایان بکەن ، وە بۆ ئەم کارەش پشت بەخوا ببەستن.

– ئەوەندە بەسە بۆمان کە پێغەمبەر (ﷺ) بە (علی) و (معاذ) دەفەرموێ : (ئەگەر یەك پیاو لەسەر دەستی تۆ هیدایەتی بوو ئەوا بۆتۆ باشترە لە نیعمەتی حوشتری سور) [1]

(١) رواه البخاري و مسلم

(بانگەوازی لە قوربانی پیرۆزدا)

ئەگەر سەرنج بدەیت لە قوربانی پیرۆز و بیربکەیتەوە لەزۆر شوێندا باس لە دەعوە و بانگەوازی دەکات کە فەرمان کردنە بە پێغەمبەرمان لەلایەن خوای گەورە ، وە ئاماژەیە بۆ ئوممەتەکەی کەدەبێ ئەوانیش ئەو بانگەوازی یە بکەن و کۆڵ نەدەن لێ ی ، بۆیە لەهەر شوێنی لە قوربانان فەرمان کرابێ بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوا بەهەمان شێوە بۆ ئوممەتەکەشی کراوە ، تەنها لەو شتانە نەبێ کە تایبەتن بە پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە دەفەرموی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢ ﴾ (١)

واتە : ئەی ئەو کەسەی کە خۆت لەناو پێخەفەکەت پێچاوەتەوە ئەی محمد ، هەستەو خەڵکی بێدار کەرەوە ، ڕاستیەکان ڕوون بکەرەوە .

- ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ۝١٢٥ ﴾ النحل: ١٢٥

واتە : ئەی محمد خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگای ڕاست ، کە ڕێگای خوای تۆیە بە دانایی و ئامۆژگاری جوان.

- ﴿ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ ﴾ الحج: ٦٧

واتە : ئەی محمد بانگی خەڵک بکە بۆ لای خوای خۆت چونکە بەڕاستی تۆ

(١) سورة المدثر (١-٢)

لەسەر رێنماییکی ڕاستەقینەیت .

- ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾ التوبة: ٧١

واتە : باوەڕداران لە پیاوان و ئافرەتان هەندێکیان دۆستی هەندێکن لەنێوان خۆیاندا فەرمان بەچاکە دەکەن ، بەرگری و قەدەغە لە خراپە و خراپەکاری دەکەنو نوێژ دەکەنو زەکات دەدەن لە مالّیان،وە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر دەبن، بەڕستی ئەوانە لەمەودوا خوا ڕەحمیان پێ دەکات، بەڕاستی خوای گەورە زاڵ و کار بەجێیە،.

- وە لەچەند شوێنی تر بەم شێوەیە خوای پەروەردگار ئەم بانگەوازیە باس دەکات ، ئینجا لە ئایەتی ڕابردوو وادەگەیەنی کە باوەڕداران تەنها چینی پێغەمبەران و زانایان نین بەڵکو تێکڕای خەڵکی باوەڕدار دەگرێتەوە کە ئامۆژگاری یەکتر بکەن بە حەق و بە ئارامگرتن . هەروەك (ابن تیمیە) دەڵێ : بانگەوازی واجبە لەسەر هەموو کەسێ کە شوێنی پێغەمبەران کەوتبن ئەوانیش ئوممەتی ئەو پێغەمبەرانەن ، کە بانگی خەڵکی دەکەن بۆلای خوا ، هەروەکو پێغەمبەران کردیان بەبێ کۆڵ نەدان ئەو واجبەش لەسەر تێکڕای ئوممەتە ...

﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ﴾ یوسف: ١٠٨

واتە ئەی محمد بەخەڵکی بڵێ : ئەمە ڕێگا و بەرنامەی منە لەسەر ڕێ ڕونی بانگەواز دەکەم بۆلای خوا من و شوێن کەوتوانم.

(هیمەت بەرزی پێغەمبەران لە بانگەوازی کردنیاندا)

بێگومان چینی پێغەمبەران نمونەی هیمەت بەرزی بوون لەنێو خەڵکدا ، لە دەعوە و بانگەوازی خەڵکی بۆلای خوا ، ئەوەیان بە خەڵك ڕاگەیاند کە فەرمانیان پێکرابوو ، بگرە هیچ پێغەمبەرێك نەبووە ئوممەتی لەنێو خراپە دابێ و خۆشی لە مالّ پاڵی دابێتەوە لەو پەڕی خۆشی ژیابێ ، هەمیشە لەخەمی خەڵکیدا بوون بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان لە ژیانی خۆیان ، سەرەتای پێغەمبەرێتی بۆ بانگ کردنی خەڵك لەلایەن یەکێ لە پێغەمبەرانی خوا بریتی یە لە حەزرەتی (نوح) سەلامی خوای لەسەر بێت ، کە لەنێو قەومەکەی مایەوە بۆ ماوەی نۆسەد و پەنجا سالّ بە پێغەمبەرایەتی بانگی کردن بۆلای خوا ، تەمەنی خۆی لەشەو و ڕۆژدا تەرخان کردبوو بۆ ئەو مەبەستە ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا ﴿٥﴾ فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا ﴿٦﴾ ﴾ نوح: ٥ – ٦ گوتی : ئەی خوایە خۆت ئاگاداری ئەوە بانگی قەومەکەم کرد لە شەو و ڕۆژ بەڵام بانگ کردنم هیچی لێ زیاد نەکردن تەنها ڕاکردن نەبێ لە دەستم ، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەدا لەو ڕاگەیاندنە هەر دەگریا و هاوار و هانای دەبردە لای خوا بە هەموو شێوازێك لەگەڵیان دا هەوڵی دەدا (فما امن معه الا قليل) کەم کەس نەبێ لەگەڵی هیچیان باوەڕیان نەهێنا ، تاکو هاتە سەر وەفات هەر بانگی دەکردن ، دەڵێن لەسەرە مەرگدا بانگی کوڕەکانی دەکرد پێ ی دەگوتن : وشەی تەوحید و یەکتا پەرستی لەبیرنەکەن پاشگەز نەبنەوە لەدوای مردنم ئەمە هیمەتی گەورەی پێغەمبەر (نوح)ە سەلامی خوای لەسەربێت.

–هیمەت بەرزی حەزرەتی (ابراهیم) سەلامی خوای لەسەر بێت لە دەعوە و

بانگەوازیان بۆلای ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٣﴾ ﴾ البقرة: ١٣٢ – ١٣٣

واتە : حەزرەتی ابراهیم و نەوەکەی یعقوب ئامۆژگاری منداڵ و نەوەکانیان کرد و گوتیان : ڕۆڵەکانم ، خوای گەورە ئاینی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردوون لەنێو هەموو ئاینەکاندا کەواتە مەمرن مەگەر بە موسڵمانی نەبێ ، ئایە ئەی چینی جولەکەکان ئێوە ئامادە بوون کاتێ کە یعقوب هاتە سەر مردن بە منداڵ و نەوەکانی گوت : لەدوای من کێ دەپەرستن ؟ گوتیان: خوای تۆ و باوانەکەت ابراهیم و ئیسحاق دەپەرستین بە تاکی و تەنیای دەزانین بۆ ئەو دەبین بە بەندە .

دەبینی کەسێ لەسەرەتای کارەکانی بەردەوام بێ لەسەر هەر شتێ بێگومان کۆتایی بەهەمان شت دێنێ لە ژیانی ، هەڵس و کەوتی ئەوان لە شەو و ڕۆژدا بانگەوازی بوو ، بۆیە دواساتەکانی تەمەنی زێرینیشیان بەهەمان شێوە هەر بانگەوازی بوو بۆلای خوا.

– حەزرەتی یوسف ی کوڕی یعقوب . لەگەڵ ئەو هەموو غەریبی و دووری لەنازی باوك و کەس و کاری چی کرد لە ولاتی میسردا و چۆن خەڵکی فێری ژیان کرد ، چۆن گۆڕانی مەزنی داهێنا لەنێو ئەو هەموو ئەستەم و کۆیلایەتی یە ، تەنانەت لە بەندیخانەش کۆڵی نەدا هەمیشە بانگی دەکردن بۆلای خوا

هۆشـــیاری دەکردنـــەوە ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ یوسف: ٣٩ – ٤٠

هۆ هاوڕێیەکانم لە بەندیخانە ئایا ئەوانەی کە خۆیان لێ بوەتـە خـوا هەریەکـەو لەشوێنێ داوای خوایەتی دەکەن ، ئەوان باشـترن یـان ئـەو خوایـەی کـە تـاك و تەنیایە قەهر بەسەر هەموو شتێ دەکـات ، جگـە لـەخوا ئێـوە هـیچ ناپەرسـتن مەگەر چەند شتێ نەبێ کە خۆتان بۆ خۆتان سازکردوون وە ناوتان لێیان نـاوە ئێوە و باب و باپیرانتان ، هەرگیز خوا بەوە ڕازی نـی یـە و هـیچ بەڵگەیەکیشی ڕەوانە نەکردووە لەسەر پەسەندکردنیان بەراستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگـە لە خوا شایستەی کەسی تر نی یە ، فەرمانیشی داوە جگە لە خـۆی کەسـی تـر نەپەرستن هەر ئەوەشە ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاسـت و دروسـت و بـەنرخ بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی ئـەو ڕاسـتیانە نـازانن و لێ ی بـێ ئاگـان. بـەو شـێوەیە بانگەوازیەکەی پەرە پێدا تاکو خاکی میسری کردە شوێنی ژیان و خواپەرستی ، وە پاکی کردەوە لە بت پەرستی و شەخص پەرسـتی تـاکو زەمـانێکی دوورو درێژ نەوەی (یعقوب) (بنی اسرائیل) لەو پەڕی ئازادی و ژیانێکی پـڕ لـە ئـارامی یان لە میسر بردەسەر ، بێگومان ئەمە بـەروبومی بانگـەوازی پێغەمبەرێکـە لـە زنجیرەی پێغەمبەران کە بەو شێوە زەوی پاك دەکاتەوە.

– هەروەها ئەو باوەڕدارەی کە خوای گەورە داستانەکەی لەگەڵ قەومە بـێ باوەڕەکەی باس کردووە بۆ پێغەمبەرمان (ﷺ) لـە سـورەتی (یـس) یاسـین ، کەوا مەشهورە بە (مؤمن یس) باوەڕدارەکـەی یاسـین. ئەگـەر بیربکەینـەوە لـە

بانگەوازی ئەو باوەڕدارە بەڕاستی بۆمان دەردەکەوێ کە چ وەڕەیەکی بەرزی هەبووە لە کارەکەی تاکو گەیشتە کاروانی خۆی و شادبوو بە شوێنی خۆی ، قورئان باسی ئەم داستانەمان بۆ دەکات دەفەرموێ ﴿ وَجَآءَ مِنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَىٰ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُوا۟ مَن لَّا يَسْـَٔلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا لِىَ لَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِى فَطَرَنِى وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّىٓ إِذًا لَّفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّىٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمْ فَٱسْمَعُونِ ﴿٢٥﴾ قِيلَ ٱدْخُلِ ٱلْجَنَّةَ ۖ قَالَ يَٰلَيْتَ قَوْمِى يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِى رَبِّى وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ [1] واتە : پیاوێك لەوپەڕی خواروی شارەکەوە هات کە پیاوێکی ئیمانداربوو ناوی (حبیب النجار) بوو لە (انطاکیة) بە گورجوگۆڵی هات و گوتی : ئەی قەوم و هۆزی من ئەو پێغەمبەرانە ڕاست دەکەن شوێنینا بکەون بڕوایان پێ بکەن و ئیمانیان پێ بێنن شوێنی ئەوانە بکەون کە هیچ پارە و پاداشت و کرێتان لێ داواناکەن ئەوانە ڕێنمایی کراون و لەسەر بەرنامە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستن ، ئینجا پیاو چاکەکە گوتی جا بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدیهێناوم ، وە ئێوەش ئەی خەڵکینە دەگەڕێندرێنەوە بۆلای ئەو ئایە شتێکی باش و ڕەوایە کە لەجیاتی خوا چەند پەرستراوێکی تر بۆخۆم هەڵبژێرم ، کە هیچیان بەدەست نی یە ، خۆ ئەگەر خوای گەورە و بەسۆز بیەوێت تووشی هەر ناخۆشیەکم بکات خواکانی ئەوان هیچ سوودم پێ

(١) سورة يس (٢٠-٢٧)

ناگەیەنن وە فریام ناکەون و رزگارم ناکەن هەرگیز تکاو شەفاعەتی ئەوان، بێگومان من بەڕاستی شتی وابکەم ئەوا لەناو گومڕایەکی ڕوون و ئاشکرا دەبم . بەڕاستی من بڕیارم داوە کە باوەڕ بە پەروەردگارتان بێنم جا چاك ببیسن و گوێ تان لێ بێ .

– گفتوگۆ بەردەوامە لەنێوانیان ، ئامۆژگاری و بانگەوازی بەبێ پچڕان بەردەوامە ، بەڵام بێ سوودە لەگەڵیان هەرئەوەندە دەبینن بەجارێ پەلاماری دەدەن ئەوەندی لێ دەدەن تاکو وورگ و ڕیخۆڵەکانی دەردەکەن و ئینجا گیانی لەنێو دەستیان دەردەچێ هەر کە مرد پێ ی گوترا ، بڕۆ بۆ بەهەشت ، بەڵام کە ڕۆحی پاکی دەچێتە شوێنی خۆی هەر بە دڵسۆزی گوتویەتی: خۆزگە گەل و هۆزەکەم بیانزانیایە سەرەنجامی ئیمان چۆنە و کەوتوومەتە چ نازونیعمەتێك بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگارم لێم خۆش بووە ، وە خستمیە ڕیزی بە ڕێزانەوە لەلای خۆی.

– هیمەت بەرزی حەزرەتی (موسی) لەگەڵ قەومەکەی لە دەعوە و بانگەوازی کردنیان بۆلای خوا ، کێشە و گرفتەکانی ئەو پێغەمبەرە نازدارە سەلامی خوای لەسەر بێت ئێجگار زۆرن لەگەڵ قەومی بەنی ئیسرائیل ، تەنانەت لە قورئانی پیرۆزدا ناو و بەسەرهاتەکانی (١٣٦) جاران هاتووە ، هەر جارێ بەشێوازێ توشی گرفت و ناخۆشی و ئازار بووە ، وەك باسمان کرد ئەمە پیشەی هەرە گرنگی پێغەمبەرانە کە بانگی قەومەکەیان بکەن بۆسەر ڕێگای ڕاست و دروست. پێغەمبەر موساش یەکێکی لەوانە کە لەشەو و ڕۆژ ئارامی لێ هەڵگیرابوو لەبەر بێ باوەڕی و بێ وەفایی گەلەکەی لەسەر ئەو هەموو نیعمەتەی کە خوا باراندبووی بەسەریاندا ، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا ، جارێ بە

ئامۆژگای لەسەر خۆ ، جارێ بە توند و تیژی ، جارێ بە شکایەت کردن لەلای خوا ، ئەڵبەتە ئەو کتێبە ئاسمانیەی کە بۆی هاتبوو (تەورات) هەموو پێغەمبەران کاریان پێ دەکرد کە لەسەردەمی خۆی بوون وە لەدوای خۆیشی تاکو (عیسی) پێغەمبەر هات بە (انجیل) ی . ئینجا حەزرەتی موسی گەڵ نازدار و بەناز بوو لەلای خوا بۆیە ئەو شەرەفەی پێ بەخشرا کە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکات لەگەڵ خوا نەك وەکو باقی پێغەمبەران بەهۆی جوبرەئیلەوە ﴿ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمًا ﴾ النساء: ١٦٤

ئیمامی (ابن القیم) دەفەرموێ : سەیری نازی (موسی) بکەن لەلای خوا کە چ نازێکی هەیە ، کاتێ کە دێتەوە ناو قەومەکەی دوای تەواو بوونی موناجاتی لەکێوی (طور) کە قەومەکەی خوایان فەرامۆش کردبوو – سامری– گومڕا گومڕای کردبوون ، ئەویش زۆر تورە دەبێ هەست دەکات ڕەنجی چەندەها ساڵی بەبادا ، بۆیە ڕوو لە (هارون) ی برا دایکیەکەی دەکات و لۆمەی لێ دەکات ئینجا ئەو ئەلواح و پارچەی کە وتەکانی خوای تێدا نوسرابوون لە تورەییا فڕێ داو کێشای بە زەوی پارچە پارچەبوون و ڕیشی پێغەمبەرێکی وەك (هارون) ی برای گرت و ڕاکێشا ، وە ڕۆژێکیان دەست لە چاوەکانی فریشتەی گیان کێشان (ملك الموت) دەدات چاوی دەنووقێنێ لەبەر ناز و خۆشەویستی (موسی) هەروەها لەشەوی (شەوڕۆیی و بەرزبوونەوە)ی پێغەمبەرمان (ﷺ) مشت و مڕ لەگەڵ خوا دەکات و بەناز داوای لێ دەکات کە نابێ بەوجۆرە ئەو ئوممەتە ئازاربدەیت نوێژەکانیان بۆ کەم بکەیتەوە ئەوانەی هەموو هەڵگرتوون ن خوا خۆشی ویستوە ، ڕێزی ناوە لێ ی ، چونکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەرەنگاری دوژمنترین دوژمنی خوا ببێتەوە و لەناوی ببات بە خنکان و دۆڕانی

جوان و باوەڕێکی پتەو بەخوا ، دەمێ لێدان و ئازار چەشتن لەدەستیان ، دەربەدەرکردنی لەسەر خاك و خۆڵی خۆی ، لەگەڵ باوەڕداران بۆلای بەردەستی نامەردان لە (طائف) و ڕێزگرتنی لە (حبشه) ی یەمەن ، ئینجا ڕێ پێوان بەرەو شاری یەسریب (مەدینە) ئەمە هیچی کەم نەکردەوە لەو بانگەوازیە ، وە لە وڕەی دانەبەزاند تەنها سوور بوونی نەبێ لەسەر خەڵك بانگ کردن بۆلای ئایینی خوا و پێك هێنانی ماڵێك بۆ خوا پەرستی کە ئایەتی ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴾ الشعراء: ٢١٤ .

دابەزی بە بوێری چووە سەر کێوی (صفا) بانگی تیرەی هاشم و بنی عبدالمطلب ی کرد ، وەرن بۆلای ئایینی خوا ، ئاینی باوکتان ابراهیم پێغەمبەر ، ئایینی اسلام و وازبێنن لەو شتە بێ گیانانە چی تر کڕنوشیان بۆ مەبەن پاشان پێ یان دەڵێت : هۆ خزمەکانم ئەگەر پێتان بڵێم لەپاش ئەو کێوە دوای کەمێکی تر کاروانێ دەگاتە ئێرە ئایا باوەڕم پێ دەکەن؟ وتیان : هەرگیز درۆمان نەبیستوە لێت. فەرمووی: کەواتە من ترسێنەرم بۆ ئێوە ئاگادارتان دەکەمەوە و دەتانترسێنم لە عەزابێکی ئێجگار بەهێز لەلای خوا ، چەند ئامۆژگارییێکی تریشی فەرموو.

ئینجا (ابو لهب) ی مامی هەستا زۆر بە نامەردی بەرامبەری وەستا گوتی (الهذا جمعتنا یا محمد ، تبا لك و تب) ئایە بۆ ئەوەت بانگ هێشت کردوین هەی دەستەکانت وشك بن ئەی موحەمەد دووبارە دەستت وشك بن.

ئینجا سورەتی (المسد) بۆی دابەزی کە بەڵێ دەبێ ئەو دەستی وشك و بێ فەڕ و بەرەکەت بن مالێ و سامانی سوودی پێ ناگەیەنێ کە هەوڵی بۆ پەیداکردنی داوە ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤

فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ﴿٥﴾ المسد: ١ – ٥

بەڕای تۆ بە هەڕەشە و گڕەشەی کەسێکی وەك (ابو لهب) دەبێ واز بهێنێ لە کارەکەی یان بە ئازاردانی خێزانەکەی (ام جمیله) کە دڕك و داری ئەخستە سەر ڕێگای پێغەمبەر (ﷺ) ، نەخێر هەرگیز کۆڵ نادا لە ڕێگا بانگەوازی دەکات و ئامۆژگاری (عبدالله) ی کوڕی عباس دەکات.

لە مالّ ئیسلام فێری خاتوو خدیجەی هاوسەری بانگی دەکات لەگەڵ ئامۆزای بچووکی پانزەسالآن (علی) ی کوڕی (ابو طالب). لە بازاڕی (ذي المجاز) لەمەکەدا بانگی خەڵك دەکات پێیان دەڵێت (ئەی خەڵکینه بڵێن : لا اله الا الله . سەردەکەون) بەڵآم کەسێکی وەك (ابو جهل)ی نامەرد خۆڵی بەسەر سەردادەکات ، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئاوڕیشی لێ ناداتەوە، چی کرد لەگەشتی پڕ ئازای لەبۆ (طائف) بەڵآم چیپان پێ کرد لەڕێگای هیجرەت بۆ مەدینە بانگەوازی دەکرد (ابن عمر) دەیفەرموو : پیاوێکی دەشتەکی لە ڕێگادا بینی پێ ی گوت : من ایز ترید ؟ واته : بۆ کوێ دەڕۆییت؟ پیاوەکه گوتی : دەچمه لای مالّو منداڵەکانم .

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی چاکەت دەوێ ؟ گوتی بەڵێ . فەرمووی : شایەتومان دێنی بەخوا و پێغەمبەرایەتی من ؟ گوتی : بەڵگەت چی یە کە پێغەمبەریت؟ فەرمووی : بەڵگەم ئەو دارەیە . کابرا گوتی : ئەگەر ئەو درەختە هاتە لای تۆ بە بانگی تۆ ئەوا من دەگەڕێمەوە ئیمان لەگەڵ تۆ دێنم ، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بانگی کرد کە دارەکە بێتە لای ، کە هاتە لای سوجدەی دەبرد بۆی ، ئینجا پیاوەکە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەروەها لەسەردانکردنی نەخۆش دا ، یان ئەو کەسەی کە ویستویەتی پێغەمبەر بکوژێ یان لەسەرە مەرگی هەر بانگەوازی کردووە و کۆڵی نەداوە تاکو ئاخیر سات لە چرکەکانی ژیانیدا . صلى الله علیه و اله و صحبه و سلم تسلیما کثیرا.

وانەی چواردەم:

هیمەت بەرزی لە شوێن کەوتنی پێغەمبەر (ﷺ)

هیمەت بەرزی لە خۆپاراستن لە زیادکراوەکان.

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على سيدنا و حبيبنا محمد و على اله و اصحابه و امته اجمعين.

رب اشرح لي صدري و يسرلي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي .

برایان و خوشکانی موسڵمان ، سەلامی خوای گەورەتان لەسەربێ ، سوپاس بۆخوا کە جارێکی دی هاتینەوە خزمەتتان لە چواردەم وانە لە وانەکانی (هیممەت بەرزی) . ئومێدەدەکەم کە خوای گەورە هەموو لایەکمان لێ ی بەهرەمەند بکات ان شاءالله....

ئازیزانم وانەی ئەمڕۆکەمان تایبەتە بە هیمەت بەرزی لە شوێن کەوتنی سونەت و ڕێبازی پێغەمبەر و خۆ بەدوورگرتن لەو شتانەی کە دروست بوون و زیادکرابوون لەسەر قورئان و سونەت و خولەفای ڕاشدین.

(لەژێر تیشکی قورئاندا)

بێگومان قورئان فێرمان دەکات کە چەند ڕاستی نیشان بدەین کە پێغەمبەرمان خۆش دەوێت ، وە چۆن وەلآمی بانکی ئەو بدەینەوە و پەند وەربگرین لە خوو ڕەوشتی ئەو ، ئەوەش بزانین هەر کاتێ گوێڕایەڵیمان دەرخست بۆ پێغەمبەر بە زمان و بە ڕەفتار و بە کردەوەمان بێگومان ڕێنمایی

کراوین بۆ ڕاستترین ڕێگا ، ئەگەر دەنگی خۆمان خستە پاڵ هی ئەو بەیارمەتی دان و بڕیاردان بۆ سەرخستنی و شوێن ڕۆشنایی کەوتن ئەوا سەرفرازین لە دونیاو دین.

- قورئان دەفەرموێ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾ [1] واتە : ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە، بەدەم بانگەوازی خوا و پێغەمبەرەوە بچن کاتێ کە بانگتان دەکات بۆ بەرنامە و ڕێبازێك کە ژیانتان پێ دەبەخشێ ، چاك بزانن بەڕاستی خوا زۆر بە ئاسانی دەتوانێ گۆڕانکاری دروست بکات لە نێوان ئادەمیزاد و دڵیەوە.

- کەسانێك کە هەمیشە بە هیمەتێکی بەرز و بەبێ کۆڵدان بەردەوام بن لەسەر گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ((ﷺ)) بێگومان دواڕۆژیان ڕوو لە خێرو خۆشی یە ، وە دەبن بە دۆستی کەسانی چاك و پاك لە پێغەمبەران و ڕاست گۆیان و شەهیدان و پیاوسالّحان .

- ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴾ [2] واتە: ئەوەی فەرمان بەرداری خوا و پێغەمبەر بکات ، ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن لە بەهەشتی بەریندا کە خوای گەورە نازو نیعمەتی خۆی بەسەردا باراندوون لە

(١) سورة الانفال (٢٤)

(٢) سورة النساء (٦٩)

چینی پێغەمبەران و پاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و پاك و بێ وێنەن.

– ئینجا فەرمانبەردارببوون بۆ پێغەمبەر و ڕێبازەکەی وە کۆڵنەدان لە خۆپاراستن و خۆ دوور خستنەوە لە بیدعە و زێدەڕۆیی و دەرچوون لەو سنورە مایەی سەربەرزی و سەرفرازی یە.

– ﴿ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾ [1] واتە : ئەگەر ئێوە تەواو فەرمانبەردار و گوێ ڕایەڵی پێغەمبەربن ئەوا ڕێنمایی وەردەگرن . هیچ شتێك لەسەر شان و ئەستۆی پێغەمبەردا نی یە تەنها ڕاگەیاندنێکی ڕون و ئاشکرانەبێ.

– بۆ ئەوەی ڕاست بکەین لە دەربڕینی خۆشەویستیمان بۆ خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وە بانگەشەکردن بۆ ئەو خۆشەویستییە دەبێ هیمەتمان بەرزبێ لە شوێن کەوتنی پێغەمبەر و کوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی وە ئەوەی زیادکراوە لە دین خۆمان لێ ی بپارێزین .

– ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ [2] واتە : ئەی پێغەمبەر بە ئیمانداران بڵێ : ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ، ئەوا شوێنی من بکەون ، لە فەرمانی من دەرمەچن ئەو کاتە خواش ئێوەی خۆش دەوێت ، لە گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت ، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

---

(١) سورة النور (٦)

(٢) سورة ال عمران (٦)

- ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ [1] واته: ئەوانەی کە شوێنی ئەو -محمد- (ﷺ) پێغەمبەرە هەواڵدارە نەخوێندەوارە دەکەون ئەوەی کە - جولەکە و دیانەکان - دەستیان دەکەوێت نوسراوە لەلای ئەوان لە هەردوو پەرتوکی تورات و ئینجیلدا ، فەرمانیان پێ دەکات بە چاکە و قەدەغەی کاری خراپیان لێ دەکات و هەرچیەك پاك و چاکە بۆیان حەلاڵ دەکات و هەرچی پیس و ناپوختە لێیان حەرام دەکات و ئەرکە قورس و سەنگینەکان لەسەر شانیان لادەبات ، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لەسەریان بوو لادەبات ، - وەك خۆکوشتن لەکاتی تۆبەدا ... هتد ، جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و پشتیوانیان لێ کردووە پشتگیریان کردووە و شوێنی ئەو نوورو ڕۆشناییە کەوتوون - کە قورئانە - و هاوڕێ لەگەڵیدا ڕەوانە کراوە هەر ئەوانە سەرفراز و ڕزگارن .

کەواتە براو خوشکی موسڵمان شوێن کەوتن و لاسایی کردن زۆر لێك جیاوازن لە کاری خۆی کۆڵنەدەرە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕونت تاریك بکات ، دینت بەرێ ، لە کاتێکدا خوا ڕوو دەکاتە پێغەمبەر (ﷺ) کە لەو ڕۆژەدا دین و ئایینەکەتانم تەواوکرد ، کەواتە ئەوەی لەدوای ئەو ئایینەهات لەکوێ هات لە قورئان نی یە زانایانی ئیسلامیش لە فەرموودەکانی پێغەمبەری سەروەرمان

(١) سورة الاعراف (١٥٧)

(ﷺ) نەیاندۆزیوەتەوە ، دەبێ شتێکی زیادەکراو بێ کە پێغەمبەر و هاوەڵانی ئەنجامیان نەداوە ، بۆیە لاسایی کردنەوەی کەسانێکی نەفام و نەزان لە ئایینداماڵۆیرانیە ، دەبێ موسڵمانیش ژیر و تێگەیشتووبێ ، زۆر بەدوای ڕاستی دا بگەڕێ و هەرچی نەفس و هەوای حەزی کرد لە ئایینەکەی ئەنجامی نەدات ، بە هیمەت بەرزی شوێن قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر بکەوێت زانست وەربگرێ لە زانایانی چەرخی پێشوودا کە بەڕاستی دەست پاك و دەمپاکی ئەو ئوممەتە بوون . هەروەها کەسانێك کە لەسەر ئەو ڕێبازەیە ، ئەوا بیکە بە مامۆستای خۆت بۆ ئەوەی چاو ساغت بێ بۆ دین و دونیا و دڵسۆز و خەمخۆرت بێ.

(لە خزمەت ئامۆژگاریەکی پێغەمبەردا) (ﷺ)

– لە (عرباض)ی کوڕی (ساریە) وە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ پێغەمبەری خوا ئامۆژگارییێکی وای ئاراستەکردین کە فرمێسکی دەباراند و دڵەکانی دەهەژاند ، وتیمەش گوتمان : ئەی پێغەمبەری خوا وەك بڵێ ی ئامۆژگاری ماڵئاوایی یە ، جا دەی ئامۆژگاریمان بکە و وەسیەتمان بۆ بکە . فەرمووی : (اوصيكم بتقوى الله ، و السمع و الطاعة و ان تأمر عليكم عبد ، و ان من يعيش منكم فسيرى اختلافا كثيرا ، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ ، و اياكم و محدثات الامور فان كل بدعة ضلالة)[1] واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم بە ترسان لەخواو قەدەغە کردن لە قەدەغەکراوەکان ، وە گوێ ڕاگرتن و گوێ ڕایەڵی کردنی گەورەتان ، هەرچەندە کۆیلەیەك فەرمانتان بەسەردا بکات بەڕاستی کەسێ لە ئێوە بژی

(١) صحيح رواه ابو داود و الترمذي ، و ابن ماجة و ابن حبان في صحيحه

لەمەودوا ڕاو بۆڕوونی جیاواز دەبینی لە ئایینەکەی ، ئێوەش دەست بگرن بە سونەت و ڕێبازی من و چوار جێ نشینەکانم کە ڕێ نیشاندەر و ڕێنمایی کارن بۆ ڕێگای ڕاست و دروست ، نەکەن توخنی شتە زیاد کراوەکان بکەون کە تازە سەریان هەڵداوە لە ناوتان دا چونکە هەمو شتێك کە تازە پەیدابووە بیدعەیە و زیادە لە دین بێگومان ئەوە گومڕایی و تاریکییە، ئیمامی (ابوبکر) ی ڕاستگۆدەفەرموێ: من هەرگیز شتێکم تەرك نەکردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی دابێ ، ئیللا ئەوەم کردووە کە ئەو کردوویەتی لەوە ترساووم کەواز لە سونەتێك لە سونەتەکانی بێنم لە ڕێگای ئەو لابدەم و دەرچم لە ڕێبازی پێغەمبەر(ﷺ).

– ئیمامی (عمر) ی کوڕی خەتاب سەلام لە حجر الاسود دەکات و دەفەرموێ : من دەزانم کە تۆ بەردێکی نەسوود نەزیان دەگەیەنیت ، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە پێغەمبەرم بینیوە تۆی ماچ کردووە ، منیش ماچم نەدەکردی .

– هەروەها ئەو (عمر) یە کە هەمیشە لە هەوڵی نەهێشتنی شتە زیادکراوەکانە لە دین (البدعە) و شتە مەترسیدارەکان بۆ کڕنۆش بۆ بردن و پەرستن کە بەجارێ لەناویان بەرێت بۆیە دەڕوات ئەو دارە دەبڕێ کە موسڵمانان بەیعەتیان لەپێغەمبەر وەرگرت لە ژێری (بیعە الرضوان) لەترسی ئەوەی کەدوای ئەو بەگەورە و پیرۆزی سەیری بکرێ ، چونکە هەر لەوکاتەدا خەڵکی دەچوون نوێژیان لەژێر سێبەرەکەی دەکردو بەگەورەیان دەزانی.

– ئیمامی (عثمان) ی کوڕی عەفان ، کەلەسەر سونەت و ڕێبازی پێغەمبەر بوو تاکو هەر لەسەر ئەوەوە سەری نایەوە کۆڵی نەدا هەر شتێکی دەکرد

دەیفەرموو : ئەوها پێغەمبەرم بینیوە ئەو کارەی دەکرد ، کە دەست نوێژی دەگرت دەیفەرموو : پێغەمبەرم ئەوها بینیوە دەست نوێژی هەڵدەگرت هیچی لە سونەت زیاد نەدەکرد بۆ ڕەزامەندی و ترسی خەڵک ، بێ باك بوو لە لۆمە و گازاندەی خەڵک ، چاو نەترس بوو بەرامبەر جێ بەجێ کردنی حوکمێکی شەرعی ئەگەرچی خەڵکیش پێیان ناخۆش بێ ، حەددی شەرعی لەو کەسە دەردەکات کە عەرەق دەخواتەوە ئەگەر بەڵگە هەبێ لەسەر خواردنەوەی عەرەق دەبێ داری حەددیان لێ بدات ئەگەرچی عەرەقیشی نەخواردبێتەوە (اتباعا لسنة الرسول) چونکە ئەمە بەرنامەی پێغەمبەرە دەبێ شوێنی بکەوێ.

– ئیمامی (علی) ی کوڕی ابو طالب ، دەفەرموێ : ئەگەربڕیارەکانی دین بە ڕای هەڵبژاردنی خۆم بێ ، ئەوا دەبێ ژێر قاچ بۆ مەسح کردن بێ نەك پشتەکەی ، بەڵام چونکە پێغەمبەرم بینی پشتەپێ یەکانی مەسح کرد منیش شوێنی کەوتم لەوە.

– عبدالله کوڕی مەسعود دەفەرموێ : شوێن ئێمە بکەون – کە لە پێغەمبەرمان وەرگرتووە – هیچ لەوە زیاد مەکەن ئەوەندە بۆ ئێوە بەسە.

– هەروەها دەفەرموێ : ئەی خەڵکینە ، شوێن کەوتوو بن بۆ سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) هیچ شتێك لە سونەت مەگۆڕن – زیاد مەکەن – و زۆر بە قوڵی وەرمەگرن ، دەست بگرن بە شتە کۆنەکان – کە لە پێغەمبەرتان پێگەیشتووە خۆتان دوورکەن لە شتە نوێ و تازەکان – ئەوەی دەزانن کاری پێ بکەن ، ئەوەی نازانن وازی لێ بێنن .

– عبدالله ی کوڕی عمر کە بەڕاستی پێشەوای ئیسلامە لەناو موسڵمانان وا ناوی دەرکردبوو ، کە دەڵێن وشتر کە بێچوەکەی ون دەکات لەشوێنی چۆڵ و

بیابانـد ئەوەنـدە بـەدوای مانـدو نـی یـە کـە بگـەڕێ بـەدوای دا وەك (عبـدالله) دەگەڕێ بەدوای سـونەتەکانی پێغەمبـەردا (ﷺ) بەڕاسـتی ئـەوە گـەورەترین هیمەت بەرزییە کە کەسێك قوڕستڕین خواپەرستی ئەنجام بـدات بـە ئەنـدازەی موویّك لە سونەت لانەدات ، ڕەزای خوای لێ بێت.

– مجاهد ، دەڵێ : لەگەڵ عبدالله ی کوڕی ئیمامی عمر لەسەفەرێك بووین لـە ڕێگادا دەڕۆیشتین لە ناکاو بینیم (ابن عمر) لایـدا لـە ڕێگـا ، گـوتم : بۆچـی وات کرد ..؟ فەرمووی : پێغەمبەری خوام بینیوە ئەوەای کردووە .

– هەروەها لـەژێر سێبەری داریّـك دەنووسـت لـەنێوان مەکـە و مەدینـەدا . لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لـە ژێـر ئـەو دارەدا دەنووسـت. بێگومان ئەوە شوێن کەوتن و خۆ دوورخستنەوە لە بدعە و زیادکراوەکـان ، لـە دوای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) .

– پرسیاریان کرد لە پێشەوای – خانووی هیجرەت ئیمامی (مالك) ی کـوڕی (انس) – سەبارەت بە مانای سونەت ، ئەویش فـەرمووی : ئـەوەی نـاوی نـەبێ ئەوە سونەت نی یە – واتە : شتێك لە پێغەمبـەر و هاوەڵانـەوە نـەهاتبێ ئـەوە سونەت نی یە – ئینجا ئەو ئایەتـەی خوێنـدەوە ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ الأنعـام: ١٥٣ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ئەمـە ڕێگـای ڕاستی منە سا شوێنی ی بکـەون وە شـوێن ڕێـچکە و ڕێبازەکـانی تـر نەکـەون ئەگینا لە ڕێگا ڕاستەکەی ئەو پەرتەوازە دەبن.

– سەبارەت بە ڕق لێبونەوەی ئیمامی (مالك) لە بدعە و شتی زیـادکراو هـەر

ئەوەندە دەڵێم : بەڕاستی پێشەوا بوو .

– ئەگەر کەسێکی لایبدە و گومڕا بهاتایە لای پرسیاری لێ بکردایە بەڵام هەر باوەڕی نەدەکرد لەبەر گومڕابوونی بە بیدعە و تاریکی ناودڵی ، ئیمام پێ ی دەگووت : من لەسەر ڕێ ڕوونی دام لە دین و ئایینم بەڵام تۆ گومانت هەیە لە دینەکەت بڕۆ بۆلای کەسانێکی وەک خۆت کە گومانیان لە دینیان دا هەبێ با تیماری دەردت بکەن ، بەم شێوە هەڵس و کەوتی دەکرد لەگەڵ ئەهلی بیدعە و ضلالة ، ئەوەی پێغەمبەر و هاوەڵان لەسەری یەکدەنگ نەبووینە ئەوا لەلای ئیمام وەرناگیرێ . ڕەزای خوای لێ بێت.

بەڵێ بەڕێزانم : ئەو کەڵە پیاوانە بەڕاستی نموونەی شوێن کەوتن (الاتباع) و خۆپاراستن بوون لە شتە زیادکراوەکان (الابتداع) کە هەمیشە پێ بەپێ پێغەمبەر (ﷺ) هەنگاویان دەنا وە هەڵس و کەوتیان دەکرد ، هیمەتیان بەرزبوو لەو شوێن کەوتن و اتباعەدا ، کۆڵیان نەداوە لە زیندووکردنەوەی سونەت و ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ)– حتی اتاهم الیقین– تاکو مردن هاتە سەریان لەسەر ئەو بەرنامەیەدا سەریان نایەوە ئومێدەوارم خوای پەروەردگار خۆشەویستی پێغەمبەر و شوێن کەوتوانی دروست بکات لەناخی دڵەکانمان، آمین..

تاکو دیدار بەخواتان دەسپێرم کە سپاردە زایە ناکات.

و صلی الله و سلم و بارك علی سیدنا و امامنا محمد و اله و صحبه تسلیما کثیرا.

وانەی پێنجەم:
(هیمەت بەرزی لە قورئان خوێندن و زیکرکردن)

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على سيدنا و حبيبنا محمد القائل : اقرؤا القران فانه يأتي يوم القيانة شفيعا لأصحابه ، و على اله و اصحابه الطيبين الطاهرين و على من تبعهم باحسان الى يوم الدين.

... رب اشرح لي صدري و يسر لي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

برایان و خوشکانی موسڵمان ، سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لەسەربێت ، خۆشحاڵین کە جارێکی تر بەخزمەت ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دەگەینەوە لە پێنجەم وانە ، لە زنجیرە وانەکانی (هیمەت بەرزی) لەخوای گەورە داوادەکەم کەهەموو لایەکمان لێ ی سودمەندبین إن شاء الله.

.... ئازیزانم : کۆڕو مەجلیسی ئەمڕۆکەمان لە خزمەتتان زیاتر دەڕازێنینەوە بە قورئان خوێندن و زیکر و یادی خواکردن.

هیمەت بەرزی لە زیکری خوا و خوێندنەوەی قورئان ئەوەیە کە لەشەو و ڕۆژدا دڵت پێوە بەند بێ هەرکاتێ قورئان دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت دڵت لەوپەڕی خۆشی یە ، بۆیە بە دابڕانیشت لە قورئان ، هەست بەوە دەکەیت کە دڵت لەپەڕی پێویستییە بە خۆراکی دڵ و ڕۆحت ، زیکر و یادی خواش گەورەترین قەڵغانتە لەداوی شەیتان و نەفست ئیتر هیمەتی بەرز و کۆڵنەدان لەوە دەتبات بۆ لوتکەی هەرە بەرز.

زانا چاکانی پێشوو (السلف الصالح) دەفەرموون : ئەگەر زیکری خوا جێگیر بوو لەناو دڵدا ، هەر کاتێ شەیتان نزیك بوەوە لێ ی دەست بەجێ ڕاوی

دەنێ و بەسەری دا زاڵ دەبێ وە تووشی پەرکەم و سەرئێشە دەبێ هەروەك چۆن مرۆڤ تووشی دەبێ کاتێ کە شەیتان لێ ی نزیك دەبێتەوە .

ئینجا شەیتانەکان دێن کۆدەبنەوە دەڵێن ها ئەوە چی یە بۆچی وا لە گەورەکەمان هاتووە ، هەواڵ چی یە ؟ دەڵێن ئەوە ئادەمیزاد دەستی لێ داوە[1].دەڵێن پیاوێك سواری ولاغەکەی بوو بەهەموو پێداویستیەکانی شەڕکردن لە چەك و شمشێر و خەنجەر ، لەولاوە پیاوێك هات تێر و پڕی لێدا ئەویش هیچ دەستی نەکردەوە ، بەرگری لە خۆشی بکات ، گوتیان چۆن شتی وا دەبێ تۆ بەم شێوە بیت ؟ گوتی : خەڵکینە بۆیە نەمتوانی چونکە دەستم گیرابوون دەستەکم بە شمشێر ئەویتر بە خەنجەر چۆن شەڕم پێ دەکرێ .؟ جابرای موسڵمان لە مەیدان حەیفە ببەزیت بەوهەموو چەکەی کە لەلاتە ، لە قورئان و زیکری خوا ، چونکە شەیتان کە گەورەترین دوژمنی ئینسانە لە هەوڵی لەناو بردنت دایە ، کۆڵ نادات لەکاری خۆی تا دوا ساتەکانی ژیانی ئیتر ڕەوایە تۆی موسڵمانی ژیر بۆی لەسەنگەر دانەنیشی تاکو ماڵی پێ وێران دەکەیت لەناو دڵت. شاعیر دەڵێ :

نەفس پاشا شەیتان وەزیر
بۆی دەکات ڕاوێژ و تەکبیر
نەبەستێتەوە بە زنجیر
هەڵت دەگرێ دەتخاتە بیر[2]

(١) مدارج السالكين – الامام ابن القيم الجوزية.

(٢) ئەم دوو بەیتە شیعرە هی خوا لێخۆشبوو مام وەسمان ، هاتووە لە دیوانەکەی بەناوی – گەنجینەی شاراوە –

- خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ : ﴿ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ [1] واتـــە : ئەوانـــەی کـــە زیکـر و یـادی خـوا دەکـەن لـە پیـاو و ئـافرەت خـوای گـەورە لێخۆشـبوون و پاداشتێکی مەزنی بۆ ئامادە کردوون لەلای خۆی.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓ إِنَّهُۥ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴾ [2] واتـــــە : بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا – قورئان – دەخوێننـەوە ، وە نوێـژەکانیان بەچـاکی کـردوە ، وە لـەڕنق و ڕۆزی جـۆراو جـۆر کـە پێمـان بەخـشیون بەخشیویانە بە نهێنی و بە ئاشکرایی ، ئەوانە بەئومێدی بازرگانیـەک ئـەو کـارە دەکەن کە هـەرگیز نائومێـد و زەرەرمەنـد نـابن ، بـۆ ئـەوەی خـوا وەفـا بکـات بەبەخشینی پاداشت بۆیان لە خەلآت و بەخشینی زیاتر بەهرەمەندیان بکات .

- معاذ ی کـوڕی جبـل دەفـەرموێ : ئـەهلی بەهەشـت پـەشیمانی و خـەمی خۆیان لەسەر هیچ شتێ نی یە تەنها لەسەر ئەو کاتژمێرە نەبێ ، کە لە دونیـادا بەسەریان تێپەڕیوە و زیکری خوایان تێدا نەکردووە.

- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (اکثر مـن لاحـول و لاقـوة الا بـالله فانهـا مـن کنوز الجنة)[3] واتە : زۆر بڵێن (لاحول ولا قوة الا بالله) چونکە بەڕاستی ئەوە لە

(١) سورة الاحزاب (٣٥)

(٢) سورة فاطر (٢٩-٣٠)

(٣) صحيح رواه ابو داود و الترمذي ، و ابن ماجة و ابن حبان في صحيحه

گەنجینەکانی بەهەشتە.

– (اقرؤا القران فأنكم تؤجرون عليه ، اما أنى لا أقول – الم – حرف ، و لكن الف حرف و لام حرف و ميم حرف ، فتلك ثلاثون) واتە : پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : قورئان بخوێنن چونکە ئێوە پاداشتی یەک بەدە لەسەری وەردەگرن ، من نالێم وشەی – الم – یەک پیتە – حرف – بەڵکو ئەلیف پیتێکە و لام پیتێکە و میم پیتێکە ئەوە بوو بە سی خێر.

– هەروەها فەرمودەی (خيركم من تعلم القران و علمه) [1] کە بەڕاستی بە کەسێکی بە هیمەت و بە شان و شکۆ لەنێو خەڵکدا دەخوێندرێتەوە کاتێ کە بەردەوامە لەسەر خوێندنەوەی قورئان و خزمەتکردنی قوتابیانی قورئان و هەوڵ دەدا بۆ زیاتر فێربوونی ، چونکە بەڕاستی کەسێ هەڵگری ئەم پەیامەبێ بێگومان بەڕێز و خاوەنشکۆیە لەنێو خەڵکدا ، وە دەبێتە سەرقافلەی گەلان ، وە خەڵکی هەست دەکەن کە بەرزبۆتەوە بۆ ئەوپەڕی لوتکە ، ئەگەر مەبەستی ڕازی بوونی خوای هەبێ پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێ : (ان الله يرفع بهذا الكتاب اقواما و يضع اخرين) [2] واتە : خوای گەورە بەڕاستی کەسانێك بەهۆی ئەم قورئانە بەرز دەکاتەوە و ڕێزیان لێ دەگرێت ، وە دەبنە چاو ساغی خەڵك ، وە هەروەها کەسانێکیش بەهۆی ئەم قورئانە نزم و سەرشۆڕ و ڕیسوا دەکات.

– پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (ان سورة في القران ثلاثون اية شفعت لرجل حتى غفر له ، و هي تبارك الذي بيده الملك) [3] واتە :

---

(١) رواه البخاري

(٢) رواه مسلم

(٣) حسن رواه الامام احمد.

بەڕاستی سوڕەتێك هەیە لە قورئاندا سی (٣٠) ئایەتە تکاو شەفاعەت بۆ ئەو کەسە دەکات کە دەیخوێنێتەوە تاکو خوا لێ ی خۆش دەبێ ، ئەویش سوڕەتی – تبارك الذي بيده الملك – ە)، کەواتە گەنجو لاوی موسلمان نەکەیت شەو بخەویت سورەتی (الملك)نەخوێنیت چونکە بەڕاستی قەڵغانە لەنێوان تۆو عەزابی قەبرو مەینەتیەکانی.

– پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ :(اقرؤا سورة البقرة فان اخذها بركة و تركها حسرة ولا تستطيعها البطلة) [1]

واتە : سوڕەتی (البقرە) بخوێننەوە ، چونکە هەڵگرتنی – لەبەرکردنی سورەتەکە – بەرەکەت و خۆشی دلێ و ڕۆحە، وە وازهێنان و فەرامۆش کردنی پەشیمانی و خەفەتە ئەوەی کە سوڕەتی ٠البقرە) دەخوێنی هەرگیز ساحیر و جادوکەران دەرەقەتی نایەن و بەسەری دا زاڵ نابن، بۆیە هەرماڵێك سێ ڕۆژ جارێك سورەتی (البقرە) تێدا بخوێندرێ ئەوا شەیتان لەو ماڵەدا ڕادەکات.

بەڕای من ئەو ماڵەی کە هەمیشە پڕە لەشەڕو ئاژاوەو ناخۆشی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕان لەقورئان و خوێندنو دوورکەوتن لە زیکری خواو وازهێنان لەڕەوشتی پێغەمبەر(ﷺ).

(١) رواه مسلم.

(هیمەت بەرزی قورئان خوێنان و زمان پاراوەکان بە زیکری خوا)

ئازیزانم : ئەوانەی هەمیشە سەر قاڵی زیکر و یادی خودان ، وە شەو و ڕۆژ لە خزمەت قورئاندا بەبێ وچان و سارد‌بونەوە ، هیمەتیان بەرزە لەو کارەدا ، بەڕاستی ئەوانە لە جیهانێکی زۆر گەورە و فراوان هەناسە هەڵدەکێشن ، وە خۆراکی دڵ و ڕوحیان دۆزیوەتەوە لەنێو گەنجینە نەهێنیەکانی زیکرو یادی خوا و خوێندنەوەی قورئان دا.

– گەورە و سەرداری دەم بە زیکران و قورئان خوێنان پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەری ئازیزمانە(ﷺ)، کە خاتوو عائیشە لێی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا لەهەموو کات و ساتەکانی ژیانی زیکر و یادی خوای دەکرد[1].

– بەڵام سەبارەت بە خوێندنەوەی قورئانو شەونخونی کردن لە خزمەتی قورئاندا ، هیچ کەسێ بەو شێوە ڕانەوەستاوە و دەم بە قورئان نەبووە ، وەك پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ، وە هیچ کەسێ وەکو ئەو بیری لە ئایەتەکانی قورئان نەکردۆتەوە ، وە هیچ کەسێ ئەوها نەگریاوە لە خوێندنەوە و گوێ ڕاگرتنی قورئان وەکو پێغەمبەرمان ، کە گەورەی لەخواترسانە و سەرداری پارێزکارانە هەندێ جار بە عبدالله ی کوڕی مەسعودی دەفەرموو : قورئانم بۆ بخوێنە ، کە بۆی دەخوێند ، دەیبینی فرمێسکەکانی لاشەی تەڕدەکرد لەبەر گریان و بیرکردنەوەی.

– (أبي) ی کوڕی کعب کە گەورەی قورئان خوێنانە لەدوای پێغەمبەر ، لەکاتی سورەتی (البينة) دابەزی پێغەمبەر فەرمووی : خوای گەورە فەرمانی

---

(١) صحيح رواه ابو داود و الترمذي ، و ابن ماجة و ابن حبان في صحيحه

پێ کردووم که ئەم سورەتەت بۆ بخوێنمەوە.

- ئیمامی (الذهبي) دەفەرموێ : (أبي) ی کوڕی کعب لە قورئان خوێنەرانە لە (ابوبکر و عمر) یش شارەزا ترو قورئان خوێنترە.

- هەروەها ئیمامی (عثمان) ی کوڕی عفان ، لە یەک ڕەکعەتدا هەموو قورئانی خوێندوە ، پاشان وەترێکی پێ کردووە[1]

- ابن کثیر دەفەرموێ : ئیمامی (عثمان) نوێژی کرد لەیەک ڕەکعەتدا هەموو قورئانی خوێند لەلای (الحجر الاسود) لە ڕۆژانی فەریزەی حەج ، بۆیە ابن عمر دەفەرموێ : ئەو ئایەتە ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾ ﴾ الزمر: ٩ گوتی : ئەوە (عثمان) ی کوڕی عفانە ، واتە : ئەو دەگرێتەوە کە بەمل کەچی و بێداری لەشەودا لە کڕنۆش و سەجدەدایە بۆ خوا ، لەترسی دواڕۆژ و ئومێدبوون بە لطف و میهرەبانی خوا.

- (معاذ) ی کوڕی جبل کە شارەزاترین کەسە لە ئوممەت بە حەلال و حەرام، لە هیمەت بەرزی و کۆڵنەدانداو بێ وێنەبوو ، هاوەڵان و تابعین خۆزگەیان پێ دەخواست چونکە هەموو کات و ساتی کۆڕی زیکر و قورئان و ئامۆژگاری بوون. بەسیەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ئەو فەرمویەتی : (قورئان لە چوار کەس وەربگرن : لە عبدالله کوڕی مسعود و أبی کوڕی کعب و معاذ ی کوڕی جبل و سالم ی مەولای ابو حذیفة)[2] معاذ لەو کەڵە پیاوانەیە کە

---

(١) اسناده صحيح : اخرجه الطحاوي و البيهقي.

(٢) رواه البخاري.

بەڕاستی هەڵگری ئەو پەیامەن.

– ئیمامی عمر رەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ : (ئافرەتان نەیانتوانی منداڵێکی وەك (معاذ) یان لێ پەیدابێ).

ژیانی لە پێناو خوا و بەرنامەکەی خوا دەبردە سەر خۆڕاگربوو لەکاتی بەڵاو نەهامەتی ، وەی هەمیشە بەرز بوو لە کارێك کە دەیویست ئەنجامی بدا، لەسەرە مەرگ دا تەنها بۆ دابڕانی لە کۆڕی زیکر و قورئان خوێندا دەگریا (ڕەزای خوای لەسەربێت).

– زۆربوون ئەو کەڵە پیاوانەی کە خۆیان و ژیان و مالێ و سامانیان بۆ خوا بەخت کردبوو ، یەك چرکە لە ژیانیان بێ هودە بەسەر نەدەچوو ، دەبێ زیکر و قورئان بێ یان ئامۆژگاری و کاری چاك بێ .

– ابو الدرداو – لە ڕۆژێکدا هەزار جار دەیگووت : سبحان الله.

– تمیم الداری – لەیەك ڕەکعەتی نوێژدا خەتمی قورئانی کردووە[1].

– ابو هریرە – لەیەك ڕۆژدا دوانزە هەزار سبحان الله ی دەکرد.

– سعید ی کوڕی جبیر – لەماوەی دوو شەودا خەتمی قورئانی دەکرد.

– پێشەوای دونیاو دین شافعی هیمەت بەرز ، هەموو ڕۆژێك خەتمێکی قورئانی دەکرد ، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا شەست خەتمی دەکرد ، واتە : لە ڕۆژ دوو خەتمی دەکرد.

– وێردی ڕۆژانەی – بشر – ی حافی سێ یەکی قورئان بوو.

---

(١) صلاح الأمة في علو الهمة. ج٣

– وێردی شەوانەی – عبدالرحمن – کوڕی مەهدی نیوەی قورئان بوو.

کەواتە بەڕێزانم با پەند و ئامۆژگاری لەو کەڵەپیاوانە وەربگرین هەمیشە زمانمان پاراوبێ بە زیکر و قورئان خوێندن ، نەیخەینە پشت گوێمان و فەرامۆشی نەکەین ، با هیمەت و وەرەمان بەرزبێ و سارد نەبینەوە بە گوناهێك و دوو گوناە دەست بەجێ هانا بەرین بۆ پەشیمانی و تۆبەکردن ، نەك دابڕانی یەکجاری چونکە بەوە دڵەکانمان زیاتر لە بەرد ڕەق تر دەبێ ، هەمیشە هەوڵ بدەین ماڵەکانمان نەبنە گۆڕستان دەنگی قورئان و زیکری تێدا خامۆش نەبێ ، بۆئەوەی دڵەکانمان زیاتر ڕۆشن بکەین بەو قورئانە پیرۆزە لە پێشبڕکێ دابین و هەوڵ بدەین و پەلە بکەین بۆ ئەوەی بگەین بە کاروانی چاکان و پاکان ، وە نزیك بینەوە لە خوا و دوور کەوینەوە و خۆمان بپارێزین لە داوی جنۆکە و شەیتانەکان تادوا ساتەکانی ژیانمان.

و صلی الله علی سیدنا محمد و علی اله و صحبه و سلم تسلیما کثیرا.

وانەی شەشەم:

(هیمەت بەرزی سەرکردە و سەر لەشکرەکان)

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على حبيبنا و قائدنا و مقتدانا محمد و على اله و أصحابه الطيبين الطاهرين و على من تبعهم باحسان الى يوم الدين.

.... رب اشرح لي صدري و يسرلي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

... برایان و خوشکانی موسڵمان ، سەلامی خوای گەورەتان لەسەر بێت ، سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ، کەوا ئەمجارەش بە خزمەتتان گەیشتینەوە لەشەشەمین وانە لە وانەکانی هیمەت بەرزی.

بەڕێزان ... لەوانەی ئەم جارەمان تیشك دەخەینە سەر بابەتێکی زۆر زێڕین و گرنگ ، کە بەڕاستی ئەگەر موسڵمانی تەواو پێوە پابەند بێ ، ئەوا پێ بەپێ ی پێغەمبەر و هاوەڵان هەنگاوی ناوە بۆسەرخستنی ئیسلام و بەرنامەی قورئان ، ئەویش بریتی یە لە هیمەت بەرزی سەرکردە و سەرلەشکر ، کە ڕابەرایەتی خەڵکی موسڵمان دەکات بۆ سەرخستنیان و ڕزگار کردنیان لە چەنگ زوڵم و ستەمی زاڵم و ستەمکاران و گەڕانەوەی مافە ڕەواکانیان بۆ ناو کۆمەڵگای ئیسلامی ، بۆیە هەر کەسێ گەورە و ئەمیری سێ کەس بێت دەبێ هیمەت بەرز و بوێر و نەبەز و چاو نەترس بێ ، هەمیشە وردی لە بەرزی دابێ بۆ کۆمەڵەکەی ، نەك هەوڵ دان بۆ وەدەست هێنان و دەست کەوتنی پۆستی گەورێتی و تێرکردنی ئارەزووەکانی ، چونکە دەبێ بزانین کە دوژمن هەمیشە لەسەنگەر دایە بۆ ئەو جۆرە سەرکردانە کە بێ ئاگان لە خەڵکی ژێردەستیان و زیاتر خۆیان پێدەگەیەنن ن نەك ڕاوانی دوژمن و سەنگەر پێ چۆڵکردنیان ،

ئەگەر سەیرێکی مێژووی ئیسلامی بکەیت ، کە پێغەمبەر و هاوەڵان چییان کردووە بۆ سەرخستنی دینەکەی خوا ، کە گەورەترین هیمەتیان هەبووە لەو مەیدانەدا ، سارد نەبوونەتەوە و بۆ ڕابواردن و خۆشیەکانی ژیان پاشگەز نەبونەتەوە تاکو سەرکەوتون یان سەریان ناوەتەوە ، بۆیە لە ئاسمانی ئیسلامدا شانازی دەکەین کە چەند پیاوێك کە بەڕاستی پیاو بوون لەمەیداندا ناوی سەرکردە و گەورێتی پڕ بەشان و بالأیان بوو ، توانیان بەتەواوی ڕوخساری مێژوو بگۆڕن ، پیاوی وایان تێدابووە نەك بەهەزار پیاو بووە بەڵکو بەتەنیا ئوممەتێك بووە لەنەبەزی و بوێریدا ، کەسەرکردایەتی لەشکرەکانی ئیسلامیان گرتۆتە دەست ، لە هەندێ جەنگ کە بەخەیاڵی ئینسان دا نایە دەبینی خالیدی کوڕی وەلید و ابو عبیدەی کوڕی جەراح و عەمری کوڕی عاص و سعدی کوڕی ابو وقاص ، بەشەو خواپەرست و سەریان لە سوجدە بوو بۆخوا ، بە ڕۆژیش سوارچاکی نەبەزبوون لەمەیدانی شەڕدا بەرامبەر بە دووژمنانی خوا، بەڕاستی مینبەر و میحرابەکانیان پڕکردبوو لەخواپەرستی و قورئان خوێندن و ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان ، وە هەروەها مەیدانەکانیان پڕکردبوو لە ئازایەتی و چاونەترسی ، کە هەرکەسێ خاوەن بیر و هۆش بێ دەزانێ ئەوان چ بوون و چۆن هەوڵیانداوە.

– ابو عبیدەی کوڕی جەراح. کە دەست پاك و دەمپاکی ئەو ئوممەتە بوو لەسەر شاهیدی پێغەمبەر (ﷺ) وە ئازادکەری شارەکانی ولأتی (شام) بوو.

– پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : هەموو ئوممەتێك دەست پاکێکیان هەبووە ، دەست پاك و دەمپاکی ئەو ئوممەتەش ابوعبیدەیە) [1] لە خۆڕاگری دا

(١) حسن رواه ابن سعد.

بەرامبەر بە نەخۆشی و بەلاّدا پـێ بـەپـێ ی حـەزرەتی (ایـوب) سـەلامی خـوای لەسەربێت هەنگاوی دەنا لەوکاتەی نەخۆشی (تاعون) پووی کردە ولاّتـی شـام أبو عبیدە لەوێ بوو ، خۆ ئەو سەر لەشکرە نابێ ڕابکات بۆ شوێنێ کە تـاعونی لێ نەبێ چونکە بیستویەتی لە مامۆستاو قائیدی گەورەی پێغەمبـەر (ﷺ) کـە فەرموویەتی (ئەگەر تاعوون لە شـوێنێك بـوو نەچـنە ئـەو شـوێنە ، وە ئەگـەر ئێوە لە شوێنێك بوون تاعوون بـلاّو بـوەوە لـەوێ ڕامەکـەن لەترسـی تـاعوون) بۆیە کە ئیمامی (عمر) ئەبیستێ کە تـاعوون بـلاّوەی کـردوە لـە شـام نامەیـەك دەنێرێ بۆ ابو عبیدە کە دەبێ بێتەوە (مدینە) کارێکی گرنگی پـێ هەیە ، بەلاّم ابوعبیدە کە نوسـراوەکەی خوێنـدەوە فـەرموی : دەزانم ئـەمیری ئیمانـداران چی لەمن دەوێت، دەیەوێت کەسێك لە دونیا بهێلّێتەوە کە ئەجەلی نزیك بۆتەوە و نامێنێ لەژیانی دونیادا پاشان ئەوەی بۆ نووسی : بەڕاستی لە پێویستیەکەت گەیشتم ، دەبێ لەو وەسیەتەت ئـازادم بکـەیت ، چـونکە مـن بەڕاسـتی لەگـەلّ سەربازانێك لە موسلّمانانداندام و نامەوێ خۆم بـەبێ ئـەوان دەربکـەم و ئـەوانیش لەنێو نەخۆشی تاعوون بهێلّمەوە ، ئینجا ئیمـامی (عمـر) نامەکـەی خوێنـدەوە گریا ، گوتیان چی بوو ابوعبیدە وەفاتی کرد ؟ فەرموی نەخێر بەلاّم وادابنـێن کە وەفاتی کرد. ئینجا بەو نەخۆشی یە گیانی پـاکی دەرچـوو پلـەی شـەهیدی وەرگرت.

– بەلّێ بەڕێزانم ئەو ابوعبیدەیە کە ناوی دەرکردبوو بـە (فـاتح بـلاد الـشام) واتە : ئازادکـەری شـارەکانی ولاّتـی شـام لەدەسـت ئیمپراتـۆر هرقـل و شـوێن کەوتوانی لە ڕۆمەکان ، وە پاککەرەوە ولاّتی شامە لەهەموو ئـەو پیـسیەی کـە ڕۆمەکان بلاّویان کردبوەوە لەوێ ، لە کتێبەکانی مێژووی ئیسلامی دا هاتووە ، کە ابوعبیدە ئەو چەند شوێنانەی ئازادکردووە لە شارەکانی ولاّتی شام و چەند

شوێنێکی تر، وەکو (حمص ، بعلبك ، حماه ، شیرز ، اللاذقیه ، قورس ، تل عزاز ، منبج ، دلوك ، تزین ، رعبان ، الجومه ، دمشق) ئەو شوێنانه هەمو ئەو کەڵە پیاوه دەناسن ، کە بەدەستی ئەو ئازادکراون یان بەڕێککەوتن یان بەشەڕ و جەنگ لەگەڵیان .

– امپراتۆری رۆم (هرقل) هەرکاتێ کە چووبا بۆ زیارەتی (بیت المقدس) لە ڕێگادا بەلای سوریا لای دەدا بۆلای رۆمەکان ، بەڵام ئەوجارە پشتی لە سوریایە ئاوڕێك دەداتەوە لە ولاتی سوریا ، سەلامی مردووان دەکات دەڵێ : لەسەر تۆبێ سەلام ئەی سوریا ، سەلامی مالئاوایی کە جارێکی تر ناگەڕێمەوە لات ، ئینجا وەرە بەیادی جاران کە پێشتر سەلامم لێ دەکردی سەلامی گەشتیاران (سلام المسافرین) بەلام ئەمڕۆکە سەلامت لێ بێ سەلامی لێك جیابونەوە وە خەیاڵ دەکەم کە جارێکی تر ئەوەی ڕۆمی یە ناگەڕێتەوە لات مەگەر بە ترس نەبێ.

– هەروەها (بیت المقدس) یش ئازاد دەکات. لەو کاتەی کە دەڕوات بۆ فلسطین دەوری (بیت المقدس) دەگرێت ، خەڵکی داوای لێ دەکەن کە لەگەڵیان ڕێك بکەوێت لەسەر ئەو خاڵانەی کە خەڵکی ولاتی شام لەسەری ڕێککەوتبوون ، وە ئەوەی سەرپەرشتی گرێ بەستەکە دەکات دەبێ ئیمامی (عمر) بێت ، ئینجا ابوعبیدە دەست بەجێ نامەیەك بۆ ئیمامی (عمر) دەنێرێ و ئەویش دێت بۆ بیت المقدس ئازادی دەکات.

– دەبینی ابوعبیدە چ دەڵێ : وەك قسە دەکات لە پشت پەردەی غەیبەوە دەڵێ (ئایا بۆ ئەوە بیت المقدس مان ئازادکردووە تاکو نەوەکانمان تەسلیم بە جولەکەکان بکەن ، ئای چەند بەخەم و پەژارەم ئای چەند بە داخ و چەند دڵ

بریندارم).

– ئازایەتی و چاونەترسی ابوعبیدە لە ئەندازە بەدەربوو ، خەڵکی سەرسام بوون بە جیهاد و کۆششی ئەو لە کاتێکدا کە ئیمامی عمر سەردانی دەکات لەشام پێ ی دەڵێ : ئەی ابوعبیدە کوا مالّ و حاڵت کوا سامانت ؟ ئەویش دەڵێ : ئەوەندە بەسمە کە پێ بگەمە کاروانم ، ئیمامی عمر دەفەرموێ : دونیا ئێمەی بە تێکڕایی گۆڕی بەڵام تۆ هەروەک خۆت مایتەوە ئەی ابوعبیدە.

– بەڕاستی لە ڕۆژی بەدردا پاڵەوانێک بوو ، ئایەتی ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ المجادلة: ٢٢ / ی سەبارەت بە ئەو لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵان دابەزی.

– (سعد) ی کوڕی ابو وقاص ڕەزای خوای لێ بێت لەبەر هیمەت بەرزی و خۆڕاگری و ڕاست گۆیی لەگەڵ ئەو سپاردەیە کە پێ ی شێردراوە لەلایەن پێغەمبەر (ﷺ) دەبێتە پاڵەوانی ڕۆژی قادسیە و ئازادکەری (مدائن) ، ئاگری مەجووسیەت بەجارێ خامۆش دەکات.

– لە ڕۆژی (احد) سالّی سێ یەمی کۆچی ، گەورەترین پلەی وەرگرت لە مەیدانی جەنگ لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ).

– زۆرجار پێغەمبەر دەیفەرموو: (سعد) خالّی منە کێ خالّی هەیە با نیشانم بدات ، لە مەیدانی جەنگ پێ ی دەفەرموو ئەی (سعد) تیریان تێبگرە بەدایك و باوکم بە قوربانت بم ، ئەو وشەیە مەدالیای زێڕین بوو بۆ (سعد) گەورەترین بەخشش بوو بۆی لە موڵك و سامانی کسری و هرقل ی پێ چاکتربوو .

– بەم شێوە (سعد) کۆڵنەدەر بوو لەکارەکانی تاکو خەلیفەی ئیسلام (عمر) ی فاروق وەسیەت نامەیەکی بۆ دەنێرێ کە تێیدا نوسراوە : (من تۆ دەکەم بە والی و سەرپەرشتکار لەسەر جەنگەکانی عێراق ، جا پارێزگاری لە وەسیەتەکەم بکە ، چونکە تۆ لەمەودوا بەسەر چەند کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر ناخۆش و بەهێز هەڵدەگەیت ، کە بەڕاستی کەس لێ ی رزگار نابێ مەگەر ڕاستی نەبێ – واتە : ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەو ئەمانەتە – ئینجا خۆت و هاوەڵانت ڕابێنە لەسەر چاکە و کلیلی هەموو دەرگایەکت با چاکە بێ ، بزانە کە هەموو هێزێك چەك و سلاحێکیان هەیە ، چەك و سلاحی خێر و چاکەش خۆڕاگری و ئارامگرتنە ، تۆش ئارامبگرە لەسەر ئەوەی کە بەسەرت دێت [1].

(١) تأريخ الطبري. ج(٢)

(ئازادکردنی کۆشکی سپی)

فتح بيت الأبيض

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (لتفتحن عصابة من امتي كنز آل كسرى الذي في الابيض) [1] واتە : کۆمەڵێك لە ئوممەتی من گەنجینەکانی پادشایەتی دەسەلاتی کیسری ئازاد دەکەن کە لە ناو کۆشکی سپی یە لە مەدائین.

بەڕای ئێوە ئەمە تەنها هاندانە بۆ ئەوەی هاوەڵان سارد نەبنەوە لە کۆشش و جیهاد یان ڕاستەقینەیە دەبێ ئەمە بکەوێتە دەست موسڵمانان چونکە پێغەمبەری ڕاست گۆ ئاماژەی پێکردووە ، بەڕێزان دوو مانگی خایاند ، دوای جەنگی قادسیەی عێراق ئیمامی (عمر) نامەیەکی نووسی بۆ (سعد) تێیدا فەرمانی پێ کرد دەست بکات بە ڕۆیشتن بەرەو مەدائین ، پایتەختی کیسری — لەشکر جوولەی کرد بەرەو مەدائین ، موسڵمانان سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنیان دەدیت لە (برس) و (بابل) و (بهرسید).

سعد ویستی لەشکرەکەی دڵنیا بکاتەوە بە ڕۆیشتنی لەنێو کەشتی بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات ، چونکە فارسەکان کەشتیەکانیان هەموو داگیر کردبون تاکو موسڵمانان سوودی لێ وەرنەگرن ، ڕوبارەکەش زۆر پان و بەرین بوو ، ئاوی یەکجار بە شەپۆڵی کەفاوی بوو ، شەوێك لە شەوان (سعد) خەوێکی بینی کە ولاخ و ئەسپەکانی موسڵمانان لە ڕوباری (دجلە) ڕزگاریان بوو بە ئاسانی پەڕینەوە.

---

(١) رواه مسلم

پەڕینەوەیەك كە شتی وانەبوو لە میژوودا.

بەڵێ : خەوەكەی ڕاست بوو ، بڕیاری دا بپەڕێتەوە لە ڕوبارەكە ، لەشكرەكەی كۆكردەوە ، هەڵسا وتارێكی بۆ دان فەرمووی : لەدوای سوپاس و ستایشی خوا سەلآت و سەلام لەسەر پێغەمبەر، لەڕاستیدا دوژمنەكەتان بەم ڕوبارە خۆیلە ئێوە پاراستوە و بەبونی ئەمە لەنێوانماندا بە دوژمنانمان ناگەین ، لە كاتێكدا كە ئەوان بیانەوێ دەدەن بەسەرتانەوە بە كەشتی یەكانیانەوە ، وە ئێوە هیچ شتێك نی یە لێ ی بترسن ، چونكە ئەوان ئێستا گومانی ئەم پەڕینەوەی ئێمە نابەن و سەرباز و پاسەوانیان لەم دەوروبەرەدا نی یە ، لەبەر ئەوە من وای دەبینم كە باشتر وایە ئێوە دەست پێشخەری بكەن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنەكەتاندا و نیەتی لێ بێنن پێش ئەوەی دونیا ئابلوقەتان بدات ، بزانن من بڕیارم داوە كە ئەم ڕوبارەی نێوانمان ببڕم ، هەموو گوتیان : لەسەر فەرمانی خوای پەروەردگار بۆ خۆمان بۆ تۆش ئەو كارە ئەنجام بدە.

دوای ئەوەی كە زۆر هانی دان فەرمووی : كێ دەست پێ دەكات سەری بەردەكەیان یان كەناری ڕوبارەكەمان بۆ دەپارێزێت تاكو ڕێگریمان لێ نەكەن لەو پەڕینەوەیە ؟ ئەوەبو (عاصم) ی تەمیمی هەڵبژارد لەگەڵ شەش كەس خەڵكی نەجدات بوون ، ئەوكەڵەپیاوانە ڕوبارەكەیان بڕی پاشان سعد بۆ خۆی و سوپاكەی لەدوای ئەوان لە ڕوبارەكە پەڕینەوە ، بەڕاستی بەو كارە فارس تەواو سەرسام بوون ، كە هیچ حسابێكیان بۆ نەكردبوو سعد لەكاتەدا لەناو ڕوبارەكەدا دەڕۆیشت بەرەو كەناری (اسبانین) دەیفەرموو : بڵێن : پشت و یارمەتیمان خوایە ، خوامان بەسە چاكترین كار پێ سپێردراوە ، هیچ گۆڕان و

توانایەك نی یە مەگەر بەخوای گەورە و بەرز و مەزن نەبێ ، پیلانەکەی سعد سەری گرت سەرکەوتوو بوو بەجۆرێکك کە مێژوو نوسان سەرسام بوون بەو پاڵەوانە ، هەروەها هاوەڵەکەی (سلمان) ی فارسی سەرسام کردبوو.

سعد دەیفەرموو : هەر خوا پشت و پەنامانە باشترین پەناگەیە سوێندبێ بەزاتی پیرۆزی ، کە دۆستانی خۆی سەردەخات و ئایینەکەی بالآ دەست دەکات دوژمنەکەی تێك دەشکێنێت.

(سلمان)یش پێ ی گوت: ئیسلام تازەیە سوێند بەخوا پوبار سەری نەوی کرد بۆیان ، هەروەك چۆن وشکانی سەری نەوی کرد بۆیان ، بەڵام بەو زاتەی کە گیانی منی بەدەستە ، کۆمەڵ کۆمەڵ لێ ی دێنە دەرەوە ، چۆن کۆمەڵ کۆمەڵ چوونە ناوی ، بەبێ ئەوەی لغاوی ولاخێك لەدەست بدەن.

ئینجا لێیان دا لە ئاوەکە بەجۆرێ لەگەڵ کەنارەکە جیانەدەکرایەوە و لە کەنارەکەوە ئاو نەدەبینرا . بەو جۆرە لە ئاوەکە تێپەڕیان کرد و هاتنە دەرەوە وەك (سلمان) دەڵێت : هیچ شتێکمان لە دەست نەچوو هیچ کەسێکمان لەئاو نقوم نەبوون جگە لە پیاوێك کە لە (بارق) بەناوی (غەرقەدەوە) وە کەلەسەر پشتی ئەسپە زەردەکەی خلیسکا.

– یەکێکی تر لەوانەی کە زۆر هیمەتیان بەرز بوو لەسەر لەشکرەکان کەناوی بلاوەبوو بە شمشێری خواو سوارچاکی ئیسلام ، پێشەوا و سەرلەشکری تێکۆشەران : خالیدی کوڕی وەلیدە رەزای خوای لێ بێت.

– هەر کە هاتە ناو ئیسلام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (القت الیکم مکة افلاذ اکبادها) واتە: شاری مەکەی پیرۆز ناخ و جەرگی خۆی بۆلای ئێوە هەڵدا. چونکە خالید کەسێك بوو لە ئازایەتی دا خەڵکی پێ ی سەرسام بوون ، خالید

هەمووی مەکە بوو نەك نیوەی کۆمەڵ بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرموو ، کاتێ مالّ و سامانی تەرخان دەکات لە پێناوی خوا بۆ موسڵمانان لەبەردەم پێغەمبەر دایدەنێ ، پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای بۆ دەکات دەفەرموێ : ئەی خوایە لە خالید خۆش بە لەوەی کە تەرخانی کردبوو بۆ ئەوەی کە خەڵکی پشت لە رێگای تۆ بکەن و مالّ و سامانی خەرج دەکرد بۆ پاش گەزبونەوەیان.

بۆخۆی باس لەحاڵی خۆی دەکات لەگەڵ پێغەمبەردا ، دەڵێ : ئەوەندەی پێغەمبەر (ﷺ) دادپەروەری لەگەڵ مندا ئەنجام داوە لەگەڵ هیچ کەسێك لە هاوەڵانی ئەنجام نەداوە.

(پاڵەوانێکی بێ وێنە لە رۆژی هەڵگەڕانەوەدا)

-بطل لا مثيل له في يوم الردة-

بە وەفاتی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ)کۆمەڵێك لە موسڵمانان لە سەردەمی خەلافەتی ابوبکر ی صدیق هەڵدەگەڕێنەوە لە ئیسلام و کافر دەبن ، چونکە وا گومان دەبەن کە تازە کەس نی یە بەرگری لەو دینە بکات و ترسان نەما لەوەی ئەگەر نوێژمان نەکرد کێ لێمان دەپێچیتەوە ، لە ڕاستیدا لە گوێ ی گا خەوتوون نازانن پێغەمبەر (ﷺ) لەدوای خۆی قوتابخانەیەکی بەجێ هێشتووە کە قوتابیەکانی لەناو پیاوان بەڕاستی پیاوبوون ، کە وەکو پێغەمبەر هەڵس و کەوتیان لەگەڵ خەڵك دەکرد بەبەزەیی بوون بەرامبەر بە ئیمانداران ، بەلأم توند و تیژ و بەهێز بوون لەسەر کافرەکان ترسیان نەبوو ، بێ باك بوون لە هەموو کەسێ کە دژیان دەوەستان .

– ابوبکری صدیق ئەو خەلیفەیە بوو کە لە شوێن پێغەمبەر دانیشت

فەرمووی : کێ هەیە زەکاتی مالّی خوا نەدات بە هەژاران سوێند بەخوا ئەگەر یەك کاریلەم لێ قەدەغە بکەن کە پێشتر دەیاندا بە پێغەمبەر ئەوا لەگەلّیان دەجەنگم و شەریان لەگەلّ دەکەم هەروەها بڕیاری دا کەبجەنگێ لەگەلّ کەسانێك کە جیاوازی دەکەن لە نێوان نوێژ و زەکات داندا.

بۆیە بۆ ئەم کارە گرنگە دەبێ پیاوێك لە نێو پیاوان دەست نیشان بکات کە لە ئازایەتی و دلێری دا بێ وێنەبێت ، ئەوەبوو خالیدی کوڕی وەلیدی هەلّبژارد ، بەڕێزان شوێن نەما ، لەناو هەلّگەڕاوەکان خالید دەستی پێ نەگات هێرش لەدوای هێرشی دەکردنە سەر ئەوەی پەشیمان بووەوە لە هەلّگەڕانەوەکەی ئەوا بەتەواوی هاتەوە ناو ئیسلام ، مالّ و سامان و خوێنی پارێزرا لەدەستی موسلّمانان ، بەلاّم ئەوەی کە بەردەوام بوو لەسەر هەلّگەڕانەوەکەی و تۆبەیان نەکرد ، ئەوا خالید یەك لەدوای یەك لەگەردەنی دەدان ، تاکو خاکی موسلّمانانی پاك کردەوە لە هەمو (ردە) و هەلّگەڕانەوەیەك ، ئینجا ئیمامی (ابوبکر) زۆر دلّی بە ئازایەتی و سەرکەوتنی خالید خۆش بوو دەیفەرمو : (ئافرەتان نەیانتوانیوە کوڕێکی وەك خالیدیان ببێ) [1]

– لە ڕۆژی (الیمامه) شدا بەڕاستی پالّەوان بوو . ئەو (مُسَیْلَمَة) یەی کە خۆی بە هەموو شتێك دەزانی و درۆزن بوو داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد بەدەستی خالید کوژرا هەروەها تۆلّەی پێنج سەد قورئان خوێنانی لەو ڕۆژەدا کردەوە کە توانی ١٦٠٠٠ شانزە هەزار کەس بەدیل بگرێت کە پیاو و ئافرەت و منداڵی تێدابوون ، ئینجا هەستا بە تۆلّە سەندنەوەی ئەو پێنج سەد (٥٠٠) کەسانەی کە قورئانیان لەبەربوو ، بەڕاستی خالید هیمەت بەرزبوو لەنێو

(١) زۆرجاران ئیمامی (عمر) یش ئەو قسەیەی بە معاذ ی کوڕی جبل دەگوت.

سەرکردە و سەر لەشکرەکان تاکو دوا هەناسەکانی لەژیاندا تێکۆشا بۆ ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە لەسەرکەوتندابێ پەزای خوای لێ بێت..

– یەکێکی تر لە قائید و سەرلەشکرەکان کبەڕاستی نمونەی ئازایەتی و هیمەت بەرزی بوو ، سەرکردەی تێکۆشەران بوو لە پۆژی (حطین) بەڕاستی پالەوان و ئازادکەری (بیت المقدس) بوو لەنێو چەنگی سەلیبیەکان ، ئەویش (صلاح الدین) ی ئەیوبی بوو ، فەتحی بیت المقدس ی کرد لەساڵی ٥٨٣ ی کۆچی ، کە دەکاتە ٢٧ ی رجب ، پۆژی هەینی ، موسڵمانان ویستیان بچن نوێژی هەینی تێدا بکەن بەڵام ئەو فەرمووی : دەبێ پاك بکرێتەوە لەپاشان چەند کۆشکی بچوك بچوك بۆ خواپەرستی راهیبەکان و هەروەها لە چڵکی بت پەرستی و شوێنەواری بەجارێ پاك کردەوە ، بڕیاری دا ئەو مزگەوتە ببێتە مزگەوتێك شان بەشانی مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لە مدینە نوێژی تێدا بکرێت، وە خەڵکی لە هەموو شوێنێ بارگەی بۆ ببێچنەوە بۆ ئەوەی خێر و پاداشتی یەك بە پێنج سەد لەوێ وەربگرن.

(لا تشد الرحال الا الی ثلاثة ، مسجد الحرام ، و مسجدي هذا ، و مسجد الاقصی) بارگە و کاروان ناپێچرێتەوە تەنها بۆ سێ شوێن نەبێ بەمەبەستی خواپەرستی ، بۆ مزگەوتی حەرام لەمەکەی پیرۆز– کە پاداشتەکەی یەك بە سەد هەزارە – بۆ مزگەوتی من ئەوە – کە پاداشتی یەك بە هەزارە ، وە بۆ مزگەوتی خواروو – بیت المقدس – پاداشتی یەك بە پێنج سەدە ئینجا صلاح الدین فەرمووی : مینبەرێکم لەدار بۆ دروست بکەن وەك هی مزگەوتی مەدینە سێ پایەی هەبێ .

ئینجا چووەسەری قسەی بۆ سوپاکەی کرد و سوپاسی خوای گەورەی کرد

که چۆن یارمەتی دان بۆ ئەو فەتحە گەورەیە کە شتی وانەبووە لە مێژووی ئەو سەردەمەدا ، بەڕێزان : تۆ بڵێ ی ئەمە شتێکی ئاسان و هەروا بە ئاسانی بێتە کایەوە ؟ بە ماوەی یەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ شتی وا دەکرێت ؟ ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو بۆ هۆکارەکانی ئەو فەتحە :

یەکەم : یارمەتی خوای گەورە بۆیان .

دووەم : ئەوان زۆر هیمەت بەرزبوون ، کە لەگەڵ صلاح الدین دابوون ، بەزل هێزی سەلیبیەکان وەریان نەهاتەخوارێ.

سێیەم : هەتا بڵێ ی صلاح الدین هیمەتی بەرز بوو لەو کارەدا ، دەڵێن چەند ساڵ لەمەو بەر بەنیازی ئەو کارەبووە ، دەیفەرموو : چۆن دڵم خۆش کەم و پێبکەنم کەچی مزگەوتی ئەقصا لەژێر دەسەلاتی دوژمن دابێ ، کە شەوان دەنووست چەك و سلاحی لەخۆ نەدەکردەوە دەیفەرموو : من ئیسراحەت ناکەم تاکو ئەقصا ڕزگار نەکەم تاکو عیززەتی موسڵمانان نەگەڕێنەمەوە بۆیان ، تاکو موسڵمانان شادنەکەم بەو شوێنە و خەونیان نەهێنمە دی.

(جیهاد و کۆششی صلاح الدین)

قازی ابن شداد دەڵێ : صلاح الدین بەڕاستی لە بەردەوام بوونی لەسەر جیهادکردندا زۆر بەهێز بوو ، هەرگیز کۆڵی نەدەدا ، و زۆریش گرنگی پێ دەدا ، شان بەشانی فەرزێك سەیری دەکرد ، مالّ و سامانی هەمووی تەرخان کردبوو بۆ ئەو رێگایە – بۆ تێکۆشان و تێکۆشەران – ئەگەر کەسێ سوێندی بخواردایە ، کەوا هەرکاتێك دەرچووبایە یەك دینا رو درهەمی خەرج نەدەکرد تەنها لەبۆ جیهاد نەبوابە ئەوا سوێندەکەی لێ نەدەکەوت و ڕاستی دەکرد.

بەڕاستی جیهادکردن لەدڵی دا تەواو جێگیر ببوو ، هەمیشە لە خەیاڵی دا بوو ، شوێنێ لەژێر دەستی دوژمنانداێ ، کە هی موسڵمانان بێ دەبێ وەریبگرێتەوە و لەژێر دەستی موسڵمانانداێ .

(صلاح الدين و مالّ و سامانەکەی)

هەموو سەرکردەیەکی موسلّمانان کە خۆی بە ئەمیر و گەورەی موسلّمانان بزانێ حەیفە وەك ئەو نەبێ لە خۆ بەکەم زانین و دونیا نەویستی و موسلّمان وستی دا ، سەرکەوتن ئەگەر لە کۆکردنەوەی مالّ و سامان بوایە ، یان بەدەست هێنانی جۆرەها مولّکی دونیا و تجارەت و بازرگانی هەموو دونیا ئەوا صلاح الدين گەورەترین بازرگان و دەولّەمەندترین کەس دەبوو لەو سەردەمەدا، بەلام با بزانن کە ئایا ئەو چ دەولّەمەندێك بوو ، چ خاوەن سامانێك بوو. ٠

قازی ابن شداد دەڵێ : سولّتان لەدوای خۆی لەبەر سەخاوەتی دڵی نە مالّ و نەمولّك و زەوی و زێڕ و زیوی بەجێ نەهێشت ، چونکە بەجارێ دڵی بەند ببوو بە جیهاد و کۆشش لەپێناوی خوا هەمووی دەبەخشیە گەورە سەرکردەکانی دەوروبەری نەوەك ناچاربن و تێك بشکێن بەرامبەر بە دوژمن ، گەنجینەیەکی هەبوو لەدوای خۆی ، تەنها یەك دینار و چل و حەوت درهەمی تێدابوو ، هەتا ئەو خەرجیەی بۆ کفن و ناشتنی کرا هەمووی بەقەرز بوو ، بەو شێوە کۆڵی نەدا لە جیهاد کردن تاکو گەیشتە خوای پەروەردگار.

– لەساڵی ٥٨٣ تاکو ساڵی ٥٨٦ ی کۆچی ئەو چەند شوێنانەی فەتح کردوون ، وەکو :

١– (طبرية) لەسەر بەحری ئوردەن بە جەنگ و شمشێر.

٢– قەڵای غازریە ، لە خاکی (قدس) بووە.

٣– بيت اللحم.

٤- دانور ، لەخاکی (بیروت) بووە .

٥- بغراس ، نزیکی شاری انطاکیة بووە.

٦- دانور لەخاکی بەیروت.

٧- صیدا.

٨- عکا ، لەسەر دەریای گەورە بوو بەبێ جەنگ .

٩- غَزَّة، بەئاشتی و بێ جەنگ.

١٠- اللاذقیة، شارەکەی بەشمێرو قەڵاکەشی بەبێ جەنگ.

١١- نابلس.

١٢- قەڵای عیفری لەباکووری قودس

ئەو شوێنانەی کە ئەو فەتحی کردوون ، هەموویان باس نەکراون نزیکەی (٧٩) شوێن بوون و زیاتریش.

(کۆچ و ماڵئاوایی)

قازی ابن شداد دەڵێ : لەو ڕۆژەی کە سوڵتان صلاح الدین تێیدا وەفاتی کرد ، موسڵمانان زۆر ناڕەحەت بوون لە ژیانیان بەڵای ئەوها گەورەیان بەسەر نەهاتبوو ، لەوەتەی چوار خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) یان لەدەست دابوو ، هەموو قەڵا و شار و دەشت و دێهاتەکان بەڵکو دونیا داپۆشرابوو بە خەم و پەژارە ، تەمێکی ئێجگار ڕەشی لێ نیشتبوو.

- ابن شامە لە کتێبی (عیون الروضتین) دا دەڵێ : کاتێ ناشتیان

شمشێرەکەیان لەگەڵ خستە ناوگۆڕ . قازی ابن شداد دەڵێ : لەبەر ئەوە لە بەهەشتدا کە دەڕوات لەدەستی دەگرێ و دەیخاتە ژێری تاکو پێ ی بڕوات ، ڕەزای خوای لێ بێت ، خوای گەورە گۆڕەکەی پڕ نوور و ڕشنایی بکات.

موسڵمانانی هاوزمانم ئیسلام پێویستی بە کەڵەپیاوی وەك ابوعبیدە و سعدی کوڕی ابو وقاص و خالید و صلاح الدین هەیە بۆ سەرخستنی پەیامەکەی خوا ، بۆیە دەبێ هەموو گەورە و سەرکردەکانمان پێ بەپێ ی ئەوان هەنگاو بنێن و سەیری هیمەت و هێز و دلێری ئەوان بکەن کە چۆن بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان تاکو دوا هەناسە کۆڵیان نەدا ، لە ڕیزەکانی جیهاد دا لەپێشەوە وەستان خەمی مالّ و سەروەتیان نەبوو ، خەمی خەو و خواردن و خۆراکیان نەبوو ، بۆیە بە ڕوپەکی گەش و جوان گەیشتنە خوا و کاروانیان ، وە شادبوون بە بەهەشت ونازەکانی خوا.

وصلی الله علی سیدنا و حبیبنا محمد و علی اله و صحبه وسلم تسلیما

وانەی حەوتەم:
هیمەت بەرزی لە پشت بەخوا بەستندا

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على خير خلقه محمد و على اله و اصحابه اجمعين .

رب اشرح لي صدري و يسر لي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

... برایان و خوشکانی ئیماندار سەلامی خوای گەورەتان لەسەر بێت ، خۆشحاڵین کە ئەم جارەش بەخزمەت ئێوە گەیشتین لە حەوتەمین وانە لە وانەکانی هیمەت بەرزی ، کە تایبەتە بە هیمەت بەرزی لە پشت بەستن بە خوا .

-بێگومان تەوەکول و پشت بەخوا بەستن گرنگترین رێگایە بۆ گەیشتن بە خوا ، چونکە بەمە پلە و پایەی بەرز تر دەبێتەوە ، ئینجا بزانە کە سەرکەوتنت بەوەیە متمانەیەکی تەواوت هەبێ بە خۆت و هیمەتت بەرز بێ وە پشتت بەخوا قایم بێ ، هەمیشە لە دڵت دابێ کە خوا یارمەتیت دەدا و بەس ئەو دەتوانی لەکاتی تەنگانەدا بەهانات بێ.

(لەژێر تیشکی قورئاندا)

خوای پەروەردگار پێغەمبەر و ئیمانداران هان دەدات لەسەر پشت بەستن بەخوا لە کارەکانیان ، لەکاتی دروستبوونی هەرکێشە و گرفتێك لە ژیانیاندا بێ ئومێد و ڕەشبین نەبن ، بەڵکو هیمەتیان لەبەرزی دا بێ و دڵ و دەروونیان ببەستنەوە بە زیکر و یادی خوا و بڵێن هەمیشە خوا بەسمانە و چاکترین کەسە کە خۆمان و کارو بارمانی پێ بسپێرین ، ئەگەر پیاوی موسڵمان ئەو هەڵوێستە

قورئانی یەی هەبێ لە ژیانیدا بـا دڵنیـابێ کـە هـەرگیز لـە کارەکانیـدا فەشـەل ناهێنێ و زیاتر کار ئاسانی دەبینێ لەدوای ماندووبوونیدا ، وە قاچـەکانی تـەواو جـێگیر دەبـن بەرامبـەر بـە دوژمـن ، لـەکاتی بانگـەوازی و دەعـوەدا پلـەی سەرکەوتن وەدەست دێنێ ، لەو کاتەی کە وێڵی دەریای خەم پەژارەیە نـازانێ بەرەو چ کەنارێك هەنگاو بنێ ، دوای دۆزینەوەی ڕاستترین ڕێگـا پـشت بـەخوا ببەستێ ئەوا لەو کارەی دا سەرکەوتووە و بەسـەر ئارەزوەکـانی دا زاڵ بـووە ، وشەی (التوکل) پشت بەخوا بەستن ٦٩ جار دووبارە بۆتەوە لەنێو لاپەڕەکانی قورئان دا.

- خوای گەورە دەفـەرموێ ﴿ قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾[1] واتـە : ئـەی پێغەمبـەر . هـەروەها پێیـان بڵـێ : ئێمـە خوای گەورە و میهرەبانمـان هەیـە ، بـاوەڕی پتـەومان پـێ ی هەیـە ، پـشت و پەنامان هەر ئەوە — پشت بەو قایم دەکەین —

پێناسـەی (التوکـل) ئیمـامی (احمـد) دەفـەرموێ : (توکـل) کردارێکـە پەیوەستە بەناخی دڵ ، مانای وایە زمان و هـەموو ئەندامـەکان کاریـان نـی یـە بەسەر (توکل) هەروەها ناچێتە قاڵبی زانستەکان و شتە زانراوەکان .

- هەندێکی تر دەڵێن : (توکل) لەهەموو کاتێکدا پەیوەستە بەخوا - واتـە : بەندە دڵی خۆی هەڵدەواسێ لە هەموو کاتێکدا بەخوای گەورە.

(١) سورة الملك (٢٩)

- توکل – لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ)

– پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (لو انکم توکلتم علی الله حق توکله لرزقکم کما یرزق الطیر تغدو خماصا و تروح بطانا) [1] . واتە : ئەگەر ئێوە بەڕاستی پشت و پەناتان بەخوا پتەوکردبا ئەوا خوا ڕۆزی پێدەدان وەک ئەوەی ڕزق و ڕۆزی دەدا بە باڵندە بەیانی لە هێلانەکەی دەردەچێ بەسک بەتاڵی ، ئێوارە بە تێری و سک پڕی دەگەڕێتەوە.

– ئینجا بزانە پلەو پایەکانی –توکل– پشت بەخوا بەستن چەند جۆرێکی هەیە کە لەهەمووی گرنگ تر ئەمانەن:

١– بەهۆی ئەوەوە خوا بەتەواوی دەناسی وە سیفاتەکانیشی دەزانی.

٢– ئەوەی بەتەواوی پشت و پەناگەی خۆی خوایە ، ئەو هۆکارەکانی کارکردن مسۆگەر دەکات (اعقلها و توکل علی الله) واتە : پێغەمبەر بە پیاوەکەی گوت : وشترەکەت ببەستەوە ئینجا پشت و پەنات بەخوا قایم بکە، کەواتە گرتن بەهۆکار– الأخذ بالأسباب، سەرەتایەکە بۆ دەست پێ کردنی هیممەت بەرزی لە (توکل)دا.

٣– کارەکان لە ناخی دڵی جێگیر بوونە لەکاتێك (توکل) ی هەیە.

٤– بەهۆی –توکل– گومانی جوان و پاك دەبێ بەخوا .

٥– دڵی تەسلیم بە خوا دەکات.

---

(١) اخرجه ابن المبارك في الزهد.

٦- کارەکانی هەمووی بەخوا دەسپێرێ کە بەڕاستی ئەوە هەمووی -توکل-وە کاکڵی (توکل)ە .

٧- ڕازی بوون بەخوا و ڕازی بوون لە خوا بەهەموو شتێ کە دێتە پێشی.

(هیمەت بەرزی پێغەمبەران لە -توکل- دا)

١ -توکل- ی هەردووک پێغەمبەری خۆشەویست حەزرەتی ابراهیم و پێغەمبەری ئازیزمان (علیهما الصلاة و السلام).

- ابن عباس دەفەرمووێ : فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴾ پێغەمبەر ابراهیم گوتی لەکاتێک کە بڕیاری سوتاندنی درا لەلایەن نەمرود (خوای گەورە بەسە بۆ ئێمە و چاکترین کەسە کە کارەکانمانی پێ بسپێرین) هەروەها پێغەمبەر محمد (ﷺ) ئەمەی گوت لە کاتێک پێیان گوت : خەڵکی بۆت کۆبونەتەوە پیلانیان بۆت داناوە تاکو لەناوت بەرن کە ترسی دروست بێ لەناو دڵی بەرامبەریان ، بەڵام باوەڕیان زیاتر بەخوا پتەوبوو وە گوتیان (حسبنا الله و نعم الوکیل) [1]. لەرۆژی - الاحزاب- دا.

ئەمەش بەڕاستی نمونەی متمانە هەبوونە بە خوا کە لەو کاتەدا پەناگەیان تەنها خوابووە جگە لەو هانا و هاواریان بۆ کەس نەبردووە چونکە نزیک ترین کەسیانە لە دەماری ملیان ، دەرەنجام تەنها سەرکەوتن و سەرفرازی ڕەنگ دەداتەوە.

---

(١) رواه البخاري.

٢- هیمەت بەرزی و کۆڵ نەدانی یەکێکە لە پێغەمبەرانی خوا کە مەشهور بووە بە وتار بێژی پێغەمبەران ئەویش حەزرەتی (شعیب) ە -علیه السلام- کاتێ کە بانگی قەومەکەی دەکات و پشت و پەنای بەخوا دەبەستێ و کۆڵ نادات لەو -توکل-ە دەڵێت: ﴿ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا ۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَآ أَنْهَىٰكُمْ عَنْهُ ۚ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا ٱلْإِصْلَٰحَ مَا ٱسْتَطَعْتُ ۚ وَمَا تَوْفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾[1] ئاشکرایە کە شعیب بانگەوازی خەڵک دەکات بۆلای خوا پێیان دەڵێت کە نوێژ بکەن و چاکە بکەن فێڵ و تەڵەکە بازی لە کێشان و پێوانەدا مەکەن، ئینجا پێیان دەڵێت کە من تەنها چاکە و چاکسازی ئێوەم مەبەستە ، وە هیچ هێز و توانای منی تێدا نی یە مەگەر بەیارمەتی خوا نەبێ ، پشت و پەناگەی منە وە بۆلای ئەویش دەگەڕێمەوە.

٣- خۆڕاگری و سەبر و ئارامی دایکی حەزرەتی (اسماعیل) وە پشت بەستنی بەخوا ، لەکاتێك کە دابڕاوە لە ئاوەدانی و لەهەموو سۆز و خۆشی و شادی ژیانیدا بەڵام لەبەر دڵە ئاوەدانەکەی کە پڕە لە باوەڕ پشت دەبەستێ بە خوای گەورە و میهرەبان ، ئەمەش لەو کاتەبوو کە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر (ابراهیم) کرد کە ولاتی شام (فلسطین) بەجێ بهێڵێت و بەرەو حیجاز بڕوات ، ئینجا سەبر و ئارامی (هاجر) دایکی اسماعیل لە ڕێگادا بەدەر دەکەوێت ، لەو کاتەی کە دەستی کرد بە ڕۆیشتن لەگەڵ حەزرەتی (ابراهیم) پشتی بەخوا بەست و ڕێگای گرتە بەر نازانێ بۆ کوێ یە بەرەو چ پەناگەیەك دەکەوێتە ڕێ تەنها فەرمانی ئەو پێغەمبەرە نازدارە بەجێ دەگەیەنێ ، زانایان

(١) سورة هود (٨٨)

دەفەرموون سەیر لەوەدایە لە ڕێگادا (هاجر) ئاوڕی ناڕەزایی نەدایەوە تاکو گەیشتە مەکە پرسیاری نەکرد ئەرێ بۆ کوێم دەبەیت ئەی ابراهیم ، بەڵکو چرکە لەدوای چرکە هیمەتی بەرزتر دەبوو .

وە توکلی زیاتر دەبوو ، گەیشتە مەکە ، تۆ بڵێ ی لە شوێنی خۆی خۆشتر بێ ، پڕ ناز و نیعمەت بێ ، ئاخر لەناو خانەوادەیەکی وابوو بەنازبوو ، ژیانی خۆش بوو ، بەڵام ئێستا ئامادەیە و گیان لەسەر دەستە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوا و پێغەمبەر (ابراهیم) – علیه السلام– لە شوێنێك نیشتەجێ یە کە هیچ ئاو و خۆراکی لێ نی یە تەنانەت بالندەش ڕێگایان ناکەوێتە ئەو شوێنە چۆڵە ، تەنها خوایان لێ دیارە و بەس حەزرەتی ابراهیم . دەچێ بەرە و ماڵی خوا – کعبە – کە تەنها شوێنەوارێکی مابوو بەس – دەستی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ ﴿ رَّبَّنَآ إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡكُرُونَ ﴾[1] واتە : ئەی پەروەردگارا بەڕاستی من هەندێ لە وەچە و خێزانم لە دۆڵێکی وشك و بێ کشتوکاڵ دا جێنشین کردووە ، لەپاڵ ماڵە پیرۆزەکەتدا لەپاڵ (بیت الحرام) دا ، خوایە بۆیە لێرە نیشتەجێم کرد تاکو بە چاکی نوێژ و خواپەرستی ئەنجام بدەن ، جا داواکارم دڵی هەندێ کەس لەو خەڵکە جۆش بدە و کەمەندکێشیان بکە بۆ لایان – تاکو ئارام بین و خەمیان لەدڵ نەمێنێ – وە لە ڕزق و ڕۆزی جۆرا و جۆر بەهرەمەندیان بکە بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری بکەن.

– کە ئەم دوعایەی کرد یەکسەر پشتی کرد لە (هاجر) وێستی بڕوات بۆ

(١) سورة ابراهيم (٣٧)

ولاتی (فلسطین) بەلام (هاجر) بانگی کرد ئەی ابراهیم ئایا بە ئارەزوی خۆت لێرە بەجێمان دەهێڵی یان خوا فەرمانی پێ کردوویت؟ فەرمووی : نەخێر ئارەزووی من نی یە بەڵکو خوا فەرمانی پێکردووم کە بگەڕێمەوە ئینجا سەیری – توکل – ی هاجر بکە چەند خۆگر و هیمەت بەرزە گوتی (اذا لن یضیعنا الله) کەواتە : خوا لێرەدا بەزایەمان نادات ئینجا گەڕایەوە[1].

(توکل و وازهێنان لە هۆکار)

بێگومان پشت بەستن بەخوا مانای ئەوە نی یە کە تۆ هیچ هەوڵێك نەدەیت و بڵێ ی – توکل –م هەیە لەسەر خوا ، وەك لە پێشتر باسمان کرد پێغەمبەر ر (ﷺ) بە هاوەڵەکەی گوت : وشترەکەت ببەستەوە ئینجا بڵێ ، پشتم بەخوا بەست ، هەروەها بەوەش نابێ وازبێنی لە کارو کاسبی کردن و بڵێ ی پشتم بەخوا قایمە ئەو رۆزی دەرە دەبێ هەوڵ بدەیت و هۆکاری کارەکانت بەگەڕ بێخیت ئینجا بڵێ ی – توکلت علی الله–

– ئیمامی عمر زیاتر ڕێگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، لە ڕێگایەکدا دەگاتە هەندێ خەڵك کە خەڵکی یەمەن بوون فەرمووی : ئێوە کێن ؟ گوتیان : ئێمە پشتمان بەستووە بەخوا ڕۆزیمان دەداتێ ، کارناکەین.ئیمامی عمر فەرمووی : نەخێر بەڵکو ئێوە تەمبەڵن پشتتان کردۆتە وەلەکارو کاسبی ، ئەوەی بەڕاستی پشت بەخوا ببەستێ ئەوەیە دەنکە دانەوێلەکەی لە زەویەکەیدا دەچێنێ و ئنجا پشت بەخوا دەبەستێ بۆ سەوز بوونی و پێگەیشتنی[2].

– سعیدی کوڕی مسیب دەفەرموێ : عبدالله ی کوڕی سلام و سلمان

---

(١) رواه البخاري.

(٢) اسناده صحيح.

گەیشتن بە یەکتر ، عبدالله ی کوڕی سلام گوتی : ئەگەر تۆ پێش من مردی دەبێ بێیتە خەونم هەواڵم بدەیتێ کە چیت پێگەیشتووە لەلای خوایخۆت ، کە ئایا تۆ لە ژیانێکی خۆشی یان نا ؟ ئەگەر منیش پێش تۆ مردم ئەوا دێمە خەونت هەواڵت دەدەمێ کە چیم بەسەر هاتووە ، سلمان گوتی : مردوان دەگەن بە زیندوان بۆ هەوالێ دان ؟ عبدالله گوتی بەڵێ : ارواحهم تذهب في الجنة حيث شاءت — واتە : ڕۆحیان لە بەهەشتایە ، دەڕوات بۆ هەر شوێنێ کە حەزبکات ، وادیارە یەکێك لەوانە دەمرێ دەچێتە خەونی ئەوی تر پرسیاری لێ دەکات : ئەویش وەلآمی دەداتەوە دەڵێ (توكل و ابشر فما ار مثل التوكل قط) .

واتە : پشت بەخوا ببەستە و موژدەت لێ بێ ، چونکە من هیچ شتێکم نەبینیوە وەکو پشت بەستن بەخوا لێرە سوود بەخش بێ بۆم.

—پرسیاریان کرد لەزانای پایە بەرز و گەورە شێخ حسن ی بەسری توکل مانای چی یە ؟ فەرمووی : ڕازی بوونە بە هەموو شتێ کەخوا بەسەری هێناوی لە چاکە و خراپە .

— پیاوێك دێتە لای (ابراهیم) ی کوڕی ئەدهەم شەکوای مالێ و خێزان و بژێوی ژیانی لەلا دەکات ، (ابراهیم) پێ ی دەڵێ : سەیر کە هەموو ئەو شتەی کە لە مالّی تۆیە لە منداڵ و خێزانت ئەوەی کە ڕزقی لەسەر خوابێ هەموو بێنە مالّی ئێمە ، با ئێمە لەجیات خوا ڕزقیان بدەینێ . کابرا خەجالّەت بوو ڕۆیشت پشتی بەخوا بەست وە دڵنیابوو کەو ئەو تەنها ڕۆزیدەرە نەك بەندە .

— بشر— ی حافی دەفەرمووێ : ئایا شەرم ناکەیت داوای مالّی دونیا لە کەسێك دەکەیت کە ئەو کەسە بۆخۆی داوا دەکات و هیچی نی یە وەك تۆ ، بەڵکو داوا لەوە بکەکە خاوەنی هەموو دونیایە و دونیا بەدەست ئەوە .

— حاطم ی ئەسەم : دەفەرمووێ : کەس ڕزقی من ناخوات پێ ی دەڵێن :

رزقت له کوێ بۆ دێت چۆن پەیدای دەکەیت ؟ دەڵێ : (ولله خزائن السموات و الارض) ئاسمانەکان و زەوی هەمووی گەنجینەی خودان.

– شێخ جنیدی البغدادی دەفەرمووێ : توکل – ئەوە نی یە تۆ کاسبی بکەیت یان واز لە کاسبی بهێنی بەڵکو شتێکی پەنهانە و لەدڵەوەیە.

– زهیر البابی دەڵێ : ناتوانم بڵێم پشتم بەخوا بەست لەزۆری لوطف و کەرەم و بەخششی خوا ، واتە : شەرم دەکەم لەبەرکەم و کوڕی خۆم و لوطفی زۆری خوا.

– ابو سلیمانی الدارانی. دەفەرموێ : ئەگەر بەندەی خوا گەیشتە پلەی زوهد و تەرکی دونیای کرد ، ئەم زوهدە دەیبات بۆ پلەی پشت بەستن بەخوا.

– لەکۆتایی دا تەنها فەرموودەیەکی پێغەمبەرتان بەبیر دێنمەوە کە دەفەرموێ : (لو ان ابن ادم هرب من رزقه کما یهرب من الموت لادرکه رزقه کما یدرکه الموت) [1]. واتە : ئەگەر ئادەمیزاد لەدەست رزق و رۆزی خۆی رابکات ، هەروەك لەدەست مردن رادەکات . ئەوا رزق و رۆزی خۆی پێ دەگات وەك چۆن مردن لەهەر شوێنێ بێ دەیگاتێ.

تاکو بەیەك گەیشتنەوەیەکی تر .....خواتان لەگەڵ.

و صلی الله علی سیدنا محمد و علی اله و اصحابه و سلم تسلیما کثیرا.

(١) حسن رواه ابو نعیم في الحلیة.

وانەی هەشتەم:

هیمەت بەرزی لە ڕازی بوون بەخوا

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على سيدنا و امامنا محمد و على اله و صحبه اجمعين.

رب اشرح لي صدري و يسر لي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

... برایان و خوشکانی موسڵمان ، سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لەسەر بێت ، سوپاس بۆ خوا کە هاتینەوە خزمەتتان لە هەشتەم وانە لە وانەکانی (هیمەت بەرزی) داواکارم لە خوای گەورە کەوا لێمان وەربگرێت و بەبەر قەڵەمی عەفووی خۆیمان بێخێ ، وە بۆمان بکاتە تێشووی دوا ڕۆژ .

بەڕێزان : لەم وانەیەدا تیشك دەخەینە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ کە بەرهەمەکەی ڕازی بوونی خوایە ، ئەگەر لە ژیانماندا بەرجەستەی بکەین ئەویش بریتی یە لە ڕازی بوون لەخوا و ڕازی بوون بەخوا.

برا و خوشکانی ئیماندار ، دەبێ ئەوە بزانین کە خوای گەورە لێمان ڕازی نابێ و سوپاسی کردەوەکانمان ناکات تاکو ئێمە لە خوا ڕازی نەبین ، ئەمەش بەوە دەبێ کە ڕازی بین لە هەموو ئەو بەخشین و لێ قەدەغە کردنەی لەلایەن خوایە ، بۆ نموونە ئەگەر خوا ماڵ و سامانی پێدابیت بەڵام تۆ پێ ڕازی نەبووی ئەوا دەبێ بزانیت کە نەگەیشتیت بە پلەی ڕازی بوون وە ئەگەر بەو خانووە و خێزانە و بەسەیارەکەت ڕازی نەبووی بەهەمان شێوە ڕازی نەبوویتە بە بەشەکەی خوا ، چونکە بۆی نووسی کە دەبێ ئەم سەیارەت هەبێ ، ئەم مۆبایلەت هەبێ ، وە دەبێ ببی بە خاوەنی ئەم ماڵ و سەروەتە کەمە یان ئەم ڕوخسارە جوانە و ناشیرینە یان .... هتد ، کەواتە ڕازی بوونی بەندە

پەیوەستە لەگەڵ رازی بوونی خوا.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٧ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ ۝٨ ﴾[1] .

واتە : بێگومان ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاری چاك ئەنجام دەدەن ، هەر ئەوانەن کە چاکترین و پاکترینی خەڵکی ئەم سەر زەوی یەن . چاداشتیان لەلای خوای پەروەردگاریان بەهەشتی پڕلە باخی چڕە — کە کۆشك و تەلارەکانیان تیادا وون بوون — چەندە رووباریشی بەژێر درەخت و بەردەم کۆشکەکانیاندا دەڕوات ، لەوێ ژیانی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ هەتا هەتایی دەبەنەسەر ، ئەوانە خوا ڕازیە لێیان ، ئەوانیش لەخوا ڕازین — چۆن ڕازی نابن ئەی پەروەردگاری ئازیز ، بەڕاستی نازانین بە چ زمانێك سوپاس گوزارت بین — بێگومان ئەو ڕێز و قەدرە بۆ ئەو کەسەیە کە لە پەروەردگاری ترساوە و فەرمانەکانی بەجێ هێناوە[2].

(اللهم ارزقنا من خشيتك ما تحول به بيننا و بين معصيتك) ئیمامی (ابن القیم) دەفەرموێ : ڕازی بوون لە کردارەکانی دڵە ، وەك چۆن جیهاد لە کردارەکانی ئەندامەکانە ، بەڕاستی هەموو یەکێك لەوانە لەوپەڕی لوتکەی باوەڕدان[3].

---

(١) سورة البينة (٧-٨).

(٢) تەفسیری ئاسان.

(٣) صلاح الامة في علو الهمة. للعفاني.

لەژێر تیشکی قورئاندا

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾ ﴾[1] واتە : خوای گەورە بەڵێنی داوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان ، بەوەی کە باغەکانی بەهەشتیان پێدەبەخشێت ، کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات و جاریە بەردەم کۆشکەکانیدا هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تێدا ، هەروەها چەندەها جێگە و ڕێگە و کۆشك و تەلاری خۆش و ڕازاوەی تایبەتی لە بەهەشتدا لەناو باخی چڕ و پڕی (عدن) دا لەگەڵ ڕەزامەندی خوای گەورەدا — کە لە هەموو ئەوشتانە گەورەتر و بە نرختر ، ئەوە خۆی سەرفرازیەکی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە.

ئەمە ڕازی بوونی خوایە ، کە پاداشتی ڕازی بوونی ئەوانە لەخوا لە ژیانی دونیا ، لە کاتێك کە ئەم پاداشتە ئەوەندە گەورەیێ ، بێگومان دەبێ هۆکارەکەشی گەورەترینی کردارەکان بێ.

— زانایان دەفەرموون : ڕازی بوون دڵ بەتاڵ دەکات بۆ خوا ، واتە : تەنها خوا لەناو ئەو دڵە دەبێ و بەس، بەڵام ناڕازی بوون و تووڕەیی لە بەشەکانی خوا و بەخششەکەی دڵی بەتاڵ دەکات لەو ڕازی بوونە.

— ڕازی بوون لەخوای گەورە نیشانەی وەرگرتن و چەشتنی تامی شیرینی

---

(١) سورة التوبة (٧٢).

ئیمان و باوەڕە.

(ذاق طعم الایمان من رضي بالله ربا و بالاسلام دینا و بمحمد رسولا) [1] واتە تامی شیرینی ئیمانی چەشت کەسێ کە ڕازی بێ بەخوایەتی خوا ، وە بەئیسلام کە ئایینێکی ڕاست و دروستە وە بە پێغەمبەرایەتی (محمد) (ﷺ) سەرنج بدە لەم فەرموودەیە:

– ڕازی بوون بە خوایەتی خوا : ئەوە خۆشەویستی لێ ترسان و ئومێد پێ هەبوون و گەڕانەوە بۆلای لەخۆ دەگرێ.

– ڕازی بوون بە پەروەردگاریەتی خوا.

– الرضا بربوبیته –

بیرکردنەوەی سەرپەرشتی خوا بۆ بەندەکەی لەخۆ دەگرێ .

– ڕازی بوون بە پێغەمبەرایەتی محمد : تەواوی مل کەچی و سەردانەواندن بۆ خوا لەخۆ دەگرێ ، چونکە هیدایەت وەرناگیرێ تەنها لەڕێگای ئەو نەبێ ، وە لەڕێگای گەیاندنەکەی ئەو نەبێ.

(١) رواه احمد و مسلم و الترمذي.

- ذالنون – ی میسری دەفەرموێ : مەرجەکانی ڕازی بوون بریتین لە :

١– وازهێنان لە هەڵبژاردن پێش هاتنی شتێك بەسەرت، واتە: وەك بڵێی با ئەو شتەم بەسەرنێت، شتێکی ترم بەسەر بێ.

٢– دوای بەسەرهاتنی بەڵاو موسیبەت تاڵی ئەو بەڵایە نەچێژێ و دەست بەجێ لەبیری بکات.

٣– لەناوە ڕاستی بەڵادا خۆشەویستی لەناخی دڵیدا هەبێ بۆ خوا.

– فضیل – ی کوڕی عیاض دەفەرموێ : ڕازی بوون گەورەترە لە پلەی زوهد ، لە دونیادا ، چونکە پیاوی ڕازی بوو لەخوا هەرگیز تەمەننا و داوای شتێ ناکات لەسەرووی خۆی بێ .

– پرسیاریان لە ابو عثمان کرد دەربارەی فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێ : (اسألك الرضا بعد القضاء) واتە : خوایەگیان داوات لێ دەکەم کە ڕازی بوونم پێ ببەخشیت لەدوای هاتنی بەلا و نەهامەتی . ابو عثمان گوتی : ڕازی بوون لەپێش هاتنی بەلا خۆ ئامادەکردن و هێز هێنانە بەر خۆیە ، بەڵام لەدوای هاتنی بەلا ڕۆحی ڕازی بوونە . کەواتە: دوای هاتنی ناخۆشی و دەردەسەری و نەهامەتی گرنگ تر ە کە خۆڕاگر و خۆگر بی وە بەمەش ڕازی بێ لەخوا.

– ابو عثمان – الحیری – دەفەرموێ : لەوەتەی چل ساڵە خوا لەهەر شوێنێ نیشتەجێ ی کردبم پێم ناخۆش نەبووە وە لە هەر شوێنێ منی گواستبێتەوە بۆ شوێنێکی تر ئەوا هەرگیز ناڕازی نەبوویمە لەوە و بۆ فەرمان و بڕیاری خوا مل کەچ بووم.

- ئەی هیمەت بەرزان کردارەکانی دەروون هەمیشە بێ کۆتایین.

- نمونەی هیمەت بەرزی لە ڕازی بوون بەخوا چینی پێغەمبەرانن لەو کاتەی خوای گەورە حەزرەتی ابراهیم تاقی دەکاتەوە بە چەند وشەیەك وەك قورئان باس دەکات ﴿ وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ البقرة: ١٢٤ ئەویش ڕازی بوو بە تاقی کردنەوەکە ، کە بریتی بوو لە :

١- تاقی کردنەوە بە ئەستێرەکان کاتێ بە قەومەکەی دەڵێ : ئەوە خوای منە ، کە ئەستێرەکان ئاوا دەبن دەڵێ خوای من هەرگیز ناڕوات و وون نابێ منیش شتی وام خۆش ناوێ.

٢- تاقی کردنەوەی لەسەربڕینی ڕۆڵەکەی (اسماعیل) ﴿ فَلَمَّآ أَسْلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلْجَبِينِ ﴾ الصافات: ١٠٣ ئەویش مل کەچ بوو بۆ فەرمانی خوا.

٣- تاقی کردنەوەی بە فڕێدانی بۆ ناو ئاگری نەمرووود شوێن کەوتوانی لە خاکی عێراق بەمەش ڕازی بوو ، تەنها هانا و هاواری بردە بەر قاپی خوا و بەس.

٤- تاقی کردنەوەی بە کۆچێکی دوور و درێژ لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر لە فلسطین بۆ حیجاز (مکه) ڕازی بوو یەکسەر ڕێگای گرتە بەر.

٥- بە خەتەنەکردنی (سونەت کردن) تاقی کردەوە ئەویش کردی بە ڕەوشتی گەلە موسڵمانەکەی وە پێ ی ڕازی بوو .

- سعد - ی کوڕی ابو الوقاص هاتە مەکەی پیرۆز لەوکاتەدا چاوی نابینا

ببوون ، دوعای بۆ خەڵکی دەکرد ، دەست بەجێ دوعای گیرا دەبوو ، منداڵێك هاتە لای پێ ی گوت: مامە ئەوە بۆچی دوعا بۆ خۆت ناکەیت بەڵکو چاوەکانت چاك ببنەوە ؟ فەرمووی : بەزەردەخەنەوە ڕۆڵەکەم بڕیار و حوکمی خوا لەلای من جوان تر و خۆشەویستترە لە چاك بوونەوەی چاوەکانم.

– سووفیان دەڵێ : شێخ حسن ی بەسری فەرمووی : کەسێ بە دابەش کردنی خوا و ڕزقی ڕازی بێ بۆی فراوان و پڕ بەرەکەت دەکات ، بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو بەم بەشە خواییە ئەوا نە فراوان و نەبەرەکەتداریش دەبێ ، بەڵکو دەبێ بە خەم و پەژارە لە دونیادا.

– مصعب ی کوڕی ماهان دەگێڕێتەوە لە سفیان کە دەڵێ : سەبارەت بەئایەتی ﴿ وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴾ واتە : مۆژدە بدە بەو کەسانەی کە دڵیان ئارامە و ڕازین بە بڕیارەکانی خوا وە خۆیان تەسلیم کردوە پێ ی.

– کاتێ کە خێزانی عبدالله ی کوڕی موبارەك وەفات دەکات لە کوفەی عێراق ، پرسیاری لێ دەکەن ، ڕازی بوون واتای چی دەگەیەنێ ؟

ئەویش دەڵێ : ڕازی بوون ئەوەیە کە مرۆڤ شتێکی بەسەر هات نەڵێ خۆزگە بەسەرم نەهاتەیە ، الله اکبر.

– دەڵێن بریندێکی گەورە لە قاچی پیاوچاك (محمد ی کوڕی واسع) دا هەبووە ، پیاوێك پێ ی گوت : ئای کە چەند بەزەییم پێت دێتەوە دڵم بۆت غەمبارە. فەرمووی : نەخێر من ئەوەم پێ خۆشترە و سوپاس گوزاری خواەکەم کە ئەو بریندە نەکەوتۆتە چاوەکانم.

– ڕۆمەکان هێرشیان بردە سەر هەندێ لە گامێشەکانی (بشیری الطبري)

ئینجا ابو عمرو و یەکێ لە کوڕەکانی چوون بەدوایدا لە ڕێگادا گەیشتنە چەند خزمەتکارێکی (بشیر) بە خزمەتکارەکانی گوت: بڕۆن ئێوە لەگەڵیان بچن ، کوڕەکەی پێی گوت: بابە ئێمەت فەقیر کرد خۆ هیچمان نەما ، نە ولاغ نە کۆیلە نە مالّ ... گوتی : کوڕم بێ دەنگ بە ئەوە خوا تاقیم دەکاتەوە منیش حەز دەکەم زیاتر بەگەردەم.

– ئیمامی (عمر) ی کوڕی عبدالعزیز دەفەرموێ : هیچ ئازەزوێکم نی یە لە کارەکانم تەنها ئەو کاتە و شوێنە نەبێ کە خوا تێیدا تاقیم دەکاتەوە.

– شەقیقی بەڵخی دەفەرموێ : کەسێك کە لەناو بەلاّو ناخۆشیدا بێ پاداشتی ئەوە ببینێ و چاوەڕوانی بکات لەلای خوا ، وە هیچ ناڕەزاییەکی پێوە دیارنەبێ ، ئەوا هەرگیز داواناکات لەناو ئەو بەلاّو ناخۆشیە بێتە دەرەوە.

– لە کتێبی (مدارج السالکین) دا هاتووە کە یونس ی کوڕی عبید دەڵێ : هەرگیز و هەرگیز خۆزگەم نەخواستوە بۆ هیچ شتێك – واتە : ئەوەی خوا بەخشیویەتی ئەوا دیارە ، بەشی ئەمە ، وە ئەوەی نەیبەخشیوە دیارە بەشی من نی یە کەواتە بۆچی خۆزگە و تەمەننا بخوازم بۆی .

– وهب ی کوڕی منبە دەڵێ : لە زەبوری حەزرەتی (داود) دا هاتووە (ئەی داود ئایا دەزانی کێ لەهەموو کەس بەپەلە تر دەپەڕێتەوە لە پردی سیرات ؟ ئەوانەی کە ڕازین بە حوکم و بڕیاری من ، وە زمانیان تەڕە بە زیکر و یادی من)

.

- هەندێ لە خوا ناسان دەفەرموون :

بنچینەی خوا پەرستی سێ شتن :

١- هیچ لە بڕیاری خوا ڕەت نەکەیتەوە .

٢- جگە لەخوا داوا لە هیچ کەسێك مەکە .

٣- لە ڕنق و ڕۆزی خوا هیچ شتێ پاشەکەوت مەکە .

- انس ی کوڕی مالك دەفەرمووێ : دە سالآن خزمەتی پێغەمبەرم دەکرد (ﷺ) هیچ کاتێك پێ ی نەگوتم بۆ کارێك کە ئەنجامم دابێ بۆچی ئەو کارەت کردوە هیچ جارێك پێ ی گوتبام ئەو کارەبکە ، هەرگیز من نەمگوتووە بۆ چی بکەم ، وە هەرگیز بۆ شتێك کە ڕووی بدایە نەیدەگووت : خۆزگە وانەبووایە ! ، یان شتێك کە نەدەبوو ، نەیدەگووت : خۆزگە ئەوها دەبوو ، ئەگەر هەندێ لە خانەوادەکەی گازاندەیەکیان لێم بکردایە ، لەسەر شتێك ئەوا پێغەمبەر پێ ی دەگوتن : وازی لێ بێنن ئەگەر خوا بڕیاری شتێکی دا دەبێ هەر ببێ .

و صلى الله على سيدنا و نبينا محمد و على اله و صحبه و سلم.

وانەی نۆیەم:
هیمەت بەرزی لە خۆ بەکەم زانین دا.

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة والسلام على سيدنا و حبيبنا محمد و على اله و اصحابه الطيبين الطاهرين و على من تبعهم باحسان الى يوم الدين.

.... رب اشرح لي صدري و يسرلي امري و احلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

... برایان و خوشکانی ئیماندار سەلام و ڕەحمەت و میهرەبانی خوای گەورەتان لەسەربێت ، سوپاس بۆ خوای پەروەردگار کە دەرفەتی داین جارێکی تر بەخزمەتتان بگەینەوە لە نۆهەمین وانە لە زنجیرە وانەکانی هیمەت بەرزی ، هیوادارم کە خوای گەورە لێمان قەبول بکات وە ببێتە توێشووی ڕۆژی قیامەت انشاء الله.

– ئازیزانم : وانەی ئەم جارەمان لەخزمەت ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست لەژێر ناونیشانی (هیمەت بەرزی لە خۆبەکەم زانین)ە ، بەمانەیەکی تر ملکەچی و سەردانەواندن بۆ خوا و ڕاخستنی باڵەکانی

ملکەچی و ڕێز بۆ موسڵمانان.

(لەژێر تیشکی قورئاندا)

سەرەتا خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هان دەدات لەسەر مل کەچی نواندن بەرامبەر بەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێناوە لە باوەڕداران.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ﴾:[1]

(١) سورة الشعراء. (٢١٥).

واتە : ئەی پێغەمبەر باڵی مل کەچی و خۆ بەکەم زانین ڕابخە بۆ ئەوانەی شوێن تۆ کەوتوون لە باوەڕداران .

ئیمامی (القرطبي) دەفەرموێ : لەمانەی ئەم ئایەتە تەنیشتەکانت نەرم بکە بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بەتۆ وە ملکەچ بە بۆیان.

ئینجا بزانە کە خۆ بەکەم زانین پێچەوانەی خۆ بەگەورە زانینە کە بریتی یە لە (بطر الحق و غمط الناس) واتە : گەردن کەچ نەکردن و خۆبەگەورە زانین بەرامبەر بەحەق – یان لەخۆبایی بوون لە ئاستی حەق دا. وە سەیرکردنی خەڵک بەچاوێکی سووک و کەمەوە ، بێگومان ئەمە ڕەفتارێکە لە ڕەفتارەکانی هەرەگەورەی شەیتان کە خۆی بەگەورە زانی لە ئاستی فەرمایشتەکانی خوا ، بۆیە کەسێك بە تەوازووع و ملکەچی ڕەفتار بکات ئەوا خوای گەورە هەردەم بەرزی دەکاتەوە و ڕێزداری دەکات لەنێو خەڵک و خۆشەویست دەبێ لەلای خەڵک و خوا.

چونکە مل کەچی وتەوازوع بۆ خوا نیشانەی خۆشەویستی خوایە بۆ بەندە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ [1] واتە : ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە بەخوا ، هەرکەسێ لە ئێوە هەڵبگەڕێتەوە لە ئایینەکەی لەمەودوا خوا قەوم و هۆزێك دێنێ لەجیاتی ئێوە کە خوا ئەوانی خۆش بوێ وە ئەوانیش خوایان خۆش بوێت ، مل کەچ و خۆ بەکەم زان بن لەسەر چینی باوەڕداران وە

(١) سورة المائدة. (٥٤).

لەسەر چینی کافرەکان بەویقار و سەر بلّند و شکست نەخۆر و دەروون بەرزن...

ئیمامی (ابن کثیر) دەفەرمووێ: ئەوە پەوشتی باوەڕدارانی تەواوە ، دەبێ باوەڕدار بۆ براکەی مل کەچ و خۆبەکەم زان بێ هەروەها بۆ دوژمن و ڕق بەندەکەی بە ویقار و دەروون بەرزبێ ، وە بەرزی و هەموو گەورەیی و بەزەییەك بۆ ئەوانەی کە لە دونیادا خۆ بەکەم زان بوون ، ﴿ تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ [1] واتە : جا با خەڵکی دڵنیابن کە ئەو مااڵی قیامەتە و ئەو بەهەشتە بەرینەمان ئامادەکردووە بۆ ئەو کەسانەی کە نە لووت بەرزی و گەورەییان دەوێت لە زەویدا ، نەفەساد و گوناح و خراپە ، سەرەنجام سەرفرازیش هەربۆ پارێزکاران و خواناسانە.

لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)

– ملکەچی و تەواوعی ڕاستەقینە لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) بەجۆرێ ڕەنگی دەدایەوە کاربەدەستان و پادشا زل هێزەکانی پێ سەرسام دەبوون ، چۆن کەسێکی وەك (محمد) کە هەموو دونیای داگرتووە ، بەبێ ئەژمار خەڵکی بەدوای کەوتوون ، ئەگەر فەرمان بکات کێوی دونیای بۆ دەڕوخێنن بەجۆرێ بۆی گیان لەسەر دەستن مااڵن و سامان و و منداڵ و هەموو دونیا لەلایەن ئەوان ناکاتە یەك پەنجەی ئەوها شکۆدار و پایەدارە لەناویان ، ئینجا لە خانووێك دەژی لە خۆڵ و حەسیرە خواردنی نانی جۆی بەلاوە زۆر باشترە لە هەموو مااڵن

(١) سورة القصص. (٨٣).

و سامان و خواردنی پادشا و گەورەپیاوانی رۆم و فارس ، خاوەن خوانێکە جاری وا هەبووە لە دوو مانگدا ئاگری خۆراك لەماڵیان دانەگیرساوە ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تر لەنێو پیاوانی زۆر سادە و ساکار بوو خەڵکی دەرەوە دەهاتنە لای پرسیاریان لەخۆی دەکرد کێ (محمد)ە هاتین بۆلای ئەو (وفد) ، خۆی بە بەرگ و لیباسی گران بەها لەکەس جیا نەکردۆتەوە ، لە کۆڕ و مەجلیسدا دیارنەبوو بە فەخر کردن بەسەریاندا ، فەقیری و هەژاری هەڵبژارد لە ژیانیدا ، لە بەرامبەر ئیمانداران کەسێکی زۆر ئاسایی بوو نەیدەهێلاً خۆی لێیان جیابکاتەوە ، بەرامبەر بە دوژمن ترسی نەبوو ، دەروون بەرز و بوێر بوو ، بە قسەی نەرم و مل کەچ دونیای گرتە دەست و خەڵکی دروست کرد بۆ خواپەرستی و ملکەچی بۆ خوا ، بە بالاّو بەرگی خۆی هەڵنەدەکێشا و نەیدەهێشت خەڵکی لەخزمەتی دا تەریق ببنەوە ، هەمیشە باسی بێ نازی و فەقیری خۆی لەبیر نەدەچوو بۆیانی باس دەکرد، پیاوێك قسەی لەگەڵ دەکرد لەشەرمان دەم و ڕوخساری تێك دەشکا ئەو تەریقی نەدەکردەوە دەیفەرموو : قسە بکە منیش وەك تۆ ئادەمیزادم. (انما انا ابن امراة تأكل من قديد) بێگومان کوڕی ئافرەتێکم لە خەڵکی مەکە کە گۆشتی سورکراوەی سەر بەردە گەرمەکانی مەکەی دەخوارد شانازی بە چ بکەم لەسەرتانەوە.

– دەفەرمووێ : خوای گەورە نیگای بۆ کردم ، کە ملکەچ بین تاکو کەس شانازی نەکات بەسەر کەسی تر ، وە کەسیش ستەم لەکەسی تر نەکات) [1]

– (مامن ادمي الا و في رأسه حكمة بيد ملك ، فأن تواضع قيل للملك ارفع

(١) اخرجه مسلم و ابن ماجة.

حکمته ، و ان تکبر قیل للملك دع حکمته) [1] واته: هیچ ئادەمیزادێك نی یه ئیلا لەسەر و ملی دا لغاوێکی ئاسن هەیه ، ئەگەر ئەو ئادەمیزاده ملی کەچ کرد بۆ خوا – خۆی بەکەم زانی – ئەوا بە فریشتەکه دەڵێن لغاوه ئاسنەکەی ئەو پیاوه بەرز بکەرەوە – بەهۆی ئەو تەواوزووعه زیاتر عاقل و دانا و لێزان دەبێ لەنێو خەڵك ، بەڵام ئەگەر خۆی بە گەورە زانی و سەرسام بوو بە عەقڵ و دانایی خۆی ئەوا بە فریشتەکه دەڵێن واز لە لغاوەکەی بێنە با هەروەك خۆی بێ – بەم تەکبور و فیزە لەناو دەچێ ، حیکمەتەکەشی دەڕووخێ ، قسەی بەجێ لە مێشکی نامێنێ کە خەڵکی سەرسام بکات بەڵکو هەمووی لە هەوای نەفسی خۆیەتی.

– (ما استکبر من اکل معه خادمه ، و رکب الحمار بالاسواق ، و اعتقل الشاة فحلبها) [2] واته : ئەو کەسە خۆ بەگەورە زان نی یە کە خزمەت کارەکەی نانی لەگەڵ بخوات ، وە لە بازاڕ و کۆڵاندا سواری کەر بێ و مەڕەکەی ببەستێتەوە و ئینجا بڕوات شیرەکەی بدۆشێ.

– (ما زاد الله عبدا بعفو الا عزا ، و ما تواضع احد لله الا رفعه) [3] واتە : خوای گەورە هیچ شتێك لە بەندە زیاد ناکات بەهۆی لێبوردنی تەنها بەڕێزی و گەورەیی و دەروون بەرزی نەبێ ، وە هەرکەسێك مل بۆ خوا کەچ بکات ئەوە خوا پلەی بەرز دەکات.

– ئیمامی (ابوبکر) دەفەرمووێ : سەخاوەت و بەخششمان دەست کەوت لە

---

(١) حسن رواه الطبراني في الكبير.

(٢) حسن رواه البخاري في الادب المفرد.

(٣) رواه مسلم

تەقوادا ، دەولّەمەندی و مالّ و سامانمان لە قەناعەت و یەقین دا دەست کەوت ، وە رێز و شەرەف و شکۆمەندیمان لە ملکەچی و تەوازوعدا دەست کەوت.

– مصعب ی کوڕی زوبیر دەفەرموێ : مل کەچی و تەوازوع شەرەف و گەورەیی بەنێچیر دەگرێت.

پلەکانی خۆبەکەم زانین

- درجات التواضع –

١– مل کەچی بۆ دین و ئایین ، بە جۆرێ ملکەچ بێ بۆ بڕیارەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) هەر کە بڕیارێك کە نەقلی بوو ، ئەو بە فکری عەقلی خۆی موعارەزەی نەکات ، وە بەڵگە بەهێزەکانی دین گوماناوی نەکات ، بێ سێ و دوو سەری بۆی نەوی بکات ، ڕێگا بۆ خیلاف و پەرتەوازە نەدۆزێتەوە.

ئیمامی شافعی دەفەرموێ : کەسێك فەرموودەیەکی پێغەمبەری بۆ ڕوون بێتەوە ، بۆی دروست نی یە قسەی هیچ کەسێ لەجیاتی وەربگرێ و کاری پێ بکات.

٢– دەبێ بەوە ڕازی بێ کە (حق) پێ ی ڕازی یە بۆ یەکێك لە برا موسڵمانانی ، ئەگەر دوژمنەکەت حەقی گوت نابێ ڕەتی کەیتەوە ، ئەگەر کەسێك داوای لێبوردنی لێت کرد دەبێ لێ ی ببووری و عوزری لێ وەربگری.

٣– بۆ دەرخستنی حەق دەبێ لە ڕەئی خۆت دابەزی و ملکەچ بی ، لە دۆستایەتیش دەبێ ڕاستی و حەق لە ڕوخسارت ڕەنگ بداتەوە ، بە ئاشکرایی و پەنهانی.

چەند نمونەیەك لەسەر تەوازوعی پێغەمبەر(ﷺ)

*** ملکەچی بەرامبەر بەخوا.**

– خوای گەورە پێغەمبەری سەر پشك کرد لەنێوان دوو شت ، لەنێوان بەندایەتی و پێغەمبەرایەتی – واتە : پێغەمبەرێکی هەژار – وە لە نێوان پادشایەتی و پێغەمبەرایەتی ، واتە پێغەمبەرێکی خاوەن مولك و سامانی دونیا بێ ، بەلأم ئەو بەندایەتی و پێغەمبەرایەتی هەلبژارد هەروەك هاتووە لە فەرموودەی صحیح ، کە لەوکاتەدا جوبرەئیل پێ ی گوت : (تواضع لربك قال : بل عبداً رسولاً) واتە : بۆ خوا مل کەچ بە . ئەویش بڕیاری دا فەرمووی : بەلکو بەندایەتی و پێغەمبەرایەتیم دەوێ.

*** ملکەچی بەرامبەر خەلك.**

– انس دەفەرموێ : کە بەناو منداڵاندا تێپەڕی کردبایە سەلامی لە منداڵەکان دەکرد ، بێ ناز و فیز بوو.

– هەروەها دەفەرموێ: ئافرەتی وا هەبووە دەستی پێغەمبەری گرتووە بردوویەتی بۆ ئەو شوێنەی کە ویستیەتی ، واتە : داوای یارمەتی لێ کردووە ئەویش یارمەتی داوە.

– بەلای کۆمەلێ ئافرەتان تێپەڕی دەکرد سەلامی لێ دەکردن.

– سهل ی کوڕی حنیف دەلێ : پێغەمبەر (ﷺ) دەچووە لای فەقیر و هەژاران لە موسلمانان ، سەردانی دەکردن ، دەچووە لای نەخۆشەکانیان ، ئامادەی ناشاتنی مردوەکانیان دەبوو.

– شێخ حسنی بەسری دەفەرموێ: سوێند بەخوا دەرگای پێغەمبەر لە

هیچ کەس دانەخراوە ، هەرگیز پاسەوان و دەرگاوانی نەبوو ، خۆی لە خەڵك نەدەشاردەوە بەڵکو دیار و پێش چاو بووە هەردەم ، کەسێ حەزی بکردایە پێی بگات دەیگەیشتێ بەبێ ناونوسین و مەهاجە وەرگرتن – نەك وەکو پادشا و دەسەلاتدارەکان – لەسەر زەوی دادەنیشت ، خواردنیشی هەر لەسەر زەوی دەخوارد – نەك لەسەر مێز و بەپێوە – پۆشاکی ئەستوری دەپۆشی ، سواری کەر دەبوو ، خزمەتکارەکەی خۆشی لە پشتی خۆی دادەنا ، بەدەستی خۆی ئالیکی دەدایە ولاخەکەی) [1]

* ملکەچی بەرامبەر بە خانەوادە و خێزانەکانی.

– (خاتوو عائیشە دەفەرموێ : هەردەم لە جێ بەجێ کردنی کارو پێداویستی خێزانەکانیدا بوو ، ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە هەڵدەستا بۆ نوێژکردن وازی لە هەموو کارەکان دەهێنا وەك هەر نەیدەناسین) [2].

* تەوازووع و ملکەچی حەزرەتی (موسی) علیه السلام

ئیمامی غەزالی لە کتێبی – احیاء علوم الدین دا – دەفەرموێ : ابو سلیمان ی الدارانی دەفەرموێ : خوای گەورە دلّ و دەروونی ئادەمیزادی بینی بە تێکڕایی ، هیچی نەبینین وەك دلّی حەزرەتی (موسی) ملکەچ و بەتەوازووع بێ ، بۆیە لەنێوان هەمووانی تایبەت کرد بۆ قسەلەگەلّ کردنی ڕاستەوخۆ.

---

(١) صفة الصفوة / ابن الجوزي.

(٢) رواه البخاري.

* ملکەچی و تەوازووعی (ابوبکر ی صدیق)

دەفەرموێ پێم خۆش بوو تاڵە موویێك بام لە لاشەی بەندەیەکی ئیماندار.

کە بووە (ئەمیری ئیمانداران) وەکو جاران دەچووە لای فەقیر و هەژاران دڵی خۆش دەکردن و یارمەتی دەدان ، ئەو ماڵە هەژارەی کە پێشتر (ابوبکر) شیری بۆ دەدۆشین دوای بوونی بە ئەمیری ئیمانداران کچە بچوکەکەیان بە دایکی دەگوت : (حالب الشاه یا اماه) دایکە ئەوەتا شیر دۆشەکەمان ، دایکی پێ ی دەگوت : کچم شیر دۆشی چی شتی چی نێستا بوەتە خەلیفە و ئەمیری ئیمانداران ، (ابوبکر) کە ئەمەی بیست چووە لایان پێ ی گوتن تازە لەسەرم واجب بووە کە باشتر لە پێشان خزمەتتان بکەم و شیرتان بۆ بدۆشم.

* ئیمامی (عمر):

ئافرەتێکی بینی خەریکی پەڕەبوو بەلاّم چاك لێ ی نەدەزانی (عمر) چوو کە خەلیفە بوو دارەکەی لێ وەرگرت هەموو خوری و موەکەی بۆ لە پەڕەدا ، کام (عمر) ئەو (عمر)ە ی کە پۆم و فارسەکان لەرزیان دەگرت لەگەڵ ناوهێنانی نەك هێرش و بینین و شەڕ و جەنگی ، ئەو (عمر) ەی کە دادپەروەری ئەو ئاسمانی پاگرتبوو.

* ئیمامی (عوسمان) ی کوڕی عەفان :

ئەو پیاوەبوو کە فریشتەکان شەرمیان لێ دەکرد ، دەچوو لە مزگەوت دەنووست هیچ کەسیش لە دەوری نەبوو کە پاسەوانی لێ بکات یان فیز و هەوایان پێ لێ بدات.

– ئیمامی (عەلی) ابو تالب:

بەرگ و پۆشاکی پینەکراوی لەبەردەکرد ، دەیفەرموو : ئیماندار بەوە شوێن کەوتوم دەبن و دڵ و دەروونیش بۆی نەرم دەبێ.

– عبدالرحمن ی کوڕی عەوف:

کە دەوڵەمەندێکی بێ وێنەیە لەناو کۆیلە و بەندەکانی نە دەناسراوە و خۆی جیا نەدەکردەوە.

– (عمار) ی کوڕی یاسر :

کاتێ ئەمیری (کوفە) یە دەچێ لە بازاڕ بە دەرهەمێك گیا و ئالفی تەڕ بۆ وولاخەکەی دەکڕێ و لەسەر پشتی دایدەنێ و بۆ ماڵ دەیباتەوە.

– پیاوانی چەرخی ڕابردوو ، شوێن کەوتووانی هاوەلان نمونەی تەوازووع و ملکەچی بوون بۆ خوا هیمەتیان بەرزبوو لەنێو خەڵکی فەقیر و هەژاردا بەسادەیی دەژیان ، پیاوی وا هەبوو لە چاکانی پێشوو (السلف الصالحین) بەدەستی خۆی بەرگ و پۆشاکی خۆی دەشۆرد. بێگومان ئەمە کەسێکە لە زانا هەرە پایە بەرزەکان ئەویش (طاووس)ە ، دەڵێ بۆیە بەخۆم دەیشۆم تاکو نەفسم بشکێنم.

(نیشانه و ڕەوشتی کەسانی خۆبەکەم زان)

١- لەکاتی ڕۆیشتنیدا حەزناکەن خەڵك لەدوایان بڕوات و ئەوانیش لەپێش خەڵك بڕۆن .

٢- زیاتر سەردانی خەڵك دەکەن ، نەك حەز بەسەردانی یەکتر نەکەن و هەر دەبێ خەڵك بێتە لایان.

٣-پێیان ناخۆش نی یە کەخەڵك لە تەنیشتیان دابنیشێ و خۆیان جیاناکەنەوە لێیان.

٤-ملکەچن بۆ ئەوانەی کە لە تەمەن خۆیانن یان بچوکترن .

٥-خۆیان بەدوور ناگرن لە دانیشتن لەگەڵ نەخۆش و دەردەداران بۆئەوەی دڵیان نەشکێ و عاجز نەبن وە خۆیان پێ گەورەتر نی یە لەوان.

٦-ئەگەر کەیێ بانگی کردن وەلأم دەدەنەوە هەرچەندە بۆ ئاسانترین کاریش بێ.

٧-لەسەر خۆیان لەکەس توڕە نابن ، وە ئەوەی فەرمانیان بشکێنێ لێی نادەن ، چونکە لێدانی خەڵك لەسەر خۆت بەبێ فەرمانیان بەرامبەر بکەیت ، تێرکردنی هەوا و ئارەزووە.

و صلى الله على سيدنا محمد و على اله و صحبه و سلم تسليما.

وانەی دەیەم :
(هیمەت بەرزی لە شەرم و حەیادا)

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاه و السلام على خير خلقه محمد و على اله و اصحابه اجمعين.

... رب اشرح لى صدرى و يسر لى امرى و احلل عقده من لسانى يفقهو قولى.

... برایان و خوشکانی موسڵمان ، السلام علیکم و رحمه الله و برکاته، خۆشحاڵم ئەمجارەش گەیشتینەوە یەکتر لە دەیەم وانە لە زنجیرە وانەکانی (هیمەت بەرزی) .

– ئازیزانم : وانەی ئەمجارەشمان باس لە هیمەت بەرزی لە شەرم و حەیا دەکات ، واتە : شەرم کردن لەخوای گەورە ، لە فریشتەکانی خوا ، لە خەڵک ، لە خۆی . ئینجا بۆ دروست بوونی شەرم و حەیا یان شەرم کردن لەخوای گەورە دەبێ موسڵمان هەمیشە چاودێری و ئاگاداری خوای گەورە لەسەر خۆی دابنێ و بزانێ کە خوایەك هەیە وورد‌بین و چاودێرە بەسەرتەوە ئاگای لە نزیك و دوور هەیە، لە دیار و نادیا لە بچوك و گەورە ، بێگومان مرۆڤی باوەڕدار شەرمی لە دڵدا دروست دەبێ و ئەندامەکانیشی شوێنی دەکەون بەهیچ جۆرێك گوناهو تاوان ناکات – و لله المثل الاعلى في السموات و الارض– ئەگەر یەکێك چاودێربێ بەسەرتەوە یان کردارەکانت تۆمار بکرێن دەنگی و ڕەنگی ئەوا دەبێ چ کارێك بکەیت ، بێگومان تەنها چاکە و کرداری وا کە چاودێرەکە پێ ی خۆش بێ ، ئەو گوناهو تاوانانەی کە لە شوێنێ دەیکەیت کە کەس ئاگای لێت نی یە ئایا لەنێو خەڵکدا دەیکەیت ؟ ئەگەر دەیکەیت ئەوا شەرم نامێنێ ، بۆیە خوا ئەولاترە بۆ ئەوەی شەرمی لێ بکەین و سەرمان بۆی نزم بکەین ، وە هەرکاتێ شەرم نەما ئینسان هەموو شتێك دەکات.

(لەژێر تیشکی قورئاندا)

قورئان فێری ئەوەمان دەکات کە چەند بەشەرم و حەیا بین بەرامبەر بەخوا ، وە چۆن ئەو چاودێری خوا لەبەر چاو بگرین کە ئاگاداری هەموو هەڵس و کەوتمانە ، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە خوایەك هەیە ئاگاداری حاڵ و ماڵمانە هەروەك قورئان وا فێرمان دەکات.

- ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴾ [1] واتە : ئایا نەیانزانیوە کە خوا دەبینێت و ئاگای لە گوفتار و کردارەتی.

- ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴾ [2] واتە : سوێند بەخوا گومان لە وەنی یە کە ئادەمیزادمان دروست کردووە و دەزانین چی بە دڵ و دەروونی دا دێت ، ئێمە لە ئەو نزیکترین لە دەماری ملی ، کە شارەگی دڵیەتی.

- ﴿ وَأَسِرُّوا۟ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُوا۟ بِهِۦ ۖ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾ [3] واتە : خەڵکینە وەك یەکە بۆ ئێوە چ بەنهێنی قسە بکەن یان بە ئاشکرا ، ئەو زاتە بە هەموو ئەو خەتەرە و خەیاڵانەی دێن بەناخی سینەکاندا زانا و ئاگایە.

- حەیا یەکێکە لەو کردارە هەرە بەرز و پیرۆزانە کە پەیوەندی تەواویان هەیە بەناخی دڵەکان ، ئەگەر دڵی مرۆڤ زیندوو بوو ، ئەوا شەرم و حەیا کامڵ و

---

(١) سورة العلق. (١٤).

(٢) سورة ق. (١٦).

(٣) سورة الملك. (١٣).

تەواوە ، وە بەتەواوی جێگیر بووە لە دڵدا ، بەڵام ئەگەر ئەودڵە مرد و چاودێری خوای گەورەی لەسەر خۆی بەرجەستە نەکرد ئەوا شەرم و حەیا لەناو ئەو دڵە نامێنێ ، بەڵکو بەتەواوی لەناو دەچێ و خاوەنی ئەو دڵەش هیمەت و وەرەی بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات کە دەبێتە هۆکاری لە دەست دانی هێزی ئیرادەی.

– پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ : (ان مما أدرك الناس من كلام النبوة الأولى اذا لم تستحي فاصنع ما شئت) [1]

واتە : ئەوەی بەخەڵکی گەیشتووە لە قسە و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەرانی پێشوو ئەوەیە ئەگەر شەرم ناکەیت هەموو شتێ بکە. مانای وانی یە ڕێگا بدرێت کە هەموو کارێك لە خراپەکاری ئەنجام بدرێت وە شتێکی ڕەوابێ.

– (ان لكل دين خلقا و ان خلق الاسلام الحياء) [2] واتە : بەڕاستی هەموو ئایین و دینێك چەند ڕەوشتێکی جوانی هەیە بێگومان ڕەوشتەکانی ئایینی ئیسلامیش شەرم و حەیایە.

– (الحياء من الايمان ، و الايمان في الجنة ، و البغاء من الجفاء ، و الجفاء في النار) [3] واتە : شەرم و حەیا لە ئیمانە ، ئیمانیش لە بەهەشتدایە ، وە زمان پیسی و جنێودان و قسەی پڕو پووچ لە وشکی و بێ وەفاییە ، وشکی و بێ وەفاییش لە ناو ئاگری دۆزەخدایە.

---

(١) رواه البخاري و احمد.

(٢) حسن رواه ابن ماجة .

(٣) صحيح رواه الترمذي.

– (ماكان الفحش في شئ قط الا شانه و لا كان الحياء في شئ الا زانه) [1] واتە : هەرگیز قسەی پیس و نابەجێ و جنێودان لە هەر شتێك بێ ئیللا ناشیرینی دەکات ، وە شەرم و حەیا لە هەر شتێك بێ ئیللا جوان و ڕازاوەی دەکات.

– ئیمامی (ابن القيم الجوزيه) دەفەرموێ : شەرم کردن لەخوای گەورە ، جۆرێکی تر هیچ بیر و هۆشێکی ناگاتێ ، وە هیچ عەقڵ و ژیرییەکی بۆ بەس نییە ، چونکە بەڕاستی ئەو شەرم و حەیایە شەرمی کەڕەم و چاکەیە ، لەبەر ئەوە خوا خاوەن شەرمە و خاوەن کەڕەم و ڕێزە شەرم لە بەندەکەی دەکات کاتێ دەستی بەرز دەکاتەوە بۆلای بە بەتاڵی ڕەتی بکاتەوە و وەلامی نەداتەوە ، وە هەروەها شەرم لەو بەندەیە دەکات عەزابی بدات کە پیر و پەککەوتەیە لە ئیسلامدا پیربووە.

(هیمەت بەرزان شەرم لەخوا و فریشتە و لە خەڵك و خۆیان دەکەن)

– برا و خوشکی موسڵمان ، هیمەت و ئیرادەت بەهێز بکە لەوەی کە شەرم و حەیا بنوێنی لە ئاستی خوا ، ئەو شەرمەی کە خوا دەیەوێت ، هەروەك هاتووە لە فەرموودەی صحیح کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:

(استحيوا من الله حق الحياء ، قالو : انا نستحي يا رسول الله . قال : ذاكم . ولكن من استحيا من الله حق الحياء . فليحفظ الرأس و ماوعى و ليحفظ البطن و ماحوى ، و ليذكر الموت و البلى ، و من اراد الاخرة ترك زينة الدنيا ، فمن فعل

(١) صحيح رواه البخاري و احمد.

ذلك فقد استحيا من الله حق الحياء) [1] واتـه : بەڕاستی شـەرم بکـەن لـه خـوای گەورە ، هاوەڵان فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە شەرم دەکەین لـەخوا ، فەرمووی : ئەوەتان نالێم ، بەڵام کەسێ بەڕاستی شەرم لەخوا بکات با سەرو هـەموو ئەندامـەکانی سـەری بپـارێزێ لـه گونـاهو تـاوان ، بـا زگ و ئـەوەی پەیوەنـدی بـه زگ هەیـه بپـارێزێ لـه مـاڵی حـەرام و دامێنـی لـه خراپـه و خراپـەکاری هـەروەها زۆر بـیری مـردن و پزی بوونـەوەی لاشـەی بکـات ، هـەر کەسێ دوا رۆژی بووێ واز لە جوانی دونیا دێنێ، کەسێ ئـەوها بکـات بەڕاسـتی شەرمێکی ڕاستەقینەی لەخوا کردووە.

(شەرم کردن لە فریشتەکانی خوا)

بێگومان شەرم کردن ڕەوشتی جـوانی فریـشتەکانی خوایـه خـاتوو عائیـشه دەفەرموێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی : (الا تـستحي مـن رجـل تـستحي منه الملائكة) واتە : ئایا چۆن شەرم ناکەیت لە کەسێ کە فریـشتەکان شـەرمی لێ دەکەن . –مەبەستی ئیمامی عثمان ی کوڕی عفان بوو–

– هـەروەها لـه عائیـشەوە دەگێڕنـەوە کـه (حـەزرەتی جوبرەئیـل نەهاتـه ژووری پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر شەرم کردنی لـه عائیـشه ، ئینجـا جوبرەئیـل بـه دەنگێکی نزم و لەسەرخۆ بانگی پێغەمبەری کرد ، پێغەمبەریش بـه دەنگێکـی نزم و لەسەرخۆ وەڵامی دایـەوە ، پاشـان پێغەمبـەر فـەرمووی : ئـەی عائیـشه بۆیە جوبرەئیل نەهاتە ژووریێ و شەرمی کرد چونکە تـۆ جـل و بـەرگت داکـەنی

(١) حسن رواه احمد الترمذي.

بوون ، منیش وا گومانم برد که تۆ خەوتووی بۆیە پێم ناخۆش بوو لە خەو بەخەبەرت بهێنم) [1]

– ئیمامی (ابن القیم) دەفەرموویێ : هاوەڵان فەرموویانە بەڕاستی کەسانێك لەگەڵ ئێوەدان ، کە هەرگیز لێتان جیا نابنەوە ، ئینجا شەرمیان لێ بکەن و ڕێزیان لێ بگرن ، بێگومان چەند فریشتەیەکتان بەسەرەوەن کە کردەوەکانتان لەبەردەکەن و پارێزگاریتان لێ دەکەن ، بەڕێزن و هەموو کردارەکانتان دەنووسن.

– ﴿ وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ ﴾ واتە : لەقیامەتدا هەرکەسێ دێت دوو فریشتەی لەگەڵ دایە یەکیان بەپێش خۆی دێنێ ، ئەوی تر وەکو بەڵگە شاهیدی کردەوەکانی لەسەر دەدات.

بەڕاستی چاکانی پێشوو بە هیمەت و وردە بەرزبوون لە پارێزگاری کردن و خۆپاك کردنەوە لە گوناهو تاوان ، و شەرم کردن لە فریشتەکان پیاوی وا هەبووە لە چاکانی پێشوو (السلف الصالحین) بە فریشتەکانی دەگوت : بنووسە کردەوەکانم بنووسە ڕەحمەتی خوات لێ بێ ، هەروەها دەیانگوت : بەخێربێن ئەی فریشتەکانی خوا ، ئەمڕۆکە بێ خێرتان ناکەم ها بگرن لەسەر بەندەکەی خوا ، ئینجا دەستیان دەکرد بە زیکری خوا – سبحان الله و الحمد لله و لا اله الا الله –

(١) اخرجه مسلم و النسائي و احمد.

شەرم کردنی مرۆڤ لە خۆی.

بێگومان هەرکەسێك لە نێو خەڵك پیاوێکی شەرمن بێ یەبێ ئەندازە شەرم لە خەڵك بکات بەڵام شەرم لە خۆی نەکات ، ئەوا نەفسی ئەو پیاوە چەند لەلای خۆی هیچ و پووچە لەلای خەڵك زیاتر بە چاوێکی سووك و هیچ و پووچ سەیر دەکرێ ، چونکە ئەو خۆی دەبینێ کە زۆر سووکە و رێزی خۆی لەلانی یە کە شەرم لەخۆی بکات ، کەسێکیش شەرم لە نەفسی خۆی بکات بەڵام شەرم لەخوا نەکات ئەوا بەهیچ جۆرێ خوا ناناسێ .

– یەکێك لە پیاو چاکانی پێشوو دەفەرموێ : ئەگەر کەسێك کردارێکی بە نهێنی کرد ، شەرمی دەکرد بە ئاشکرا بیکات ئەوا هەرگیز رێز و قەدری نەفسی خۆی لا نی یە .

– شەرم کردن لە خەڵکی.

رەوشتێکی جوانی مرۆڤە ، کە شەرم بکات لە خەڵك .

– حذیفة– دەفەرموێ : هیچ خێر و چاکەیەك بەدی ناکرێت لە گیانی ئەو کەسەی کە هیچ شەرم لە خەڵك نەکات . واتە : بەرامبەر بە هەموو کەسێك بێ شەرم و بێ حەیا بێ پەردە لەنێوان خۆی و قسەکانی خۆی نەبێ ، هەر کە هاتە سەر زمانی بیتەقێنێ ، بۆیە دەبێ پیاوی موسڵمان لەنێو خەڵکدا رێزدار و شکۆمەندبێ قسە لەشوێن و کاتی خۆی بکات ، بەرامبەر بە پیاوی خۆی نەك کەسێك کە قسە وەرنەگرێ و رێزی بۆ دانەنێ.

– مجاهد– دەفەرموێ : ئەگەر پیاوی موسڵمان هیچ شتێ فێرنەبوو وە پێ ی نەگەیشت لە برا موسڵمانەکەی تەنها شەرم لێ کردنی وای لێ کرد کە وازبێنێ

لە گوناهو تاوان ، ئەوەندە بۆ ئەو بەسە .

– پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموویێ : (ماكرهت ان يطلع عليه الناس فلا تفعله) [1] واتە : ئەو كارەی كە پێت ناخۆشە خەڵكی بتبینن لەسەری ئەوا مەیكە ، چونكە مادام لە خەڵك شەرم دەكەیت لەخواش بەڕێگای ئەولاتر شەرم بكە .

(بەسەرهات)

– ابو الفتح – دەڵێ : پیاوێك بەدوای ئافرەتێك كەوت لە كچەكانی شام بوو ، خۆی بۆ نیشان دا و هەڕەشەی لێ كرد حەربەیەكی بەدەستەوە بوو هەركەسێ لێ ی نزیك بووایەوە بەم حەربەیە بریندارای دەكرد ، هەتا بڵێ ی پیاوێكی بەهێز و قەڵەوبوو ئافرەتیش لەبەر دەستی هاواری دەكرد ، لە ناكاو (بشر) ی حافی بەوێ داهات شانی خۆی لە شانی پیاوەكەدا یەكسەر كەوتە خوارێ ، (بشر) یش ڕۆیشت ، كە لە پیاوەكە نزیك بوونەوە عەرەق لێ ی دەباری ئافرەتەكەش بەڕیگای خۆی دا ڕۆیشت ، پرسیاریان لەو پیاوە كرد چی بوو ؟ بۆچی ئەوها بەئاسانی كەوتیتە خوارێ ؟ گوتی : نازانم تەنها پیاوی پیری ڕیش سپی هات و ملی لە ملم دا گوتی : بەڕاستی خوا ئێستا سەیرت دەكات ، منیش هەردوو قاچم بێ هێز بوون ، كەوتمە خوارێ لەشەرمان ، بەڵام پێم بڵێن ئەو پیاوە كێ بوو . گوتیان : ئەوە پیاو چاك (بشر) ی حافی بوو ، گوتی : وای لە تاوانم وای لە حەیام ئابڕووم چوو ، بەیانی چۆن سەیرم دەكات بە چ ڕووێك بچمەوە لای ، دەڵێ : لەو ڕۆژەدا لەشەرمان تووشی یەك گرانەتا

(١) حسن رواه ابن حبان.

بوو لەڕۆژی حەوتەم گیانی دەرچوو مرد. [1]

شاعیر دەڵێ :

دڵـــە بـــۆ هـــەوەس ملـــم مەشـــکێنە
ڕێ ی ڕاســـــتی ژیـــــنم لێ مەشـــــێوێنە

بـــۆ تـــەنها خۆشـــی چـــەند ســـاتێکی کـــەم
خـــــالقی کـــــەونم لێ مەڕەنجێنـــــــە

* * *

کۆتایی و تەواوی حەیا و شەرم ئەوەیە کە پیاوی موسڵمان لە (حق) شـەرم نەکات ، بەهەر جۆرێ بێت باسی بکات ، زانایـان دەفـەرموون : ئەگـەر کەسـێ شـەرمی کـرد (حـق) بڵـێ ئـەوا بـەپیاوێکی ترسـنۆك دادەنـرێ . پێغەمبـەری سەروەرمان بەخۆی پیاوی بە حەیاو شەرم بـووە ، فەرمانیـشی پـێ کـردووە ، لەگەڵ ئەوەشـدا هـەرگیز شـەرم و حەیاکـەی لـە ئاسـتی (حـق) و ڕاسـتیدا بـێ دەنگـی نـەکردووە هـەر گوتویـەتی ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْيِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾[2] واتـە : بەڕاستی خوای گەورە لە هیچ شتێکی (حق) شەرم ناکات و دەیڵێ.

(١) صلاح الامة في علو الهمة – مبحث – علو الهمة في الحياء.

(٢) سورة الاحزاب. (٥٣)

(هیمەت بەرزی هاوەلآن لە شەرم و حەیادا)

– پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (أحى أمتي عثمان ، و الحياء من الايمان)[1]

واتە : لە ئومەتەکەمدا لە هەموو کەسێ بە شەرم و حەیاتر عوسمانە وە شەرم و حەیاش بەشێکە لە باوەڕ.

– شێخ حسن ی بەسری دەفەرموێ : ئەگەر ئیمامی (عثمان) لەمالێ بوایە و دەرگاشی لەسەر خۆ داخستبایە هەرگیز جل و بەرگی دانەدەکەنی بۆ ئەوەی خۆی بشۆرێ شەرم و حەیا وای لێ کردبوو کە پشتی ڕاست ناکاتەوە بۆیە مەشهور بوو لەنێو هاوەلآن کە ئیمامی (عثمان) پیاوێکی ڕیش سپی جوان و پشت کووڕ بوو هەر دەتگووت بە کوڕی لەدایك بووە ، نەخێر شەرم کردن لەخوا وای لێ دەکات کە سەری بەرز نەکاتەوە.

– (أبوبكر) ی صديق وتاری بۆ خەڵك دا ، فەرمووی :

ئەی خەڵکینە زۆر شەرم لە خوا بکەن چونکە سوێند بەخوا لەوەتەی دەستم لەناو دەستی پێغەمبەر ناوە (البيعة)، نەچوومەتە سەر قەزای حاجە ئیللا لە شەرمی خوا سەر و دەم و چاوم داپۆشیوە.

– ئیمامی (عمر) دەفەرموێ :

هەر کەسێك شەرم و حەیای کەم بێ ئەوا پارێزکاریشی کەم دەبێ ، کەسێك پارێزکاری کەم بێ دڵی دەمرێ .

---

(١) صحيح رواه ابن عساكر.

– محمد– ی کوڕی فضیل دەفەرمووێ : لەوەتەی چل ساڵە هـەنگاوێکم بـۆ غەیری خوا نەناوە ، هەروەها لەوەتەی چل ساڵیشە سەیری شـتێکم نـەکردووە کە پێم جوان بێ لەشەرمی خوا.

– خاتوو عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەچێتە سەر هەردوو گۆڕی پێغەمبەر و ابوبکر ، پۆشاکی باڵا پۆشی خۆی دادەنێ و خۆی تەنها دەکات لەوێ ، کـاتێ کە پێشەوا (عمر) ی کوڕی خطاب وەفاتی کرد لەوێ نێژرا لەبەر شەرمی (عمـر) خۆی داپۆشی و بە پۆشاکی باڵا پۆشی دەچووە زیارەتی هەرسێکیان.

– تێبینی – بۆیە خاتوو عائیشە بەو جۆرە زیارەتی دەکرد پۆشـاکی خـۆی دادەنا لەبەر ئەوە هەردووکیان (پێغەمبەر و ابوبکر) خانـەوادەی خـۆی بـوون ، کچی ابوبکر و خێزانی پێغەمبەریشە (ﷺ).

مەبەست لە دانانی جل وبەرگ ئەوە نی یە کە هەمووی دانابێ بەڵکو حیجاب و عەباکەی کە بۆ دەرەوە لەبەری دەکردن – (رضي الله عنهم اجمعين).

– جـەراحی کـوڕی عبـدالله دەڵـێ : چـل سـاڵ وازم هێنـا لـە گونـاهو تـاوان لەشەرمی ، خوا پاشان گەیشتمە پلەی پارێز کار (الورع . الوريع . المتورع)

– قورئـان بـاس لـە شـەرم و حـەیای یـەکێك لـە کـچەکانی پیـاوە چـاکەکە حەزرەتی (شعیب) دەکات کە نمونەی شەرم و حەیابوو لەنێو ئافرەتاندا ، کاتێ دێتە لای پێغەمبەرێکی لاوی جوان ی بەنی ئیسرائیلی حەزرەتی موسـی (علیـه السلام) ، دوای ئەوەی کە مەڕ و مالاتی لە بیرەکـە بـۆ کـچانی (شـعیب) ئـاودا ، دەفـــــەرمووێ ﴿ فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا تَمْشِى عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِى يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا ۚ فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ ۖ

نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾

واتە : یەکێك لە کچانی شعیب هات لەسەر پەردە و پۆشاکی شەرم وحەیا دەڕۆیشت سەری نزم کرد و فەرمووی : باوکم بانگت دەکات بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوەت بداتێ کە مێگەلّەکانت بۆ ئاوداین.

– با ئازایەتی خۆت شان و شەوکەتت وات لێ نەکات کە پەردەی شەرم و حەیا لابدەیت لە نێوان خۆت و خوا ، توخنی گوناهو تاوان بکەویت لە کاتێکدا تەنها خوا لێت دیارە و بەس.

–پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ: (لأعلمن أقواما من أمتي يأتون يوم القيامة بحسنات أمثال جبال تهامة بيضاء فيجعلها هباء منشورا . قال ثوبان : يا رسول الله . صفهم لنا . الا نكون منهم ، ونحن لا نعلم ، قال : اما انهم اخوانكم ، و من جلدتكم و يأخذون من الليل كما تأخذون ، و لكنهم أقوام اذ خلو بمحارم الله انتهكوها) [1]

واتە : سوێند بێ ، گەلانێکی لە ئوممەتم زانیوە کە پۆژی قیامەت دێن بە چاکەیەکی یەکجار زۆر وێنەی چیاکانی تیهامەی خواروی سپی مەکە ، خوای گەورە ئەو خێر و چاکەیە دەکات بە تۆز و گەردەلولە ، (ثوبان) گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا بۆمان باس بکە نەوەك ئێمەش لەوان بین و نەزانین ، پێغەمبەر فەرمووی: ئەوان برای ئێوەن ، لە گۆشت و پێستی ئێوەن ، وەکو ئێوە شەوان شەو نوێژ دەکەن ، بەڵام ئەوان کەسانێکن هەر کە بۆیان هەڵکەوت لە قەدەغە کراوەکانی خوا سنوور دەشکێنن و پەردەی شەرم و حەیا نامێنێ لە نێوان

(١) صحيح اخرجه ابن ماجة و صححه المنذري في الترغيب.

ئەوان بەرامبەر بە خوا.

- مجاهید لە تەفسیری ﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴾[1] دەفەرموێ : ئەگەر پیاوێك هەر كە بۆی هەڵكەوت لە گوناهو بێ ئەمری خوا ، سنوور ناشكێنی و دەست بەجێ بیری ئەو شوێنانە دەكات كە لەلای خوا داندراون بۆ بەندە لەخوا ترسەكان و واز دێنێ و خۆی بەدوور دەگرێ لێ ی لەبەر پەزامەندی خوا.

- ابن الجوزی - دەفەرموێ : سوێند بە خوا - پیاو - كە سێكە كە بەتەنیا بوو لەگەڵ ئەوەی كە حەرامە لێی و تواناشی هەیە ئەنجامی بدات تینوێتی گوناهەكە تووشی دڵە ڕاوكێ ی بكات - واتە : دوو دڵ بوو ئایە ئەم كارە بكات یان نەیكات - بەڵام بەچاوی دەروون سەیرێكی كرد و بینی كە سەیركردنی حەق لەوە نی یە ئیتر دەس بەجێ شەرم دایدەگرێ لەبەر خەمەكەی كە پێ ی ناخۆشە ، بەڵام كە وازی هێنا خوای گەورە تێنوێتی ئەم گوناهەی لەدڵدا لادەبات.

شاعیر دەڵێ:

و اذا خلوت بريبة في ظلمة و السنفس داعية الى الطغيان
فاستحي من نظر الاله و قل لها ان الذي خلق الظلام تراني

واتە : هەركاتێ لەگەڵ گوناهێكی گومانباوی بویت بەتەنیا لە چۆڵی و تاریكانی، نەفسیش بۆ خراپەی دەڕوانی . شەرم لە بینینی خوا بكە بە دیار و

(١) سورة الرحمن (٤٦).

بە پەنهانی پێ ی بڵێ ئەوەی تاریکی دروست کردووە ئێستا وا لێم دەڕوانێ.

– پێشەوا – حسن – دەڵێ : چوار شت هەن ئەگەر لە کەسێ بێتەجێ ئەوا پیاوێکی کامل و تەواوە . ئەگەر لەو چوار شتەش تەنها خۆی بەیەکێك هەڵواسی ئەوا دەبێ بە گەورە و چاو ساغ و سالّحی قەومەکەی ، دینێك کە ڕێنمایی بکات بۆ چاکە ، عەقڵێك کە هێز و بەردەوامی پێ ببەخشێت ، نەژاد و نەسەبێك کە ببپارێزێت ، شەرم و حەیایەك کە بەڕێوەی ببات. واتە : ئەم شەرم و حەیایە نەهێڵێ کاری خراپ بکات و بۆ چاکە ڕابکێشێ.

– ابن عطاء – دەڵێ :

زانستی هەرە گەورەتر ، شەرم و حەیا و گرانی و سەنگینی یە ، هەر کاتێ ئەو شەرم و گرانی و سەنگینی یە نەما ، ئەو دڵەش هیچ خێر و بێرێکی لێوە ڕەچاو ناکرێ .

– یحیی ی کوڕی معاذ – دەڵێ:

پاکی و پیرۆزی بۆ ئەو خوایەی کە بەندەیەبێ ئەمری دەکات ئینجا خوا شەرم لە مووی سپی ئەو دەکات.

کەواتە : تۆش شەرم لەخۆت بکە و پەردەیەکی پۆلایین دابنێ لەنێوان خۆت و گوناهو تاوان ، وە پەردەی موناجات لەنێوان خۆت و خوات لابدە بە وازهێنانت لە گوناهو تاوان.

تاکو دیدار بەخواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ

و صلى الله و سلم و بارك على سيدنا محمد و على اله و صحبه

وانەی یانزەم :
(هیمەتی بەرزی گەنجان)
-علوّ همة الشباب-

الحمد لله ربِّ العالمين، وصلى الله وسلم وبارك على سيِّدنا وإمامنا وقائدنا محُمَدٍ وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين ....

ربِّ إشرح لي صدري ويسري لي أمري واحلل عقدة من لساني يفقهو قولى.

بریان و خوشکانی موسلّمان، سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لەسەر بێ خۆشحاڵین کەوا بەیەکتر گەیشتینەوە لە یانزەهەم (١١) وانە، لە زنجیرە وانەکانی (هیمەتی بەرزی) داواکارم لەخوای پەروەردگار کەوا هەموو لایەکمان لێی بەهرەمەند بین و، وە ببێ بە تۆێشوی دواڕۆژمان إن شا ءالله.

ئازیزانم: لە خزمەت ئێوەی زۆر بەڕێز و سەنگین باس لە بابەتێك دەکەین لە ژێر ناونیشانی –هیمەت بەرزی گەنجان–

شاعیر دەڵێ:

شـــــباب ذلّلـــــوا سُـــــبُلَ المعـــــالي
ومـــــا عَرفـــــوا ســـــوى الإســـــلام دينـــــاً *

وان شـــــهدو الـــــوغى كـــــانو كُمـــــاةً
يَـــــدكّوُن المعاقِـــــلَ والحـــــصونا *

وأنْ جـــــن المـــــسآء فـــــلا تَـــــراهُم
مـــــن الإشـــــفاق إلاّ ســـــاجِدينا *

واتە: گەنجان ئەوانەن کە ڕێچکە و ڕێگاکانی خۆ بەزل زانینیان بێ هێز و زەلیل کرد، جگە لەئیسلامیش هیچ ئاینێکی تریان نەدەناسی و ڕەفتاریان پێ نەدەکرد، هەرکە بەشداریان دەکرد لە جەنگێك هەموویان بە ئازایەتی و نەبەزیان وەك شێر دەیاننەڕاند قەڵا و سەنگەرەکانیان دەهەژاند، ئەگەر دەبوو بە شەو هەرگیز چاوت پێ نەدەکەوتن لە تاریکی مەغریب و ڕۆژئاوادا مەگەر لە کڕنۆش و سوجدەوا نەبان:

ئەگەر گەنجانی وڵات هیمەت و ئیرادەیان ڕووخا ئەوا دڵنیابە کە وڵاتیان ڕووخا، چونکە ئەوانەن کە لە سەنگەرەکان شەونخوونی دەکەن بۆ ئازادی وڵات و دەوربەریان، بۆیە ئەوەی کە زۆر پێویستی بە ئیرادە و هیمەتێکی بەرزە ئەوا چینی گەنجە لەناو هەموو چین وتوێژێك ئەوان زیاتر جێی پەنجەیان دیارە و مێژوو زۆر سوپاسی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوانی کردووە، ئەوانەی لە دەوری پێغەمبەر بوون (ﷺ) کێ بوون....؟

بێگومان گەنجانی وەك (علی)ی تەمەن (١٥) سالان و بلال و عمار و صهیب و عبدالله ی کوڕی عباس..هتد بوون کە تاکوو کۆتایی دنیا مێژوو ناویان و کۆششیان لەبیر ناکات، بۆیە گەنجانی دەوری پێغەمبەر لە پیاو و ئافرەتان نموونەی هیمەت بەرزی بوون، کە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە ڕۆڵی ئەوان لەم سەردەمەدا ببینین لەهەوڵ و کۆشش و خزمەتکردنی ئایینی خوا و سەرخستنی پێغەمبەر و پەیامەکەی، لە کاتێك کە دوژمن لەولا و لەم تەڵەی فێڵ و خەڵەتانی بۆ سازداین، ئەگەر ئیرادەمان بەهێز نەبێ و بەسەر ئارەزووی خۆمان زاڵ نەبین ئەوا هەرگیز ناتوانین بەرەنگاری دوژمن ببینەوە:

بۆیە ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم مەیدان ومینبەرەدا ڕایبگەیەنم بە گەنج و

لاوی موسڵمان لە کوڕ و کچ، ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین باوی پەرتەوازە و ڕقەکاری و دووبەڵەکی نەماوە، ڕۆژ ڕۆژی هەوڵ دانە بۆ مەبەست بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ چ مەبەستێك؟

بۆ خزمەتی دینەکەت بە ئامۆژگاری کردنی برا و خۆشکی موسڵمانت، بە دەرهێنانیان لە چاڵی تاریکی تاوان و سەرقاڵ بوون بە تێرکردنی ئارەزوویان نەك هەر خەریك بوون بە خۆت و فەرامۆشکردنی برا موسڵمانەکەت.

وە دەبێ ئەوەش بزانین کە هەتا پیاوانی چەرخی ڕابردوو لە گەنجانی هاوەڵ و چینی دوای ئەوانیش لە شوێن کەوتووان (التابعین) و چاکانی پێشوو نەکەین بە پێشەنگ و چاوساغی خۆمان و پێ بەپێی ئەوان ڕەفتار نەکەین ئەوا هەرگیز ناگەین بە کاروانی سەرکوتووان و ئاوی بەختەوەری نۆش ناکەین. چونکە هۆکارەکانی سەرکەوتن و باڵابوون بەوە دەدۆزینەوە کە لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕەفتار بکەین و وە ئامۆژگاری لە پیاوانی پێش خۆمان وەربگرین:

(لە خزمەت پێغەمبەردا) (ﷺ)

لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) زۆر پەند و ئامۆژگاری زێڕین وەردەگرین، لە کاتێك کە دەبینین ئۆممەتێك لە دەوریدا کۆبوونەتەوە بە دڵسۆزی تێدەکۆشن بۆ سەرخستنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام و ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە بۆ گوێی هەموو جیهاندا، بێگومان ئەوەش دڵ و گیانی فارس و ڕۆمی هەژاند، ترسی دروست کرد لە دڵیان لە دور و نزیك، ئایا هۆکار چی بوو؟

بۆچی پیغەمبەر توانی لەماوەی بیست وسێ ساڵدا ئەو ئازادیە بگرێتە

دەست و دوورگەی عەرەبی پاك بكاتەوە لە هەموو زوڵم و ستەم، بێگومان كۆمەڵە كەڵە پیاوێكی لە دەوردا بوون تەمەنیان لە چل ساڵ پەت نەكردبوو، ئازا و بوێر، چاونەترس و دلێر، خۆیان و ماڵ و سامانیان بەخت كردبوو لە پێناو خوا و سەرخستنی پێغەمبەردا (ﷺ). ئەگەر بڕیاری دا بۆ تێكشاندنی هێزەكانی دوژمن كە لە ئەندازە بەدەر بوو كێ خۆی بۆ تەرخان دەكرد؟ لە ڕاستیدا كەسانێكی وەك پێشەوا (علی) و (سعد)ی كوڕی ئەبو الوقاص و (ابو عبیدە) و (عمر)ی كوڕی خطاب....و هتد مەیدانیان بە شمشێر و ئەسپەكانیان تاودەدا، وە ئەگەر فەرمانی پێ بكردبان بۆ شارەزابوونیان، و داواكردنی زانست و زانیاری ئەوا مەیدانی عیلم و زانست چۆڵ نەدەبوو و هەمیشە پیاوانی وەك عبدالله ی كوڕی عباس و معاذي كوڕی جبل و زید ی كوڕی ثابت و عبدالله ی كوڕی مسعود كۆڕی زیكر و زانستیان دەبەست باسیان لە فەرمودەكانی قورئان وسوننەتەكانی پێغەمبەر دەكرد.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: -(حالفني الشبابُ و خالفني الشيوخ)

واتە: گەنجان بە هیمەتەوە شوێنم كەوتن و پیرانیش پشتیان تێ كردم و گەنجان: وەكو علی و عمار و ابو ذر و بلال و ....هت.

پیران: وەك عتبە و ابو جهل و أبی كوڕی خلف.....هتد.

-هەروەها دەفەرموێ: (نُصِرْت بالصَّبا)[1] أي بالشباب والفتيان، أي الرياح الشرقية

واتە: یارمەتیم درا و سەركەوتم بەسەر دوژمندا بەهۆی گەنج و لاوانەوە.

---

(١) صحيح البخاري ٩٧٧-الرياح الشرقية يقال لها القبول

بۆیە دەبێ گەنج بزانێ کە پابردوویکی پۆشنی هەیە و نابێ داهاتووەکەی تاریك بکات بە کارنەکردن و هەوڵ نەدان بۆ وەدەست هێنانی بەختەوەری دنیای و دین.

حەفصەی کچی سیرین دەفەرموێ:

(ئەی کۆمەڵەی گەنجان کار بکەن و با جێگای پەنجەتان دیار بێ چونکە بەڕاستی من بینیومە کارکردن و هەوڵ دان تەنها لە گەنجان بەدی دەکرێ.

بۆیە ئەم تەمەنە جوان و زێڕینە سپاردەی بەروەردگارە و لێی پرسینەوەی لەسەرە تۆی گەنجی موسڵمان نابێ بەزایەی بدەیت بەڵکو دەبێ وەك (بلال و صهیب و عمار) ئاسا ڕەفتاری لەگەڵ بکەیت و پێ بە پێی ئەوان هەنگاو بنێیت.

-(لاتزول قدما إبن آدم یوم القیامةَ عندَ رَبِهِ حتی یسأل عن خَمسٍ: عن عمرهِ فیم أفناهُ، وعَنْ شَبابِهِ فیما أبْلاهُ وعن مالهِ منْ أینَ اکتسبهُ وفیم أنفَقَهُ، وماذا عملَ فیما علم)[1].

واتە: هەردووك قاچەکانی ئادەمیزاد تێپەڕ نابێ لە ڕۆژی قیامەت لەلای خوای گەورە، تاکو پرسیاری پێنج شتی لێ نەکرێ-واتە ناچێتە پێش و لە مەیدان ڕاوەدەستێ- پرسیاری لێ دەکرێ لە تەمەنەکەی کەوا لە چی بەسەر بردوە و بۆچی بەکار هێناوە، وە لە گەنجایەتیەکەی، کەوا لە چیدا پیرکرد و چۆن لەناوی برد، و لە مالّ و سامانەکەی، کە لە کوێ پەیدای کردبوو، وە لە چی خەرج کردبوو، وە چ کردارێکی ئەنجام دابوو بەو زانستەی کە فێر ببوو؟

---

(١) حسن رواه الترمذي عن إبن مسعود.

ئینجا ئەوانەی کە باوەڕیان هێنابوو بە پێغەمبەر و یارمەتیان دەدا و هەوڵیان دەدا بۆ سەرخستنی، وە رێزیان لێ دەنا کێ بوون ئەوان...؟ بێگومان ئەوانە چینی گەنجان بوون،ئەوەتا یەکەم کەس کە نوێژ دەکات لە دوای پێغەمبەر و خاتوو خدیجەدا پێشەوا (علی) بوو کە جوانترین و شایستەترین پێشەنگ بوو بۆ گەنجانی سەردەمی خۆی.

(هیمەت و بەرزی گەنجان لە میژوودا)

١-أسامەی کوڕی زەید: خۆشەویست و کوڕی خۆشەویست لەلای خۆشەویست (ﷺ) بێگومان زیدی کوڕی حاریسە کە زۆر خۆشەویست بووە لەلای پێغەمبەر بە باڵابوونی أسامەش هەمان خۆشەویستی دەگوازێتەوە بۆ ناو ناخی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) بۆیە ناوی دەنێ (الحب بن الحب) خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست بەڕاستی بەهرەیەکی گەورەیە بۆ أسامە- کاتێك کە پێغەمبەر ڕەوانەی دەکات و دەیکاتە گەورەی قەومێك ئەو قەومە تانەو تەشەنە- لەگەورایەتی و ئەماڕەتی اسامە دەدەن پێغەمبەر زۆر دڵی عاجز دەبێ دەفەرموێ:

(إن تطعنُوا في إمارته فقد طعَنتُم في إمارة أبيهِ، وأيْمَ الله لقد كان خليقاً للإمارة، وإن كان من أحب النّاسِ إليّ، وان هذا لَمِنْ أحب النّاسِ إلى بعدهُ) [1].

واتە: ئەگەر ئێوە تانە لە گەورایەتی و ئەماڕەتی (اسامە) بدەن ئەوا تانەتان لە ئەماڕەتی باوکی داوە، سوێند بەخوا ئەو بۆ گەورایەتی و

(١) رواه البخاري ومسلم والترمذي في فضائل الصحابة.

سەرکردەبوون دروست ببوو، ئەگەر ئەو خۆشەویسترین کەس بووە لەلای من، ئەوا ئەوەی لە دوای ئەویش دێت–مەبەست (اسامه)یە–خۆشەویستترین کەسە لەلام.

–لەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینە دەچێتە مەککە وە موسڵمانان لەگەڵ پێغەمبەردا بەڕێ دەکەون تاکو مەککەی پێڕۆز ئازاد دەکرێ ئینجا لەو ڕێگایەدا پێغەمبەر (اسامه)ی کوڕی زید لە پشتی خۆی سواری وولاخەکەی دەکات.

–ئیمامی (عمر) (ڕەزای خوای لێ بێت) کە شتێکی دەبەخشی بە عبدالله ی کوڕی خۆی لە پێشتردا دەیبەخشی بە (اسامه) ئینجا بە عبدالله.

–بڕوانە لەکاری أسامه بزانە چی دەکات وەچی دەسپێرن لەکاتێك کە تەمەنی لە بیست (٢٠) ساڵان ڕەت نەکردبوو.

–پێش ئەوەی کە پێغەمبەر وەفات بکات (أسامه) دەنێرێت وەکو سەرکردەیەکی زانا و دانا و لێهاتوو لەسەر لەشکرێك، بۆ سەر لەشکری ڕۆمەکان ئینجا کە دەگەڕێتەوە گەڕانەوەکەی پڕە لە سەرکەوتن و سەلامەتی و مالّی غەنیمە، دەڵێن:

دوو مانگ، یان (٣٥) ڕۆژی خایاند لەو کاتەدا (هرقل) پاشای ڕۆم لە (حمص)ی وڵاتی شام بووە، کاتێ کە هەواڵی ئەو گەنجە پاڵەوانەی پێ دەگات کەمپی کردووە لە هێز و لەشکرەکەی، ئینجا بانگی هەندێکیان دەکات پێیان دەڵێت: ئا ئەوەبوو، –ئەو پیاوە بوو– کە من ئێوەم لێ ئاگادار دەکرنەوە، بەڵام ئێوە لێتان وەرنەگرتم، بێگومان عەڕەب لە مەسافەی یەك مانگ دوور بن لێتان ئێوە زراوتان لێیان دەچێ دەگۆڕێن ئەمما چ گۆڕانێك ترس دروست دەبێ لە دڵتان بەرامبەریان. ئینجا بەسەرتان زاڵ دەبن و هەر

بریندارییش نابن و بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە[1].

-ئیمەش دەڵێین: صدقت یا رسول الله. ڕاستت کرد ئەی پێغەمبەری ڕاست گۆ کە فەرمووت: (نُصِرْتُ بالرعب من مسيرة شهر)

واتە: سەرکەوتوو بووم بەسەر دووژمن لەبەر ئەوەی ترس دێخمە دڵی دووژمن لە دووری یەک مانگ.

٢-ئیمامی (علی)ی کوڕی ابو طالب (ڕەزای خوای لێ بێت): ئەو گەنجە بوو کە نموونەی گەنجان لە ئازایەتی و نەبەزی لە ڕۆژی بەدری گەورەدا، گەورەترین پاڵەوانی قورەیشی کوشت کە (شیبە)ی کوڕی ڕەبیعە بوو، لە ڕۆژی ئوحود سانّی سێیەمی کۆچی پانزە نەفەری کوشت بە دەستی خۆی لەوانە: أمیەی کوڕی ابو حوزەیفە و عبدالله ی کوڕی حمیدی کوڕی زهیر.

هەروەها لەڕۆژی (الاحزاب) غەزای خەندەق، گەورەی هەموو پاڵەوانەکانی کوشت کە زۆر لە خۆی بایی ببوو، کە (عمرو)ی کوڕی (وُد) بوو، لەو کاتەی بانگی یەکێک لە موسڵمانان دەکات کە بێتە مەیدان و زۆرانبازی لەگەڵ بکات، کەس وەڵامی نەدایەوە جگە لە (علی). پێغەمبەر فەرمووی دانیشە ئەی (علی) ئەوە (عمرو)ی کوڕ ودە فەرمووی: ئەگەر ئەویش بێ من بۆی دەچم ئیزنم بدە، ئینجا پێغەمبەر ئیزنی دا و دوعای سەرکەوتنی بۆ کرد، کە چووە مەیدان (عمرو) گوتی: من گوتم با کەسێکی هاوشانی خۆم بێ نەک تۆی منداڵ، (علی) گوتی نەخێر من بۆت دێم، (عمرو) گوتی من دەستم ناچێتە خوێنت لەبەر ڕێز و پیاوەتی باوکت لەگەڵم (علی) گوتی: دەنا من چاک دەستم دەچێتە خوێنت، ئینجا کە حەڕبەیەکی لێدا و خستیە خوارێ و بریندارى کرد. (علی) ڕوی

(١) الطريق الى دمشق، احمد عادل كمال.

وەرگێڕا، لێیان پرسی بۆچی ڕووت لێی وەرگێڕا؟ فەرمووی: هەرکە کەوتە خوارێ عەورەتی بەدیار کەوت بۆیە خۆم لێی لادا پاشان زەربەیەکی تری بە شمشێری لێدا و کوشتی، ئینجا موسڵمانان بەدەنگی بەرزەوە (الله اكبر)یان کرد.

٣-گەورە و سەرکردەی گەنجانی بەهەشت نەوە و بۆنخۆشەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دوو کوڕە خۆشەویستەکانی فاطمەی زەهرا (حسن) و (حسێن) ڕەزای خوایان لێ بێ:

-ابو بکر دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر بوو لەسەر مینبەر (حسن)ی لەلای خۆی دانابوو، جارێك سەیری خەڵکی دەکرد وە جارێك سەیری ئەوی دەکرد. دەیفەرموو: (ابني هذا سيد ولعل الله ان يصلح به بين فئتين عظيمتين من المسلمين) [1].

واتە: ڕۆڵەکەم (حسن) گەورە و بەڕێزە ئومێد دەکەم کە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو دوو کۆمەڵەی گەورەی موسڵمانان ئاشتەوای پێ بکەن و شەڕ و دوژمنایەتیان نەمێنێ لە نێوانیاندا.

٤-معاذ ی کوڕی جبل لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا دەبێتە دۆستی قورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

-پێغەمبەر دەفەرموێ: (كان اعلم الناسِ بالحلال والحرام).

واتە: معاذ لەهەموو خەڵکی شارەزاترە بە حەڵاڵ و حەرام.

(عمر)ی کوڕی خطاب دەفەرموێ: (لو لا معاذ لهلك عمر) بێگومان ئەوە لە کاتێکە لەمەسائیلێکی حەڵاڵ و حەرام لە ئارادا بووە ئەو باشتر پێکاویەتی

(١) رواه البخاري.

بۆیە دەفەرموێ: ئەگەر لەبەر معاذ نەبێ ئەو (عمر) بەهیلاك چووە.

زانست و زانیارییەکەی گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە هەموو هاوچەرخانی ئەو پێویستیان بە زانستی ئەوە، وە خەڵکی بەرامبەر زانستی ئەو ملکەچە دەڵێن: کاتێ کە هاوەڵان قسەیان لەسەر بابەتێك دەکرد ئینجا ئەگەر معاذ لەوێ بایە ئاوڕیان لێ دەدایەوە لەبەر شەرم لێ کردن و دانانی ڕێز و قەدر بۆی، وەك چۆن کەسێك قسە بە ترس دەکات لەبەر گەورە و مامۆستاکەی جارێ سەیری مامۆستای دەکات و جارێ سەیری کتێبەکەی دەکات ئەمەش گەنجێکە و قوتابی ی لێهاتووی قوتابخانەی پێغەمبەرایەتی لە خەلافەتی ئیمامی (عمر) وەفات دەکات تەمەنی لە (٣٣) سالآن ڕەت ناکات (ڕەزای خوای لێ بێت).

٥-مصعب ی کوڕی عومەیر: یەکەم کەس کە شاری مەدینەی فەتح کرد، وەك پەیامنێرێك خۆی و پەیامەکەی چووە شاری مەدینە ئیسلامی بڵاوکردەوە بە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا و مالێ نەبوو باسی خوا و پێغەمبەری تێدا نەکرێ ئەتوانم بڵێم تەواو سازی کرد و ئامادەی کرد بۆ پێغەمبەر و هاوەڵان کە هاتن بۆ ئەوێ بێگانە نەبوون بەڵکو هەموویان خاوەن مالێ و خانەوخۆ بوون لەمەدینە، چونکە دەمێکە گەنجێکی دەست پاك و دەمپاك بە خەڵکی مەدینەی ناساندوون، بۆیە لە چاوەڕوانی ئەوان بوون تاکو گەیشتنە قوبا و مەدینە.

-(برا ء)ی کوڕی عازب دەفەرموێ: (یەکەم کەس کە چوو بۆ مەدینە مصعب و عبدالله ی کوڕی ئوم مکتوم بوون و پاشان عمار ئینجا بلال[1].

لە ڕۆژی ئوحود سالّی سێیەمی کۆچی شەهید کرا، لەو کاتەی کە هەڵگری ئالای ئیسلام بوو، دەستی ڕاستەی برا بە دەستی چەپی گرت پاشان دەستی

(١) رواه البخاري.

چەپیشی برا بە هەردووك قۆڵی گرت و هەر کۆڵی نەدەدا، ئینجا پەیکیان تێگرت خۆی و ئالاکەی کەوتنە خوارێ گیانی بەزەفری دەرچوو گەیشت بە کاروانی شەهیدان لە بەهەشتی بەریندا (رەزای خوای لێ بێت).

٦-زیدی کوڕی ثابت: کۆکەرەوەی سوڕەتەکانی قورئان (ئیمامی ئەبو بەکر و عمر پرس و ڕایان پێ کرد و داوایان لی کرد بۆ کۆکردنەوەی قورئان)[1].

-ابن عباس دەفەرموێ: بەڕاستی زانایانی ئەو سەردەمە کە مێژوویان لەبەرە زانیویانە کە زەیدی کوڕی ثابت یەکێکە لەو زانا هەرە بەرز و پایەدارانەی کە لە عیلم و زانستدا ڕووچون.

-هەروەها دەفەرموێ: لەو ڕۆژەی کە تێیدا وەفاتی کرد بەڕاستی ئەمڕۆکە زانست و علمێکی یەکجار زۆر نێرڕا.

٧-پێشەوای ئوممەت و یاریدەدەری سوننەت ئیمامی (الشافعی)، وەك گەنجێك لە تەمەنی گەنجێتیدا کە تەمەنی لە بیست سالآن ڕەت نەکردبوو بۆ فەتوادان دانیشت و دەستی کرد بە شیکردنەوەی مەسائیلی شەرعی و سەر ڕووی زەوی ی پڕ کرد لە زانست و زانیاری (رەزای خوای لێ بێت).

٨-پێشەوای ئیمانداران لە فەرموودەدا: زانای پایەبەرز خاوەن کتێبە گەورەکەی کە زانایان دەفەرموون لە دوی قورئان ئەو کتێبە سەرچاوەیە، ئەویش ئیمامی (بوخاری)یە.

لە تەمەنی (١٨) سالآندا لە بواری کۆکردنەوە و گێڕانەوەی فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر بالآ بووە لە ولآتی ئیران -بوخارا- ومەککە و میسر و کوفە و بەسرە و شام ناوی دەرکردوە.

-ابن العباس احمدی کوڕی محمد دەڵێ: ئەگەر کەسێك سی (٣٠) هەزار

---

(١) رواه البخاري.

فەرموودەی لەبەر بێ هێشتا پێویستی بە زانستی محمدی کوڕی اسماعیل دەبێ – واتە ئیمامی بوخاری–

–خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: چومە لای زانای گەورە وناودار (الحمید) تەمەنم (١٨) ساڵان بوو، بینیم کێشەی لەسەر فەرمودەیەك هەیە لەگەڵ کەسێکی تر بەڵام کاتێ کە چاوی بەمن کەوت گوتی بە کابرا ڕاوەستە ئەوە یەکێك هات کە ئەم کێشەیە لە نێوان چارەسەر دەکات منیش پرسیاری کێشەکەم کرد لە هەردووکیان دەرئەنجام ڕاستییەکە کەوتە لای (الحمیدی).

بەڵێ بەڕێزان گەورە پیاوانی دەوری پێغەمبەر خاوەن ئەو هیمەتە بوون کە تاکو دنیا ماوە مێژوو ناویان و هەوڵ و تێکۆشانیان لەبیر ناکات، هەروەها ئەو گەنجانەی کە لە دەوری چرای ڕوناکی پێغەمبەر ئەخوڵانەوە، ڕەفتاریان، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەر دەکرد دۆستی قورئان و وەحی بوون زانستیان لە پێغەمبەر وەردەگرت بۆیە سەرفرازی دنیا ودین بوون پیاوانی چەرخی دوای ئەوان لە هەمان سەرچاوەدا تێر ئاو ببوون، بۆیە کەسانی وەك پێشەوا –الاوزاعی و الزهری و نووی و چەندین زانایانی تریان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتن کە سەر ڕووی زەویان ئاوەدان کردەوە بەزانست و زانیاریەکەیان.

خوای گەورە گۆڕیان پڕ نوور بکات و ئێمەش لەگەڵ ئەواندا حەشر بکات آمین.

–وبالله التوفیق–

وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم تسلیماً

وانەی دوانزەم:
هیمەت بەرزی ئافرەتان

الحمد لله رب العالمين. والصلاة والسلام على سيدنا وإمامنا محمدٍ المبعوث رحمةً للعالمين. وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين وعلى من تبعهم بإحسان الى يوم الدين.

رب إشرح لي صدري ويسرلي أمري وأحلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

خوێنەرى بەڕێز و خۆشەویست لە دوانزەم وانە لە زنجیرە وانەکانی (هیمەت بەرزی) باس لە هیمەت بەرزی ئافرەتان دەکەین بە یارمەتی خوای پەروەردگار.

بەڕێزان: چینی ئافرەتانیش لەومەیدانەدا ڕۆڵی تایبەتیان هەبووە، لە هەموو بوارێك دەستی بالآیان هەبووە، لە زانست و فێرکارییەوە، لە هیمەت بەرزی بەرامبەر بە حەز و ویستەکانی دنیا، لە خۆگری و خۆڕاگری لە ڕیزەکانی جیهاد و بڕەنگاربوونەیان بە جۆرەها ناخۆشی و مەینەتی لەو مەیدانەدا.

بۆیە ڕێزیان بۆ داندراوە لەلایەنە خوای گەورە کە سوڕەتێکی لە قورئاندا بەناو کرد، وە هەوڵ و تێکۆشان و کارە ڕەنگینەکەیان بەزایە نەچوو لە دنیادا، لە کاتێکدا کە شان بە شانی پیاوان تێدەکۆشان بۆ دواڕۆژێکی ڕووناك، لە شوانی تاریك و لە خواپەرستی و کڕنۆش بۆ خودا، لە چەشنی ناڕەحەتی و گەرما و سەرما لە پەروەردەکردنی و پێگەیاندنی سەدان ڕۆڵە و قارەمانی وەك (ابو عبیدە و سعدی و ابو الوقاص معاذی زانا و علی ی پاڵەوان و شافیعی ژیر و لە خواترس و صلاح الدینی هەمیشە غەمبار و غەمگین بۆ قدس و گشت خەمەکانی ئیسلام و موسڵمانان لەسەر ڕووی جیهان ....هتد.

ڕێز و قەدری ئافرەتان ئەوەیە کە ئیسلام بۆی داناوە جا چ ڕێزێك لەوە گەورەترە، کاتێ کە هەڵدەستێ مالّی خۆی دەکاتە شوێنی ژیان و خۆشەویستی و مالّی ئارامی و ئاسودەیی کە لەوێ دڵسۆزی و وەفادارای و بەزەیی هەڵدەقوڵێ چ ڕێز و گەورەییەك دەیگاتێ کە خوا لە قسەکانی خۆی ناوی لێ بنێ و سوڕەتێکی بەناوی (النساء) دابەزێنێ، وە سوڕەتێکی تر بەناوی ئافرەتێکی تر!! دەبێ چ گەورەیی و ڕێزێ شان بەشان بێ کاتێ قورئان باس لە پاکی و بێ تاوانی ئافرەتێکی وەك خاتوو (عائیشە) دەکات، ئینجا دەبێ چەندە گەورە و پیرۆز بێ کە خوا بەگەورەیی خۆی سەرپەرشتی مارە بڕینی ئافرەتێکی وەك زینب دەکات کە لەپاش زید لە پێغەمبەر مارە دەکرێت.

بۆیە تەواوترین و کاملترین ئافرەت ئەو ئافرەتەیە کە سەیری دنیای فانی دەکات بە چاوێك کە پڕ بێ لە نور و ڕۆشنایی ئیمان. وە ئافرەتێك کە بەڕاستی ئافرەت بێ ئەمەیە، کە بۆ ئەوە دروست کرابێ گەورەیەی و سەبر و ئارام و ئیمان ببەخشێ بە پیاو، کەواە بۆی دەبێ بە نیگا و ئیلهام، وە بۆی دەبێ بە هێز و پشت و پەنا. واتە: دڵخۆشی لێ زیاد دەکات خەم و پەژارەی لە دڵ کەم دەکات.

١-ئاسیەی خێزانی فیرعەون، نموونەیەکی بەرز و مەزنە بۆ بەرزی و پیرۆزی لەسەر مەبەستەکانی دنیا و سەرجەم خۆشیەکانی قورئان داستانی ئەم شاژنە باس دەکات لە کاتێك دەوری گیراوە بە زوڵم وستەم، ئینجا دەبێ لە ئاینەکەی پەشیمان ببێتەوە یان دەبێ وەك بەنی ئیسرائیل بچەوسێتەوە، سەبر و ئارامی ئاسیە گەیشتە ئاستی گەورەترین خۆشەویستی بۆ خواکەی کە

دەبێ لە دنیاکەی ئو دیو ببێتە دراوسێی، وە کۆڵ نەدان لەم هیمەت و ئیرادەیە کە وەك شاخی ڕووچوو لە زەویدا ناجووڵێ هەردەم بە ئومێدی پاداشتە لەلای خوا.

سید قطب دەفەرموێ: (ئەمە ئەو ئاسیەیە کە خێزانی فیرعەونە لافاوی کوفر کاری تێنەکرد پاشگەزی بکاتەوە لە ئاینەکەی چ لافاوێك ؟ ئەوەی کە تێدا دەژیا کە قەسر و کۆشکی فیرعەون بوو، لە ڕزگاربوونی بە تەنیا، بەڵام خۆی بە دوور گرت لەم کۆشك‌و تەلارەی کە نامێنێ بۆ کەس، مانێکی نەمری هەڵبژارد لەلایەن خواکەی لە بەهەشتدا، وە بەجارێ پشتی کرد لە خزمایەتی فیرعەون و گەلەکەی کە لە ناویاندا دەژیا پاڕانەوەی خێزانی فیرعەون و هەڵوێستەکەی نموونەیەك بوو بۆ بەرزی و شکۆداری لەسەر هەموو نیاز و مەبەستە جۆرا و جۆرەکانی دنیادا لە جوانترین شێوە و شێواز، خۆ ئەو کاتە ئەم شارۆنە گەورەترین پادشاکانی دنیا بوو لە نێو کۆشکی فیرعەون، ئەوەی ئافرەت ئارەزووی بکات ئەو لە ژێر دەستیدا بوو، بەڵام شارۆن بۆ کاری ئیمان و خواپەرستی بەکاری هێنا، ئەوەی بەس نەبوو کە بەو شێوە پشت لە دونیا و ماڵە بکات بەڵکو بەجۆرێ خۆی بە خوا دەپاراست لە ئازاوەی ئەم دەسەڵاتە و ماڵ و مووڵکەدا، وە بە شتێکی پیس و قێزەونی هەڵسەنگاندبوو، بۆیە تەواو نەفرینی لێ دەکرد و داوای ڕزگاری بوونی لە خوا دەکرد لێی.

ئەمە بێگومان تەنیا ئافرەتێك بوو لە شانشینێکی بەهێز و گەورەدا ئەوەش ڕێز و گەورەیێکی تر بوو بۆی.

وە نموونەیەکی یەکجار بەرز بوو بۆ خۆ یەکلاکردنەوەی بۆ خوای گەورە، لە هەموو ئەو شتانەی کە کاریگەر بوون بۆی، لەبەر ئەوە شایستەی ئەو

ئاماژە خواییە بوو لە کتێبە نەمرەکەی کە وشەکانی هەمیشە دووبارە دەبنەوە وە لەو کائیناتەدا، کە لە شوێنێکی گەورە و پیرۆز دابەزیوە[1].

﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[2].

واتە: هەروەها خوا نموونەی هێناوەتەوە بە هاوسەرەکەی فیرعەون بۆ ئەوانە کە باوەڕیان هێناوە، کاتێك گوتی: پەروەردگار لەلای خۆت لە بەهەشتدا ماڵێکم بۆ دروست بکە، -تا بەردەوام بەدیدارت شادبم- وە لە دەست فیرعەون و کاروکردەوەی رزگارم بکە و لە دەست ئەو قەومە ستەمکارەش دەربازم بکە[3].

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:(كَمُلَ من الرِّجالِ كثير، ولمْ يكمل من النساء إلاّ آسية إمرأة فرعون، ومريم بنت عمران، وإن فضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام)[4].

واتە: زۆر لە پیاوان تەواو و کامڵ بوون-لە ئاستی ژیریی و دینداریدا- بەڵام کەم لە ئافرەتان تەواو و کامڵ بوون تەنها ئاسیەی خێزانی فیرعەون و مەریەمەی کچی عیمران نەبێ -دایکی حەزرەتی (عیسی)، علیه السلام.

---

(١) في ظلال القرآن: ٣٦٢٢/٦.

(٢) سورة التحريم: ١١

(٣) تەفسیری ئاسان (٥٦١).

(٤) رواه البخاري.

وه گەورەیی عائیشه لەسەر ئافرەتان وەك گەورەیی خواردنی (تەرید)ە (واتە: تەشریبی مەرەگەی گۆشت)- كه خۆشترین خواردنی عەرەبەكانە- لەسەر خواردنەكانی تر.

ئایا ئەمە گەورەیی شكۆداری ئافرەت نیە كه بەم شێوەیە پێغەمبەر باسی دەكات؟

كەواتە: لەلای بەڕێزان بەڕێزە، وە لەلای كەسانی دەروون نزم بێ ڕێز و بێ قەدرە، بەڵگەنەویستە كه چەندین بانگەشەی بۆ دەكرێ، دەبێ ئافرەت نیوەی كۆمەڵ بێ نابێ جیابكرێتەوە له پیاو له مافەكان دەبێ وەك یەك بن بەڵام هەرگیز و هەرگیز ئەمە ڕەوا نیە، ئەگەر بەڕێزە لەلات حەیا و حیشمەتی بپارێزە نەك ئاڕایش كردنی و بەشان و باڵای جوانی هەڵگووتنی، ئەگەر مەرامێكی قێزەون و بێ بەرهەمی له پشت نەبێ بێگومان بەم شێوەی له شوێنە گشتیەكان و دەزگا ڕاگەیاندنەكان ئابڕووی ناچێ، وإنا لله وإنا إليه الراجعون.

٢-مریم البتول، مەریەمەی خواپەرست:كه نموونەی ئافرەتانە بۆ خۆ یەكلاكردنەوەی له دنیا بۆ خواپەرستی تواو كامل بووه كەواتە شەیتان توخنی ناكەوێ بێ بەشە لێی لەوكاتە كه دایكی له سكی خۆی هەڵگرتووه.

﴿ وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﴾[1].

واتە: هەروەها نمونەی هێناوەتەوە به مەریەمەی كچی عیمران كه داوێنی

(١) سورة التحريم: ١٢، به لێكدانەوەی تەفسیری ئاسان.

خۆی بە پاکی ڕاگرت، ئێمەش لەو ڕۆحەی کە بە دەستمانە فوومان پێدا کرد، ئەویش باوەڕی تەواوی هەبوو بە گوفتار و فەرمانەکانی پەروەردگاری و هەمیشە و بەردەوام ملکەچ و فەرمانبەردار و خواناس و نزاکار بوو.

-پێغەمبە (ﷺ) دەفەرموێ: (ما منْ مولود يُولَدُ إلاّ نخسَهُ الشيطان، فيَنْهِلُّ صارخاً من نخْسَةِ الشيْطانِ إلاّ إبن مَرْيَم وأُمّهُ)[1].

واتە: هیچ کۆرپەلەیەك لە دایکی خۆی نەبووە ئیللا شەیتان دەستێکی فیتنەی لێ دەدا و ئەویش هاوار دەکات و دەگرێ، لەبەر دەست لێدان و ئازاردانەکەی شەیتان تەنها کوڕی مەریەم (عیسی) و دایکەکەی نەبێ-واتە مەریەم و عیسی پارێزراو بوون لە چەنگی شەیتان.

مەریەم کە لە دایکی خۆی جیابوەوە، نیاز وابوو ئەم سکە ببێ بە خزمەتکاری مزگەوت بەڵام دایکی مەریەم داینا گوتی: ﴿رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۖ وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴾[2]. واتە: خوایە من ئەوا کۆرپەلەکەم داناکەچی کچە، خواش باشتر دەزانێ کە چی داناوە، گوتی: کچیش وەك کوڕ نیە-ناتوانێ خزمەتی بیت المقدس بکات-ئەوا من ناوم نا مەریەم، خۆی و منداڵەکانی بەتۆ دەپارێزم لە شەیتانی نەفرین لێ کراو.ئینجا خوا دوعاکەی لێ وەرگرت بەباشترین وەرگرتن مەریەم لە خواپەرستی دا بالا بوو خۆی دوورەپەرێز کرد لە خەڵك خواش بە هانای هات و رزقو ڕۆزی جۆرا و جۆری

(١) رواه مسلم وأحمد.

(٢) سورة ال عمران: ٣٦

پێ بەخشی، کە عیمران مرد (زکریا)، علیه السلام کەفالەتی مەریەمی خستە سەرشانی خۆی، هەر کە دەچووە پەرستگای ئەو هیمەت بەرزە لە کڕنۆشدا بوو فریشتە میوەی زستان و هاوینیانی بۆ دەهێنا (زکریا) سەرسام دەبوو لەوە چۆن بەو زستانە خواردن و میوەجاتی هاوین لەلات دەست دەکەوێ بە هاونیش هی زستان؟ دەیگوت: ئەوە لەلای خوا بۆم دێت بێگومان خوا ئەوەی حەز بکات بەبێ ئەندازە ڕۆزی پێ دەدات. بەڵێ بەڕێزانم قورئان ناوی شوێنەکەی دەست نیشان کردووە ناوی ناوە (محراب) لەبەر ئەوە مانای پیاوەتی تەواو دەگەیەنێ لە نەهێنی دا، وە لە کامڵ بوونی خواپەرستیدا. چونکە ژیانی هەمووی بۆ تەرخان کردبوو شاژەنی گەورە و مەزن بوو لە نێو ژنانی خواپەرستدا. نموونەی وەرع و خۆپارێزی و داوێن پاکی بووە، ئەوەندەی بەسە کە خوا لە قورئاندا باس لە پاکی و چاکی ئەو دەکات بە داوێن پاکی ناو دەبات با هەموو جوولەکەکانی دەروون نزمی دەوری خۆی بە خراپە باسی بکەن و تانەی بۆ فرێ بدەن و ناوی داوێن پیسی پێوە بلکێنن، بەڵام ئەگەر دوژمن و ناحەز هەوڵ بدەن بۆ لەناوبردنی ئەو هەر بێ باکە لەوە، خوا پارێزگاری لێ دەکات بە سەربەرزی سەر دەنێتەوە.

ئەگەر شانازی بەوە بکرێ کە لە قورئاندا سورەتێك بەناوی ئافرەتانە یان بە ناوی ئافرەتێکی دیاری کراوە، ئەوا ئەو ئافرەتەش مەریەمە، قورئان باسی دەکات و ناوی لەنێو لاپەڕەکانیدا تۆمار کراوە، ئەویش سورەتی (مریم)ە کە باس لە داستانی (زکریا) پێغەمبەر دەکات، لەگەڵ دڵخۆشبوونی بە ڕۆڵەیەکی خۆشەویستی وەك (یحیی) علیه السلام.

هەروەها باسی لەدایك بوون و بانگەوازی و داستانەکەی حەزرەتی

(عیسی)ی کوڕی مەریەم دەکات، بەڕاستی ئەوەش ڕێز وگەورەییە.

٣-گەورەی هەموو ئافرەتانی جیهان و یەکەم کەسیش کە موسڵمان بوو باوەڕی بە پێغەمبەر هێنا خاتوو (خەدیجە)ی کچی خوەیلید (ڕەزای خوای لێ بێت).

- ابن کثیر دەڵێ: زانایان هەموو یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە (خەدیجە) یەکەم کەس موسڵمان بووە.

لە کاتێک کەوا پێغەمبەر خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای خوا، ئەو یەکەم کەسە کە مەردانە وەڵامی دەداتەوە و شوێنی دەکەوێ. بۆیە پێویست بەوە ناکات دەنگی بۆ بەرز بکات و پێوە ناڕەحەتی بچێژێ بەڵکو هەموو ناڕەحەتی و ئازاری لەسەر پێغەمبەر لادا، وە لە هەموو تەنیایی و بێ کەسیدا بە تەواوی دڵدەی دا و ڕزگاری کرد، هەموو زەحمەتێکی لەسەر ئاسان کرد. کێ بوو ئەو هیمەت بەرزە خاوەن ئەو هەموو ڕەوشتە پاکە؟ بێگومان ئافرەتێکی مەککەییە و ناوی (خەدیجە)یە یەکەم هاوسەری ژیانی پڕ خێر و بەرەکەتی پێغەمبەرە (ﷺ) هەرکە قورئان بۆ پێغەمبەر دادەبەزێ و ناڕەحەت دەبێ بەوە، ئەو زیاتر هیمەتی بەرز دەکات و باسی چاکەکانی دەکات (تۆ دڵنیابە کە خوا هەرگیز زیانت پێ ناگەیەنێ، چونکە تۆ یارمەتی هەژاران دەدەیت، سەردانی خزمان دەکەیت، لە قسە و گفتوگۆدا ڕاست گۆ و دەمپاکی) بۆ زیاتر دڵنیابوونی دەیبا بۆ لای ئامۆزاکەی خۆی (وەرەقەی کوڕی نەوفل) کە پیاوێکی شارەزا لە ئایینی مەسیحیەت بوو ئەویش گوێ لە قسەکانی پێغەمبەر رادەگرێ و پاشان پێی دەڵێ، ئەوە ئەو فریشتەیە بوو کە دەهاتە لای پێغەمبەر (عیسی) (علیه السلام) نیگای وەک هەموو پێغەمبەران بۆ تۆش هێناوە، ئینجا دەڵێم

ئەگەر ئەو ئافرەتە ئەو شارْنە هیمەت بەرز و بە متمانە و خۆڕاگرە نەبێ چۆن بەو شێوە درێژە بەو مەسەلەیە دەدات و هاوکاری پێغەمبەر دەکات لە دەعوا و بانگەوازەکەی،

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (آمنَتْ بيَ إذ كذّبني النّاسُ، وآوتْني إذْ رَفَضَني النّاسُ) [1].

واتە: خدیجە باوەڕی پێ هێنام لە کاتێك کە خەڵکی بە درۆیان خستمەوە، وە خەدیجە منی دالّدە دا و لەلای خۆی دڵنەوایی کردم کاتێك کە خەڵکی منیان نەدەویست و نەفرینیان لی دەکردم ئەو لە پەنای خۆی گرتم، چۆن نا، کەمپی دڵی دەداتەوە بە کرداڕە چاکەکانی لە ڕاست گۆی و سیلەی ڕەحم و هەڵگرتنی ئازارەکانی خەڵك ....هتد. (ڕەزای خوای لێ بێت)

٤-فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) خێزانی ئیمامی (علی) کوڕی ئەبو طالب، ئەویش ئەو شارْنەیە کە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاری لە هەموو خەڵك زیاتر لە پێغەمبەر دەچوو، بۆیە خاوەن ئەو هیمەت بەرزی یە بوو، پێ بەپێی قورئان وسوننەت ڕەفتاری دەکرد.

-ئیمامی (الذهبي) دەفەرموێ: فاطمەی کچی پێغەمبەر لەسەر سوننەت کاری دەکرد، ڕێگای بەکەس نەدەدا بێتە ماڵی مێردی مەگەر بە ئیزنی مێردی نەبا، بەڵگەش لەسەر ئەوە کاتێك کە فاطمە نەخۆش کەوت، ئیمامی (ابو بکر) داوای ئیزنی لێ کرد بچێ سەردانی بکات، ئیمامی (عەلی) فەرمووی: ئەی فاطمە ئایا ڕێگا بە (ابوبکر) دەدەیت بێت سەردانت بکات؟

---

(١) صحيح رواه احمد والنسائي، بإسناد صحيح وقال الحافظ في الفتح ٢٠١٠/٧ وصححه الحاكم المستدرك ١٨٥/٣ أنظر (صلاح الأمة) ج/ (٧). (١٥٨).

فاطمه گوتی: ئایا تۆ ڕێگای پێ دەدەیت؟

فەرموی: بەڵێ، بێگومان ئەوە بەڕاست کردن لەگەڵ قورئان و سوننەت کچی باوکییەتی و دایکی هەردوو پێشەوا، حسن وحسین و خاوەن مەدالیای زێڕینی پێغەمبەرە کە موژدە و بەڵێنی بەهەشتی پێچ درا ئینجا ئەوەندەش بەس نیە بەڵکو دەبێ نەك ئەهلی بەهەشت دەبێ گەورەی ئافرەتانی بەهەشت پێ.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (نزل ملك من السماء، فإستأذن الله ان يُسلّم عليَّ، لم ينزل قبلها، فبَشّرني أنّ فاطمة سيّدةُ نساء أهلِ الجنّةِ) [1].

واتە: فریشتەیەك لە ئاسمان دابەزی، داوای لە خوا کرد کە ڕێگای پێ بدات و سەلام لە من بکات، کەپێشتر قەت دانەبەزی بوو ئینجا موژدەی پێ دام کە (فاطمه) گەورەی ئافرەتانی بەهەشتە.

٥-خاتوو عائیشە (ڕەزای خوی لێ بێت) ڕاستگۆ و کچی ڕاست گۆ لە دنیا و قیامەتدا خێزان و هاوسەری خۆشەویستی پێغەمبەرە شەرع زان و شارەزا لە قورئان و فەرمودەدا، لە خوا ترس و داوێن پاك، لە ئاسمان داوێن پاکی ئەو قسەی لێکرا و بە گوێی هەموو جیهان جارِ درا، ئینجا هیمەتی بەرزی خاتوو عائیشە لە هەموو شتێ لەحەد بەدەر بوون خاوەن شەرم و حەیایەکی بێ وێنە بوو، هیچ ئافرەتێك لە ئۆممەتی پێغەمبەر وەك ئەو زانا و شەرع زان نەبوو، فەرمودەی وای گێڕاوەتەوە کە هیچ کەسێ وای لە پێغەمبەر نەبیستوە، مەگەر (ابو هریرە و عبدالله ی کوڕی عمر) نەبێ.

---

(١) أخرجه الحاكم وصححه ورافقه الذهبي وأخرجه احمد بن أبي شيبة في المصنف.

لە سەبر و ئارامیدا وەك کێو وابوو بە بەزەیی بوو بەرامبەر ئیمانداران، چاونەترس و دلێر بوو بۆ تۆڵە وەرگرتنی لە پیاو خراپان و بێ بڕوایان خۆشەویستی ئەو بۆ پێغەمبەر گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێغەمبەر ڕوو لە (ام سلمە) دەکات پێی دەڵێ: (لە ئاست عائیشە ئازارم مەدە، چونکە بەڕاستی سوێند بە خوا هەرگیز جوبرەئیل نەهاتۆتە لای من لەلای یەکێ لەئێوە خەوتبم جگە لە عائیشە [1].

(زانستی عائیشە)

-عروەی کوڕی زبیر-دەفەرموێ:

هیچ کەسم نەبینی بە قەد عائیشە شارەزا نە لە شەرع و نەلە شیعر و پزیشکی.

هەروەها دەڵێ: هاوڕێیەتی عائیشەم کردووە کە سم نەبینیوە شارەزاتر بێ بە ئایەتێك کە دابەزی بێت، وە بە فەرزێك یان سوننەتێك، یان شیعر، وە هیچ کەسێ زیاتر فەرمودەی لە ئەو نەگێڕاوەتەوە، وە کەس شارەزاتر نەبوو بە ڕۆژێك لە ڕۆژانی عەرەب، وە بە نەژاد و نەسەب وە بە حوکم و بڕیاردان وە بە پزیشکی چارەسەری لە عائیشە

-واتە: ئەو بەو شتانە لە هەموو کەسێ زیاتر شارەزایی هەبووە.

-ئینجا لە بواری شیعردا هەر مەپرسە کە چەند شعری زانیوە و چەند شیعری لە شاعیرانی سەردەم گێڕاوەتەوە :

-شەعبی -دەڵێ: عائیشە گوتوویەتی: هەزار بەیتی شیعرم لە (لبید)ی

---

(١) متفق علی صحته.

شاعیر گێڕاوەتەوە.

ئینجا کە –شەعبی– باسی عائیشەی دەکرد بە زانستەکەی سەرسام دەبوو پاشان دەیگوت: ئێوە گومانتان چۆنە بەرامبەر بەڕێزی پێغەمبەرایەتی.

–ئیمامی (الذهبي) دەفەرموێ: (مسند)ی عائیشە دەگەیشتە دوو هەزار و دوو سەدو دە فەرموودە.

–دەڵێن: کاتێ ابن حزم ناوی هاوەڵانی باس دەکرد ئەوانەی کە لە (احکام وفتوی) فەرموودەیان هەبوو پێش هەموویان ناوی عائیشەی پێش دەخست و باسی دەکرد

–عطاء–ی کوڕی رباح دەڵێ:

عائیشە لە هەموو کەسێك شەرع زانتر بووە.

–مسروق دەڵێ: لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئافرەتێکی پیرم بینی خەڵکی پرسیاری فیقهی میراتیان لێ دەکرد، بێگومان ئەویش دایکی ئیمانداران عائیشەخان بووە.

پێشەوای دنیا و دین (الزهری) دەڵێ:

ئەگەر زانستی هەموو خەڵك و دایکانی ئیمانداران کۆبکەنەوە ئەوە بێگومان زانستی عائیشەخان لەهەموویان فراوانتر دەبێ[1].

(١) المستدرك: ١١/٤.

-ابن الحجر- دەفەرموێ:

(والحِكمة في كُثرة أزواجه (ﷺ) أن الأحكام التي ليْسَتَ ظاهِرة يطلعن عليها فلينقلنها، وقدْ جاءَ عن عائشة من ذلك الكثير الطيب، ومن ثمَ فضلّها بعضهُم على الباقيات)[1].

واتە: حیکمەت لە زۆری خیزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوەبووە کەوا ئەو حوکمە شەرعییانەی ئاشکرا و بەرچاو نەبوون ئەوان دەیانبینی و چاویان لێ دەبوو، ئینجا بۆ کەسانی تر دەیانگواستەوە، وە لە عائیشەوە زۆرێکی باش لەو حوکمانە گێڕدراوەتەوە، بۆیە لێرەوە هەندێك لە زانایان عائیشەیان بە چاکتر زانیوە لەوانی تر.

عائیشەی دایکی ئیمانداران لە خانەوادەیەکی دیندار و ئاین پەروەر چاوی هەڵهێناوە و پێگەیشتووە، هەروەك خۆی باس دەکات، دەفەرموێ: (لَمْ أعقل أبويّ إلاّ وهُما يدينان الدين).

واتە: دایك و باوکم هەست پێ نەکردووە ئیللا ئەوان دیندار بوون، بێگومان ئەوەی بەروبوومی ئەو خیزان و خانەوادەش بێ دەبێ یەکجار شارەزا و پیرۆز و گەورە بێ.

ئینجا هەر لە منداڵییەوە لە مەککەدا گوێبیستی ئایەتەکانی قورئان دەبووو لەبەری دەکرد و شوێن و کاتی دابەزینی ئایەتەوکەی لەبەر دەکرد بەشێوەیەکی پوخت و جوان.

---

(١) فتح الباري: ١/ ٤٩٢

-عن عائشه (رضي الله عنها) قالت:

(لقد نزل بمكة على محمد (ﷺ) وأني لجارية ألْعبُ ﴿ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ ﴾[1] وما نزلت البقرة والنساء إلاّ وأنا عِنْدهُ)[2].

واتە: لە مەککەی پیرۆز ئەو ئایەتە دابەزی ﴿ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ ﴾ بۆ پێغەمبەر لە کاتێکدا کەمن کیژۆلەیەک بووم یاریم دەکرد، بەڵام هەردوو سورەتی (البقره والنسا ء) دابەزی ئیللا من لەلای بووم.

بەڕاستی ئەمە بەهرەیەکی گەورەی خوایە بۆ خاتوو عائیشە کە بەم شێوە دۆستی قورئان و دابەزینی سورەتەکانی قورئان بێ وە هەردەم هاوڕێی وەحی بێ و شارەزای تەواو پەیدا دەکات لەسەری، ئینجا پاش گەشە کردن و گەورەبوونی گواستراییەوە بۆ ماڵی پێغەمبەرایەتی و شوێنی دابەزینی وەحی و قورئان، بۆیە ئامادەی دابەزینی زۆرێك لە قورئان بوو چونکە لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) تەنها لە ژێر جێگەی خەوتنی ئەودا نەبێت وەحی دانەبەزیوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

(بلیمەتی عائیشە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی هەندێ لە هاوەڵان)

بێگومان ئەمە بەڵگەیەکی تری لەسەر ڕەوانی زانستی عائیشە کە ئەو فەرمودانەی عائیشە هەندێ لە هەڵەکانی هاوەڵانی تێدا ڕاستکردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە عائیشە چەندە زانا و ووردبین و بیرتیژ بووە لەناو

(١) صحيح البخاري: ٣٩٠٥/١

(٢) سورة القمر: ٤٦.

چینی هاوەڵاندا.

-ابراهیم-ی کوڕی محمدی کوڕی منتشر دەگێڕێتەوە وە لە باوکی دەڵێ: پرسیارم کرد لە عائیشە و قسەی (ابن عمر)م بۆی باس کرد کە گووتبووی: پێم خۆش نییە ئیحرام بکەم و بۆنی خۆشم لێ هەڵوەرێتە خوار، عائیشەش فەرموی: رەحمەتی خوا لە (باوکی عبدالرحمن) من بەخۆم پێغەمبەری خوام بۆنخۆش کردووە و ئینجا دەچووە لای خێزانەکانی پاشان ئیحرامی دەبەست وە بۆنی خۆشی لێ دەتکایە خوارەوە.

-تێبینی-

کە عائیشە فەرمووی ڕەحمەتی خوا لە باوکی عبدالرحمن بێ مانای ئەوەیە کە هەست بە سەهووی خۆی بکات لەو قسەیەدا چونکە ئەگەر ئەو کردارەی پێغەمبەر لەبیر بوایە وای نەدەگووت:

ئینجا بزانە چەندین نموونەی تر هەن کە عائیشەی زانا و شارەزا زیاتر لەو بوارەدا پێکاویەتی و هەڵە و سەهووی بۆ ئەوان ڕاست کردۆتەوە، هاوەڵانیش زۆر بەڕێز و شانازییەوە ئەو هەڵە و سەهوانەیان ڕاست کردۆتەوە بۆ زانستی دایکی ئیمانداران ملکەچ بووینە.

ئەم بلیمەتیەش بەڵگەی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی کە بسەلمێندرێ خاتوو عائیشە زاناترین ئافرەت بووە لە سەر ڕووی جیهان، وە خەڵکی پێویستیان بە زانستی ئەو بووە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەی نەخۆش دەکەوێ-نەخۆشی مردنی-عبدالله ی کوڕی عباس سەردانی دەکات پێی دەڵێ: موژدەت لێ بێ هیچ شتێك نیە لە نێوان تۆ و محمد (ﷺ) و خۆشەویستان کە پێیان بگەیت جگە لە دەرچوونی گیان لە لاشە نەبێ.

دەڵێ: من خێزانەکانی پێغەمبەرم خۆش دەویست بۆ لای پێغەمبەر ئینجا ئەویش شتێکی پاك نەبا خۆشی نەدەویست، لەو شەوەی کە ملوانەکەت کەوتە خواری لە دۆڵێ (الأبواء) پێغەمبەر بەیانی کردەوە، خەڵکیش کە هەڵسانەوە لەخەو هیچیان ئاویان لەلا نەبوو بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن= خوای گەورە ئایەتی ﴿ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾ ی دابەزاند، واتە: لە جیاتی ئاو بە خۆڵێکی پاك دەستنوێژ هەڵگرن –تەیەموم بکەن.

ئەمە لە چارەی تۆ بوو کە خوا ئەو ڕوخسەتەی بۆ ئێمە نارد، بۆ هەموو ئۆممەت خوا ئەو ڕوخسەت و ئاسانکارییەی نەناردووە، ئینجا خوا بە ئەمینی (وەحی) فریشتەی گەورە (جوبرەئیل) دووری تۆ لە هەموو تاوانێك و داوێن پاکیی تۆی لە حەوت ئاسمانەکان دابەزاند، کەوای لێهات مزگەوت نەبوو لەسەر زەوی یادی خوای تێدا بکرێ ئیللا ئەو ئایەتانەی تێدا نەخوێندراوەتەوە لە شەو و ڕۆژدا، خاتوو عائیشە کە ئەم قسانەی لە ابن عباس بیست فەرمووی:

ئەی ابن عباس وازم لێ بێنە، لەتۆ و لە پاککردنی تۆ–مەبەست باس کردنی عائیشە بە پاکی و گەورەیی–سوێند بە خوا پێم خۆش بوو لەم دنیایەدا شتێکی لەبیرکراو بام هەر باسم نەکرابایە ! ![1].

برا و خوشکی موسڵمان کەمترین وەفاداری بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر و ئافرەتی هیمەت بەرز لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوەیە کە بە چاکی باسی فەزائیل و چاکەکانیان بکەین و ڕێز بۆ ڕێزداریان بگرین زمانمان لە ئاستی ئەوان بە چاکە نەبێ نەجوولێ، وە ڕێگە بە خەڵکی داخ لە دڵ و دڵ نەخۆش

(١) صلاح الإمة في علو الهمة –ج١٦٤/٧.

نەدەین تانە بدات لە ئال و بەیت وخێزانەکانی پێغەمبەر بە تایبەت عائیشەی داوێن پاك و دەمپاك و زانا و شارەزا، چونکە ڕێز و قەدری ئەوان، وە خۆشەویستی ئەوان لە باوەڕ و ئیماندایە، ڕەزای خوایان لێ بێت.

٦-دایکی ئیمانداران (زینب)ی کچی جەحش (ڕەزای خوای لەسەر بێت) ئەو بەڕاستی هیمەت بەرز و، دەست ڕەنگین و فەننان بوو زۆر کاری جیاوازی دەزانی، هەر کە شتێکی دەکرد بەروبوومەکەی دەکرد بە خێر و سەدەقەی بۆ هەژاران و لە ڕێگای خودا دا خەرجی دەکرد یەکێکە لەو خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

-خاتوو عائیشە دەفەرموێ: زینب پێشبڕکێی لەگەڵ من دەکرد لەپلە و پایەی لەلای پێغەمبەردا (ﷺ)، بەڵام هیچ ئافرەتێکم نەبینی بە قەد زینب چاك بێ لە دین، وە لە خواترس و ڕاستگۆتر بێ لە زینب. وە هەروەها هیچ ئافرەت وەك ئەو هامۆشەی خزمەانی نەدەکرد، وە کەسیش وەك ئەو خێر و چاکەی گەورە و پیرۆزی نەبێ، وەکەسیش بەو شێوە خۆی بۆ کارکردن تەرخان نەکردبوو کە بەروبوومەکەی لە ڕێگای خێر و چاکە خەرج دەکرد و بەهۆی ئەوەوە خۆی لە خوا نزیك دەکردەوە.

-لە خواپەرستیدا بەڕاستی بە هیمەت و ئیرادە بوو، گوێی بە ماندووبوون نەدەدا، هەمیشە لە خەڵوەتی زیکر و یادی خوا بوو.

(أنس) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا چووە مزگەوت (ﷺ) بینی لە نێوان هەردوو پایەکانی مزگەوت پەتێکی درێژ بەستراوە فەرمووی: ئەو پەتە چییە؟ گووتیان هی (زینب)ە کاتی بێ تاقەت دەبێ لاشەی شل دەبێ لە نوێژدا خۆی پێوە دەبەستێ-پێغەمبەر فەرمووی: نا.....! ئەو حەبلە بکەنەوە بۆ ئەوەی

یەکێ لە ئێوە نوێژەکەی بە چاڵاکی ئەنجام بدات هەر کاتێ ماندوو و بێ تاقەت بوو با دانیشێ[1].

-محمد ی کوڕی کعب دەڵێ: بەخششی دایکی ئیمانداران (زینب) دوانزە هەزار درهەم بوو، هێناویانە لای ئەویش دابەشی کردووە بەسەر خزمە نزیکەکانی خۆی و خەڵکی دووری فەقیر و پێویست.

-بۆیە لەنێو چینی ئافرەتان دەبێ شازنی ئەوها هەبێ لە بەخشین، کە بەراستی بە هیمەت و دەروون بەرزبێ دەبینی ئەوا (زینب) چەندە هەژار دۆست بووە، چەند مالّ لەلای ئەو بێ بەها بووە ئەگەر نەیبەخشێ، مالّ کە لێی بەخشرا بێگومان زیاد دەبێ جگە لە پاداشت و بەزری و پیرۆزی پلە وپایە لەلایەن خوا تۆ هەست دەکەیت بەو چاکەیە ژیانت ئاسوودە دەکەیت فەقیری و هەژاری لە مالّت دەپەوێنی بەوەی کە هەژاران دوعای چاکت بۆ دەکەن، خەڵکی ئیرەیی و حەسوودیت پێ نابەن چونکە چاویان پڕ بووە، لە بەڵا دوور دەکەویت و ئاگری تورەیی خوا خامۆش دەکەیت.

-کاتی کە (زینب) وەفات دەکات خاتوو عائیشە دەڵێ:

(لقد ذهبتْ حميدة، متعبدة، مَفْزَع اليَتامي والأرامل)[2].

واتە: بەراستی مالّئاوایی کرد و ڕۆیشت ئەو ئافرەتەی کە زۆر سوپاسگوزار بوو، خوا، زۆر خواپەرست و لە خوا ترس بوو دڵی بێوەژن و هەتیوەکانی دەوروبەری خۆی ناڕەحەت و غەمبار کرد بە کۆچکردنی (ڕەزای خوای لێ بێت).

---

(١) رواه البخاري والنسائي وابو داود.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة: ٦٧٠/٧.

٧–اسمای کچی یەزید (رەزای خوای لێ بێت)

ئەو پاڵەوانە بە هیمەتە بوو کە لە ڕۆژی یەرموکدا توانی دەوری خۆی ببینێ وە ئازایەتی و دلێری خۆی نیشانی دوژمنانی خۆی بدات، بۆیە لەو ڕۆژەدا نۆ (٩) کەسی ڕۆمی بە دەستی خۆی کووشتن.

–اسمای کچی یزیدی کوڕی (سکن)ە، دایکی عامر و سەلەمەی انصاری یە پورزای (معاذ)ی کوڕی (جبل)ە، هەروەها یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە بەیعەتیان داوە، وە یەکێکە لە تێکۆشەرەکان –اسما ء–هەتا بڵێ ئافرەتێکی زیرەك و شارەزا بووە لە بواری قسە و ڕەوانبێژی دەربڕینی وتەکانی، تەنانەت قسەکانی وای لە خەڵك کردبوو زۆر لە پیاوانە ئەو هێزەیان نەبوو کە بە قسە گۆڕانکاری دروست بکەن وەك ئەو، بۆیە ناوی بە (خطیبة النساء) مەشهور وبوو، واتە: وتار بێژی ئافرەتان.

بێگومان ئەمەش جێگای ڕێز و قەدرێکی یەکجار زۆر تایبەت بوو کەپێی درا بوو لەلایەن خێزان و خانەوادەکەی بە تایبەت وە لەلایەن ئەنصاریيەکان و کۆچبەرەکان بە گشتی.

–پێغەمبەری خوا دەفەرموێ:

(هل سمعتم مقالة إمرءة احسن سؤالاً عن دينها من هذه؟) ....واتە: ئایا تا ئێستا قسەی هیچ ئافرەتێکتان بیستووە کە لەمە جوانتر لەسەر ئایینەکەی پرسیار بکات؟

ئازیزانم دەزانن بۆچی وای فەرموو بە هاوەڵان؟

ئەوە بوو لەو کاتەدا بوو، کە ئەم شارْنە وەك شاندێکی شارەزا و لێزان

لەگەڵ کۆمەڵی لە ئافرەتان هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) أسما ءگوتی:دایك و باوکم بە فیدات ئەی پێغەمبەری خوا من وەفدی کۆمەڵێك لە موسڵمانانم کە هەموویان هەمان ڕای منیان هەیە دڵنیاین کە خوای گەورە تۆی بۆ پیاوان و ئافرەتان نادرووە، ئێمەش باوەڕمان پێ هێنایت شوێنت کەوتین ئێمەی ئافرەتانیش کە لە ماڵەکانمان پەیوەستین، ماوینەتەوە کە جێگای ئارەزووی پیاوانین و ڕۆڵەکانیان بۆ پەروەردە دەکەین و هەڵیان دەگرین، پیاوانیش سەرقاڵی مزگەوت و نوێژی بە کۆمەڵ و ڕۆیشتن بە دوای جەنازە و تێکۆشانن، کاتی ئەوان بەشدار دەبن لە تێکۆشان ئێمەی ئافرەتانی ماڵ، لە ماڵەکانمان عەرز و ناموووسیان و ماڵ و منداڵیانمان بۆ پاراستوون، ئایا ئێمەش بەشداری خێر و چاکەی ئەوان دەکەین، وەك ئەوان پاداشت وەردەگرین، ئەی پێغەمبەری خوا؟

پێغەمبەر کە ئەمەی لەو ووتاربێژە زمان پاراوە و قسە زانەی بیست ڕووی لە هاوەڵان کرد فەرموی: گوێتان لێ بوو ئەم ئافرەتە چی گوت هیچ کەسێ بە قەد ئەو قسەی جوان و پاکی نەکردوە سەبارەت بە ئاینەکەی.

هاوەڵان گوتیان: بە ڕاستی ئەی پێغەمبەری خوا گومانمان نەدەبرد کە ئافرەتێك بەم شێوە دەربڕینە داوای مافی خۆی بکات.

ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی کردە (اسماء) و فەرمووی: ئەی اسماء بڕۆ بەو ئافرەتانەش ڕابگەینە لە دوای خۆت کە نوێنەری ئەوانی، پێیان بڵێ کە بۆ مێرد و هاوسەرەکانیان باش بن و فەرمانیان جێ بەجێ بکەن، وە ڕازی بن لێتان، وە ئەگەر هاوسەرەکان و خێزانەکان شوێن کەوتنیان هاوڕای پیاوەکانیان بێت ئەوا لە خێر و پاداشت وەك یەك وان، کە باست کرد.

ئینجا (اسماء) دڵی بەوە زۆر خۆش بوو گەڕایەوە لای ئافرەتەکان بە دەمی (الله اکبر و لا اله الاّ الله) وە بوو بە نموونەی گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی و بوو بە پێشەنگێك بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لە دەوری بوون[1].

(جیهاد و کوششی اسماو لە پێناوی خوا)

اسماء (رەزای خوای لێ بێت) لە جەنگی یەرموکدا بەشدار بوو بەمەش بالاترین دەوری بینی.

إبن کثیر دەفەرمووی: لەو ڕۆژەدا ئافرەتانی موسڵمان مەیدانیان تاودا بە گەرمی هەڵسان دەستیان کرد بە شەڕ کردن–شان بەشانی پیاوان. زۆریان لە ڕۆمیەکان کوشت، وە هیمەتی موسڵمانانیان بەرز کردەوە و هانیان دەدان لەسەر جیهاد و کۆڵنەدان، بە پیاوانیان دەگوت: بۆ دەڕۆن و ئێمە بۆ ئەو بی باوەڕانە بەجێ دێڵن، خۆ ئەوانیش ئەوەندەیان بەس بوو کە ئافرەتان بەو شێوە هانیان دەدان و سەرکۆنەیان دەکردن، دەست بەجێ دەگەڕانەوە نێو مەیدانی جەنگ[2].

–ابن حجر دەفەرمووێ:

اسمای کچی یزیدی سکن ئامادەی جەنگی یەرموك بوو، نۆ کەسی لە ڕۆمەکان بە دەسکی چەترەکەی کوشتن[3].

بەم شێوە ئازایەتی و پاڵەوانێتی خۆی نیشان بە هەموو جیهاندا تاکو

---

(١) رجال ونساء حول الرسول، سعد ابو یوسف عزیز.

(٢) بدایة والنهایة : ٧/ ١٣.

(٣) الإصابة ٤/٢٢٩، انظر رجال ونساء حول الرسول، ابو یوسف.

ئافرەتانی دەوری ئەو وە ئەوانی لە دوای ئەویش دێن بەم شێوە هیمەتیان بەرز بێ لە ئاست گوێڕایەڵی بۆ هاوسەرەکانیان و ژیرانە بێنە مەیدان و دلێرانە هیمەتی پیاوان زیاتر بەرز بکەنەوە، ئەو بەردەوام بوو لە ژیانیدا ئەو هەڵس و کەوتەی هەبوو کە پێشتر هەیبوو تاکو لە سەردەمی خەلافەتی یەزیدی کوڕی معاویەدا گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگار و بە کاروانی خۆی شاد بوو، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات (رەزای خوای لێ بێت).

٨-رُمَيْصاء بنت ملحان أم سليم

رووموەیسای کچی مەلحان مەشهور بە (أم سليم) خێزانی ابو طلحەی (انصاری) نموونەی پێڕۆز و گەورە لە ئارامگرتن و بانگەوازیدا.

-جابری کوڕی عبدالله دەفەرموێ:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:

(بینیم کە چوومە ناو بەهەشت، لەناکاو (رمیصا)م بینی خێزانی ابو طلحەی ئەنصاری، خشپەیەکیشم بیست گوتم کێیە ئەمە؟ گوتی: ئەوە بیلالە[1].

-لە فەرموودەی تردا هاتووە کە (انس) ی کوڕی مالك دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا چوویتە بەهەشت گوێی لە خشپەیەك بووە کە سەیر دەکات رەمیصایە، ئینجا ئەمە چی وای لێ کرد کە بەو جۆرە ئەو شەرەفە و تاجەی وەرگێڕێ جگە لە سەبر و ئارامی هیمەت بەرزی؟

ئەگەرچی خێزانی ئەبو طلحە یە کە مارەییەکەی تەنها ئیسلام بووە، واتە:

---

(١) رواه البخاري ومسلم.

ابو طلحه پیاوێکی ماقوولّ و ناودار بوو، وه بەڕێز بوو لەناو قەومەکەی بەڵام موسڵمان نەبوو، ام سلیم تەنها ئەوەندە مارەییەی لێ وەردەگرێ کە دەبێ موسڵمان بێ.

بەڵام (أم سلیم) رمیصا دایکی هاوەڵێکی خۆشەویستی پێغەمبەرە (ﷺ) کە سەرەتای تەمەنی لاوێتی و منداڵیدا لە خزمەت پێغەمبەرایەتی و وەحی بەسەر برد، ئەویش (أنس)ی کوڕی مالیکە(رەزای خوای لێ بێت) کە باوکی بە کافری مرد لە گەشتی بۆ ولاتی شام بۆیە لە پاکان پاك هەڵدەکەون.

أم سلیم دایکی ئەو (عبدالله)یە بوو کە زیاتر لە دە (١٠) پیاوی زانا و قورئان خوێنی لێ ئیجاب بوو بە سەبر و ئارامییەکەی لە شەوی دووەمی بوکێنییەکەیدا کاتی ابو طلحه لە سەفەر دێتەوە منداڵەکەی پێشتریان نەماوە، بەڵام أم سلیم دەریای بێ بن بووە لە سەبر و خۆڕاگری نەیهێشت مێردەکەی بزانێ تاکو تەواو خەمی لە دڵ دەرکرد و بەیانی بە دوعای پێغەمبەر زیاتر دڵیان شاد و ئاسوودە بوون، بەڕاستی ئەمەیە شاژن، گوێ نەدان بە قسەی مێردی لە کاتێك کە پێی دەڵێ هەر چاوەڕوان بووی قسەت بۆ نەکردم تاکو خۆم بە تۆ ئەوها لێ نەکرد، بەڵام ئەو هەر خۆی دەگرێ و ئامادەیە بۆ ئەوەی کە ئەو سپاردە و ئەمانەتە تەسلیم بە خاوەنەکەی بکاتەوە، چەند هیمەت بەرز بوو، چەندە خۆڕاگر و لەسەرخۆ بوو بە قسەی هیچ کەسێ لێڵ نابێ ئەگەر خوا لێی ڕازی بێ.

٩-ئەو (خنسا)یەی کە دۆڵ و شێوەکانی لە نەفامیدا پڕ کردبوون لە هاوار و گریان بۆ منداڵەکەی (صخر)، بەڵام لە ئیسلامدا دەورێکی یەکجار باڵا دەبینێ، چوار ڕۆڵەی خۆشەویستی خۆی دەنێرێ بۆ جەنگی

(قادسیه)، وە ئامۆژگارییان دەکات پێیان دەڵێت:

(ڕۆڵەکانم، ئێوە بە ئارەزووی خۆتان موسڵمان بووینە وە بە ئارەزووی خۆتان کۆچتان کردووە، سوێند بەو خوایەی کە جگە لە ئەو هیچ خوایەکی تر نیە، ئێوەی کوڕی یەك پیاون وەك چۆن کوڕی یەك ژنن، نەژاد و هۆز و ڕێز و گەورەیتانم نەشکاندووە سووکم نەکردون لە نێو خەڵکدا و هەمیشە بە ڕێز بووینە چاك بزانن کە خانەی دواڕۆژ باشترە لە خانەی دنیای فانی، ئارام بگرن و ئارامگر بن، لە سەنگەردا بن، لە خوا بترسن ئومێد دەکەم سەرکەون و سەربەرز بن، ئەگەر جەنگ گرمەی هات و مەیدان تاودرا، ئاگرتان لەسەر گەڵاکانی کردەوە توند و تیژی بنوێنن بەرەوپێشەوە بڕۆن، خۆڕاگر بن، بێگومان ئێوە غەنیمە و ڕێز و گەورەیی دواڕۆژ بەدەست دێنن، ئینجا جەنگ دەستی پێکرد دایکی خۆشەیستیش دڵنیایە کە یەك لە دوای یەك شەهید دەبن بۆیە هانا و هاواریان هێنایە بەر (خنسا) گوتیان ڕۆڵەکانت شەهید بوون، بەڵام خنسا ء کێوی جێگیرە هەرگیز ناجووڵێ، دەریایە لێڵ نابێ تەنها ئەوەندەی گوت: (سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە شەهیدبوونی ئەوان منت بەڕێز و گەورە کرد، ئومێدم وایە ئەو کە پێکەوە لەناو سۆز و ڕەحمی خۆی کۆمان بکاتەوە)[1].

١٠-حەفصەی کچی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چەندە هیمەت بەرز بوو لە وە دەستهێنانی زانست و زانیاری و کارپێکردنی لە ئاستێك بوو زیاتر لە سی (٣٠) دانە ساڵ لە شوێن نوێژی هەڵنەدەستا مەگەر زۆر پێویست نەبا، لە تەمەنی دواترە (١٢) ساڵیدا فێری قورئان دەبێ.

---

(١) الإصابة: ٦١٥/٧-٦١٦ وأنظر صلاح الأمة في علو الهمة (١٧٤/٧).

-هیشامی کوڕی حسان دەڵێ: ئەگەر گرفتێك دروست ببوایە لەسەر خوێندنەوەی قورئان دەیگوت: بڕۆن پرسیار لە حەفصە بکەن بزانن ئەو چۆن دەیخوێنێ، هیشام دەڵێ:

-خاتوو حەفصە خزمەتکارێکی کڕیبوو وابزانم ناوی (سِنْدية) بوو پرسیاریان لێ کرد گەورەکەت چۆن دەبینی و چۆنە لەگەڵت؟

ئەویش چەند قسەیەکی بە فارسی کرد و ماناکەی ئەوەیە:

بەڕاستی ئافرەتێکی چاکە و لە خوا ترسە، بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە گوناهێکی گەورە دەکات، ئەویش ئەوەیە: لە شەودا بەتەواوی تاکو بەیانی هەر دەگرێێ و نوێژ دەکات[1].

١١-کچەکەی پێشەوا (سعید)ی کوڕی مسیب (ڕحمەتی خوای لێ بێت) لەو کاتەی کە دەبێ بە هاوسەری قوتابی باوکی کە (ابو وداعە)ی ناوبوو، دوای حەوت ڕۆژ لە مانێ هەڵدەستێ کەواکەی خۆی دەپۆشێ دەیەوێت بچێتە لای (سعید) دەرس بخوێنێ بەڵام خێزانەکەی پێی دەڵێ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئەویش دەڵێ دەچمە کۆڕی زانستی (سعید) دەرس دەخوێنم

خێزانەکەی پێی دەڵێ: لێرە دانیشە من زانستی سعیدت فێر دەکەم.

ئینجا دەبینن ئەوانەی کە هیمەت بەرزن و خاوەن سەبر و ئارامن لە ئافرەتان زیاتر هەوڵ دەدەن و کۆڕ و مەجلیسی زکریان زیاتر تاو دەدەن لەبەر خەم و پەژارەی نەبوونی و دنیا سارد نابنەوە و هەرگیز و هەرگیز کۆڵ نادەن ئەوەتا:

---

(١) صلاح الأمة: ١٧٦/٧.

١٢-کچی پێشەوا (مالك) کتێبی (الموطأ) بە تەواوی و بە پوختی لەبەر دەکات.

١٣-خزمەتکارێکی ئیمامی (مالك) کە بەڕاستی زانا و شارەزا بوو لە شەرعدا. دەگێڕنەوە لە ئەشهەب کە لە مەدینە بوو دەڵێن ڕۆیشت بۆ بازاڕ هەندێ سەوزەواتی کڕی لە (جاریە)یەك، ئەو کات عادەت وابوو سەوزە نافرۆشا مەگەر بە نان نەبا، پیاوەکە بە (جاریە)کەی گوت:

ئەگەر بوو بە ئێوارە نانمان بۆ دێت وەرە نانەکەت دەدەمێ، ئەویش گوتی: ئەمە دروست نیە لە شەرعدا، کابرا گوتی: بۆچی؟ (جاریە) گوتی: بۆیە چونکە فرۆشتنی خۆراك بە خۆراك دەبێ دەست بە دەست بێ و نابێ بە قەرز بێ پرسیاری لە خەڵك کرد ئەو (جاریە)یە کێ بوو؟

پێیان گوت ئەمە (جاریە)ی (مالك)ی کوڕی (أنس)ە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت[1].

شاعیر دەڵێ:

لئن کانت النساء کما ذکرنا لَفُضِّلتِ النساء علی الرجال

واتە: ئەگەر ئافرەتان هەموویان ئەوها بن وەك باسمان کرد ئەوا ئەو کاتە ئافرەتان لە پیاوان گەورەتر دەبن و بە چاوی گەورەتر سەیریان دەکرێت.

بێگومان ئەگەر چینی ئافرەتان بەو شێوە بن وەك ئەو شارْنانەی کە باسکران، لە وەدەستهێنانی زانست و لە بەردەوامیان لەسەر خواپەرستی وە لەگوێڕایەڵیان بۆ هاوسەرەکانیان، ئەوا دەبێ ئافرەتان لەهەموو شتێ پێشەنگ

(١) نفس المصدر.

بن خەڵکی بە چاوێکی یەکجار گەورە سەیریان بکات، بەڵام لەبەر کەمی ئایین و کەمی عەقل تەنها چەند ئافرەتێك کامل و تەواو بوون لە مێژوودا، دەنا ئێستا ئافرەتی وا هەیە لە پێشبرکێیە لە شوێن کەوتن و نزیك بوونەوە لەخوا، پێ بەپێی (أسما)ی کچی (یزید) گوێڕایەڵە بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی وەك ئەمانەتێکی گەورە لە ئەستۆی پەروەردە دەکات، یان وەك خاتوو عائشەی (علاّمە) و بلیمەت لە هەموو زانستەکان، هەوڵ دەدات و پلەی گەورە بە دەست دێنێ، جوانی ئافرەت لەخواترسانیەتی و هەروەها شوێن کەوتن و پاڵاپۆشیەکەیەتی، بەڕای من ئەگەر ئافرەت بەگوێرەی توانای خۆی خواپەرستی بکات و زۆریش گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بێ ئەوا لەلای ئەو هاوسەرە جوانترین و شۆخ و شەنگ ترین خێزان و هاوسەرە، ئەگەر کەمێ ئەو پیاوە ویژدانی هەبێ، کەواتە دەی خوشکان و دایکان پەلە بکەەن بۆ ئەو پێشبڕکێیە بۆ ئەوەی لە ڕیزی پێشەوە بن و ببن بە دەستە خوکشانی عائیشە و (اسما) و خەدیجە و سمیە ...هتد ئیتر بەمە سەرفرازی و دنیا و دین دەبن.

وصلى الله وبارك على محمد وصلى الله ء بارك على محمد وآله.

وانەی سیانزەم:
(هیمەت نزمی)

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا وإمامنا محمد المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين رضوان الله عليهم أجمعين.

رب إشرح لي صدري ويسر لي ويسرني أمري وأحلل عقدة من لساني يفقهو قولي

برایان و خوشکانی موسڵمان، السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته له سیانزەم (١٣) وانه له زنجیره وانەکانی (هیمەت بەرزی) بە خزمەتتان گەیشتنیەوە، بە ئومێدی سوود لێ وەرگرتنی هەموو لایەکمان إن شا ء الله.

ئازیزانم: ئەوەی کە ئەمجارە لە خزمەتتان باسی دەکەین، ڕوونکردنەوەیێکە سەبارەت بە کەسانێك کە لە ژیانی دنیادا کات و تەمەنیان بەجارێ بە باداوە کە دەتوانم بڵێم دەروروبەریان واپێکردووەئەگەر مرۆڤی موسڵمانی ژیر نەبێ تەواو لەو مەیدانە دۆڕا و وە جەڵەوی ژیانێکی بێ بەرنامە و بنەمای گردۆتە دەستی، کە بەرهەمەکەی تەنها پەشیمانیە و بەس، کەسانێك کە بیر ناکەنەوە لە ژیانی ئەو دیوە و ئەمدوویوش تەنها لەگەڵ هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر هەناسە هەڵدەکێشن و خەمی هەرە گەورەشیان تێرکردن و پڕکردنی وورگ و ئارەزووەکانیانە، خاوەن دڵێکی بێ هێزن، بێ متمانەن بەخۆیان، بۆیە سەرنەکەوتم چونکە فلانیش سەرنەکەوت خۆ من لەو زیاتر نیم بەهەر حاڵ ئیرادە لە دەست دەدا بەو جۆرە بیرکردنەوانە واتە یان بەهاندان و سارکردنەوەی کەسانێکی هاوتای خۆی سارد دەبێتەوە خۆی لە

دەست دەدات، ئامۆژگاری وەردەگرێ لێی چونکە ناخی بەرامبەری هیچ عەزم و جەزمی تێدانییە بۆیە نابێتە چرایەکی پووناك بۆ خۆی و دەوروبەری.

ئەوەی زۆر گرنگە موسڵمانان لێی بێدار بێ بەڕاستی سارکردنەوەیە لەلایەن کەسانی بێ هیمەتو بێ بڕوا و بێ ئیرادە

– لەبیرمە لەتەمەنی حەڤدە ساڵان دەبووم، بەخەیاڵم داهات لە خانەوادەکەم بە دوور بکەومەوە بۆ مەبەستی خوێندن و وەدەستهێنانی زانست لەلای چەند مامۆستایەکی ناودار، لەهەموو ڕووێك ڕێگام بۆ ئاسان بوو، بە پرس و ڕا و بۆچوونی دۆستان و خزمان، هەموویان دەیانگوت بە ڕاستی کارێکی باش دەکەیت تەنها کەسێك نەبێ چوار قۆڵی بۆم دانیشت لە بن هەیوانی مزگەوت کە زانی بەتەمامە زۆر دوور بچم بۆ خوێندن دەمی ئامۆژگاریە نزمەکانی کردەوە گوتی:

کوڕە بۆ خوات پێ دەڵێم ئەتوو وەك کوڕی فلاّن کەس نیت ئەوان ملیۆنیر ئەنگۆش فەقیر بەخوای پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە پەشیمان دەبیەوە، نابینی کوڕی فلاّن کەس هەرکە سەفەر دەکات لە دوو سەد (٢٠٠) دیناری کەمتر وێ نیە، ئەتوو چ؟

باش!! قسەکانی ڕاست بوو، نەبوونی و فەقیری بوو پێداویستی کەم بوو، ژیان ناخۆش بوو هەتا بڵێی، بەڵام بە قسەکانی کەوتمە دەریاییکی قوڵ، خەم بە تەواوی دایگرتم ئەوەی هیمەت و ئیرادەبوو نەما لەلام، ئەو کاتە ئەگەر منداڵیش بووم بەڵام بیری تیژم دەکرد، زۆر دوورم دەڕوانی لەناکاو گوێم بە قسەی هیچ کەسێکی دەروون نزم نەدا هیمەتم وەبەرخۆ هێنا و دەستم لە کارەکانم هەڵنەگرت، وە ساردنەبوومەوە بە قسەی کەس، وە بە

هیچ گیروگرفتێك كه هاتەڕێم.

چونكه بەڕاستی مرۆڤ ئەگەر له هەوڵدانەكەی سارد بوەوه واته:

ڕووخا+ لەناوچوون=مرد، كەواته با خەمی گەرەمان ئەوەبێ كه چۆن كاروانی پیاو ساڵحان پێگەیشتن نەك وەك شاعیر دەڵێ:

مـــن كـــان همُّـــهُ مـــا یأكُلُـــهُ
فَقیمتـــــــهُ مـــــا یَخْرِجُـــــهُ

واته: كەسێك خەمی هەرە گەورەی وورگ بێ یان ئەوەی كه دەیخوات ئەوا بزانه كه ڕێزو بەهای ئەوەیه كه دەری دەكات، كەسانێكی دەروون نزم هەن، لەبەر تەمبەڵی و بێ كاری خۆیان گلەیی یەكجار زۆریان هەیه لەوانەی كه زۆر هەوڵ دەدەن تاكو سەركەون، ئینجا دەڵێن ئێمه چمان به چ نەكرد ئەنگۆ دەكەن، بێگومان ئەو جۆره كەسانه بێ هیمەتن و ئیرادەیان نییه و هەرگیز و هەرگیز سەرناكەون، بەڕای من ئەو كەسه به هیمەت و ئیرادەیه كه هونەری هاندانی خەڵكی هەبێ لەسەر كاری چاك و سارد نەبوونەوه، وه ئامۆژگاری دەبەخشێ به خەڵك كه كار بكەن و هەوڵ بدەن، له خواپەرستی و شارەزا بوون له زانست و كارو كاسبی كردن..هتد.

بۆیه دەبێ مرۆڤی باوەڕدار دەست هەڵگرێ له هۆكارەكانی هیمەت نزمی و بێ ئیرادەیی، چونكه بەوەوه مرۆڤ خۆی لێ وون دەبێ.

(هۆکارەکانی هیمەت نزمی)

هیمەت نزمی چەند هۆکارێکی سەرەکی هەیە، وەکو چەند ڕەوشتێکی خراپ و ناڕەبار کە مرۆڤ ئەنجامی دەدا ئیتر بەهۆی ئەوەوە بێ هیمەت و ئیرادەبێ، دەبێ بە خاوەن لاشەیەکی سست و دڵێکی بێ هێز و ژیانێکی بێ بەرنامە، هەندێك لەو هۆکارانەش بریتیین لە:

١-خۆشەویستی و دنیا و خۆش نەوستنی مردن (الوهن).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴾ (١).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەوە بۆ چی کاتێك کە پێتان دەگوترێت ڕابەڕن و ئامادە بن و هێرش بەرن بۆ دوژمن لە پێناوی خوا، ئێوە لە شتان گران و دەلکێن بە زەویدا و زەمینگیر دەبن، ئایا ئێوە ڕازین بە ژیانی دنیا و بە گرنگتری دەزانن لە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت لە بەهەشتی بەرین بێگومان ژیانی دنیا بە بەراورد لەگەڵ ژیانی پڕ لە شادیی قیامەتدا زۆر زۆر کەم تەمەن و کەم خۆشییە.

ئەگەر کەسێك ژیانی ئاخیرەت هەڵبژێری و ڕەزامەندی خوای بوێت بێگومان لاشەی چالاك وە بەهێز دەبێ لەسەر کارە باشەکان بەڵام کەسێ کە نایەوێ بگاتە لیقای خوا شادبێ بە خۆشیەکانی ژیانی هەتا هەتایی ئەوا

(١) سورة التوبة: ٣٨.

هەمیشە ژیانی دنیا هەڵدەبژێرێ و نایەوێت هەرگیز بمرێ، بەمەش هیمەتی نزم دەبێ و ئەگەر یەک جار لەگەڵ موسڵمانان بڕوات بۆ سەنگەری جیهاد لە پێناو خوا پیاوێکی ترسنۆک و بێ هیمەتی و بێ ووزە دەبیندرێت لە مەیداندا.

ئەگەر بەڕاستی مرۆڤ ژیانی ئەبەدی هەڵبژارد دنیا لەلای بێ نرخ دەبێ، لەمردن و شەهیدی بێ باکە، چونکە دەچێتە نێو کاروانەکەی.

-پرسیاریان لە یەکێ لە پیاو ساڵحان کرد بۆچی ئەوەندە لە دونیا دوورەپەرێز دەکەیت؟

گووتی: سوێند بە خوا لە ترسی ئەوەی نەوەک قیامەت دوورە پەرێزییم لێ بکات و ببم بە پیاوێکی دنیایی هەرکەسێ لە دڵیدا هیمەت و شەرەف بڕوینێ ئینجا سەوز بێ ئەوا دوور دەکەوێتەوە لە شتە خراپ و قێزوەنەکان، وە هەرکەسێ سەقامگیر و خۆگر بێ ئەوا هیمەت و ئیرادەی وەک پایە جێگیر دەبێ، بێگومان خۆی لە شتێک دوور دەکات کە دڵ و دەروونی لێڵ بکات و عەزیمەی بڕوخێنێ.

دەڵێن جارێک ئامۆزایەکی (محمدی کوڕی واسع) هاتەوە مااڵێ (محمد) پرسیاری لێ کرد لە کوێ هاتیت؟

گوتی: لە داواکردنی دنیا.....واتە: دەگەڕام بە دوای ماڵ و سامانی دنیا.

(محمد) گوتی: ئینجا پێ گەیشتیت؟

-گوتی: نەخێر.

(محمد) گوتی یا سبحان اللە، تۆ داوای شتێ دەکەیت کە نایگەیتێ و

پێی ناگەیت، چۆن دەگەیتە شتێك كە داوات نەكردبێ.

٢-زۆر گوتنی خۆزگە، داواكردنی شتێك كە لەسەر پشت پاڵ دەداتەوە، ئومێدی وایە بۆی جێ بەجێ بكرێت، بە خەیاڵ لە ئاسمانەكان دەفڕێ، مانّی هەموو پاداشایەكانی لە ژێر دەست دایە خۆزگە دەبووم بە گەورەی ئەو وڵاتە بزانم چیم دەكرد خۆزگە زۆر دەوڵەمەند بام تاكو یارمەتی خزمەكانم بدایە بۆ پەیداكردنی ماڵ و سامانیش هەوڵ نادات وا دەزانی نەفس و هەوای بەوە تێر دەخوات.

شاعیر دەڵێ:

وأتـرُكْ مُنّـي الـنفْس لا تَحْـسَبْهُ يُـشْبِعْها
إن المُنـــــى رَأسُ مـــــال المَفـــــاليس

واتە: واز بێنە لەو خەیاڵە پڕ و پووچەی هەوا و نەفس كە سەرت قاڵ دەكات، وامەزانە كە نەفست بەمە تێر دەخوات بێگومان سەرمایەی بێ ماڵ و سامانەكان خۆزگە و خەیاڵی بێ سوودە.

ئەگەر بیر بكەیتەوە لەو دەریایە، بەڕاستی كەناری نیە، هەرچەندە بخوازی فراوانتر دەبێ بەڵام دەزانی ئەوە خەونیش نیە كە ئومێدی بكرێ ببێتە دی چونكە بە خەیاڵان فەقیریش دەوڵەمەندە بەڵام بۆ ئەوە نەكەین بە راستی وازبێنین لەو هیمەتە نزمە، لەو تەمبەڵییە، مرۆڤ كەی سەردەكەوێت؟ بێگومان كە هەوڵ دەدات ئیمانداری راستەقینە كەسێكە كە بزانێ ئەوەی خوای پەروەردگار فەرموویەتی وایە وەك فەرموویەتی، بڕوادار ئیش و كاری لە هەموو خەڵكی جوانترە، لە هەموو كەسێك زیاتر لەخوا دەترسێ ئەگەر

کێوی بکاتە خێر و سەدەقە و ببەخشێ بە هەژاران، هەر لە خۆی دڵنیا نیە، هەر چاکە و خواپەرستیێك بکات ئیللا بەمە ترسی زیاتر دەبێ لەخوا، هەر دەڵێ نا نا ڕزگار نابم لە دواڕۆژ بۆیە زیاتر هەوڵ دەدات و کاری چاك ئەنجام دەدات، بەڵام پیاوی دووڕوو و مونافیق دەڵێ: خەڵك زۆرە خوا هەر لێم خۆش دەبێ قەی چیەکات چیم لەسەرە، کاری خراپ زۆر دەکات، ئینجا خۆزگە و ئەمانی لەسەر خوا دەخوازێ.

۳-بەزایەدانی کات، لە زێدەڕۆیی کردن لە سەردانی خزم و دۆستان بەبێ هیچ نیاز و مەبەستێکی شەرعی بەمەش کۆڕ و مەجلیسی بێ سوود زۆر دەبن، قسە و گفتوگۆی نابەجێ و گاڵتەی بێ شەرعی مەجلیسەکان زیاتر دەکەن.

- ابن الجوزی دەفەرموێ: پەنا بەخوا لە دوستایەتی کەسانی بێ ئیش، بە ڕاستی خەڵکێکی زۆرم ببینی لەگەڵمدا دەڕۆیشتن و بۆ ئەو شوێنانەی کە خەڵك کردوویانە بە نەریت لە زۆر سەردان کردن، ئینجا ناویان دەنان، خزمەت کردن، درێژەیان بە مەجلیسەکان دەدا، قسەی خەڵکیان دەگێڕایەوە کە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبوو، باسی خەڵکیان دەکرد.

ئیتر لەو سەردەمەش ئەو جۆرە کەسانە زۆرن بە ڕاستی کات و ساتی ژیانیان بەفیڕۆ دەدەن، خۆیان بە شتی باش سەرقاڵ ناکەن تەنها خەیاڵ و فکری پڕوپۆچ لەناکاو شەیتان بە کاری خراپ سەرقاڵیان دەکات، بۆیە لە کارەکانیدا بێ هیمەت و ئیرادە دەبێ، متمانەی بەخۆی نابێ.

(گرنگی کات لە قورئان و فەرموودەدا)

-پێشەوا (فخرالدین الرازی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێ: خوای گەورە سوێندی بەکات -دەور و زەمان-خواردووە لەبەر شتی زۆر سەیر و غەریب، چونکە لە نێو ئەو کات و زەمانەدا خۆشی و ناخۆشی تێدا بەدی دەکرێت، هەروەها لەش ساغی و نەخۆشی و دەوڵەمەندی و هەژاری دەبینێ، لەبەر ئەوە ئەو تەمەنەی مرۆڤ لە گرنگی و گران بەهاییدا بەهیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە کاتێك کە ڕۆیشت.

ئەگەر هەزار ساڵ ژیاییت وە تەمەنت لەشتی بێ مانا و بێ کەڵك بەسەر برد، پاشان گەڕایتەوە و تۆبەت کرد، وە بەتەواوی کامەرانی و خۆشبەختی لە دواساتەکانی ژیانت جێگیر بوو لە بەهەشتدا مایتەوە تاکو کۆتایی و هەتا هەتایی ئینجا دەزانی کە باشترین و چاکترین شت ژیانی تۆیە لەو کاتەی کە بەختەوەریت هاتەوە و کاتت لە شتی چاك خەرج کرد ئیتر ئەمەش زەمانە لە جوملەی بنچینەکانی نیعمەتە هەرە گەورەکانی خوایە، هەر بۆیە خوا سوێندی پێ دەخوات، وە بەندەکانی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە شەو و ڕۆژ هەڵێکی باشە کە مرۆڤ چاکەی تێدا بکەن بەڵام مرۆڤ بەزایەی دەدەن زەمان و کات بەڕاستی نیعمەتێکی زۆر گەورە و بەسوودی پەروەردگارە، کە لە دەست دەرچوو بەهیچ شێوەیەك دەست ناکەوێتەوە ئەوەی تێیدا زەرەرمەند ئەبێت بێگومان ئینسانە.

﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ﴾ (العصر: ١-٢).

واتە: سوێند بە زەمان، کە تەمەنی ئینسانی تێدایە، ئەو تەمەنەی لە سەرمایەی خۆیەتی لە حاصل کردنی بیروبڕوا و ڕەوشتی باش و کردەوە و

بارودۆخەکان، بێگومان هەموو تاکەکانی ئینسان لە زەرەرمەندی دانە.

ئەمە ئاماژەیە بۆ گرنگی کات وە لە بنچینەکان و گرانبەهایی نیعمەتەکانە.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (نعمَتان مغبون فيهما كثير من النّاس، الصحة والفراغ)[1].

واتە: دوو نیعمەتی خوا هەن کە زۆربەی خەڵکی لێی زەرەرمەند و لێی بێ بەشن، بە شێتی پرۆپۆچ و بێ مانا بەسەری دەبەن، یەکەمیان لەش ساغییە، دووەمیان: هەبوونی کاتێکی یەکجار زۆرە کە دەتوانی زۆربەی کارە باشەکانی تێدا ئەنجام بدات.

- ابن جوزی- دەفەرموێ:

هەندێ جار مرۆڤ لەش ساغە بەڵام بێ مەجالە کاتی زۆر کە بەشی هەموو کارەکانی ناکات، لەبەر سەقاڵی بە پەیداکردنی بژێوی ژیان، وە هەندێ جاریش دەوڵەمەندە و خاوەن ماڵ و سامانە زۆر بە کار و کاسبی سەرقاڵ نیە، بەڵام لەش ساغ نیە، ئەگەر ئەو دوو شتانە پێکەوە کۆببوونەوە، ئینجا تەمبەڵی بەسەری زاڵ بوو وە نەیهێشت خواپەرستی بکات بێگومان ئەوە زەرەرمەندە، تەواوی ئەوەش بریتییە لەوە کە دنیا کێڵگەی دواڕۆژە، لە ناو دنیاشدا بازرگانی هەیە کە قازانجەکەی لە دوا ڕۆژدا بە دەر دەکەوێت، هەر کەسێ کات و لەش ساغی خۆی لە خوا پەرستی و گوێڕایەڵی خوا خەرج بکات بێگومان ئەوە سوودمەندبووە، ئەوەی لە بێ ئەمری خواش خەرج بکات

(١) رواه البخاري والترمذي وابن ماجة.

ئەوا زەرەر مەندبووە، چونکە فەراغ و کات زۆری سەرقاڵی بە دوادا دێت، لەش ساغی خۆشی نەخۆشی و دەردەسەری بە دوادا دێت، ئەگەر هیچ نەبێ تەنها پیری تووشی بێ ئەوەند بۆی بەسە.

(کات تەمەنە)

-ئیمامی (الغزالی) لە کتێبەکەی (بدایه الهدایه)دا دەفەرموێ:

کاتەکانی تۆ تەمەنی تۆیە، تەمەنەکەشت سەرمایەی خۆتە، هەر لەسەر ئەو سەرمایە بازرگانی دەکەیت، بەمەش گەیشتنت بۆ نازو نیعمەتی هەتا هەتایی یە بۆ لای خوای گەورە، هەر هەناسەیەک لە هەناسەکانت گەوهەرێکە هەرگیز ناقرسێندرێت چونکە بەرامبەری نییە، هەرکە لە دەستت رۆیشت ناگەڕێتەوە، کەواتە وەک کەسانێکی نەزان و نەفام نەبیت کە دڵیان زۆر خۆشە لە هەموو رۆژێک کە شتێک لە مالّی دنیادا زیاد دەکەن و بەڵام دەبینی لەو لاوە لە تەمەنیان کەم دەکات.

جا توخوا چ چاکە و خێر و بێرێک لەو ماڵەدایە کە زیاد دەبێ و وە چ خێرێک لەو تەمەنە دایە کە نوقسان دەبێ، دڵت بەس بە زانست و کاری چاک خۆش بکە، چونکە هەردووکیان هاوڕێتن لە ناو تاریکی گۆڕدا، لە کاتێکدا کە خزم و کەست پشتت تێدەکەن و دەگەڕێنەوە مالّێ[1].

(١) قيمة الزمن عند العلماء، الشيخ عبدالفتاح ابو غدة (٤٠).

-سرِي سقطي-دەفەرموێ:

ئەگەر لەسەر مالّ و سامانت غەمبار و ناڕەحەت بوویت کە لە دەستت چووە و زەرەرت کردووە، ئەوا لەسەر کەمبوونەوەی تەمەنت بگرێی و غەمبار بە.

لە ڕاستیدا ئەو کات و ساتەی کە هەناسەی تێدا هەڵدەکێشیت بە گەوهەرێکی گران بەها دەژمێردرێت لەلایەن پیاوانی گران بەها چونکە کەس ڕێز لە شتە بە نرخەکان نەگرێ بێگومان زەرەرمەندە.

-إبن عطاء الله الأسكندري-دەفەرموێ:

هەناسەکانت لە خواپەرستی نەبێ لەهیچ شتێ خەرج مەکە، سەیری بچووکی نەفسیش مەکە، بەڵکو سەیری بڕیار و ئەندازەکەی بکە، وە هەروەها سەیری کە خوا چی بەبەندەی بەخشیوە، هەناسەکان گەوهەرن، ئایا کەسێك دەبینی گەوهەرێکی گران بەها فڕێبداتە ناو زبڵدان! ؟

بۆیە پیاوانی چەرخی ڕابردوو لە (چاکانی پێشوو) وە ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەنبیش بوون بەڕاستی زۆر زیاتر لە هەموو خەڵك سوور بوون لەسەر بەسەربردنی کاتیان و پڕکردنی لە کاری خێر و چاکە، چ لە زاناکانیان، وە چ لە خواپەرستەکان ئەوان پێشبڕکێی کاتژمێرەکانیان دەکرد، پەلەیان لە چرکەکان دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو کاتەیان بەهەدەر نەڕوات و لە شتی باش و چاك خەرجی بکەن.

بزانە کە باوەڕدار بە پەلەیە بۆ جێ بەجێ کردنی کارە چاکەکانی و هەتەمبەڵی لێ ناکات بۆ ئەوەی لە بەیانی ئەنجامی بدات.

-شێخ حسن ی بەسری-دەفەرموێ:

ئیمامی عمر نامەیەکی بۆ (ابو موسی الاشعری) نارد، کە تێیدا نوسرابوو. (لە پاشان....بەڕاستی هێز لە کارکردندا ئەوەیە کە کاری ئەمڕۆکە نەخەیتە سبەینێ، چونکە ئەگەر ئەو هات کرد، کارەکانتان زۆر لەسەر کۆدەبنەوە، ئەو کاتەش نازانن کامیان بکەن، لەناکاو بەزایە دەڕۆن[1].

-عبدالله -ی کوڕی مسعود (رەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێ: پەشیمانیم لەسەر هیچ شتێ نەبووە، وەك پەشیمانیم لەسەر ئەو ڕۆژەی کە خۆری تێدا ئاوا بووە، کە لەتەمەنی منی کەم کردبێ وە هیچ کردەوەیەکی باشی لێ زیاد نەکردبم.

-چەند جوانە کە هەندێ لە زانایان دەڵێن:

هەر کەسێك ڕۆژەکە بەسەر ببات بە شتێك کە جێ بەجێ کردنی واجبێك نەبێ، یان دانەوەی حەقێك کە لەسەری بێ، یان سوپاسگوزارێیك یان بنیاتنانی چاکەیەك، یان فێربوونی زانستێك، بێگومان ئەو کەسە دایکی خۆی ئازارداوە مافی فەوتاندووە، وە ستەمی لەخۆی کردووە.

-ئیمامی (عمر)ی کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ:

بەڕاستی شەو وڕۆژگار کار لە تۆ دەکەن -گۆڕانکاری لە ژیانت دروست دەکەن-تۆ کار لە ئەوان بکە-لە شەوو ڕۆژدا گۆڕانکاری بە زیادکردنی چاکە دروست بکە.

---

(١) قيمة الزمن عن العلماء (٤٦-٤٧).

-پیاوێك به (عمر)ی كوڕی عبدقیس ی تابعینی گوت:

قسەم لەگەڵ بكە-وا دیارە دەیەوێت پرسیارێكی لێ بكات.

(عامر) پێی دەڵێ كاتم نیە، ئەگەر تیشكی خۆر ڕابگرێت تاكو كاتم بەسەر نەچێ ئەوا قسەت لەگەڵ دەكەم، چونكە بەڕاستی كات دەڕوات، ناگەڕێتەوە وە دوای ڕۆیشتنی، زەرەرمەند بوونیش لە كات زەرەرێكە هەرگیز پڕناكرێتەوە، چونكە بۆ هەموو كاتێك ئەوە هەیە كە بە كردەوە و كاری چاك پڕ بكرێتەوە[1].

-شێخ حسن ی بەسری دەفەرموێ:

ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی تۆ چەند ڕۆژێكی، ئەگەر ڕۆژێك لەو چەند ڕۆژانە ڕۆیشت و مانّاوایی لێ كردیت ئەوا بزانە كە بە شێكی تەمەنی تۆ ڕۆیشت و مانّاوایی لێ كردیت.

-هەروەها دەفەرموێ:

گەیشتمە كەسانێك ئەوان زۆر سوور بوون لەسەر كاتەكانیان بۆ بەسەربردن لە كاری چاك زیاتر لەوەی كە ئێوە سوورن لەسەر كۆكردنەوەی دنیا و درهەم.

---

(١) نفس المصدر السابق، (٤٨).

(لە خزمەت زانایانی ئیسلامدا)

لەو کاتەی کە چاوم بە کتێبی (قیمه الزمن عند العلماء) کەوت کە نووسینی خوالێخۆشبوو–شێخ عبدالفتاح ابو غده)–بوو وە سەیری ژیان و هەڵس و کەوتی زانایانی چەرخی ڕابردووم کرد بە ڕاستی تەواو سەرسام بووم، لە کاتێك ئەوان ژیانیان بە چرکە ئەژمار دەکرد و هەناسەکانیان دەژمارد، بە گەوهەر دەیاننرخاند هیچ کاتیان بە زایە نەدەدا، لە چاکە وخواپەرستی زانست خەرجیان دەکرد، قسەکانیشیان هەمووی دانایی و حیکمەت بو چونکە دەروونی پاك دائمەن شتی سەیری لێ هەڵدەقوڵێ، بە حیکمەت قسە دەکات ئیتر جەڵەوی نەفسی لە ژێردەستدایە، بۆیە منیش ویستم نامیلکە بچوککەم بێ بەش نەکەم لە تەمەنی پڕ بەرەکەتی ئەو کەڵە پیاوانە، هەندێ لە پەند و ئامۆژگارییەکانیان لەم کتێبەدا وەرگێڕمە سەر زمانی دایك بۆ ئەوەی نەوەی موسڵمانی کوردیش لێی بەهرەمەند بێ إن شاء الله.

*زانای گەورە و پایە بەرز (حماد) ی کوڕی سلمه (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)

–عبدالرحمن ی کوڕی مهدی، کە یەکێکە لە قوتابیەکانی دەڵێ:

ئەگەر بە حمادی کوڕی سلمه بڵێن: تۆ بەیانی دەمریت، ناتوانێ هیچ لە کردەوەکانی زیاد بکات.

–موسی ی کوڕی اسماعیل (التبونكي) دەڵێ:

ئەگەر پێتان بڵێم من هیچ کات (حماد) ی کوڕی سلمەم نەبینوە بە پێکەنینەوە، ئەوا ڕاست دەکەم–باوەڕم پێ بکەن–ئەو هەردەم سەرقاڵ بوو،

یان ئەوەتا قسەی دەکرد ئامۆژگاری دەبەخشی،یان قورئانی دەخوێند، یان تەسبیحاتی دەکرد، یان نوێژی دەکرد، بێگومان ئەو پۆژی دابەش کردبووە سەر ئەو شتانە.

– یونس (المؤدب) دەڵێ:

حمادی کوڕی سلمە کە وەفاتی کرد لە ناو نوێژدا بوو (رەحمەتی خوای لەسەر بێ).

*ابو الهلال العسکری دەفەرموێ:

خەلیل ی کوڕی احمدی (الفراهیدی البصری) کە یەکێکە لە زانایە هەرە گەورەکانی سەردەمی خۆی لە دایك بووی سالّی (١٠٠)ی کۆچی دەفەرموێ:

قورستترین کات و سات لەسەرم ئەو کاتانەیە کە خواردنی تێدا دەخۆم، کاتم بە خواردن بەزایە دەدەم.

*(ابو یوسف)یعقوب ی کوڕی ابراهیم الانصاری کوفی هاوڕێ و مامۆستای ئیمامی (ابو حنیفه) (ڕەزای خوایان لێ بێت)

لەنەخۆشی سەرەمەرگدا مەسەلەیەکی شەرعی بۆ خەڵکی پوون دەکاتەوە.

ابراهیم ی کوڕی جراح کە قوتابی ئەو بوو دەڵێ:

ابو یوسف نەخۆش کەوت، چوومە سەردانی، بینیم لەهۆش خۆی چووە، کە هاتەوە هۆش خۆی پێی گوتم:

ئەی ابراهیم تۆ ڕات چییە لەو مەسەلەیە؟

گوتم: مەسەلەی چی لەو کاتەدا باسی چی دەکەیت؟

گوتی: هیچ نییە لێی دەکۆڵینەوە بەڵکو بەوە کەسێك سوودمەند دەبێ و ڕزگاری دەبێ، بۆ چی ئەوەندە ئێمە بۆ ئەوە دەخوێنین هەوڵدەدەین تاکو دەمرین....؟

ئینجا گوتی: ئەی ابراهیم، لە ڕەجمی (جمرات)ی مینا کامیان باشترە ئایا بە سواری وڵاخ یان بە پیادەیی؟

گوتم: بە سواری وڵاخ.

گوتی: هەڵەت کرد.

گوتم: بە پیادەیی.

گوتی: دووبارە هەڵەت کرد.

گوتم: دە تۆ بیڵێ خوا لێت ڕازی بێت.

سبحان الله دەستی کرد بەقسەکردن، گوتی: ئەوشوێنە کە جێگای دووعاکردن بێ لەیەك لەو سێ (جەمەڕاتانە) ڕەجمی بەناو شەیتان–ئەگەر ڕاوەستانی بوێت بۆ دوعا کردن ئەوا باشتر وایە بە پیادەیی ڕەجم بکات، بەڵام ئەگەر ڕاوەستانی نەوێت بۆ دوعا کردن ئەوا باشتر وایە بە سواری بچێتە لای (جمرات) ڕەجم بکات.

کە ئەم قسەی تەواو کرد منیش هەستام لەلای وێستم بڕۆم کە گەیشتمە بەردەم دەرگای ماڵی ئەو، دەنگی گریانم بیست لەسەری، کە سەیرم کرد وەفاتی کردووە.

ئەمە رێگای زانایانە کە پێمان دەڵێن داوای زانست بکەن لەسەر پشتی لانك –بێشکە–تاکو چوونە ناو تاریکی گۆڕ.

–ابو یوسف القاضي–هەر ئەو پیاوەیە کە ژیانی هەمووی تەرخان کردبوو لە بۆ زانست و زانیاری.

محمدی کوڕی (قدامه) دەڵێ: ابو یوسف گووتی:

کوڕێکم مردووە نەمتوانی ئامادەی جەنازە و کفنی ببم بۆ خزمان و دراوسێیەکانم بەجێ هێشتووە، نەوەك لە کۆڕ و مەجلیسی ئیمامی ئەبو حەنیفە داببڕێم دوای ئاهو حەسرەتم لە دڵ دەرناچێ و خەم و پەژارەی بۆ هەڵدەگرم.

*محمدی کوڕی حسن ی شەیبانی کە یەکێکە لە قوتابیانی ئیمامی ابو حەنیفە، لە شەودا نەدەخەوت مەگەر کەمێك نەبێ ئینجا هەندێ کتێب و دەفتەری لەلای خۆی دادەنا، هەرکە لە یەکیان بێزار بوو ئەویتری هەڵدەگرت، هەروەها خەوەکەی بە ئاو خواردنەوە دەڕەواندەوە، دەیگوت: نووستن لە گەرمایی دێت هەرکە ئاوم خواردەوە نامێنێ.

*پێشەوا و زانای دونیا و دین ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

شەوەکەی دەکاتە سێ بەش، بەشی یەکەم بۆ نووسینی تەرخان دەکرد، بەشی دووەم بۆ نوێژ و خواپەرستی، بەشی سێیەم بۆ حەسانەوە و نووستن.

چەند جوانە ژیانت بە بەرنامە و پرۆگرامی ئەوها زێڕین ببەیتە سەر جگە لە پێشەوا شافیعی چەند زانا و پیاو سالّحی تر بەم شێوە کاتەکەی دابەش

دەکرد نەیدەهێشت بە چرکە بەزایە بڕوات مەگەر لە کاری چاک و پێویست نەبا وەکو:

*ابو عبید قاسمی کوڕی سلام ی(الهرویّ البغدادی)

ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە شەوەکەی دەکرد بە سێ بەش بەشێکیان بۆ نوێژ کردن و خواپەرستی تەرخان دەکرد بەشتی تر بۆ نووستن حەسانەوەی خۆی. بە شی سێیەم بۆ نووسین و زانست و دانانی کتێب.

*پێشەوا ابن جریر (الطبري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

وەک پێشەنگو چاوساغێک بوو بۆ کەسانی سەردەمی خۆی لە پاراستنی کات و وەختی خۆی و خەرج کردنی لە خواپەرستی و زانست و زانیاریدا.

کاتەکانی پڕ بوون لە فێربوون و نووسین و دانان و داڕشتن تاکو گەیشتە ئاستێک کە بە ژمارەی کتێبەکانی خەڵکی سەرسام دەکرد، ئەوەتا تەفسیرەکەی گەیشتۆتە سی هەزار (٣٠,٠٠٠) لاپەڕە، خەڵکی دەڵێن ئەوە چییە خۆ هەموو تەمەنی مرۆڤ تەواو دەبێ تاکو خوێندنەوەی ئەو تەفسیرە تەواو دەبێ. ئینجا کورتی دەکاتەوە لە نزیکەی سێ هەزار (٣٠٠٠) لاپەڕە.

—وای بە خەیاڵ داهات کە کتێبی گەورە لە مێژوودا بنووسێ کاتی پرسیار لە خەڵکی دەکات ئایا چاڵاکیتان هەیە بۆ مێژووی جیهان (تأریخ العالم) لە ئادەم تاکو ئەو سەردەمەی خۆمان؟ گوتیان ئەندازەکەی چەندە وە چەند لاپەڕە دەبێ؟

گوتی: وەکو ئەندازەی تەفسیرەکە سی هەزار لاپەڕە.

ئەوانیش وەکو جاران وەڵامیان دایەوە و گوتیان خۆ تەمەن تەواو دەبێ چۆن دەخوێندرێتەوە؟ پێی گوتن: إنا لله هیمەتتان مرد، ئینجا کورتی کردەوە بۆ سێ هەزار لاپەڕە وەکو کورتەی تەفسیرەکەی، ئینجا کۆتایی پێ هێنا و لە نووسین و خوێندنەوەکەی لە مانگی (ربيع الثاني) ساڵی ٣٠٣ کۆچی.

-دەڵێن: ابن جریری (الطبري) چل ساڵ ماوەتەوە لە هەموو ڕۆژێکدا چل لاپەڕەی نووسیوەتەوە.

-کۆی گشتی نووسراو و دانراوەکانی ابن جریر الطبري گەیشتۆتە نزیکەی (٣٥٨) هەزار لاپەڕە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ٢٢٤ کۆچی لەدایك بووە، وە لە ساڵی ٣١٠ی کۆچی وەفاتی کردووە، کەواتە ٨٦ دانە ساڵ ژیاوە، ئەگەر بڵێین لە چواردە (١٤) ساڵیدا بلوغی بووە، ئەو کاتە (٧٢) ساڵی دەمێنێ، واتە: لە هەموو ڕۆژێکدا چواردە لاپەڕە دەنووسێ، ئەگەر تەمەنی ٧٢ ساڵ حیساب بکەین هەر ڕۆژێك ١٤ لاپەڕەی بۆ دابنێین کە نووسیویەتی، ئەوا کۆی گشتی دانراوی ئیمام نزیکەی ٣٥٨ هەزار لاپەڕە دەبێ.

-ابن جریر لەگەڵ دابەش کردنی کاتەکان و کارەکانی.

-قازی ابو بکر کە هاوڕێ و قوتابی ئەو بوو دەڵێ:

کاتی کە نانی دەخوارد لەناو لێفێك دەخەوت کە نەرم و دەزوەکەشی زۆر ئەستور بوو، کە لە کەتتان دروست دەکرا، لە کاتی گەڕمادا پێی دەنووست لەبەر فێنکێتی لەسەر لاشە لەگەڵ کراسێکی قۆڵ کورت کە بۆیە کرا بە سەندەل و ئاوی گوڵ.

پاشان هەڵدەستا لەماڵ نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، تاکو عەسر نوسینی دەکرد پاشان دەردەچوو بۆ مزگەوت نوێژی عەسری لەگەڵ خەڵك دەکرد پاش نوێژ دادەنیشت کۆڕی دەبەست تاکو مەغریب قورئانی بۆ دەخوێندن و قورئانیان بۆ دەخوێندەوە —واتە: مامۆستای ئەوان بوو فێری قورئانی دەکردن—ئینجا لەنێوان مەغریب و عیشا کۆڕی تایبەتی دەبەست بۆ شەرع (الفقه) و دەرسی قوتابیانی، پاشان دەچووە ماڵێ، بەم شێوە شەو و ڕۆژی دابەش کردبوو لە بەرژەوەندی خۆی و دین و خەڵك، هەروەکو ئەوها خوا هێزی پێدا بوو وەرێگای بۆ ئاسان کردبوو.

—لەکاتی سەرەمەرگیدا داوای کاغەز و مەرەکەب دەکات تاکو زانیارییێك بنووسێ پێی دەڵێن لەو کاتە ئەو شتە دەکەیت کە لەسەر مردنی؟

دەڵێ: پێویستە بۆ مرۆڤ لە وەرگرتنی زانست وازنەهێنێ هەردەم داوای زانست بکات تاکو دەمرێ.

خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات و پاداشتی بداتەوە لە زانست و زانیارییەکەی و لە ئایینەکەی بە باشترین پاداشت.

بەڵێ بەڕێزانم، هەرچی ابن جریر و سەدان زانا و کەڵە پیاوی وەك ابن جریر کۆچیان کردوە بۆ ماڵەکەی ئەودیو. بەڵام بەروبومیان هەمیشە زیندووە و هەرگیز نامرێ زانایەکی وەك ابن جریر تاکو کتێبەکانی مابن هەمیشە خۆی زیندووە و زیاتر باسی دەکرێ و قسە و ئامۆژگاری و فەتواکانی زیاتر بڵاودەبنەوە، ئەگەرچی منداڵەکانی گەیشتبن بە دە منداڵ یان بیست یان سی، هێشتا بەوە زیاتر باسی دەکرێ و زانستەکەی بڵاو دەبێتەوە کەچی ئێستا چەندەها ساڵە کۆچی کردووە بەڵام بە کتێب و نووسینەکانی هەمیشە

زیندووە.

-ابن الجوزی ڕاستی کرد کە دەفەرموویێ:

کتێبی پیاوی زانا کوڕە نەمرەکەیەتی، واتە: وەك کوڕێکی نەمر کە هەمیشە لە دوای خۆی بمێنێ دوعای بۆ بکات[1].

ئەمە و چەند زانایانی تر کە تەمەنیان هەموو لە خزمەت زانست و زانیاری و خوا پەرستیدا بوو ڕۆژیان لەسەر شەو دادەنا شەویان تێکەڵی ڕۆژ دەکرد هیمەتییان چرکە بەچرکە بەرز دەبوو، نەیاندەهێشت کەسانی هیمەت نزم و بێ ئیرادە ساردیان بکەنەوە کاتیان بە فیڕۆ نەدەدا، ڕانەدەوستان مەگەر تیشکی خۆر ڕاوەستابایە ئیتر ئەوان بە پاداشت و پلەی خۆیان گەیشتن، با ئێمەش لەوان و ڕەوشتی ئەوان دانەبڕێین بەسە کات بە فیڕۆ دان بە دوای شتی بێ مانا و بێ بەروبووم، گەنجان دەبێ زیاتر لەهەموو کەس هەوڵ بدەن بۆ ئامانجەکانیان ڕۆڵی چاکانی پێشوویان هەبێ، لە بێداریدا شافیعی ئاسا بن نەك بێداری بۆ ئەنجامدانی چەند کار و کرداری خراپ، نەبیتە پاسەوانی شەوان بە دیار تەلەفزیۆن و سەرقاڵی بەدیار ئنتەرنێت و کاری ناشەرعی کۆڕ و مەجلیسی هاوڕێیانی خراپ و دوور لە ڕێبازی ئیسلام، ژیانێك کە بۆ خوا بوو بێگومان کەمتر مرۆڤ تووشی هەڵە دەبێ، ئەگەر دڵسۆزی جێگیر بوو لە دڵدا بۆ خوا و ئایینەکەی ئەوا هەرگیز ئەو کەسە هیمەت و ئیرادە لە دەست نادات و سەربەرز و خاوەن شکۆیە، وە جوانترین ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ ژیانێکی ئاسوودە و بەبەرنامە دوور لە کوێرەوەری و سەرلێشوان.

---

(١) قيمة الزمن عند العلماء، عبدالفتاح ابو غدة.

٤–لەو شتانەی کە دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی مرۆڤ هیمەتی نزم بێ و لە کارەکانی سەرنەکەوێ وە بەتەواوی وەرە و ئیرادە لە دەست بدات، بریتییە لە: زێدەڕۆیی کردن لەشتی حەڵاڵ و موباح، هەروەها زۆر لەززەت وەرگرتن لەناز و نیعمەتی خوا بەبێ سوپاسگوزاری، وە زیاد لە پێویست مالّ و سامان خەرج کردن لە ڕێگا جۆرا و جۆرەکان.

بەڕاستی ئەو جۆرە ڕەوشت و کارانە پیاو دەڕووخێنن و وای لێ دەکەن کە هەمیشە پشت بەو جۆرە خۆشی و لەزەتانە ببەستێ و بەس.

–ابن القیم دەفەرموێ: ڕۆژێکیان (ابن تیمیه)ی مامۆستام پێی گوتم: ئەو لەزەت وەرگرتنە لە شتی موباح و ڕەوا بە ڕاستی دژی پلە بەرزەکانە، هەرچەندە وازنەهێنانەکەی مەرج نییە بۆ سەرکەوتن، بەڵام پیاوی خواناس و لەخوا ترس وەکو پەردەیەک لە نێوان حەڵاڵ و حەرام وازدێنێ لە شتی موباح کە نە حەڵاڵە و نە حەڕامە[1].

٥–دۆستایەتی و هاوڕێتی کەسانی بێ ئیش و کار کە تەنها کات بەسەر دەبەن بە شتی بێ مانا و وە هەروەها لەگەڵ کەسانێکی هیمەت نزمن کە بەڕاستی ڕۆشنایی دڵیان کوژاوەتەوە، کوێرەوەرن لە ئاستی ئەو ڕێ ڕۆنییە، بۆیە پیاوی موسڵمان دەبێ زۆر بێ بەشداری نەکات لە کۆڕ و مەجلیسێ کە تۆز و غوباری ئەوانی بەرکەوێ چونکە هەموو مەجلیسێک بەڕاستی فریشتە بەشداری لێ ناکەن وە نابێ هاوڕێتی کەسانی دەروون نزم بکات چونکە ڕەوشتە جوانەکەی بەمە لەدەست دەدات، وە بە تەواوی دەچێتەسەر ڕێباز و هێزری ئەوان لە کۆتاییدا ڕێزی لەگەڵ ڕێزی ئەوانە.

---

(١) مدارج السالکین، للإمام ابن القیم الجوزیة.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:

(مثل الجَليسِ الصالِح والجليس السوء كَحامِل المِسك ونافخ الكير فحاملُ المسك أما ان يحذيَكَ وأما أنّ تبتاع منه، وأما ان تجد منه ريحاً طَيِّبةً، ونافِخُ الكير أما ان يحرق ثيابَكَ، وأما أن تجد منهُ ريحاً خبيثة) [1].

واتە: نموونەی کۆڕ و مەجلیسی چاك و خراپ، یان هاوڕێی چاك و خراپ، وەکو هەڵگری بۆنی میسك و هەمبان دەفە، واتە: ئەو کەسەی بە پێستە ئەستورەکەی ئاژەڵ هەمبان دروست دەکات و ئینجا فووی پێ لە ئاگر دەکات تاکو ئاسنی بۆ نەرم بکات ئینجا هەڵگری بۆنی میسك یان ئەوەتا پێت دەبەخشێ یان لێی دەکریت یان بۆنی خۆشت بۆ دێت، بەڵام هەمبان دەف، یان ئەوەتا بەرگ و پۆشاکت دەسووتێنێ کاتی پڕۆشکی ئاگر بڵاو دەکات، یان بۆنێکی ناخۆشت بۆ دێت.

کەواتە: هاوڕێ لەسەر ئایینی هاوڕێیە، دەبێ بزانی کە هاوڕێتی کێ دەکەیت، ئەگەر هاوڕێتی کەسانی دەست بەتاڵ و بێ ئیش بکەیت بزانە کە ئەوان رێگری خوا و ڕۆژی قیامەتن هەڵسوکەت لەگەڵیان ژەهری کوشندەیە، نزیك بوونەوە لێیان لەناوچوونە. هەرکەسێ نەخۆش و دەردەدار بێ بە دوای کەسی وەك خۆی دەگەڕێ کە نەخۆش و دەردەدار بێ، (گۆڕ دەگەڕێ بۆ گۆڕی وەك خۆی).

گەورەترین و چاکترین دۆست و هاوڕێت ئەوەیە کە ڕێی ڕاستت پێ نیشان بدات، لە نێو خراپەدا ڕاتبکێشێ بۆ چاکە و ژیانێکی ئاسوودە، هاوڕێ ئەگەر بۆ بونیادنانت هەوڵ بدات بزانە چاکترین هاوڕێتە.

---

(١) متفق عليه، واللفظ لمسلم.

(ڕوونکردنەوەیەك)

زۆر جار دەبینی موسڵمانێك چەند هاوڕێیکی هەن کەوەکوو پێویست چاکەیان لێوە بەدی ناکرێت بەڵام ئەو موسڵمانە دەستی لەو هاوڕێیە بەرنابێ وە هونەری گەڕانەوەی تەواوی نیە کەوا وەك خۆی ڕاست و چاك و پاك بکات بۆیە زۆر بە دوای ماندووە شەو ڕۆژ هەوڵ دەدات بۆ گەڕانەوەی بەڵام بێ سوودە، هێشتا دەرمانی دەردەکانی نەدۆزراوەتەوە تاکو ساڕێژ بکرێتو دەردی بنبڕ بکرێ، دڵیشی وە بەرنایە دەستی لێ بەربدات منیش پێت دەڵێم برای بەڕێزم، گەنجی موسڵمان و خوشکی گەورەم بۆ ئەوەی تەواو سەرکەویت بەسەر ئارەزووەکانی هاوڕێت وە جەڵەوی ئەو بگریتە دەستت پابەند بە بەو چەند خاڵانەی خوارەوە:

١-سەرتا دەبێ خۆشەویستی خۆت جێگیر کردبێ لە دڵی هاوڕێکەت، چونکە دڵنیابە ئەگەر خۆشی نەوێیت گوێیت بۆ ناگرێ، بۆیە بەو خۆشەویستییە بۆت ملکەچ دەبێ

-ان المحب لمن یحب مطیع-خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی ئامادەیە کەژوکێو بڕوخێنێ بۆی.

٢-دەبێ ئەو هاوڕێیەت وا ڕاهێنابێ کە زۆر شەرمت لێ بکات وە هەمیشە کرداری ناشیرین و قسەی سووك لەلای نەکەیت، وە خۆت بە دوور بگریت لە شتی خراپ کە کار لە ئەو دەکات.

٣-هەتا بڵێی دەبێ ڕاستگۆ بیت لەگەڵی، چونکەبۆی هەیە قسەکانت کاری تێنەکات لەو کاتەدا.

٤-نابێ خۆت بێ تاقەت و بێ هێز بکەیت لە کاتێ کە گوێ بە قسەکانت نادات، دەبێ هەوڵ بدەیت بۆ ئامۆژگاریکردنی، هەرگیز سادرنەبیتەوە.

٥-لە هەموو کاتێك ئامۆژگاری مەکە، بۆ نموونە لەو کاتەی کە زۆر تووڕەیە، یان زۆر غەمبارە، یان بەکار و کاسبی خۆی سەرقاڵ و ماندووە.

٦-دەبێ زۆر فەننان و لێزان بیت بۆ دۆزینەوەی دەرمانی ئەو، بیربکەوە بزانە ئەو قسەی پێی دەڵێیت ئاڕاستەی کوێی دەکەیت، ئەگەر ئەو دەردێکی هەبوو تۆ تیماری دەردەکەت بە دەرمانێکی تر کرد کە سارێژی نەدەکرد بێگومان سەرناکەویت لەو هەوڵە.

٧-گەشتی جۆرا و جۆر بکەن پێکەوە بۆ شوێنی گەورە و پیرۆز تاکو دەگۆڕێ وەکو: مزگەوت، حەج و عومرە، سەردانی پیاوانی زانا و شارەزا، کە کۆڕ ومەجلیسیان هەموو ی زیکرە، سەردانی نەخۆش، زیارەتی گۆڕستان و شاری خامۆشان، گەشت و گوزاری خۆشی دوور لە شتی ناشەرعی و خراپ. چونکە بەم جۆرە گەشتانە هەر دەگۆڕێ و ژیانی بەرەو خۆشی و ئاسوودەیی دەچێ.

٨-هەوڵ بدە کە گوێ لەووتار و شتی باش بگریت لە ئامۆژگاری مامۆستایان و چەند کاسێت وسیدی بۆ بەدیاری بنێرە تاکو هەم دڵی خۆش بێ وە هەم سوودیان لی وەرگرێ.

ئەگەر خوێندەوار بوو کتێب و نامیلکەی بۆ بەدیاری بنێرە تاکو ئاشنا بێ لەگەڵیان بەڵام دەبێ لەوەش فەننان بیت نابێ هەموو جۆرە کتێبێك بێ کە باس لە شتی بە ترس و خەماوی بکات بەڵکو دەبێ زیاتر شتە دڵخۆشکەرەکان بن سەرەتا تۆ نابێ باسی دۆزەخ و فریشتەی دۆزەخی بۆ بکەیت چونکە بەمە

زیاتر دڵی ناڕەحەت دەبێ، ترس لە دڵی دروست دەبێ بۆی هەیە نەتوانێ بەشەو بچێتە مزگەوتیش.

٩-هەردەم باسی پیاوە باشەکانی لەلا بکە نەک باسی ڕەوشتی پیاوە خراپەکان، وە نابێ داستانی پیاوانی خراپ زۆر لەلای بگێڕێتەوە چونکە ئەو شتە بۆ دەروون زۆر ئاسایی نیە.

جاری وا هەیە تۆ باس لە کەسێك دەکەیت کە گوناهێکی گەورەی کردووە، بۆی هەیە ئەو جۆرە گوناهە تاقی بکاتەوە خۆی تووشی بێت، یان هەر باسی کەسانێك بکەیت کە دەچنە مزگەوت نوێژ دەکەن و حەج و عومرە دەکەن بەڵام هەتا بڵێی دەستی خەڵك دەبڕن پیاوی خراپن لە گوناح ناگەڕێنەوە، بەو جۆرە شتانە ئەو هاوڕێیەت دڵی سارد دەبێ چۆن کەسێ نوێژ بکات حەج بکات ئەو ڕەوشتەی دەبێ لە کۆتاییدا دەچێتە دەریای بیرکردنەوەو ئینجا ساردبوونەوە.

١٠-لەگەڵ ئەو هەموو جۆرە هەوڵ و ماندووبوونەش دەبێ زۆر دوعای خێر و هیدایەتی بۆ بکەیت چونکە ئەگەر ئەو خاڵانەت ڕەچاو کردن و دوعات بۆی کرد دڵنیابە دێتە سەر ڕێی باش بەڵام ئەگەر بە هیچ شتێ لەوانە سوودی وەرنەگرت و نەگەڕایەوە دەبێ تۆ وازی لێ بێنێ و تەسلیم بە چاوساغێکی تری بکەیت چونکە هیدایەت بە دەستی خوایە والسلام.

٦- لە هۆکارەکانی هیمەت نزمی تەمبەلی و بێ تاقەتییە لە هەوڵدان و کارکردندا، هەر وای لێ دێت کە وابەسەر خۆزگە خوازان هات، سستی لە هەوڵدان مرۆڤ سەرگەردان دەکات، گیانی دەخاتە بەندیخانەوە، کۆت و زنجیر دەکرێ، هەوڵ دانی تەنها بۆ ئەوەیە کە جێگایەکی نەرم و خۆش و گەرم و

فێنیکی دەست کەوێ بۆ پاڵدانەوەی، ئینجا دەبێتە پیاوێکی لاشە سست و تەمبەڵ و بێ کار، دەبینی پێغەمبەرەکەت (ﷺ) چەندە ڕقی لەو کارە ناشیرینە بۆتەوە تەنانەت خۆشی لێی پاراستووە (اللهم إني أعوذ بك من العجز والكسل)[1].

واتە: پەروەردگارا پەنات پێ دەگرم لە بێ تاقەتی و تەمبەڵی.

-مامۆستا (فەڕا) دەفەرموێ:

بەزەییم بەکەس نەهاتۆتەوە، وەك بە زەییم بە دوو پیاو هاتۆتەوە:

یەکیان: کەسێکە داوای زانست دەکات بەڵام هیچی لێ تێناگات.

دووەم: کەسێکە باش تێدەگات بەڵام هیچ داوا ناکات، لەبەر تەمبەڵی و بێ تاقەتی لاشەی.

ئینجا بەڕاستی ئەو ڕەوشتە هۆکارە بۆ لابردنی هیمەت بەرزی و ئیرادە بەهێزی، چونکە سەرسام بووم بەو کەسەی کە مێشکێکی فراوانی هەیە بۆ وەرگرتنی زانست بەڵام هەوڵ نادات و وەرناگرێ.

-(المتنبی) دەڵێ:

ولم أرَ في عيوبِ النّاس عَيْباً

كنقص القادرين على التمامِ

واتە: هیچ عەیبێکم نەبینی لە خەڵك کە بە عەیبێکی گەورە دابندرێ وەك بچڕاندنی کەسانێك کە توانای تەواو کردنی کارەکەیان هەیە، بەڵام لەبەر

(١) رواه البخاري.

تەمبەڵی و بێ تاقەتی وازی لێ دێنێ و تەواوی ناکات و هیمەتی دادەبەزێ[1].

۷-پشت کردن و دوورپەرێزی کردن لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هیمەتی مرۆڤ نزم دەکات، وە زیاتر دەست دەگرێ بە شتە زیادکراوەکان (البدعه) و رێبازی پیرۆزی پێغەمبەر و هاوەڵان فەرامۆش دەکات، بەمەش پشت بەستنو داواکردنی هێز و توانای لەسەر خوا لاواز دەبێ، هەمیشە شتە باشەکان بە خراپەکان ئاڵوگۆڕ دەکات دەرەنجام زیانی دەروخێ وە پەنا بۆ غەیری خوا دەبات.

۸-شوێن کەوتنی رێباز و ڕەوشتی کەسانێکی کوێرەوەر کە شوێن کەوتنیان ماڵوێرانییە، ئەمەش وەک شوێن کەوتنی هەندێ لە پیاوان و ئافرەتان بۆ سەر ڕەوشتی ڕووخاوی ڕۆژئاواییەکان و ئەوروپییەکان و دەست گرتن بە دامێنیان لەهەموو هەڵس و کەوتیان دەبێ وەک ئەوان ڕەفتار بکەن لە قسەکردن، کڕین و فرۆشتن، پۆشینی جل و بەرگ ....هتد.

بەڕاستی بەم جۆرە خۆ و وێچواندن و تەقلید کردنە مرۆڤی موسڵمان عەزم و ئیرادەی لە دەست دەچێ، لە کۆتاییدا هەست دەکات زیانێکی بێ بەرنامە بەسەر دەبات، چونکە لە بەرنامەی قورئان و سوننەتی لاداوە، پەنا بەخوا.

۹-لاوازی ئیمان وئولفەت کردن و پێوەگرتنی بە گوناح و تاوان گومانی تێدا نیە مرۆڤ کاتی کە تاوانێکی گەورە دەکات وەک پۆشاک کە دایدەکەنێ ئەوها ئیمان لێ دەپچڕێ و دادەکەندرێ، ئینجا لەو کاتەدا کە باوەڕی لاواز و بێ هێز بوو بە تەواوی لاشەی لەسەر خواپەرستی سست و تەمەڵ دەبێ دواتر بە جارێ

(۱) صلاح الامة في علو الهمة: ۲۲۸/۷.

واز دێنێ.

١٠-دوورەپەرێزی کردن لە پیاوچاکان، لە کۆڕ و مەجلیسیان لە گوێگرتنی ئامۆژگارییەکانیان چونکە دانیشتن لەگەڵ زانایان و پیاو سالّحان دڵ ڕۆشەن دەکات، هەست دەکات لە دنیایێکی تر، بەڵام کاتی کە دادەبڕێ لە کاروانی چاکان و زانایان بەڕاستی دڵی تووشی قەسوەت و گوناھ و تاوان دەبێت.

١١-پشت کرد لە خوێندنەوەی قورئان و بیرکردنەوە لێی وە گوێ نەگرتن بۆی، چونکە بەمە تووشی کوێرەوەری و دڵڕەقی دەبێ.

﴿ فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ ﴾ (الزمر: ٢٢) هاوار بۆ ئەوانەی دڵیان لە ئاست زیکری خوا ڕەق بووە.

ئینجا پشت کردن لە قورئان جگە لەوەی کە دڵ ڕەق دەکات بەڵکو هیمەتی بە تەواوی نزم دەکات، وای بەسەر دێت کە خۆی لێ وون بووە، وە خۆی لە بیرچووە چونکە خوا و قورئانیان لە بیر چووە﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾[1].

واتە: وەك ئەوانە مەبن کە خوایان لەبیر کردو پشتیان لە قورئانەکەی کرد دواتر خۆیشیان لێ وون بوو و هەڵوشیان لە بیر کرد، بەڕاستی ئەوانە لە دین دەرچوون ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَٰذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾[2].

واتە: دوای دوورکەوتنەوەی ئوممەت لە قورئان، پێغەمبەر (ﷺ) سکالاّ

(١) سورة الحشر: ١٩

(٢) سورة الفرقان: ٣٠

دەکات وە دەفەرموویت، پەروەردگارا بەڕاستی قەومەکەم وازیان لەو قورئانە هێناوە پشتگوێیان خستووە و گرنگی پێ نادەن[1].

١٢-لاوازی غیرەت بۆ زاڵبوون بەسەر نەفس و هەواکەی هەر کەسێ بێ دەسەلآت بێ لە ئاستی ئارەزووەکانی، وە هەرچی هەوای فەرمان بکات و دەست بەجێ بۆی جێ بەجێ بکات بێگومان ئەوە دیلی نەفس و هەوایەکەیەتی، ئینجا کەسێ بەو شێوە کۆت وزنجیر بکرێت و جەوڵەی لە ژێر فەرمانی هەوای بێ دەبێ ئەو کەسە بەرەو چ دەریاییك ڕێگا بکرێتە بەر بەمە هیمەت نزم دەبێ و نامێنێ، ئیرادە کز و لاواز دەبێ ئەگەر باس لە یەکێ لە دوژمنەکانی بکرێت لەلای ئەو شمشێری لە ئاستی زۆر تیژە، دەبێ: بەسەری زاڵبم بەلآم ئەو دوژمنی هەرە گەورەکەت کە نەفس و هەواو شەیتانە بەو شێوەی دەتگەوزێنێ لە مەیدان ئینجا ئاوریش نادەیتەوە پێی دەڵێن بۆچی ئەو جۆرە تاوانە دەکەین؟

دەڵێ بۆم تەرك ناکرێ، واتە: بارتەقای دوژمنم نایەم، کەواتە ئەو هۆکارە بنبڕ بکە لە گیان و دەروونت تاکو هیمەتت بەرز بێ وە بەسەر ئارەزووەکانت زاڵ بیت.

١٣-بێ هێزی عەقڵ، هۆکاری هیمەت نزمی یە، موسڵمان دەبێ زۆر ژیرانە تێبفکری لە کارەکانی دەنا سەرناکەوێت بێ وەرە دەبێ، چونکە بێ بەرنامە هاتۆتە مەیدان، ئەو مەیدانەش پێویستی بە ژیری و عەقڵی سەلیمە.

-وەهب ی کوڕی منبە دەڵێ:

---

(١) تەفسیری ئاسان.

بۆ لابردنی کێو بەرد لە دوای بەرد پارچە شاخ لە دوای پارچە شاخ زۆر ئاسان تر لە سەر شان و ملی شەیتان لە خەڵەتاندنی ئیمانداری عاقڵ و ژیر، ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر نەبوو دەچێتە لای جاهیل دەیخاتە ناو بەندیخانەکەی، جەڵەوی دەگرێتە دەست، تاکو تەسلیم بەخراپە قێزەونەکانی دەکات کە لە دنیا پەلەی دەکرد بۆیان، وەکو ئازادی لاشەی پیست گەرو، ڕوخسار سوتاندنی، دەست بڕینی، ڕەجم و هەڵواسینی، جاری وا هەیە دوو پیاو لە چاکەکردندا وەک یەک وان بەڵام نێوانیان وەک ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وایە یان زیاتر، چونکە یەکێك لەوانە لە ئەویتر عاقڵ تر بووە، بەهیچ شتێ خوانە پەرستراوە کە گەورەتر بێ لە عەقڵ، واتە: مرۆڤ کە بە عەقڵی خۆی بیری پاکی خواپەرستی دەکات زۆر گەورەتر و چاکترە لەوەی کە بە نەفامی دەیکات[1].

چونکە بەڕاستی پیاو ئەو کاتە دینی تەواوە کە عەقڵی کامڵ و تەواو بێ، ئینجا خوا ئەگەر عەقڵی بە هەر کەسێك بدات ڕۆژێك دێت کە بەو عەقڵ و ژیرییە ڕزگاری دەبێ و دەگەڕێتەوە، چونکە خاوەن هونەری تێفکرینە.

-پرسیاریان لە (عبدالله ی کوڕی مبارك) کرد باشترین بەهرە کە خوا بە بەندەی داوە چییە؟

فەرمووی: غەریزەی عەقڵ و ژیرییە[2].

١٤-زۆر خۆهەڵواسین بە خۆشەویستی مالّی دونیا و حەزکردن لە گەورە بوونو بەسەرکردەی خەڵك، ئەو دوو هۆکارە نەك هیمەت و ئیرادە لە ناو

(١) مدارج السالكين

(٢) صلاح الأمة في علو الهمة: ٢٧٢/٧

دەبەن بەڵکو تەواو بینای مرۆڤ دەڕوخێنن.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ:

(إن هذا المال خَضِرة حُلْوَة، مَنْ أصابَهُ بحقه بُورِكَ لهُ فيه ورُبَّ متخوضٍ فيما شاءت بِهِ نفسُهُ، من مالِ الله ورَسوله ليس له يوم القيامة إلاّ النّار) [1].

واتە: بە ڕاستی ئەو ماڵە سەوز و جوان و شیرینە-خۆشەویستە لای مرۆڤ- هەرکەسێ دەستی کەوێ بە حەقی شەرعی خۆی بەبێ حەڕام و داگیرکردن، خوا بۆی بەڕەکەدار دەکات، زۆر کەس هەن ڕووچوون لەو ماڵە لەوەی کە هەواو نەفسی حەزی لێیەتی لە ماڵی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا لە ڕۆژی دواییدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تری بۆ نیە.

-ئیمامی (الاوزاعی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێ:

سەردەمێك بەسەر خەڵکدا دێت لە هەمووی کەمتر ئەوەیە برا موسڵمانێکت هەبێ دڵت پێی خۆش بێ وە درهەمێکت هەبێ لە ماڵی حەڵاڵ، هەروەها کردارێك کە لە سوننەتی پێغەمبەردا بێت (ﷺ) [2].

ئەمە ماڵی دنیایە، زۆر دەوڵەمەند بە ماڵ زۆر کۆبکەرەوە بەڵام بزانە بۆ تۆ نییە بەڵکو بۆ میرات گرەکانتە کەواتە: ئەوەندە کۆبکەرەوە کە بەشی خۆت بێ نەك زیاتر﴿ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾ با ماڵ وسامان و منداڵەکانی ئەوان سەرسامت نەکات چونکە بەڕاستی خوا دەیەوێت بەوە لە ژیانی دنیادا عەزابیان بدات.

---

(١) صحيح، صحيح سنن الترمذي ١٣٩٤

(٢) صحيح وصايا الرسول: ٣/ ٦٤١، المجموعة الاولى المؤلف سعد ابو يوسف عزيز.

-ئەگەر خۆشویستنی بە دەسەلاتدار بوون شتێکی چاك و گەورە بوایە، خەلیفەی راشید (عمر)ی کوڕی خطاب لەبەری ڕانەدەکرد نەیدەگوت: چۆن دەبمە گەورەتان کەچی (عثمان) لەناوتانە.

بەڕاستی پیاوانی خوا حەزیان لە دەستەلاتداری نەکردووە هەمیشە دوورەپەرێز بوون لێی.

١٥-عەشق و غەرامیات و دڵداری بە هەموو ڕێگا نا شەرعییەکانیەوە بێگومان ئەمە کاری هەرە گرنگی کەسانی بێ ئیش و کارە کە هەم کاتیان بەفیڕۆ دەدەن لەو شتە، وە هەم دواڕۆژ و ئایندەیان لە دەست دەچێ، چی لەوە زیاتر کە بێ ڕێزترین بوونەوەرن لەناو کۆمەڵگا، کە بەجۆرێ دڵ و دەروونیان پەیوەست دەکەن بە چەند ئافرەتێك بۆ کات بەسەربردنیان بە قسە و گفتوگۆ کردن لە ڕێی ئینتەرنێت و مۆبایل....هتد.

بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵیان بی کە لەسەر ڕێگا و شەقامەکان گورگ ئاسا ڕادەوەستن و کەمین بۆ نێچیریان دادەنێنەوە، من پرسیار دەکەم ئایا بەرووبوومی ئەو کارەت چی بوو، ئەو دارەت چی بەرێکی بەرهەم هێنا جگە لە پەشیمانی و فەزاحەتی پێکردنی خەڵك و لە دەست دانی گەنجێتی خۆی هیچ تری بۆ نامێنێتەوە بگرە کەسانێك کە پیشەیان تەنها ڕاوەستانە لەبەردەم دەرگای خەڵك و شەقام و کۆڵانەکان، ئایا تا چەند ڕێزیان پەیدا کرد لەناو خەڵکی، چۆن ئەمە هیمەتی نزم ناکات و ئیرادەی بەهێزی لە دەست نادات بێگومان بەمە سەرناکەوێ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەگەر ژیانی هاوسەری پێك دێنێ بەو جۆرە هەڵسوکەوتە ناشەرعییە فەرموو سەیری داستانی ئەوانە بکە کە بە عەشق و دڵدارێتی و تەعاروف و یەکتر ناسین و تێکەڵی و گەشتی جۆرا و جۆر

یەکتریان هەڵبژاردووە و بزانین ژیانیان چەندە بەردەوام بووە، ئاخر ژیان هیمەتێکی بەرزی دەوێ، ئارامی دەوێ.

بەڵام ئەو هێلانەیە ئارامی تێدا نیە، خۆشەویستی بێ بنەما و بێ بەرنامە بەو جۆرە بەردەوام نابێ، وەك بە شەرعی و بەیاسای ئیسلام بەیەك دەگەن.

-با ڕۆژی یەکتر ناسین ئەو ڕۆژە بێ کە هاوسەرەکەت بۆ دێننەماڵەکات بە دیداری یەکتر شاد دەبن نەك چەند ساڵێك و چەند مانگێك شتەکان هەمووی بڕابێتەوە بەڕاستی ئەمە دەردەسەرییە، ماڵ وێرانیە، ئەو کەسە لە ژیانیدا ڕووخاوە، بێ هیمەتە.

شەرعی ئیسلام سنووری داناوە بۆی، یەکتر بینین و یەکتر ناسین و قۆڵ تێکەڵ هەڵکێشان و وێنە گرتن و گەڕان بەناو پارکەکان و شەقامەکان هەمووی لە پێشتر ئەنجام داوە، ئەمەش شکاندنی سنورە کە خوا بۆی داناوە. تەنها بینین و ڕازی بوون بە یەکتر، بەڵام دڵنیابە ئەو ژیانەی کە بناغەکەی لەسەر پێکهاتەکانی قورئان و سوننەت نەبێ ڕووخاوە و لە ناو دەچێ هەروەك ڕۆژگاری ڕوون شاهیدە لەسەر ئەم بارودۆخە.

-دەڵێن کوڕ و کچێك زۆر دڵیان بەیەکەوە بەند بوو لە پێش زەواج و پاش زەواجیش، بەڵام ئەو پڕۆسەیە بە شەرعی پێك نەهاتبوو بەڵکو بە شێوەیەك کە تەواو لە یەکتر بێ شەرم ببون ئیتر ڕۆژێك ئافرەت بانگی دەکات بۆ هەستانی لەخەوی بەیانی ئافرەت بێزار دەبێ هەر هەڵناستێ لەناکاو دەچێ دۆڵکەیەکی پڕ لە ئاوی سارد دەکاتە سەر پیاوەکەی، کە هەڵدەستێ لە پیاوە عاشقەکە سێ بەسێ ژنەکەی تەڵاق دەدات.

تاکو دیدار بەخواتان دەسپێرم خواتان لەگەڵ.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى لله وصحبه وسلم

وانەی چواردەم:

چۆن مرۆڤ هیمەتی بەرز دەبێ..؟

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم أجمعين.

چۆن..؟

کەی..؟

مرۆڤ هیمەتی بەرز دەبێ..؟

وەك چۆن هۆکاری سلبی بوون بۆ بێ ئیرادەیی و هیمەتی ئەوهاش هۆکارە ئیجابییەکان دەبن بۆ هیمەت بەرزی وە مرۆڤ دەکەن بەخاوەن عەزم و جەزمی یەکجار زۆر گەورە لەکاتێك کەدەست بەرداری رەوشتە نزمەکان دەبێ، وە رەوشتە پیرۆزو گران بەهاکان لەژیان و ماڵ و رۆژگاری بەرجەستە دەبن بەجۆرێ سەردەکەوێ لە کردارەکانی کە هەست دەکات ئەمە بەڕاستی بەروبوومی خۆگری و ئارامگریەکەیەتی لەژیانیدا بۆیە لەوانەی چوارەم، لەزنجیرە وانەی (هیمەتی بەرزی) لەخزمەتتان باس لەچەند هۆکارێکی گرنگ دەکەین کە دەبنە هۆکار (الأسباب) بۆئەوەی مرۆڤ هیمەتی بەرزی وەژیانی بەبەرنامە بەڕێوە ببات، بەئومێدی سوود لێوەرگرن و بەختەوەر بوونمان لەهەردوو دنیا، إن شاء الله.

...ئازیزانم: بۆئەوەی سەرکەوتووبین لەژیاندا، هەمیشە هەنگاوەکانمان بەرەو بەختەوەریو پاکسازی بێ، لەدنیاو دین رووماں سپی بێ دەست بەو چەند رەوشتە جوانانەوە بگرین بۆئەوە تەواو لەژیانماندا رەنگ بداتەوە، وە

پێ بەپێی خۆشەویست رەفتار بکەین..

١-دەبێ لەهەموو کارەکانمان دڵسۆزی بنوێنین و دووربین لە (ریاء) واتە: ڕووپامایی، کردارێك کە بۆخوا نەبێ نیازی ستایشی خەڵکی لێ ڕەچاو بکرێ، دڵسۆزی (الأخلاص) هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن و بەهیمەت بوونمان لەکارە دنیایی و قیامەتیەکانمان.

-ئیمامی (ابن القیم) دەفەرمووێ:

کاکڵ و تۆی هیمەت بەرزی بریتییە لە نیازو نیەتێکی پاك و راست، ئەگەر مرۆڤ نیازی راست و پاك بوو، وەلە کردارەکانی دڵسۆزی (الاخلاص)ی هەبوو بێگومان گەیشتۆتە ئەوپەڕی مەبەستەکانی.

٢-راستگۆیی لەکارەکانت و قسەکانت مایەی هیمەت بەرزی و بەختەوەریتە چونکە بەراستی هیچ شتێك وەك راست گۆیی سوود بەمرۆڤ ناگەیەنێ لەکاتێك کە راست گۆیە بەرامبەر بەخوا لەهەموو هەڵس و کەوتی، کەسانێکم بینی ژیانێکی شێواویان بەسەر دەبرد پڕۆگرامیان نەبوو، لەبەر نەبوون و ئاوەدان کردنەوەی ماڵەکانیان بەڕاست گۆیی بۆیە هەست دەکەن ئاسوودە نین لەژیان، کەسێ لەگەڵ منداڵەکەی راستگۆ نەبێ ناتوانێ لەگەڵ دایکیشی راستگۆ بێ، کەسێ لەماڵ راستگۆیی نەڕوێنێ بێگومان لەگەڵ خزمان و هاوڕێیانیشی راستگۆ نابێو هەرگیز ڕاست گوێیش نادروێتەوە بەمەش زیاتر بەناڕاستی پشت دەبەستێ و هەمیشە درۆ پەناگەیەتی ئینجا ئەگەر راستگۆ بێ ژیانی دەگۆڕێ و ئیرادەی بەهێزدەبێ.

٣-هۆکارێکی تر بۆ هیمەت بەرزبوون بریتییە لە ڕێ ڕوونی کردن یان ڕێ ڕوونی بوون، ئەگەر مرۆڤ کارێکی هاتەبەر زۆر لێی گەشبین بوو بەمانایەکی تر

دڵی رۆن بوو بۆ سەرکەوتنی لەوکارەدا، بێگومان هەوڵ دەدات بۆ تەواوکردنی کارەکەی تاکو دەگاتە لووتکە(القمه)ی مەبەستەکەی، هەربۆیە عەزیمە و سوورییوون لەسەر شتێ ڕێ ڕوونی لێوە پەیدادەبێ، بەمەش ئیرادە زیاتر دەبێ لەدڵی ئەو مرۆڤە.

بۆئەوەی زیاتر پەند وەربگرین لەوە، دەبێ سەیری پیاوانی پێشوو بکەین کە بەڕاستی دەروون بەرزو بەئیرادەو خۆگرو بەهیمەت بوون بۆ ئەنجامدانی کارێك بەسیرەت و ڕێ ڕوونی یان بەکار دەهێنا واتە: زۆر دڵیان گوشاد دەبوو، چونکە هەستییان دەکرد کە لەدوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و هێزوەبەرخۆ هێنانەوە سەردەکەون و لەکارەکانیان هەرگیز پەشیمان نابنەوە.

خاوەنی کتێبی (صلاح الأمة في علو الهمة) چەند پایەو پلەیەکی داناوە، بۆ ئەو بەسیرەتە، وەك:

١-ڕێ ڕوونی لە (الاسماء والصفات) ناو و ڕەوشتە بەرزو پیرۆزەکانی خوا، بەوەی کە مرۆڤ نابێ لەوکاتەدا بڕوخێ و خۆی لەدەست بدات کە سیفاتێك لە سیفاتەکانی خوا دەبینێ باسی خۆی پێ دەکات، ئینجا لەهەمان کاتدا، بەو سیفاتەش ناوی پێغەمبەر دێنێ وەك﴿ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ دەبێ گومان و دوودڵی لەخۆی لابدات و لەو جۆرە شوبوهاتانە بیرنەکاتەوە مەگەر بەزانستێکی یەکجار زۆر نەبێ، بەسیرەت لێرەدا واتە: دڵنیابوون (اليقين) ئیمان بەهێزی.

٢-بەسیرەت لە (الأمر والهني) فەرمان پێ کردن و قەدەغەلێکردن، دەبێ دڵمان بەتاڵ بکەین لەخەیاڵ و بیری جۆراوجۆر سەبارەت بە فەرمان کردنی خوا، کە عیلمی بەوشتە هەیە و دەسەلاتیشی هەیە، وە بەقەدەغەکردنی

لەشتێك و ئینجا بەکردنی تاوانباری دەکات خۆ خوا دەیزانی ئەم کارە ئەنجام دەدات، دەیزانی خراپە دەکات بۆچی عەزابی دەدات، بۆیە لەو رووەوە دەبێ موسڵمان زیرو عاقڵ بێ بزانێ کەهوا هەردووك رێگای پێداون وە سەرپشکی (التخیر) کردوون لەسەر ئەنجامدانی یەکێ لەوانە ﴿إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾.

ئینجا خۆی رێگای هیدایەتەکە هەڵدەبژێرێ وە خۆشی رێگای کوفرەکە و گومڕاییەکە هەڵدەبژێرێ.

٣-بەسیرەت و رێ رووتی لە (الوعد والوعید) بەڵێن پێدان بەخۆشیەکان وە بەڵێن پێدان بەناخۆشییەکان.

واتە: دەبێ لەسەر بەسیرەت بێ کەخوا لەهەردووك بەڵێنەکانیدا بەوەفا دەبێ، کەسێ خراپە دەکات بەڵێنی هەرەشەی پێداوەو هەرەشەی لێ دەکات پێی دەڵێ لەشوێنی ناخۆش و بەئازار نیشتەجێت دەکەم، وەبەڵێنی بەهەشت و خۆشییەکانیشی پێداوە کە کاری چاك دەکات، ئینجا لە بەسیرەت دایە کەتۆ دەزانی ئەوە هێزێکە خوا پێی داوی، وە جۆش ی داویت بۆ لای خۆی لەکاتێك چاکە دەکەیت، وە دەست بەپەیامەکەی دەگریت ئەمانە هەمووی لەتەواوی بەسیرەت دانە، کەسێ ئەو بەسیرەتەی نەبێ بێگومان دابڕاوە لەو جۆرە هەڵس و کەوت و رەوشتە جوانانە.

٤-زانست و زانیاری هۆکارە بۆ بەرزبوونی هیمەت و ئیرادە، کەسێك نەفامی و زانایی لەلا وەك یەك بن، یان بەبەشە زانستەکەی خۆی بڕی بشکێ و بڵێ ئەوەندەم بەسە، ئایا ئەوە چۆن دەبێ بەخاوەن هیمەت، چونکە بەزانست

مرۆڤ هیمەتی بەرز دەبێتەوە بۆ لووتکە.

-پێشەوا ابن الحجر (رەحمەتی خوای لێ بێت) باسی زانستی پێشەوا جلال الدین البلقینی دەکات دەفەرموێ:

(کەسم نەبینی وەك ئەو لەسەر بەدەست هێنانی زانستێك کە سوودمەند بێ بۆی، بەجۆرێ هەرشتێك بەگوێیدا بچرپێ کە نایزانێ، ئارام ناگرێ و ناخەوێ و دڵی داناکەوێ تاکو لەبەری نەکات و لەسەری نەوەستێ، ئەو بەڕاستی لەسەر ئەمە زۆر سەرقاڵ بوو، بۆ بەدەست هێنانی زانست هەوڵی دەدا و زانست لەلای بەڕاستی خۆشەویست بوو[1].

بۆیە بەزانست و زانیاری هیممەت بەرز دەبێت چونکە خاوەنەکەی شارەزا دەبێ لەهەموو بوارەکان وە هەروەها شارەزا دەبێ لەوە کەچۆن دوژمن هەنگاوی بۆ دەنێن وەچۆن شەیتان دەیخەڵەتێنێ، بێگومان ئەگەر زانست نەبێ نابێتە خاوەن ئەو ئیرادەو هێزە دوورینەی کە خاوەن زانست و زانیاری هەیەتی.

بەزانستەکەی دەتوانی تەرکی دنیاو خۆشەویستی دنیا بکات بەڵام لەهەمان کات شەیتان ناتوانێ فێڵی لێ بکات و بیخەڵەتێنێ، خوا پەرستی وا هەبوو لەچاکانی پێشوو شەیتان بەجۆرێ خۆی بۆ ئارایش کردووە، ئەگەر بۆ کەسێکی نەفام و نەزان بوایە بێگومان لەخشتەی دەبرد و گومڕای دەکرد دەبێتە نوور چرایکی گەش و جوان دەچێتە لای زانایەکی خواپەرست پێی دەڵێ: خواپەرستیت لەسەر هەڵگیرا ئێمە لێت خۆش بووین تەواو بوو وادەی

(١) صلاح الأئمة في علو الهمة، ٢٨٧/٧.

نوێژ و دەست نوێژت، ئەویش چەکی بکوژی بۆ بەکاردێنێ بیر لەژیانی پێغەمبەر (ﷺ)دەکاتەوە کەتاکو ئاخیر چرکە لەژیانیدا نوێژی تەرك نەکرد خواش لەهەموو گوناهەکانی خۆش ببوو ئاخیر نوێژی لەمزگەوت کرد و پاشان نەیتوانی لەبەر نەخۆشیکەی ئەبوبەکر لەشوێن خۆی دادەنێ، لەسەرەمەرگیدا هەر دەفەرمووێ: (الصلاة الصلاة ومامَلكت إيمانكُم) ئەی ئوممەتکەم ئاگاتان لەنوێژەکانتان بێ وە ئاگاتان لە خێزانەکانتان بێ..﴿ وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ ﴾ ای الموت ئەی پێغەمبەر نوێژ بۆ خوای خۆت بکە تاکوە دڵنیابیت دەگاتێ واتە: مردن.

شەیتان کە ئەمە ئەبیستێ دەزانێ کە ئەمە خۆراکی ئەو نییە﴿ إِنَّهُۥ لَيۡسَ لَهُۥ سُلۡطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەڵە پیاوانەوە نییە کە باوەڕدارن و پشتیان بەخوا بەهێزە.

چەند پیرۆز و گەورەیە زانست و زانیاری، کە هۆکارە بۆ هیمەت و ئیرادەو دەروون بەرزی.

٥-هەوڵ دان بۆ کۆکردنەوەی ئامادەباشی فکرو هۆش، بۆ بڕیاردان لەسەر کارە گەورەو پیرۆزەکان:

واتە: دەبێ موسڵمان هونەری بیرکردنەوە وە تێفکرینی هەبێ لەپێش ئەنجامدانی کارەکەی وە دەبێ پێشەکی بۆ دابڕێژێ تاکو سەردەکەوێ، ئەگەر مرۆڤ مێشك و دەماغی خۆی لەو کاتەوە بەکاری نەهێنێ بێگومان لەکارەکانی وەك پێویست سەرکەوتن بەخۆوە نابینێت.

- سەرەتا دەبێ بیرکردنەوە لە دروست بوونی بونەوەر بکاتەوە (التفكر

فِي المخلوقات) چونکه ئەمه سەرەتای پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری پێشەوامان بووە، ئینجا بۆت دەردەکەوێ کە ئەم هەموو کەون و کائیناتە لەخۆیەوە نەهاتۆتە کایەوە، وە بەم بیرکردنەوەش گەورەیی دەسەلاتداری خوات بۆ دەردەکەوێ.

- ئینجا بزانە کە زانایانی ئیسلام لەچەرخی پێشوودا زۆر مێشك و فیکری خۆیان دەخستە گەڕ بۆ کارە هەرە گرنگەکەیان کە ڕێگای دەعوەو بانگەوازی بوو بگرە لە وەدەست هێنانی یەك فەرموودە، دەبێ چۆن بڕۆم بۆئەو شوێنە تاکوو بیدۆزمەوە ئیتر ئەمە خەمی گەورەی ئەوان بووە، ئەوەندە فەرموودەیان کۆکردۆتەوە لە پیاوانی پێش خۆیان گێڕاوەتەوە هەر گوتوویانە: (اخبرنا وحدثنا فلان عن فلان، وسمعت فلان بن فلان) بەوجۆرە ئەو هەر لەخەیاڵیان بوو ئایا ئەوە کارە گەورەو پیرۆزەکان نەبوون (معالي الأمور)؟ بێگومان بەڵێ ئەگەر تۆ بەوشێوە خۆت سەرقاڵ نەکەیت بەوکارە ئەوا نەفس و هەواو شەیتان کاری خراپت بۆ دەدۆزنەوە تاکو پێوە سەرقاڵ بیت.

بەمەش مرۆڤ هیمەتی بەرز دەبێ کاتێ هەست دەکات کارێکی گرنگی لە ئەستۆیە، وە بەچاکی و پاکی بیری لێ دەکاتەوەو جێبەجێی دەکات تاکو دەگاتە لووتکەی هەرە بەرزی.

-پیاوی واهەبوو لەشوێن کەوتووان (التابعين) لەبەر سەرقاڵی و بیرکردنەوە لەزانست و کارە پیرۆزەکانی بە خزمەت کارەکەی دەڵێ: پێڵاوەکانم بۆ بێنە، خزمەتکار پێی دەڵێ: ئەوەتا پێڵاوت لەپێدایە.

-حاکم دەڵێ: زانای فەرموودەناس (أبو العباس)ی ئەسەم، چووە

مزگەوت بۆئەوەی بانگی نوێژ ی عەسر بدات، لەشوێنی بانگدان راوەستا بەدەنگێکی بەرز گووتی: (أخبرنا الربيع بن سليمان، اخبرنا الشافعي) واتە: هەواڵی پێداین ربیعی کوڕی سولەیمان، هەواڵی پێماندا ئیمامی شافیعی، ئەو فەرموودەیەلەئەوان ریوایەت کراوە، ئیتر ئەمە خەیاڵی فەرموودە ناسە (المحدث)ە، ئینجا بانگ دەفەرموێ.

کەواتە هەمووکەسێ بەخەیاڵ کارەکەیەوە، ئینجا با کارەکەت شتێکی چاك و پاك بێ کە پێوە سەرقاڵ دەبیت و هەمیشە لەبیری ناکەیت، دەنا داستانی کەسانی خراپ و دوورە لەهیمەت بەرزی زۆرن لەشەوو رۆژدا لەنێو خراپ و گوناە کردندا ئەخولێنەوە نەتبیستووە ئەوکەسەی سەرخۆش بوو لەناو سەیارەکەیدا کەتووشی رووداوی هاتووچۆ دەبێ خەڵکی لێی نزیك دەکەونەوە ئەو لەسەرەمەرگدایە پێی دەڵێن شایەتومان بێنە، بەڵام ئەو گۆرانیەکانی کاسێتی سەیارەی بۆیان دووبارە دەکاتەوە تاکو گیانی دەردەچێ.

پێشەوای راشید و جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ)عوسمانی کوڕی (عفان) لەسەر قورئان دەژیێ بەس قورئانیش بەخەیاڵیدا دێت تاکو گیانی دەردەچێ هەر قورئان دەخوێنێ.

٦-بێداری هۆکاری هیمەت بەرزییە، وەك دەبینی کەسی بێ ئاگاو غافل هەمیشە دابڕاوە لەهەموو شتێ، خاوەن ئەم رەوشتەش لەوپەڕی هیمەت نزمی و بێ ئیرادەیی یە،بەڵام موسڵمانی بەئاگاو بێدار کەخۆی دەپارێزێ لەخەوی بێئاگایی بێگومان بیر لە دوارۆژو کارەکانی دەکاتەوە، دڵی ئازار دەدات بۆ بێداری چەندە گەورەو پیرۆزە ئەو عەقڵ و ژیرییە قەشەنگە، چەندە هاوکاریت

دەکات ئەو بێداربیە لەسەر دەست گرتن بە رەوشتە جوانەکان ئینجا کەسێ ئەوە بزانێ وەهەست بکات کە بەم شێوە گەورەیە ئەوا هەست بەسەربەرزیو هیممەت بەرزی دەکات، بەڵام بەپێچەوانە لەنێو خەوی غەفڵەت ئەخوڵێتەوە، بەمەش هێزو ئیرادەی بیکردنەوەو بالآبوون لەکارەکانی لەدەست دەدات.

٧-راست گۆیی لەئیرادەو مام ناوەنجی بوون لەکارەکاندا، ئەمەش بەروبوومی بێداربیە، وەك (ابن القیم) دەفەرموێ: ئەگەر بەندە ئاگادارو بەخەبەر بوو، وە شتەکانی بەچاوروونی بینی ئەوا ناچاری کرداری مام ناوەنجی (القصد والأعتدال) دەبێ دەست بەجێ جەڵەوی رادەکێشرێت بۆ راست گۆیی لەهێزو ئیرادەدا، هەر کە گەشتێك بۆ خوا ئەنجام دەدات نیازو نیەت و قەسد کۆدەکاتەوە لەخۆی، دەزانێ کە دەبێ ئەم رەوشتەی لێ بێتەدی، ئینجا هەوڵ دەدات بۆ پێداویستی گەشتەکە، تاکو بەئاسانی ئەنجامی دەدات[1].

٨-سووربوون لەسەر تەواوکردن و کۆتایی پێهێنانی کارێك لە کارەکانی خۆی، بەڕای من ئەمە گەورەترین هۆکاری هیمەت بەرزیبە بۆئەوەی مرۆڤی موسڵمان خۆی لەسەر ئەوە رابهێنێ، هەرکاتێك دەستی کرد بە ئەنجامدانی کارێك، هەوڵ بدات واز نەهێنێ تاکو تەواوی دەکات و کۆتایی پێ دێنێ، ئینجا هەست دەکات بەراستی بەهیمەتە، وە بەراستی گەیشتۆتە لووتکە، هەرکاتێ ئەو عەزم و جەزمە لەگەڵ رێ رووبی و بەسیرەتدا لەمرۆڤ کۆبێتەوە بەڕاستی بەخێرو بێری دنیاو ئاخیرەت دەگات، وە هیمەتی دەگاتە ئەوپەڕی بەرزی لەهەموو شتێکدا، چونکە دواکەوتن لە تەواوکردن و کۆتایی پێهێنان و

(١) بەدەستکاریەوە لەکتێبی (صلاح الائمة) ٢٩٥/٧

بەردەوام نەبوون یان لەبەر نەبوونی عەزم و جەزمە یان لەبەر نەبوونی ئیرادەو هێزی بەسیرەتە.

ئینجا بزانە عەزم و جەزم دژی دوودڵی و سەرلێشێوانە لەهەڵبژاردەنی کردارێك، چونکە تۆ ئەگەر خاوەن راو بۆچوون بیت دەبێ خاوەن عەزیمە و سوود بوونیش بیت لەسەر ئەوکارە بێگومان خراپی راو بۆچوون-واتە: هەمیشە راوبۆچوونی ناڕێك و نابەجێ بۆخۆی و دەورووبەری ئارایش بکات- ئەوە کە لەکارەکانیدا دوودڵ بێ و بڕیارێکی بڕاوەی لەدەست نەبێ.

٩-دان بەوە دابنێت کەوا کەمتەرخەمە لە هیمەت بەرزیدا، بەوەش مرۆڤ هەر لەڕێزی هیممەت و ئیرادە بەرزانە چونکە رۆژگارێك بەسەر ژیانیدا دێت کە واز لەو بیرە بێنێ و ئەسپی لەمەیدان تاوبدات بێتە ڕێزی بەهیمەتان، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بیرو بڕوای وابێ کە دەتوانێ لەو کەسانەبێت بە ئیرادەو بەهیممەت بن، بۆ نموونە، هەرکاتێ فەشەلی هێنا لەکردارێك لەکردارەکانی دەبێ بزانێ هۆکارەکەی ئەوەیە ئیرادەو هێزی بیرکردنەوەی کزو لاوازە بەجۆرێ کەناتوانێ بەسەر ئاست و خواستەکانی زاڵ بێ و بەتەواوی کارەکانی ڕاپەڕێنێ، ئەمەش بۆی دەبێ بە دەرس و ئامۆژگاری، وە بۆ جاری دووەم و سێیەم فێردەبێ کە بۆچی رووخا؟ بۆچی نەگەیشتە ئامانج..؟ لەکۆن گوتویانە: لەهەر هەڵەیەك دەرسێك وەردەگیرێ

١٠-هەوڵدان بۆ دژایەتی کردنی نەفس و هەوا.

دەبینی ئەوکەسەی کەهەمیشە بەهەوڵی تێرکردنی ئارەزووەکانیەتی، چەند لێو بە بارو کزو چاو شۆڕە لەناو خەڵکدا،کە متمانەی بەخۆ نییە بۆسەرکەوتنی لە نزمترین پلە.

هەرکاتێ پرسیارێکی لێدەکرێت، خۆ ئەو بەزانست وەڵام ناداتەوە، بەهێزی لەخوا ترسان و هێزی بیرکردنەوەش وەڵام ناداتەوە، بەڵکو بەهەواو ئارەزوەکانی.

-پێشەوا (السری السقطی) رەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەورمووێ: بەهێزترین فەتوانی خۆت بۆ خەڵك ئەوەیە کە بەسەر هەواو ئارەزوو و نەفست زاڵ بیت، دەنا ئەو بەسەرت زاڵ دەبێ و فەتوات پێ دەدات، چاك جەڵەوت دەگرێ دەرئەنجام پەشیمانی و بەس.

-ابو سلیمان ی (الداراني) رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێ:

پیرۆزترین و مەزنترین کردار ئەوەیە کە بەپێچەوانەی نەفس و هەوات هەڵس و کەوت بکەیت.

-سڕی (السقطي) دەفەرمووێ:

پیاو کاملّ و تەواو نابێت تاکو دین و ئایینەکەی لەپێش ئارەزووەکانی خۆی دانەنێت، هەروەها پیاو لەناو ناچێت تاکو ئارەزووەکانی خۆی لەپێش دین و ئاینەکەی دانەنێت، واتە: رەفتار دەکات بەگوێرەی ئارەزووەکانی.

-بەیەکێك لەپیاو سالّحانیان گووت:

فلّان بەسەر ئاودا دەڕوات-لەبەر چاکی و خواپەرستیەکەی-فەرمووی ئەگەر خوا بۆی بکردایە پێچەوانەی نەفس و هەوای هەڵس و کەوتی بکردایە زۆر باشتر بوو لە رۆیشتن بەسەر ئاودا.

-احمدی کوڕی (خضروية) دەڵێ: نەفس بمرێنە واتە: زیندووت

کردەوە[1].

١١-خۆ بەدوور گرتنی لەهەموو ئەوشتانەی کە هیمەتی نزم دەکەن هەروەك لەباسی هۆکارەکانی هیمەت نزمیدا باسکراوە.

١٢-دۆستایەتی کردنی کەسانی خاوەن هیممەت و ئیرادەی بەرز، کەواتە دەبێ مرۆڤ بزانێ هاوڕێیەتی کێ دەکات و وەکێ دەکاتە پێشەنگ و سەرمەشقی ژیانی، بۆیە دەبێ تێکەڵی لەگەڵ پیاوانی چاك و پاك هەبێ، چونکە ئەوان پاکن و پاکیش دەبەخشن-پیاو چی لەلابێ ئەو دەبەخشێ-تۆ دەچیتە لای کەسێکی ناودار لەخراپەکردن بیروڕای وەردەگری لەدەست نیشان کردنی کارەکەی خۆت ئینجا ئەوکەسە چاوساغی تۆیە رێگات بۆ دادەنێ و رێی روونیت دەکات، دەرەنجام هیچ چاکەو خێرو بێرێك نابینێت لەم بەروبوومی کارەکەت بۆیە دەڵێم پیاو بەدۆستی دەناسرێت، تۆش دۆستایەتی کەسێك بکە کە هەڵەو تاوانەکانت ئەگەر گەورەش بن بۆت هەڵگرێ و هاوکاریت بکات بۆ گەیشتن و شادبوونت لە لیقای خوا.

-پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێ:(أولياء اللهِ تعالى الذينَ اذا رُؤا ذكر اللهُ تعالى)[2].

واتە: دۆستان و خۆشەویستانی خوا ئەوانەن هەر کە ببیندرێن خوا بیتەوە یادیان بۆیە بینینی رووخساری پیاوی چاك دڵ و دەروون پاك دەکاتەوە وە هیمەت بەرز دەبێت، خەڵکی دەڵێن: هەرکە چاومان بەزانای گەورو پایەدار (وکیع ی کورپی جراح) دەکەوێ دەڵێن فریشتەیە، ئەگەر رووخساری (محمد ی

(١) صلاح الائمة / ٣٠٦/٧.

(٢) حسن رواه الحكيم عن انس ابن عباس والطبراني في الكبير.

کوڕی سیرین ببینن دەڵێن (سبحان الله) واتە: تەسبیحاتی خوا دەکەن، لەبەر ئەو نور و رۆشناییە کەلەسەر رووخساریەتی.

-(فضیل)ی کوڕی (عیاض) دەفەرموێ:

سەیرکردنی ئیماندار بۆ ئیماندار چاو رۆشەن دەکاتەوە، بەڵام سەیرکردنی پیاو بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەن بیدعەو گومڕاهی و تاریکین بەڕاستی کوێرەوەری لێوە پەیدا دەبێ هەرکەسێ لەگەڵ خاوەن بیدعە (صاحب البدعة) دابنیشێ دانایی و لێزانی پێ نابەخشرێت[1].

١٣-خوێندنەوە و گوێ گرتن لە کتێب و وەرگێڕاوی زیان و بەسەرهاتی پیاوانی پێشوو، لەزانایان و پیاو سالحان دەبێتە هۆکارێك بۆ هیمەت بەرزی ئێمە، کاتێ کە بیر لە هەوڵ و تێکۆشانیان دەکەینەوە، وا هەست دەکەین کە ئێمە هیچمان نەکردووە لەپێناو خواو سەرکەوتنی ئایینەکەی ئەوها شەونخونیمان ئەنجام نەداوە، بۆیە بەمە مرۆڤ لەو مەیدانەدا کاتێ کەسەیری کتێب و زیانیان دەکات تەواو هەڵدەچێ و هەوڵ بۆ گرنگی کارەکانی دەدات، زانست بەدەست دێنێ خواپەرستی دەکات، لەشەو و نوێژدا شان بەشانی ئەوان شەوانی زیندوو دەکاتەوە، بیر لە هیممەت و ئیرادەیان دەکاتەوە.

-دەڵێن (عوسمانی کوڕی أبو العاص) ئافرەتێکی لەو ئافرەتانەی سەردەمی ئیمامی (عمر)ی مارەکرد، دەیگووت: من بۆ ماڵ و سامانم ئەو ئافرەتەم مارە نەکردووە سوێند بەخوا تەنها بۆئەوەی هەوالّم پێ بدات کە شەوانی (عمر) چۆن بووە، وە چۆن شەوەکانی زیندوو کردۆتەوە.

---

(١) صلاح الامة في علو الهمة ٣٢١/٧

-ئیمامی ابو حنیفه دەفەرمووێ:

حیکایەت و گێڕانەوەی بەسەرهاتی زاناو پایە بەرزان وە باس کردنی چاکەو رەوشتە جوانەکانیان بەلای من باشترە و خۆشەویستترە لەزۆر فیقە و شەرع، چونکە بەمە شارەزای ئاداب و هەڵس و کەوتی ئەو قەومە دەبێت.

-جنید دەفەرمووێ: بەسەرهاتەکان لەشکرێکن لە لەشکرەکانی خوان کە ئیمان و باوەڕی موربد پێی بەهێز دەبێ، پێیان گووت: بەڵگەت هەیە لەسەر ئەمە..؟ گووتی: بەڵێ قەولی خوای گەورە﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ﴾[1].

واتە: ئەی محمد هەموو ئەوانەشت بۆ دەگێڕینەوە لەچیرۆك و هەواڵی پێغەمبەران، ئەوەی کە دڵی تۆی پێ دابمەزرێت و دڵنیات بکات[2].

١٤-هۆکاری هیمەت بەرزبوون ئەوەیە کە لەدنیادا هەموو خەمەکان کۆبکەیتەوەو بیکەیت بەیەك خەمی سەرەکی، ئەوو خەمەش بۆ مەعاد و دوارۆژبێ، بۆخوا و لەبەر خوابێ، کەسێ ئەوهابێ بەردەوام خوا پلە لەدوای پلە بەرزی دەکاتەوە تاکو دەگاتە خوا.

(١) سورة (هود: ١٢٠)

(٢) تەفسیری ئاسان.

لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)

(مَنْ جَعَل الهمومَ هماً واحداً، همْ المعاد كفاهُ اللهُ هَمّ دنياهُ، ومَنْ تشبعَتْ بهِ الهمومُ في أحوال الدنيا لَمْ يُبالِ الله في أيّ أوْديتهِ هلَكَ).

واتە: هەرکەسێك هەموو خەمەکانی خۆی بکاتە یەك خەم، ئەویش خەمی قیامەت و گەیشتن بەخوابێ، ئەوا خوای گەورە بۆی بەسە کە هەموو خەمەکانی دنیای لەدڵ دەربکا، وە هەرکەسێ خۆی بەخەم و خەفەت تێر کردبوو لەبارەی وەزعی دنیا و ماڵ و سامانی دنیا، ئەوا خوای گەورە گرنگی پێنادات کە کەلەهەر دۆڵ و شیوێك بمرێت.

-ئیمامی (ابن القیم) دەفەرموێ:

ئەگەر بەندە بەیانی و ئێوارەی کردەوە، خەمی تەنها بۆخوای گەورەبوو ئەوا خوای گەورە هەموو پێداویستییەکانی بۆ هەڵدەگرێ و بۆی جێبەجێ دەکات وە هەموو ئەوشتانەی کە خەمیەتی بۆی هەڵدەگرێ، دڵی بۆ خۆشەویستی خۆی بەتاڵ دەکات، زووبانی بۆ زیکری خۆی پاراو دەکات، هەروەها ئەندامەکانی سازدەکات بۆ گوێ رایەڵی خۆی.

بەڵام بەیانی و ئێوارەی کردەوە، تەنها دنیا و ماڵ و منداڵی دنیا خەمی هەرە گەورەی بوو، ئەوا خوا ئەوکەسە سپاردەی نەفسی خۆی دەکات، وە وای لێدەکات کە دڵی لەبەر خۆشەویستی خەڵك ئاگای لەخۆشەویستی خوا نەبێ، وە زمانی لەبەر باسکردنی خەڵك ئاگای لەزیکری خوا نەبێ، وە هەموو ئەندامەکانی لەبەر خزمەت کردنی خەڵك بێ ئاگابن لەگوێ رایەڵی بۆ خوا، ئینجا وای لێ دێت لەبەر خەمەکانی دنیا وەك دڕندەو ئاژەڵ رادەپەڕێ و رادەکات بۆ خزمەتکردنی غەیری خوا.

-پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: خوای گەورە دەفەرموێ:

(ابن آدم تَفَرغْ لِعبادتي أمْلأْ صَدْرك غِنىً وأسُدَّ فَقْرَك وَالا تَفْعلْ مَلأْتُ صدركَ شُغْلاً ولم اسُدَّ فَقْرَكَ) [1].

واتە: ئەی نەوەی ئادەم-علیه السلام-کات و ساتت بۆ بەندایەتی من تەرخان بکە، دڵت پڕ دەکەم لە دەوڵەمەندی و نایەڵم هەرگیز غەمباری نەبوونی بیت، وە هەموو فەقیری و هەژاریت بۆ پڕدەکەمەوە گرفتت لەسەر ئاسان دەکەم، ئەگەر وانەکەیت دڵت بەدونیاوە بەند بکەیت ئەوا سەرقاڵت دەکەم بە دنیا و دڵت پڕدەکەم بەو سەرقاڵیەو فەقیریشت لە دڵ دەرناکەم و بۆت پڕ ناکەمەوە.

١٥-هۆکارێکی تر بۆ بەهیممەت بوون و ئیرادە بەهێزی دوعاو پاڕانەوە بەدڵسۆزی و جۆشی دڵ و دەروون لەبەر قاپی پەروەردگار، چونکە بەدوعا و پاڕانەوە ملکەچی و تەوازوع دروست دەبێ، ئەگەر دەتەوێت لەدەرگایەك بچیتە ژوور نزیك بیتەوە لەخوا، کەسیش رێگریت لێ نەکات ئەوا لەدەرگای زەلیلی و ملکەچی و ناچاری بچوە ژوورێ دوعا بکەو دەستت بەرەو لای خوا بەرز بکەوە، داوای لێ بکە لەکاتێك کە داوا دەکەیت پێی خۆشحاڵ دەبێ بەڵام لێت تووڕەیە ئەگەر بانگی نەکەیت و هانای بۆلای نەبەیت، ئەزانی دوعا ئەوپەڕی ملکەچی و تەوازووعە واتە بەمە داوای هیمەت و ئیرادەی بەرز بکە چونکە دڵ و دەروون بەدوعا کردن تەواو کاری تێدەکرێ لەوەی کە خۆشەویستی دروست دەکات لەنێوان خۆی و خواکەی هەم هیممەت بەرزدەبێ، چۆن..؟

ئەوکەسەی هەمیشە پشتی قایمە بە بەڵێنەکانی خوا لەبەیانییەوە دەست دەکات بەکارەکەی ئینجا خۆی و کارەکانی دەداتە پاڵ خوای گەورە و بەئەوی

(١) صحيح رواه ابن ماجه والترمذي.

دەسپێرێ پاشان دوعا دەکات بۆئەوەی کاری بۆ ئاسان بێ بەلای لەسەر لابچێ، خەمی لەدڵ دەربکا..هتد.

دەزانی ئەوکەسە لەوپەڕی هیممەت بەرزییە؟ چونکە گوێ بەهیچ شتێکی تر نادات، دەزانێ کە بەڵێنێکی پێدراوە لەلایەن خوا بۆیە دڵی ئارامە و هەمیشە لەیادی خوا دانەبڕاوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر مرۆڤ دەبێ لەدوعاکردنیشدا کۆڵ نەدات، هەردەم دەستی بەرەو قاپی خوا بەرز بکاتەوە، ئەگەر جارێك وەڵامی نەدراوە بێ تاقەت نەبێ و واز نەهێنێ لە دوعاکانی، چونکە ئەمەش بۆی دەبێتە پاداشت، دوایی خۆزگە دە خوازێ و دەڵێ خۆزیا هەموو دوعاکانم بۆ دوا رۆژبان نەك پەلەم بکردایە پەلەکردنیش جاری واهەیە کاریگەرە بۆ قەبوڵ نەبوونی دوعا، بۆیە دەبێ بەعەزم و جەزم بکات و بەهیچ شتێك پەیوەست نەبێ، وە نابێ هەر بڵێ: زۆر دوعام کرد بەڵام کەم وەڵامم درایەوە.

-ئایا دەزانی ئەوکەسەی زۆر دوعا دەکات لەهەموو کەسێ بەهیممەت و بەئیرادەترە، وە لەهەموو کەسێ بەهێزترە لەرووی دەروونیەوە؟.

-لە أبو هورەیرەوە کە پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: (إن أَبْخَلَ الناس مَنْ بَخِلَ بالسلامِ، وأَعْجَزَ الناسِ مَنْ عَجَزَ عن الدعاء)[1].

واتە: بەڕاستی ئەوکەسە لەهەموو کەسێك رژد (رەزیل)ترە کە رژدی بەسلام کردن دەکات-واتە: سەڵام لەخەڵك ناکات وە لەهەموو کەسێ بێ هێزو بێ ئیرادەتر ئەو کەسەیە کە بێ تاقەت و تەمبەڵی بکات لە دوعاکردندا.

وصلى الله وسلم على نبيه المصطفى وعلى اله وصحبه

(١) صحيح رواه ابو يعلى في مسنده، ورواه ابن حبان.

وانەی پانزەم:

(هەڵوێستە ئیمانییەکان)

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا وامامنا محمد وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين، وعلى من تبعهم بأحسان ابى يوم الدين.

..رب اشرح لي صدري ويسر لي أمري وأحلل عقدة من لساني يفقهو قولي.

-برایان و خوشکانی موسڵمان، السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته، له پانزەمین (١٥) واتە: له زنجیرە وانەکانی هیمەت بەرزی هاتینەوە خزمەتتان لەخوای گەورە داواکارم کەوا لێمان وەربگرێ و بەوەش سوود بگەیەنێ بەهەموو خوێنەرانی ئازیز، وە ببێتە توێشووی دواڕۆژ إن شاء الله.

-مرۆڤ ئەگەر لەکاتە هەستیارەکاندا هەڵوێستی پڕ لە ئیمانی نیشاندا ئەوا بێگومان مانای هیمەت بەرزییە، ئەگەر کەسێك لەکاتی بەڵاو موسیبەتدا خۆگرو ئارامگربێ وادیارە ئیرادەی دەروونی بەهێزە، ئەگەر رێگایەکی گرتەبەر بۆ بەدەست هێنانی شتێك لەو رێگایەشدا کۆڵ نەدەر بوو تاکو گەیشتە لووتکەی هەرە بەرزی ئیتر ئەمە هیمەت بەرزی لێوە رەنگ دەداتەوە، وە چەند رەوشتی بەرزی موسڵمان کە مانای هەڵوێستی ئیمان و باوەڕی لێ وەردەگیرێ.

هەڵوێست واتە: هیممەت بەرزی

هەڵوێست واتە: کولّنەدان، خۆڕاگری، نەبەزی و دەروون بەرزی، خاوەن ئیرادەو متمانە بەخۆبوون چاوەڕوانی پاداشت و دەرئەنجامی کارەکان کردن و سەقامگیربوون لەسەری.

-ئینجا دەمەوێت چەند نموونەیەکی گرنگ بخەمە بەر چاوی خۆێنەران

سەبارەت بە هەڵوێستە ئیمانیەکان لەبەسەرهات و رەوشت و داستانی پێغەمبەر و هاوەڵان و شوێن کەوتوانی هاوەڵان و چاکانی پێشوو و زانا پایە بەرزەکان، کە هەموو تەعبیر لە هیمەت و ئیرادە بەرزی دەداتەوە.

-هاوەڵان رەزای خوایان لێ بێت، گوتییان: بەڕاستی ئێمە خوامان زۆر خۆش دەوێت، خوای گەورەش نیشانەیەکی بۆ دانان بۆ ئەو خۆشەویستییە فەرمووی: (قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يُحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم..)[1].

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ)پێیان راگەیەنە و بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێن من بکەون خواش ئێوەی خۆش دەوێت و لەگوناهتان خۆش دەبێ.

کەواتە: ئەمە رەمزی خۆشەویستی راستەقینەیە بۆ خوا کە بەدوای سونەت و رێبازی پێغەمبەری پێشەوامان بکەوین وە پەندو ئامۆژگاری لە گەورە هاوەڵان (کبار الصحابة) وەربگرین چونکە ئەوان لە کانیاوی قورئان و سونەت تێر ئاو ببوون بۆیە سونەت و رەوشتیان، سونەتی پێغەمبەرە (ﷺ)- هەموو ئەوانەی ئیمانییان بە پێغەمبەر (ﷺ)هێناوە-ئیمانێکی راست و پاک- بێگومان لەو خۆشەویستییە بێ بەش نییە پێغەمبەری خۆش دەوێ بەڵام هەندێك لەپلەی سەرەوەن وە هەندێکی تریش پلەیان کەمترە/ لەو خۆشەویستییە کەواتە: هەموویان وەك یەك نین.

-پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێ: (ثلاث من كُل فيه وَجدَ حلاوةَ الايمان:

---

(١) سورة آل عمران (٣١).

أن يكونَ اللهُ ورسُولهُ أحبَّ اليه مما سواهما، وأن يُحب المرءُ لايحبُه الا لله، وان يكْرهَ ان يَعودَ في الكُفْرِ كما يكرَهُ ان يقذف في النار) [1].

واتە: سێ رەوشتی گەورەو جوان هەنە، هەرکەسێ لێی بێنە جێ ئەوا شیرنایەتی ئیمان دەچێژێ:

١–خوا و پێغەمبەری لەهەموو کەسێك لەلا خۆشەویستتر بێ.

٢–کەسێکی خۆش بوێت جگە لەخوا لەبەر هیچ شتێکی تر خۆشی نەوێت.

٣–دەبێ ئەو خۆشەویستە پێی ناخۆش بێ کە خۆشەویستەکەی لەدوای ئیمان بگەڕێتەوە نێو کوفرو گومراهی هەروەك حەزناکات فڕێ بدرێتەناو ئاگر و بسوتێندرێت.

(هەڵوێستە ئیمانییەکان لە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر ﷺ)

١–هەڵوێستی ئیمامی (عمر) رەزای خوای لێ بێت، لەوکاتەی کە (أسامەی کوڕی زید) لەبەخشیندا بەپێش (عبدالله)ی کوڕی دێخێ.

–عبداللەی کوڕی عمر دەڵێ: لەوکاتەی کە (عمر) بەشەکەی (أسامه)ی سێ هەزار (٣٠٠٠) دانا، وە بەشی منی دوو هەزار و پێنج سەد (٢٥٠٠) دانا، گووتم: ئەی باوکە بۆچی ئەوهات کرد بەشی من دوو هەزارو پێنج سەد و بەڵام هی (اسامه) سێ هەزار بوو؟ سوێند بەخوا لەهەر مەشهەدێك ئامادە بووبێ منیش لەوێ بوویمە، وە لەباوکیشی لەهەر مەشهەدێك یان غەزایەك بووبێ باوکم لەوێ غائیب نەبووە بەڵکو ئەویش ئامادە بووە.

---

(١) رواه البخاري ومسلم والترمذي–في باب الايمان.

ئیمامی (عمر) فەرمووی: کوڕەکەم راست دەکەیت، بەلام من شایەدی دەدەم کە باوکی (أسامه)–زید–خۆشەویستتر بووە لەباوکت لەلای پێغەمبەر، وەکو کوڕەکەشی (أسامه) خۆشەویستتر بووە لەتۆ لەلای پێغەمبەر(ﷺ) [1].

ئەمە هەڵوێستی گەورە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ)کە بەڕاستی هێزی خۆشەویستی خۆی نیشان دەدات وە خۆشەویستی هاوەڵان بەپێش خۆی دێخێ کەلەلای پێغەمبەر خۆشەویست بووینە.

٢–هەڵوێستی ئیمامی (علی)ی کوڕی (أبو طالب).

لەشەوی پیرۆزی کۆچکردنی پێغەمبەرە (ﷺ)وە خۆکردن بە فیدای گیانی پێغەمبەرو نووستن لەسەر جێگاو ناومالّی پێغەمبەر.

–ئینجا لەئێوارەکەوە دوای ئەوەی کە (جوبرەئیل) هاتەلای پێغەمبەر و پێی گووت ئەمشەو لەسەر جێگات نەخەوی کە دنیا تاریك بوو خەڵکی مەککە کۆبوونەوەیان بۆی کرد لە (دار الندوه) کە زانی شوێنیان لەکوێیە یەکسەر بانگی (علی)ی کرد و پێی فەرموو: لەسەر جێگام بخەوە ئەو لێفە سەوزە حەزرەمیەش بەخۆت دابدە، چونکە تۆ تووشی هیچ شتێك نابیت کە پێت ناخۆشە–واتە: پارێزراو دەبیت و کەس ناتکوژێ.

سەرنج بدە لەقسەی پێغەمبەر کە چەند (علی) متمانەی پێی هەبوو بۆیە فیداکاری دەبێ و خۆی حەشار دەدات لە مالّی، ئەمە مەوقیف و هەڵوێستی نەبەزی (علی)یە بۆ پێغەمبەر کە بەڕاستی ئیمان و باوەڕ نیشان بەهەموو جیهان دەدات، ئینجا کەسێك ئەگەر کەسێکی خۆش نەوێت چۆن خۆی بۆ

(١) رواه الحاكم وقال صحيح الاسناد، ووافقه الذهبي.

دەکات بە قەڵغان و فیداکاری بۆ دەکات.

٣-هەڵوێستی گەورە هاوەڵان و پێشەوایان (ابوبکر و عمر و میقداد و (سعد)ی کوڕی (معاذ) رەزای خوایان لێ بێت، کاتێ پێغەمبەر راوێژیان پێدەکات بۆ دەرچوونیان بۆ عەزای بەدری گەورە.

دەبێ ئەوان مەوقیف و هەڵوێستیان چۆن بێ لەکاتێك کافرەکان ژمارەیان زۆر زیاترە لەموسڵمانان.

-ابن إسحاق دەڵێ: لەرووداوی دەرچوون بۆ بەدر هەواڵ هات بۆ موسڵمانان کە قورەیش دەرچوون وەبۆئەوەی موسڵمانان نەهێڵن کاروانییان بەسەلامەتی بگەڕێتەوە مەککە، رێگەیان لێ بگرن-ئەمە راو بۆچوونی پێغەمبەر بوو (ﷺ)ئایا کێ رازییە ؟ ئێوە راتان چییە ؟

وە هەواڵی تەواویشی پێدان سەبارەت بە قورەیش، (أبو بکر) هەستایە سەرپێ، لەگەڵ (عمر) رای پێغەمبەریان پێ شتێکی جوان بوو بڕیاریان لەسەردا.

پاشان (میقدادی کوڕی عمرو)گووتی ئەوەی خوا نیشانی داویت بەجێی بگەیەنە ئێمە لەگەڵتین، سوێند بەخوا وەك بەنی ئیسرائیل نالێین کە بە (موسی)یان دەگووت: تۆ بڕۆ خۆت و خواکەت شەڕ بکەن ئێمەش لێرە دادەنیشین، بەڵام ئێمە دەڵێین: بڕۆ خۆت و خواکەت شەربکەن ئێمەش لەگەڵت دەبین شەڕیان لەگەڵ دەکەین ئینجا پێغەمبەر بەمە زۆر دڵخۆش بوو دوعای بۆکرد فەرمووی: (خیْراً)..

کاتێ یاریدەدەرەکان (الانصار) کۆدەکاتەوەو قسەیان بۆدەکات، بەڵام

کاتێ که پێغەمبەر هاته مەدینه خەڵکێکی زۆر کەله (بیعة العقبة)دا بەشداربوون گووتییان دەبێ بێیته مالّی ئێمه ئەوکاته خوێن و مالّ و گیانت پارێزراوه لەهەموو دوژمنەکانت، ئینجا که دەست بەقسەکردن دەکات ترسی ئەوەشی هەیه که ئەنساریەکان یارمەتی نەدەن.

لەوکاته (سعد)ی کوڕی (معاذ)–که بەگەورەی (أنصار) ناودارباوو– هەستایه سەر پێو گووتی: وەك بڵێی ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت ئێمەی ئەنساری بوو.؟ فەرمووی: (أجَلْ)–بەڵێ–سعد گووتی: ئێمه ئیمانمان بەتۆوه هێناوه تۆمان بەڕاستگۆ زانیوه، شایەدیمان داوه که ئەوەی تۆی پێ هاتووی لەلای خوا شتێکی راستە، لەسەر ئەمەش بەڵێنمان پێداوی که گوێت بۆ بگرین و گوێ رایەڵت بین، ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی مەبەستته بڕۆ جێبەجێی بکه ئێمەش لەگەڵتین و پشتت دەگرین و یارمەتیت دەدەین، سوێند بەخوا ئەگەر بچیته ناو دەریای ئاو ئێمەش دێینه ناو، یەك کەس لەئێمه بەپاش ناکەوێ، وە پێمان ناخۆش نییه که بەیانی بگەینه دوژمنمان ئێمه راست دەکەین لەگەیشتندا، ئارامدەگرین لەجەنگدا، بەئومێدی ئەوەی کەخوا ئەوەت نیشان بدات کەدڵت ئۆقرە بگریت و ئارام بیت لەسەر بەرەکەتی خوا بەڕێمان بکه، (فَسِرْ بِنا عَلى بَرَكةِ الله)..

٤–هەڵوێستی ئافرەتێکی ئەنساری که پێغەمبەر (ﷺ)بۆ (جلیبیب)ی خوازبێنی کرد.

–أنس ی کوڕی مالك دەفەرمووێ:

پێغەمبەر (ﷺ)بۆ (جلیبیب) داوای ئافرەتێکی انساری کرد لەباوکی، پیاوەکه گووتی: دەچم پرس بەدایکی دەکەم پێغەمبەر فەرمووی: (نَعْم إذاً

)–باشە بەڵێ پرسی پێ بکە.

باوکی کچە چووە مالّی بەخێزانەکەی گووت: بەڵام ئەو رازی نەبوو زۆر بەهێزوە توندی رەتی کردەوە، کچە گووتی: ئایا ئەوشتە رەت دەکەنەوە کە بڕیاری پێغەمبەری خوایە؟ ئەگەر ئەو رازی بێ بۆتان ئەوا منی لێ مارە بکەن، وەك بڵێی خۆی بەدیار خست لەلای باوك و دایکی، ئینجا دایك و باوکی گوتییان، راست دەکەیت باوك چووە لای پێغەمبەر گووتی: ئەگەر تۆ رازی بیت ئەوا ئێمەش وا رازین، فەرمووی: بەڵێ من رازیمە.

أنس دەڵێ: لێیان مارەکرد، پاشان لەگەڵ پێغەمبەر چوو بۆ غەزایەك شەهید کرا، وە چەند کەسی کافریان بینی لەدەوری کە کوشتیان.

أنس دەڵێ: ئەو ئافرەتەم بینی لەمەدینە هیچ مالێك وەك مالّی ئەو پارەو پوول دابەش نەدکرا بەسەر هەژاران، لەهەموو کەسێ زیاتر مالّی دەبەخشی بە فەقیر و هەژاران.

–لەبەر ئەوە دایك و باوکی رازی نەدەبوون چونکە (جلیبیب))ی هاوەڵ (الصحابیّ) پیاوێکی زۆر جوان نەبوو بەڵکو بالاّی تۆزێ کورت بوو ئینجا ئەمە گەیشتە گوێیەکانی کچەکە گووتی: خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ (١).

واتە: هیچ ئیمانداریّکی پیاو و ئافرەت بۆیان نییە کاتێ فەرمانی خواو

(١) سورة الأحزاب: (٣٦).

پێغەمبەر هات و بڕیاری لەسەر درا، لێی سەرپشك بن و بەکەیفی خۆیان شتێکی باش بۆخۆیان هەڵبژێرن لەکارو کرداریان.

پاشان کچە خاوەن هەڵوێستە پاکەکە گووتی ئەرێ واللە رازیم بەوەی کە پێغەمبەر پێی رازییە، کە پێغەمبەر (ﷺ)ئەمەی بیست دوعای بۆکرد فەرمووی: (اللهم اصبب علیها الخیر صباً ولاتجعل عَیْشها کداً).

واتە: ئەی خوایە خێرو بێرو چاکەی بەسەردا بڕێژە–واتە: دەوڵەمەندی بکە– وە ژیانی هەرگیز ناخۆش و ئازار نەکەیت.

دەڵێن لەهەموو ئافرەتانی ئەنساری دەوڵەمەندترو زیاتر مااڵی دەبەخشی بەبەرەکەتی ئەو هەڵوێستە باوەڕیەو دوعای پیرۆزی پێغەمبەری گەورە.

–بەڕاستی ئەوەش هەڵوێستی گەورەیە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر خۆ تەسلیم کردن بەفەرمانی پێغەمبەر کە پاڵەوانێکی وەك ئەو شاژنە بەوشێوە بۆ فەرمانی پێغەمبەر سەری دانوێنێ و ملکەچ دەبێ، ئای کەچەند ئێمەش پێویستمان بەو جۆرە هەڵوێستانە هەیە، کە بەو شێوە بەبێ دوودڵی فەرمانی خواو پێغەمبەر بەجێ بگەیەنین بۆیە روو لە دایکان و باوکانی بەڕێز دەکەم کە فەرمانی پێغەمبەرتان رەت نەکەنەوە (اذا جاءکم من ترضَوْنَ دینهُ وخلقُه فروجوهُ الا تکُنْ فتنة في الأرض وفساد کبیر) ئەگەر هات بۆ خوازبێنی کچەکەت، دین و رەوشتی پاك و چاك بوو لێی رازی بوویت، دەست بەجێ لێی مارە ببڕە ئەگەرنا دەبێتە مااڵ وێرانی و دەردەسەری لەسەر زەوی وە دەبێتە فەساد و خراپەی گەورە لەدوای ئەو رەت کردنەوەیەدا.

چونکە بەڕاستی بەختەورەی دین و دنیا لەوەدایە کە دین دارو بەڕەوشت بیت نەك بەماڵ و سامان خۆی لەسەر هەڵبکێشێ، چونکە ئەو سەروەت و

سامانه تاکۆتایی بۆی نامێنێ بەڵام دینداری و رەوشتی پاك هەمیشه هاودەمته بەرەو خوا و پێغەمبەرت دەبات بەسەر بەرزی و شکۆداریيەوه.

(هەڵوێستە ئیمانیەکان لە برایەتی و دۆستایەتی راستەقینەدا)

بەڕاستی موسڵمانی بەهیمەت و خاوەن هەڵوێستی بەرز و پیرۆز راست گۆیە لەهاوڕێتی و دۆستایەتی لەبەر خواو بۆخوا بۆیە دەبێ ئێمەش ئەو رەوشتەمان هەبێ کە پیاوانی پێش ئێمە لەهاوەڵان و شوێن کەوتووان و چاکان و زانایان هەیانبووە، رەفتارمان رەفتاری ئەوان بێ، کەسێکمان گرت و کردمان بە دۆست و خۆشەویست بۆخۆمان دەبێ لەسەرەتا دڵت پاڵفتە بکەیت و هەموو نیازو مەبەستمان بۆخوا بێ لەو دۆستایەتییەو خۆشەویستییە، دەرەنجام وەفاداریمان لەژیانماندا رەنگ دەداتەوە بەرامبەر بەیەکتر، وە برایەتیمان زیاتر بەردەوام دەبێ.

-پرسیاریان لەیەکێ لە دانایان کرد، چ گەنجینەیەك لەهەموو گەنجینەکان باشترە؟

فەرمووی: دوای لەخواترسان و پارێزگاری کردن براموسڵمانێکی چاك و باشە.

-ئیمامی (عمر) دەفەرمووێ:

دۆستان و برایانی راستەقینە بۆخۆتان بگرن، لەباوەش و مۆڵگەیان بژین، چونکە ئەوان جوانی و دڵخۆشکەری ئێوەن لەخۆشی و شادیتان، وە دڵنەواکەرو پاڵپشت و هێزن بۆ لێقەومانتان و بۆ تووش بوونتان بە بەڵاو

نەهامەتی.

-پیاوێك بە(داود)ی طائی گووت: ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی: هاوڕێتی کەسانی لەخواترس بکە، چونکە ئەوان لەهەموکەس کەمتر لەدنیادا خەرجی مالّی دنیایان دەوێت، واتە: هیچ پارەو پولی تیا ناچێ کە دۆستایەتیان بکەیت، وە لەهەموکەسیش زیاتر هاوکاریت دەکەن.

-پرسیاریان لە (خالید)ی کوڕی صفوان کرد:

ئایا برای خۆت خۆشەویستترە یان دۆست و هاوڕێکەت؟ گووتی: برای خۆم ئەگەر دۆست و هاوڕێم نەبێ ئەوا هەرگیز خۆشم ناوێت[1].

(دۆستایەتی و برایەتی لە پێناوی خوا)

دۆستایەتی و برایەتی پێویستی بەچەند مەرج و چەند رەوشتێکی جوان و گەورە هەیە وەکو:

١-لێبووردن لە هەڵەو تاوانی هاوڕێ و دۆستەکەت.

(فضیل)ی کوڕی عیاض دەفەرمووێ: یەك فەتوادان، بریتییە لە لێبوردن لە هەڵەو خلیسکانی برایان و دۆستان.

٢-نابێ ئیرەیی (حەسوودی) پێ ببات لەکاتێك خوا نیعمەتێکی پێداوە و شوێنەواری نیعمەتەکەی پێوە دیارە، بەڵکو دەبێ دڵی پێ خۆش بێ و شوکرانەی خوا بکات کە دۆستێکی بەوشێوە دەبینی لەناو نازو

(١) مواقف إيمانية، الشيخ احمد فريد ٤٧٩.

نیعمەت دایە، هەروەك چۆن ئەگەر بۆخۆی بێ شوکرانەی لەسەر دەکات.

چونکە لەفەرموودەی (صحیح)ی پێغەمبەر (ﷺ)هاتووە که دەفەرموێ: (ولا تحاسَدُوا).

واتە: لەنێوان خۆتان ئیرەیی و حەسوودی بەیەکتر مەبەن.

٣-دەبێ بۆئەو دۆستایەتی و برایەتییە کەسێکی ژیرو عاقڵ هەڵبژێریت بۆخۆی که دۆستایەتی بکات هەروەها دەبێ کەسێکی زاناو شارەزاو نەرم و نییان و پاك و چاك بێ.

٤-دەبێ هاوڕێی راستەقینە بەرامبەر بەهاوڕێکەی رووخۆش و دەم بە بزەو خەندەبێ نەك روو ترش و گرژ و تووڕە، هەموو دەمێك ئاگری لێ ببارێ و هەرگیز موژدە و قسەی خۆشی پێ نەبێ، دەبێ دڵی فراوان بێ ئەگەر غەمبارو ناڕەحەت بێ، نابێبەدەری بێخێ بۆ هاوڕێکەی تاکو ئازاری پێ نەچێژێ هەردەم دەستی گەورەو فراوان بێ لە بەخشین و یارمەتی بۆ هاوڕێکەی، خۆی لەسەر هەڵنەکێشێ و هەمیشە ڕێزی بگرێ، هەروەك ئیمامی غەزالی لەکتێبی (آداب الصحبة والمعاشرة)دا باسی کردووە.

٥-ئەگەر بەڵێنێکی پێدا دەبێ بەجێی بگەیەنێ چونکە ئەگەر کەمتر غەم بوو لێی یان هەر فەرامۆشی کرد ئەمە نیشانەی دووڕوویيە، موسڵمانیش نابێ ئەو ڕەوشتەی هەبێ.

٦-چیت بۆخۆت پێ خۆش بێ دەبێ بۆ براو هاوڕێکەت ئەوەت پێ خۆش بێ چونکە بەمە باوەڕت تەواو دەبێ (لا یؤمن احدکم حتی یحب

لاخیه مایحب لنفسه)[1].

واتە: باوەڕی یەکێك لەئێوە کاملّ نابێ تاکو چی بۆخۆی پێ خۆش بێ بۆ براکەشی پێ خۆش نەبێ.

۷-ئەو دۆستایەتییەش دەبێ بەردەوام بێ نەك چەند کاتێکی دیاری کراو.

۸-نابێ بەقسەی خەڵك هەڵبچێ کاتێ باسی هاوڕێکەی لەلا دەکرێ، بەشێوازێك ئەو کەسە لەوانەبێ کە دووزمانی دەکەن چونکە کەسێك قسەت بۆ بێنێ قسەشت لێ دەبات.

۹-چاکەکردن لەگەڵ هاوڕێکەت و لێبوردن لە هەڵەکانی.

۱۰-ئەگەر داوای لێبوردنی لێ کردی و عوزری هێنایەوە ئەوا لێی ببورە ئینجا درۆ بکات یا راست.

۱۱-زیارەت کردن و سەردان کردنی هاوڕێکەت کاریگەری هەیە بۆ خۆشەویستی بەردەوام و دڵ شادبوون بەیەکتری.

-عبدالله‌ی کوڕی مسعود دەفەرموێ:

ئێمە ئەگەر دابڕابین لەبرایان و هاوڕێیانمان، دەچووینە لایان، ئەگەر نەخۆش کەوتبان ئەوا بۆمان بەسەردانی نەخۆش حیساب دەکرا، ئەگەر سەرقاڵ بان بەئیش و کار، یارمەتیمان دەدات، ئەگەرنا زیارەت و سەردانی خۆشەویستییە.

---

(۱) رواه البخاري ومسلم والترمذي.

١٢-نابێ لەخۆشەویستی و رق لێهەڵسان زێدە رۆیی بکات، دەبێ هەردووکی بە ئەندازەی خۆی بێ.

١٣-وەك چۆن لە خۆشی و شادیدا بەشدارە لەگەڵیان دەبێ لەناخۆشی و نەهامەتیش هاوبەشی خەمیان بێ چونکە جاری وا هەیە هاوڕێ بەدیتنی هاوڕێکەی دەست بەجێ خەمەکەی لەدڵ دەردەچێ.

١٤-ئەگەر نەگونجا سەردان کردنی ئەوا وەك وەفادارێك دەتوانێ لەڕێگای نامەو تەلەفۆن هەواڵی بپرسی چونکە بەمە شێوازی خۆشەویستیەکەت دەگۆڕێ وە زیاتر خۆشەویست دەبن لەلای یەکتر.

١٥-گرنگترینی هەموویان پاراستنی نەهێنی یەکترە واتە: دەبێ هاوڕێ نەهێنی هاوڕێکەی نەدرکێنێ لەلای هیچ کەسێك چونکە ئەو نەهێنییە ئەمانەتە لەنێوان خۆی و هاوڕێکەی.

یەکێك لەدانایان دەڵێ: دڵی ئازادەکان گۆڕی نەهێنییەکانە.

(هێزی ئیمانی و هەڵوێستە ئیمانییەکان لەبەخشیندا)

گومان لەوەدانییە کەسی هیمەت بەرزو خاوەن ئیرادەو عەزم و جەزم لەکارکانیدا بەجۆرێ سەردەکەوێ و پلەی پیرۆزو گەورە وەدەست دێنێ، کە کەسێك بەپێچەوانەی ئەو ناگاتە ئەوساتە، وە کەمتر لە ژیانیدا سەربەرزو شکۆدارە، ئەوەی مەبەستمە لێرەدا تەنها ئەوەیە کە دەڵێم کەسێ وەڵامی بانگی خواو پێغەمبەر دەداتەوە خۆی لەخۆی ئەمە هیمەتێکی بەرزی هەیە، چونکە ئەوەی کە بەم شێوە ملکەچ بێ بۆئەو فەرمانە بێگومان متمانەیەکی

تەواوی بەخۆیەوە هەیە بۆیە هەست دەکات کەئەو بانگەوازییە ئەویش دەگرێتەوە نەك بەلاسایی کردنەوەی خەڵك و خۆهەڵکێشان بگرە کەسی دەروون بەرز کە ئەندازە دادەنێ بۆخۆی وە دوور لە فەیزو تەکەبوور و هەوای نەفس دەزانێ کە ئەویش وەك ئەو بوونەوەرە ئەو بانگەی دەگرێتەوە مالّی دنیاش وەك سپاردەیەکی خواییە لەلایەن بەندەکان داندراوە، هەژاران چاویان لەدەستی سەرمایەدارانە، ئەگەر سەرمایەداران چاوی هەژاران پرپبکەنەوە، بەدڵنیاییەوە مالّەکەی دوور دەبێ لە زیان و زەرەر، چونکە دەرگای ئیرەیی و حەسوودی لەسەر دادەخرێت و کەس باسی مالّەکەی ناکات، مەگەر بەچاکە نەبێ و دوعای خێریشی بۆ دەکەن.

بەلاتەوە سەیرە ئەگەر لەنێو کەشتی و لەنێو فڕۆکەدا مالّ و سامانت لەدەست بچێ پێت بڵێن کاکی برا ئەمە حەقی هەژارانت خواردوە، وەك پێویست مامەڵەی شەرعی و یاساییت لەگەڵ ئەومالّە نەکردووە؟

پێغەمبەرەکەت (ﷺ)وادەفەرموێ:(ماتلف مال في بَرّ ولا بَحْر الا بِحَبس الزكاة).

واتە: هەرمالّ و سامانێك لەسەر زەوی و لەنێو کەشتی ناو دەریاوە لەناو بچێت و بفەوتێت ئەوا بەهۆی راگرتن و بەندکردنی حەق و مافی خەڵکییە لەپارەو پوولی زەکات.

(بانگەوازی قورئان)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴾[1].

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ببەخشن لەباشترین و پاکترین بەروبوم و بەرهەمێك کە بەدەستتان هێناوەو لەو بەروبوومانەی کە لەزەویدا بۆمان دەرهێناون و رووماندومانە[2].

-ئینجا ئەوانە کە مالّ و سامانییان دەبەخشن بەهەژاران-جگە لە فەریزەی زەکات-پاشان لەگەلّ ئەو هەموو بەخشینەدا خەلّکی ئازار نادەن وەمنەتییان بەسەر ناکەن و بەلّکو بەجۆرێ مالّیان بەسەر دابەش دەکەن کە هەرگیز هەست بەهەژاری نەبوونی نەکەن، بەجۆرێ مالّ دەبەخشن لەپێناو خوا بەدەستی راست و کە دەستی چەپە ئاگای لێ نەبێ وە خۆیان بە دوور دەگرن لە قسە و گۆتەی خەلّك، چاوەڕوانی سوپاسی خەلّك ناکەن هەمیشە بەئومێدی پاداشتن لەلایەن خوای گەورە، پاداشتەکەش ئەمەیە لەلای خوا، کە لەدنایادا خوا ترس و بیمیان لەسەر لادەبان وە لەدواڕۆژیشدا ناڕەحەتی و خەم و پەژارەیی مەیدانی مەحشەریان لەسەر لادەبات، جگە لەوەش خوای گەورە بەرەکەت دەبارێنێبەسەر ئەو مالّەی کە لێی بەخشراوە، یەك بەدە بۆی زیاد دەکات ﴿ مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا

---

(١) سورة البقرة (٢٦٧).

(٢) تەفسیری ئاسان.

كَثِيرَةً ﴾[1].

واتە: کێیە ئەوکەسەی کە قەرز دەدات بەخوای گەورە، بەقەرزێکی چاک- بەخشراوێکە کە لەمالّی حەلاڵ و بێ منەت و نازداربێت خواش بەوهۆیەوە بۆی چەند بەرامبەر دەکات و پاداشتی بێ سنووری پێ دەبەخشێ.. [2].

١-سەهلی کوڕی سعد دەڵێ:

ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)عەبایەکی پێبوو گووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم عەبایەت لەبەر دەکەم، پێغەمبەریش پێویستی پێ بوو لێی وەرگرت و لەبەرخۆی کرد، پیاوێك لەهاوەلاّن بینی گووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ما أحسن هذه فاكسينها) ئەمە چەندە جوانە دە لەبەرمن بکەو، ببەخشە بە من (دوای ئەوەی کە پێغەمبەر پێی گووت: خۆشم پێویستم پێی هەیە، ئەویش گووتی من لەتۆ پێویست ترم لەبەر منی بکە) فەرمووی: بەڵێ لەبەری کرد، کە پێغەمبەر لە مەجلیسەکە هەڵسا هاوەلاّن گازاندەیان لێ کرد و پێیان گووت: شتەکی چاکت نەکردو کەچی بەخۆیشی پێویستی پێ هەبوو، چەندە جوان بوو کە ئافرەتە لەبەر پێغەمبەری کرد، تۆش لێت وەرگرت خۆ دەتزانی کە پێغەمبەر هەر داوایەکی لێ بکرێ رەتی ناکاتەوە پیاوەکە گووتی: من تەنها لەبەر بەرەکەتی پێغەمبەرم ئەوشتەم کرد ئومێد دەکەم بەو عەبایەش کفن بکرێم کاتێ کە دەمرم[3].

---

(١) سورة البقرة (٢٤٥)

(٢) تەفسیری ئاسان.

(٣) رواه البخاري (الجنائز) ٣/١٧٠-١٧١.

بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ)لەهەموو کەسێ سەخی تر بووە مالّ بەهای نەبووە لەلای ئەو، ئەگەر نەیبەخشێ، لە رەوشتەکانی ئەو، ئەوە بوو هەرکە داوای شتێکی لێ بکرایە هەرگیز نەیدەگووت نایدەم یان نەخێر بەڵکو بەپاکی دڵی دەیبەخشی.

٢-ابوبکری صدیق هەموو مالّی خۆی دەبەخشی لە رێگای هیجرەت بۆخواو سەرخستنی پێغەمبەر (ﷺ).

-ئیمامی (عمر) دەفەورمووێ: پێغەمبەر (ﷺ)رۆژێك فەرمانی پێ کردین کەمالّ ببەخشین، منیش هەندێ پارەم لەلابوو، لەدڵی خۆم گرت: ئەمڕۆکە دەبێ بەپێش ابوبکر بکەوم (لەو پێشبڕکێیە) هەستام نیوەی مالّم کردە خێر هاتمەلای پێغەمبەر فەرمووی: ئەی (عمر) چەند مالّت بۆمندالّەکانت بەجێ هێشتووە؟

(عمر) گووتی: نیوەی مالّم هێناوە، ئەوەندەی تریشم بۆیان بەجێ هێشتووە.

پاشان (ابوبکر) هات، ئەوەی لەلای بوو هەمووی هێنابوو، پێغەمبەر پێی گووت: چیت بەجێ هێشووە بۆ منداڵەکانت؟

ابوبکر گووتی: خواو پێغەمبەری خوام بۆ بەجێ هێشتوون، ئیمامی (عمر) گووتی: هەرگیز بەپێشت ناکەوم لەهیچ شتێك[1].

هەربۆیە (ابوبکر) لەهە موو هاوەڵان سەخی تر بووە وە لەخێرو چاکەدا بەپێش هەموویان کەوتووە.

---

(١) رواه الترمذي وقال هذا حديث حسن صحيح/ ٣٦٧٥.

زۆر جار ئیمامی (عمر) دەیگووت: ئەبوبەکر گەورەمانە، وە گەورەمانی ئازاد کردووە –بلال–ی کوڕی ریباح.

٣–هیمەت بەرزی ئیمامی (عثمان) لە هەڵوێستە ئیمانیەکەی بەرامبەر بە مالّی خۆ کاتێ کە دەبەخشێ بەسەر موسڵمانان وە بەمەش پلەی گەورە وەدەست دێنێ لەلایەن خواوە، بەڕاستی نموونەی هیمەت بەرزی بوو لەسەخاوەتدا هەرکە باس لەپاداشتی دوا رۆژ دەکرێت ئەو لەپێشەوەیە بەماڵ و سامانەکەی.

–کێ بیرێك لێدەدات بۆئەوەی خەڵکی ئاوی لێ بخۆنەوە بەهەشتی پێدەدرێت؟

–(عثمان): انا لها، أنا لها، أنا لها.

من دەیکەم من ئەو بیرە لێدەدەم ئەی پێغەمبەری خوا، (کە بیری رومە بوو).

–کێ لەشکری موسڵمانان (تێکۆشەران) ئامادە دەکات بۆ جەنگ ئەوا بەهەشتی پێدەدرێت.

–(عثمان) أنا لها.. من دەیکەم) ئەی پێغەمبەری خوا هەموو بازرگانەکان سەرسام بوون بەقافلەکەی (عثمان) کە هاتەوە (مەدینە) هەموویان خۆیان بۆی ئامادە کردبوو بەڵام ئەو دەیگووت: من بەزیاترم داوە.

–دەبێ کێ لەئێمە زیاتری پێدابێ، کێ لەئێمە دەوڵەمەندترە من دەیدەم بە هەشتێك کە بەرینیەکەی بەقەد ئەرزو ئاسمانە ئینجا دێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی و پارەکەی کە هەزار دینار بوو لەناو پارچە

قوماشێکی دانابوو، لەوکاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ)ئامادە باشی کرد بۆ (جەیشی عوسرە) ئەویش پارەکەی خستە بەردەمی پێغەمبەر پاشان پێغەمبەر دەستی دایە پارەکەو ئاڵ و گۆڕی پێدەکرد و دەیفەرموو: (ما ضَرَّ ابن عفان ما عَمل بعد اليومِ) چەند جار ئەوقسەی دووبارە دەکردەوە، واتە: هەرگیز دوای ئەمڕۆکە (عثماني) کوڕی عفان زیانی پێناگات[1].

٤-(أبو طلحة)ی (الانصاری)خۆشەویستترین ماڵ لەپێناوی خوا دەبەخشێ کە (دار خورماکانی-بەیروحاء-بوون) بەفەرمانی خوای گەورە کە دەفەرموێ:﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ﴾[2].

واتە: ئێوە ناگەن بە پلەی چاکە تاکو خۆشەویستترین ماڵی دنیا نەبەخشن بەهەژاران.

- أنس دەفەرموێ: (أبو طلحة) لەهەمووکەس زیاتر ماڵی هەبوو لە مەدینەدا،

وە خۆشەویستترین ماڵ لەلای باخچەی بەیروحاء بوو کە هەمووی دارخورمای بەردار بوو، ئەو باخچەیە بەرامبەر بە مزگەوت بوو، پێغەمبەر (ﷺ)زۆر جار دەچووە ناوی ئاوە پاکەکەی دەخواردەوە، هەرکە ئەو ئایەتە دابەزی بۆ پێغەمبەر ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ﴾ أبوطلحه هەستا بۆلای پێغەمبەر گووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، دەبینم خوای گەورە وا دەفەرموێ، وە خۆشەویستترین ماڵ لەلای من باخچەی دارخورمای

(١) رواه احمد في المسند وكذا في فضائل الصحابة ورواه الترمذي في المناقب.

(٢) سورة آل عمران (٩٢).

بەیروحایە، ئەوا هەمووی دەکەم بەخێرو سەدەقە بەسەر هەژاران بۆ خوا، ئومێدی چاکەو توێشێووەکەیم هەیە لەلای خوای گەورە ئینجا ئەی پێغەمبەری خوا ئەوا تۆ دایبنێ چۆن خوا بۆت دەست نیشان دەکات.

-أنس دەڵێ: پێغەمبەر کە ئەمەی بیست لە (أبوطلحة) فەرمووی: بەھ بەھ بەڕاستی مالێکی بەسوود و قازانجە، بەڕاستی مالێکی بەسوودو قازانجە، وە بیستم کە چیت گووت: منیش پێم باشە بەسەر خزمە نزیکەکان دابەش بکرێت، (أبوطلحة) گووتی: ئەی پێغەمبەری خوا بڕیار بدە، ئینجا (أبوطلحة) دابەشی کرد بەسەر خزمە نزیکەکانیدا[1].

٥-خاتوو عائیشە مالّ دەبەخشێ بە هەژاران کە نزیکەی سەدو هەشتا هەزار (١٨٠٠٠٠) درهەم دەبوو بەلّام لەبیری چوو کە بۆخۆی بەشێکی تایبەتی دابنێ کە رۆژووەکەی پێ بشکێنێ، لەوکاتەی کە (عبدالله)ی کوڕی زبیری خوشکە زایەکەی ئەو پارەیەی بۆ دێنی. لەوکاتەدا بەرۆژوو بووە، کە بووە ئێوارە بەخزمەت کارەکەی دەڵێ بڕۆ خواردنەکەم بۆ بێنە، ئەویش دەڕوات هەندێ نان و رۆنی زەیتی بۆ دێنێ (أم ذره) دەڵێ: منیش پێم گووت: ئایا نەتتوانی درهەمێکت پاشەکەوت بکردایە تاکو هەندێ گۆشتی پێ بکڕین و بەربانگی پێ بکەینەوە ؟

عائیشە فەرمووی: تۆندو تیژیم لەگەل مەکە ئەگەر لەبیرم بوایە وام دەکرد[2]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەئەوان خەمی گەورەیان تێرکردنی سکی خۆیان نەبووە بۆیە فەقیرو هەژاران بە پێش خۆیان دێخن.

---

(١) رواه البخاري ٣/٣٨٧-في باب الزكاة، ورواه مسلم ٧/١١٦-١١٧ في باب الزكاة.

(٢) صفة الصفوة، ابن الجوزي ٢/٢٩-٣٠.

کەواتە: ئەی برای موسڵمان ئەی خوشکی موسڵمان وریابە ئەم ماڵەی لەژێر دەستت دایە بەژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکە داستانی کەسانی لەناوچوو بەهۆی ئەو ماڵ و سامانە هەمیشە لەیاد نەکەیت کە چەند بەئازارو ئەشکەنجە بوون چۆن مامەڵە شەرعییان لەگەل نەکرد، بۆیە بەخشینت مایەی دڵخۆشیتە لەژیانی دنیادا، بەبەخشین لەپێناوی خودا لەبەڵاو نەهامەتی بەدوور ئەکەویت، هەروەها ئاگری تووڕەیی خوا دەکوژێنیتەوە.

-ئەگەر دەتەوێت بەهیمەت و بەئیرادەیەکی بەهێزبیت لەو مەیدانەدا، کە هەژاران چاویان لێتە با هەڵوێستی پڕ لە ئیمانیت هەبێ، چونکە ئەمە راهێنانە لەسەر بەهێزی دەروون و دروست بوونی متمانەیەکی تەواو، لەژیانتدا سەردەکەویت، وە هەمیشە هەڵەو خلیسکان ڕووت تێناکات.

(هەڵوێستە ئیمانیەکان لە داوێن پاکیدا)

کەسێك کە هیمەت بەرزبێ، متمانەی بەهێزی بەخۆبێت دەتوانێ دووڕە پەرێزی لەهەواو ئارەزووی خۆی بکات بەجۆرێ داوێنی دەپارێزێ کە جیا لە کەسانی دەروون نزم و بێ هێزی دەروونی، گومان لەوەدا نییە کە ئۆممەتی ئیسلام کراوەتە هەدەف گەورەی دوژمانان و ناحەزانی، وە ئابڕوو حەیاو حیشمەتی ئافرەت و ئابڕووی ئافرەتیان کردووە بە گەورەترین و چاکترین چەکی خۆیان بۆ تێکدان و لەنابردنی ئیسلام و شوێن کەوتوانی هەروەك شتێکی زۆر باوە لەنێو پێشەواکانی کوفر لە (سەهیۆنیەکان (جوولەکەکان) کە دەڵێن: (كأس و غانية تفعلان في تحطيم الأمة المحمدية مالا تفعله آلاف المدافع، فاغرقوها في حب المادة والشهوات).

واتـه: بـۆ تـەدمیرکردن و تێکـدانی ئوممـەتی موحەمـەدی بـەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی پیاڵەیەکی مەی لەگەڵ ژنێکی داوێن پـیس و گـۆرانی بێـژ و فـێڵ لێکراو باشترە، وە چاکتر کاردەکاتە سەریان لە هەزاران بۆمباو چەکی کۆکوژ و تـۆپ و تـەیارە، کەواتـە غـەرقییان بکـەن لـە خۆشەویـستی پـارەو هـەواو ئارەزووەکان، تاکو هۆشیان نـەمێنێ لـە ئایینەکـەیان ئینجـا کـەمین دابنـێن و بۆیـان لەسـەنگەر دابنیـشن تـاکو تـەواو لـەناویان دەبـەن، بەمـەش مەیـدان مەیدانی ئەوان دەبێ خۆیان سەرپەرشتی هەموو شتێ دەکەن و دەڵێن ئێمـەین کە لەشکری هەڵبژاردراوی خواین لەسەر زەوی (نحن شعب الله المختـار) بـەڵام نـازانین کـە ئـەوان دوژمـنی نـەك هـەر ئیـسلام، بـەڵکو هـەموو مرۆڤایـەتی و ئینسانییەتن، ئەوان کەسانێکن کەلە جیهان ناویان بە (أبناء القردة والخنازير) دەرکردووە، نەوەکانی مەیموون و بەرازن.

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە بەهێزو هیمەتی نەبەزی گەنجانی ئیسلام رۆژ لەدوای رۆژ بانگەوازی ئیسلام بڵاو دەکاتە لەسەر زەوی وە هەوری کوفریش دەبێ تەواو بڕەوێتەوە، چونکە تاکو گەنج و لاوی وەك (مصعب و خُبَيب و عمار و علي) و پاڵەوانی وەك (عمر) و چەندین کەڵە پیاوی تر مابن ئیسلام وەکو شاخ ناڕووخێت، بەهەموو هەوڵ و کۆششی دوژمنانی ئیسلام، با دوژمنان دڵنیابن تاکو موسڵمانێکی دەست بەدەس نوێژ و دەم بە سیواك و قورئان مابێ هەرگیز کوفر ناتوانێ چرای رووناکیمان بکوژێنێتەوە، تاکو مزگەوت و ماڵەکان بە نوێژ و قورئان و بانگەوازی ئاوەدان بن هەرگیز نابێ دوژمنانمان دڵیان خۆش و ئۆقرە بگرێت، تاکو دایکان و خوشکانمان بەحەیاو حیشمەتەوە باڵاپۆشی و سەرپۆشی بەرجەستە بکەن لەنێو کۆمەڵگاکانییان ، بێگومان با چەندین پیاڵەی مەی و رەقس و هەڵپەڕین و چەندین چەکی بکوژ و

لەناوبەر بەکار بێنین ئەوا هیچ سوودێکی بۆیان نییە، وەبێ گرنگی بەیانی لەرۆڵە قارەمانەکانی ئیسلام هەڵبێت و هەناسەی ئازادی و خۆشی هەڵبکێشن.

شاعیر دەڵێ:

ئەو ئیسلامە وەک شاخێکە پێک هاتەکەی نەڕووخانە
کەچی کوفر هەر هەورێکە بەری خۆریش نەگیرانە
ئەمڕۆ ئیسلام رابوونێکە بڕەو ئەدا لەجیهانە
ڕێبازەکەی جیهادێکە یا حوکمی خوا یان نەمانە
نەفامیەتی زەمانێکە لەهەوڵی خۆی بێ وچانە
خەباتەکەی ئامانجێکە نەهێشتنی موسڵمانە
ئەم ئیسلامە ئایینێکە بەنامۆیی دامەزراوە
سەرکەوتنی سالانێکە بەهەزاران خوێنی داوە
وەجودەکەی عیززەتێکە گشت زەیللەتی لەگڵ ناوە
لەناوچوونی مەحاڵێکە کێ وابیرکات خەیاڵ خاوە
هەڵگرانی کۆمەڵێکە تا قیامەت بەردەوامە
هەریەکەیان وەک دڕکێکە وا لەچاوی دوژمنانە.

کەواتە براو خوشکی موسڵمان بەهیمەت و بەئیرادەبە لە داوێن پاکیدا رۆڵی پیاوە پاکەکانی چەرخی پێشووت هەبێ لە هەڵوێستی ئیمانی بەرامبەر بەو داوێن پاکییە نەکەی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانت خۆت لەدەست بدەیت بەهۆی ئافرەتی ژێردەستی گورگەکانی ڕۆژگار کە بەڕاستی قورئان ئاماژەی تەواوی بەترسناکی ئاژاوەی ئەوجۆرە ئافرەتانە داوە، وە ئارەزووی ئافرەتانی داوێن پیسی بەپێش هەموو ئارەزووەکانی تر خستووە﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ

ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ﴾[1].

لەوەتەی چواردە سەدە پێش ئێستا پێغەمبەر فیتنە و ئازاوەی ئافرەتی راگەیاندووە بەئێمە فەرموویەتی: (فاتقوا الدنيا واتقوا النساءفان اول فتنة بني اسرائيل كانت في النساء)[2].

واتە: خۆتان بپارێزن لە ئازاوەی دنیاو ئافرەت چونکە بەراستی لەناوچوون و رووخانی بەنی ئیسرائیلی سەبارەت بە ئافرەتان بوو.

واتە: ئافرەتەکانیان ئارایش دەکرد بۆ بۆنەو ئاهەنگیان بەدەنگی خۆش و بەرگی جوان و رەقس و هەڵپەڕکێ لاوەکانییان خۆیان لێ ون دەبوو، دەرئەنجام رۆیان لە ناخۆشی و دەردەسەری دەکرد، هەربۆیەش وەکو تەجرەبەیەکی کۆن لەسەر ئەو هەڵس و کەوتە دەبێ نەوەکانییان (سەهیۆنییەکان) ئەو چەکە بەکار بێنن بۆ ئێمە وەك لەپێشتر باسمان کرد ﴿وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ﴾ئەمانە نەوەی کەسانێکن کە جگە لەخوا گوێرەکەیەکی بێ گیان و بێ سوودو زیان دەکەن بەخوایان، ئینجا بەهۆی ئەو کوفرە قێزەوەنە خۆشەویستی ئەم گوێرەکەیە لەدڵیان جێگیردەبێ.

-پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: (المرءة عورة فإذا خرجت استشرفها

(١) سورة آل عمران (١٤)

(٢) رواه مسلم/ باب الرقائق.

الشيطان)[1].

واتە: ئافرەت هەموولاشەی عەورەتە، نابێ خۆی دەربخات و جوانی خۆی نیشان بەخەڵکی بێگانە بدات، هەرکە هاتە دەرەوە شەیتان بەدوای دەگەڕێ و تەلەی بۆ دادەنێ تاکو دەیکاتە چەك و سیلاحی خۆی، خەڵکی پێ لەخشتە دەبات.

-ئەی خوشکی موسڵمانی بێ ئاگا دەزانی تۆ خەریکە خۆت دەکەیتە فیشەکی شەیتان دوژمنەکەت وەکوو گورگ رەفتارت لەگەڵ دەکەن، دواتر کە کۆتایی بەهەموشتێ دێت، شەیتان ئاسا پشتت تێدەکەن و لێت بەرین ئایا ئەمە رەوایە؟ بۆیە دەبێ بیر لە ژیانی چاکانی پێشوو بکەینەوە کە چەند دژایەتی هەواو هەوەستیان کردووە، وە داوێنییان چەند پاراستووە لە خراپەو کرداری نابەجێ، ژیانێك کە پڕبێ لە هەڵە، دەبێ چ ژیانێك بێ تەمەنێك پڕبێ لە گوناهو تاوان، دەبێ چ بەختەوەرییەك روو لەوە بکات.

(ئامۆژگارییەکانی قورئان)

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾[2].

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ)بەپیاوانی ئیماندار بڵێ با چاویان بپارێزن، لە

(١) رواه الترمذي.

(٢) سورة النور (٣٠-٣١)

سەرنجدانی ئافرەتی نامەحرەم هەروەها ناموس و عەورەتی خۆیان بپارێزن لە حەرام بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان بۆ دڵ و دەروون و رواڵەوت و رۆح و لاشەیان بەراستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و رەفتارانەی کە دەیکەن، هەروەهابەئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ با چاویان بپارێزن لە گوناهو جوانی خۆیان [1].

(سوودەکانی خۆپاراستن لە سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەم)

١-جێبەجێ کردنی فەرمایشتی خوای گەورە.

٢-دڵی مرۆڤ وای لێ دێت کە تەنها ئولفەت بەخواوە بگرێت وە بۆ خوای کۆی بکاتەوە بەزیکرو یادی ئەو.

٣-دڵ بەهێز دەکات، هیمەتی بەرز دەکات، هەروەها دڵشاد و کەیف خۆش دەبێ کاتێ هەست دەکات گوناهێکی تەرک کردووە لەبەر خوا.

٤-رۆشنای و رەونەقێك دەبەخشێ بەدڵ.

٥-بەهۆی وازهێنانی لەو گوناهە خوای گەورە دەرگای زانست و زانیاری لەسەر دەکاتەوە وە هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەبێ.

٦-شەیتان ناتوانێ بەسەر دڵ و دەروونیدا زاڵ بێ، بەهۆی چاوەکانی رێگا بۆ شەیتان خۆش دەبێ، ئینجا دەست بەسەر دڵی دادەگرێ.

٧-هەرکەسێ فەرمایشتی خوا بشکێنێ ئەوا حەسرەت و خەفەتی تووش دەبێ.

٨-ئەوەی کە سەیری ئافرەتی نامەحرەم دەکات ئەوا تیرێکی ژەهراوی لەدڵی خۆی دەدات، بەڵام کەخۆی بەدوور گرت بێگومان دوورە لەو تیرە ژەهراوییە.

---

(١) تەفسیری ئاسان.

٩–بە وازهێنانی لەو گوناهە بەسیرەت رێو رووبی پێدەدرێ هەروەها بەندە بەمە سوودمەند دەبێ لەبەخشینی فیراسەت و بینینی بەدڵ و دەروون.

–ابن شجاعی کرمانی دەفەرموێ:

(هەرکەسێك زاهیرەکەی بەسوونەتی پێغەمبەر ئاوەدان بکاتەوە وە پەنهانەکەی بە بەردەوامی چاودێری خوا لەسەر خۆ دانانی وە چاوی خۆی بنوقێنێ لەئاست حەرام، دڵ و دەروونی بپارێزێ لە شەهەوات و ئارەزووی نەفسی، وە خۆی راهێنابێ لەسەر ماڵی حەلاڵ، ئەوا هەرگیز لەفیراسەت و بینینە دەروونییەکەی هەڵەناکات) وادیارە ابن شجاع الکرمانی فیراسەتی هەبووە، وەلەو فیراسەتەش هەڵەی نەکردووە، چونکە دەستگیر بووە بە قورئان و سونەت، بۆیە ئەو کەڵە پیاوانە تەواو شارەزان لەو بوارەدا.

١٠–لەبەندیخانەی ئارەزووی نەفسی دڵنیایەکە تووشی ئەو بەندیخانە نابێ، وە پارێزراوە لێی چونکە مرۆڤ ئەگەر توانی ئارەزووەکانی بگرێ و بەندیان بکات ئەوا نەفس و هەوای وەکو چۆلەکەیەکی ژێر دەستی منداڵێك لێدێت کە هەم ئازاری دەدات و هەم یاریشی پێ دەکات بەوشێوە ئەو بەسەر هەوای زاڵ دەبێ و دەیکاتە ئەسیری ژێردەستی.

١١–ئایا دەزانی وازهێنان لە سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەم ئەمان و پارێزەرتە بۆ بێهۆش بوونت لەکاتێ کە عیشق و خۆشەویستیت بەسەر زاڵ دەبێ بەڵێ لەوکاتەدا هانا بۆ گوناهو تاوان نابات وەخۆی دەپارێزێ لەو تاوانە تاکو دڵی دادەمرکێ و ئەو عیشقە لەدڵی دەردەچێ بەبەرکەتی وازهێنانی لەو گوناهو تاوانە[1].

---

(١) مواقف ایمانیة، الشیخ أحمد فرید/ ٧٢.

(ئەوکەسانەی کە گەورەترین هەڵوێستییان هەبووە لە داوێن پاکیدا)

بێگومان ئەو هەڵوێستە باوەڕیانە بەروبوومی باوەڕی راستەقینەن، هۆکارە بۆ خۆشەویستی خواو هێزی ئیمان و باوەڕی دەروونی، بەڕاستی چەند هەڵوێستێکی گەورەو پیرۆزن کە پێغەمبەران و چاکان و زانایان هەیانبووە، خاوەن ئیمان پلەی لەدنیاو ئاخیرەتدا پێ بەرز دەبێتەوە.

هەڵوێستێکت کە باوەڕدار ئالای ئیمانی پێ بەرز دەکاتەوە ئایینی خوای پێ سەرکەوتوو دەکات، خواش کەسێ سەرکەوتوو دەکات کە ئایینەکەی سەربێخێ، ئەمە و چەند نموونەیەکی داوێن پاکی کەخاوەنەکەی بەهیمەت و ئیرادەی دەروونی گەورترین هەڵوێستی بوو، لەو مەیدانەدا.

١-نموونەی داوێن پاکان لەنێو چینی پێغەمبەران، حەزرەتی یوسفی کوڕی یعقوبی کوڕی اسحاق، علیهم الصلاة والسلام، کە بەڕاستی جوانترین و پیرۆزترین هەڵوێستی جوانی مەردانەی هەبوو لە مالّی عەزیزی میسرو نێو ئافرەتانی شار، کە گەنجێك بوو لەجوانی و شکۆمەندی بێ وێنە هەموو کچان ئاواتییان بەئەو دەخواست، جوانییەکەی گەیشتبوو بەم رادەیە کە خێزانی عەزیزی میسر دلّی لەدەست دابوو لەبەر جوانی یوسف ئەو (یوسف)ەی کە بەمندالّی لەباوەشی خۆی پەروەردە کردبوو بەلّام ئێستا شێت بووە بۆی رۆژ لەدوای رۆژ بەمەکری ژنانە و فێلّی شەیتانی خۆی بۆ دەڕازێنێ بەجۆرەها جل و بەرگی جوانی شازنایەتی کلتووری خۆی، تاکو یوسف دلّی بچێتە سەری، لەنێو ئەو تاوانە بخولێتەوە، بەلّام یوسفی هیمەت بەرزی دووره ولّات و نیشتمانی خۆی گەورەترین هەڵوێستی دەبێ بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیە، لەوکاتەی کە

کار لەکار ترازا دەرگاو بانی لەسەر داخران لەمالّی عەزیز، کە خێزانەکەی خەیالّی خراپی بۆهات و یستی لەخشتەی بەرێ بەلاّم بەیارمەتی خواو هیمەتی مەردانەی خۆی و یادی باوکی غەریبی خۆی لەولاّتی غەریبی، لەومەیدانەدا توانی نەبەزێ و کۆلّی نەدا، هەموو دەرگاوبانی بۆ کرایەوە تاکو گەیشتە بەردەم گەورەکەی (عەزیز) کە پرسیاری کرد هەوالّ چییە لێرە بەم درانگە شەوە؟ ئینجا شەیتان لێرەدا پلانی خۆی بۆ خێزانی عەزیز دادەنێ ﴿قَالَتْ مَا جَزَآءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ دەبێ سزای تاوانی ئەوە چی بێ کە بەوشێوە خەیالّی خراپە دەکات بەرامبەر بەخێزانەکەت ئەگەر بەندکردن نەبێ یان عەزابدانێکی بەئازارو ئەشکەنجە.

ئینجا دوای لێکۆلّینەوەیەکی ورد لەکاری یوسف و خێزانی عەزیز بۆی دەردەکەوێ کە یوسف گەنجێکی دەمپاك و دەست پاك و داوێن پاکە ﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنۢبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾ عەزیز گووتی: یوسف تۆ باسی ئەوشتە لەناوشار مەدرکێنە، دەزانم کە داوێن پاکی، تۆش ئەی زولەیخا واز لەو تاوانە بێنە تۆبە بکە چونکە تۆ تاوانباریت براءة و پاکانەی یوسفمان بۆ دەرکەوت بەوشێوە کەسێ بۆخوا بگونجێ، وە کەسێ بۆخوا بێ ئەوا خواش بۆئەو دەبێ و یارمەتی دەدات لەو ناخۆشیە کە دێتە سەری.

کەواتە گەنج و لاوی موسلّمان وریای خۆت و جوانییەکەت بە بەقسەی خۆت و تەلەفۆنێك سەلامێك و بینینێك هەلّنەخەلّەتێیت ئەگەر جوانیت هەرگیز وەك یوسف جوان نابێت، ئەگەر گەورەو خاوەن نەژاردیت هەرگیز ناگەیتە نەژادی گەورەی کورە پێغەمبەرێکی وەك یوسف ئەگەر هەرکێیەك بیت

لەوکاتەدا بەتۆسقالێك دڵسۆزیت لەدڵ بێ لەخوا دەپارێیتەوە دڵنیابە خوا بەهانات دێت و رزگارت دەکات ئەی خوشکی بێ ئاگا و نەزان تۆش خۆت نەکەیتە قوربانی بۆ شەیتان چونکە ئەگەر بەجوانی و گەورەیی خۆت دەنازی بزانە خێزانی عەزیزی میسر لە ئەشراقی قەوم بوو لە گەورە پیاوانی میسری بوو، بەڵام چۆن خوا زەلیلی کرد لەدنیا زیاتر لەبیست و پێنج ساڵدا زەبوونی توش هات کێ بەهانای هات؟ کێ لەو دەردە رزگاری کرد (یوسف) لەبەندیخانەی ئەو دەرچووە بوو بە پاشا و گەورەی میسر بەڵام ئەو کچی کێیە مەگەر مارْ و حاڵی هەموو لەدەست نەچوو، کەواتە وریابە خۆت لێ ون نەبێ هەمیشە بیر لە رابردوو بکەوە کە ئەوان چییان بەسەرهات وەبیر لە داهاتوو بکەرەوە کەتۆش وەك ئەوانەی کەوتنە داوی شەیتان کە تاوانەکەی پێکردن پاشان پاکانەکەشی بۆ دەربڕین، باشتێك نەیەتە رێگات کە پەشیمانی بەدواوە بێت، ژیانێك کەبەسەر بەرزی و شکۆداریەوە بێت وە بەئیرادەو متمانە هەبوون بەخۆت بەڕێوە بچێت بێگومان هەڵەنایەتە رێت هەرگیز پەشیمان نابیتەوە لەکارەکانت چونکە هەست دەکەیت ژیانت هەمووی بەبەرنامەو پرۆگرامی زێڕین بەڕێوە دەچێت، لەکۆتاییدا لەکاروانی هیمەت بەرزان و داوێن پاکان دانابڕێیت، بەخۆشیەکانی ئەودیو شاد دەبیت.

٢-هەڵوێستی پاکانەی (مرشد)ی کوڕی أبو مرثدی هاوەڵ (رەزای خوای لێ بێت).

ئەمە پیاوێکی پاك و خاوێنە لە قوتابخانەکەی پێغەمبەرایەتی پێگەیشتووە، دەبێ رەفتار وەرگرێ و پێ بەپێی پێغەمبەر هەنگاو بنێ، لەکاتێك کە دیلەکانی لەمەککە دەباتەوە بۆ مەدینە، ئافرەتێکی داوێن پیس

هەبووە لە مەککە ناوی (عناق) بووە، لەسەردەمی نەفامێتیدا هاوڕێی (مرثد) بوو، (مرثد) بەڵێنی بەپیاوێکی دیل دابوو کە هەڵیبگری لە دیلەکانی مەککە بوو، دەڵێ: منیش بردم تاکو گەیاندمە نزیك دیوارێك لەدیوارەکانی مەککە، ئەوکاتەش شەوێکی رووناك و مانگەشەو بوو.

ئینجا (عناق) هات منیش چاوم بە ڕەشایەتییەك کەوت کە نزیك بوومەوە، تاکو ناسیم گووتی: (مرثد)، گوتم: بەڵێ: (مرثد)م، گووتی: بەخێربێیت هەرئەوشەوە دەبێ لەلای ئێمە بیت، گوتم: ئەی عناق حەڕامە ئەو زینایە خوا قەدەغەی کردووە، گوتی: هۆ ڕەشمالْ نشینەکان ئەوپیاوە (مرثد) دیلەکانی ئێوە هەڵدەگرێ دەڵێ هەشت دانە کەسم بەدوا کەوتن تاکو گەیشتمە باخچەیەك لەوێش بۆ ئەشکەوتێك چوومە ژوورەکەی ئەشکەوتەوە ئەوانیش هاتن لەسەر سەرم وەستان منیان نەبینی تاکو لەسەر بەردێکی گەورەی سەر ئەشکەوتەکە میزیان کرد میزەکەیان کەوتە سەر سەرم، خوای گەورە هەموویانی کوێر کرد لەئاستی من، ئینجا گەڕانەوە، منیش چووم هاوڕێکەی خۆم کە پیاوێك بوو بردمەوە مەدینە و گەڕامەوە، چوومە لای پێغەمبەری خوا گووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (عیناق) مارە ببڕە، دووجار گوتم، بەڵام وەلامی نەدامەوە، ئایەتی﴿ ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً ﴾ [1].

(١) سورة النور (٣).

پێغەمبەر فەرمووی ئەی (مرثد) پیاوی زیناکەر دەبێ بەس ئافرەتی وەك خۆی زیناکەر یان کافر مارە ببڕێ کەواتە تۆ باسی (عناق) نەکەیت ئەو زیناکەرەو مشرکەیە[1].[2].

ئەگەر لەترسی خوای گەورە و بێدار نەبا (مرثد) نەیدەتوانی خراپە بکات؟ کێ دەزانی و کێ ئاگای لێیە خۆ ئەو پارێزگاریشی لێ دەکرا ئەگەر ئەوکارەی بکردایە بەڵام هەڵوێستی بەهیمەت و مەردانە بەگەڕ خست سێبەرە خواییەکەی مەیدانی راوەستان و گەرمایی مەحشەری هەڵبژارد، ژیانی خۆشی دنیای ئاڵ و گۆڕ کرد بەسەرفرازی دوارۆژ کارێکی وای نەکرد کە پەشیمان بێتەوە، ئەی برای موسڵمان تۆش چەند جاران وەك (مرثد) خراپەو زیناو داوێن پیسیت بۆ هەڵکەوتووە و گوتووتە (اني أخاف الله رب العالمين)؟

٣-هەڵوێستی (عبید)ی کوڕی (عمیر) لەگەڵ ئافرەتێکی خەڵکی مەدینە.

-ابن الجوزی دەفەرمووێ:

ئافرەتێکی زۆر جوان هەبوو لەمەککە، پیاوی خۆیشی هەبوو رۆژێکییان سەیری روخساری خۆی دەکرد و بەمێردی گووت: دەبێ کەسێك ئەو رووخسارە جوانە ببینێ تووشی فیتنە نەبێ؟ مێردەکەی گووتی: بەڵێ پیاوی وا هەیە لەخوا ترس و خۆپارێز تووشی هیچ خراپەیەك نابێ، گووتی: کێ؟

پیاوەکە گووتی: (عبید)ی کوڕی (عمیرە)

گووتی: رێگام پێ دەدەیت بچم بیخەڵەتێنم؟

---

(١) رواه الترمذي وابو داود.

(٢) (مواقف ايمانية) ١٠٢.

پیاوە گووتی: بڕۆ بزانم چی دەکەیت؟

ئافرەت چوو بۆی لەسووچێکی مزگەوتی (بیت الحرام) لەمەککە، لەناکاو پەردەی نیقابی لەسەر چاوانی لادا هەر دەتگووت مانگە شەوق دەداتەوە، (عبید) پێی گووت: خۆت داپۆشە ئەی بەندەی خوا!

گووتی: من تۆم هەڵخەڵەتاند، (عبید) گووتی: من پرسیاری شتێکت لێ دەکەم ئەگەر راستت وەڵام دامەوە ئەوا سەیری کاروبارت دەکەم و جوانیت بەجوانی هەڵدەسەنگێنم ئافرەت گووتی: هەر پرسیارێك بکەیت بەڕاستی دەزانم و راست وەڵامت دەدەمەوە (عبید) گووتی ئەگەر ئێستا فریشتەی گیان کێشان هاتە لات بۆئەوەی گیانت بکێشێ، ئایا دڵت وەبەردێ و دڵت خۆش دەبێ کە داواکاریەکت بۆ جێبەجێ بکەم؟ ئافرەت گووتی: نەبەخوا!

(عبید) گووتی: راست دەکەیت.

پاشان گووتی: ئایا ئەگەر تۆیان خستە ناو گۆڕ بۆ پرسیار کردن ئامادەیان کردیت ئایا دڵت خۆش دەبێ کەمن ئەوکارە بکەم؟ ئافرەت گووتی: نەبەخوا!

(عبید) گووتی: راست دەکەیت.

پاشان گووتی: ئەگەر خەڵکی نامەی کردەوەکانیان وەرگرتەوە بەڵام نەتدەزانی نەبەدەستی راست وەردەگریتەوە یان بەدەستی چەپە ئایا دڵت خۆش دەبێ کەئەو کارەت بۆ جێبەجێ بکەم؟ گووتی: نەبەخوا.پاشان هەندێ مەوقیف و راوەستانی مەیدانی مەحشەری پێ نیشاندا کە ئایا تۆ دەتوانی لەوکاتانەدا داوای ئەو شتە بکەیت، ئافرەت هەردەیگوت نەبەخوا.

(عبید) پێی گووت: راست دەکەیت.

کەواتە: لەخوا بترسە کە نازو نیعمەت و چاکەی بەسەردا رشتووی ئینجا گەڕایەوە لای مێردەکەی گووتی ها چیت کرد؟ ئافرەت گووتی تۆو ئێمەش هەموومان هەربێ ئیشین بەدوای هیچ ناگەڕێین، ئینجا تەوبەی کرد و رووی کردە نوێژو رۆژوو خواپەرستی، زۆر جار مێردەکەی دەیگووت: ئاخ چیبکەم (عبید)ی کوڕی (عمیر) چۆن خێزانەکەمی تێکدا، کەلەهەموو شەوێك بۆمن بووك بوو ئێستا دەبینی بۆتە خواپەرست و تەرکی دنیای کردووە[1].

خۆزگە ئێمەش هەڵوێستی (عبید)مان دەبوو بەرامبەر بەو ئافرەتە و چەند ئافرەتی وا کەخەڵك لەخشتە دەبەن.

خۆزگە ئافرەتانمان وەك ئەو ئافرەتە جوان و شۆخ و شەنگە بەئامۆژگاریەکانی پیاوانی خوا بگەڕابانەوە، وازیان لەو جۆرە خراپانە بهێنایە ببان بە خواپەرست و تەرکی خۆشیەکانی دنیایان بکردایە ئای کەچەندە عەودالێن بۆئەوەی رەوشت و خووەکانی جوانی وەك (عبید) و هاوشێوەی ئەومان هەبێ کەلەو کاتانەدا بڵێن (اني اخاف الله رب العالمين) گوێ بەجوانی دنیا نەدەین و بیر لەمەوقیف و راوەستانی ئەودیو بکەنەوە، کە خۆمان بۆ ناگیرێ تەنانەت نەك یەك کاتژمێر بەڵکو یەك خوولەك رابوەستین لەبەر ئەو گەرمایە کە تیشکی خۆر یەك میل لێمان نزیکە، خوای گەورە یارمەتیمان بدات و رێنومایییمان بکات بۆئەوەی کە پێی خۆشە و لێی رازییە آمین.

٤-(ربیع)ی کوڕی (هیثم) و ئافرەتێك لەبەر دەرگای مزگەوت.

---

(١) روضة المحبين (٣٤٠).

دەڵێن کۆمەڵە گەنجێك ویستییان (ربیع) تاقی بکەنەوە، بۆیە کەمینییان بەئافرەتێکی جوان و شۆخ و شەنگ بۆی دانایەوە لەبەردەم دەرگای مزگەوت، لەوکاتەش (ربیع) لاوێکی گەنجی جوان بوو، کەهاتە دەرەوە لەمزگەوت چاوی بە رووخسارێك کەوت دەتگووت مانگە دەدرەوشێتەوە خۆی نیشانی (ربیع)دا، وەك بڵێی پرسیارێکی ئاراستە دەکات لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو (ربیع) هەر دەگریا بەرامبەر بەو ئافرەتە کاتێ کە رووخساری خۆی بۆ دەرخست ئافرەت پرسیاری کرد بۆچی دەگریت؟

گووتی: بۆئەو جوانییە دەگریم کە رێگای تاریکی و گومڕاهی گرتۆتەبەر، دەبینی ئەو رووخسارە جوانە لەنێو ئاگری دۆزەخ ئەوها دەسوتێ وەك خەڵووزی لێ دێت.

–ربیع دەڵێ: پاشان ئەو ئافرەتەیان پێ نیشان دام دوای ئەو بارودۆخە بینیم ئافرەتێکی دینداری لێ کەوتۆتەوە دەستی گرتووە بە نوێژ و مزگەوت و رۆژوو خواپەرستی[1].

لەم رۆژگارەی ئێمەش کۆمەڵە ئافرەتێك هەن کە نەك کەسێکی دیندارو مزگەوت دۆست و خواپەرست لەخشتە بەرن بەڵکو تەواو خۆیان بۆئەو کارە قێزەوەنە تەرخان کردووە ئەمەش بەهاندانی پیاوە گورگ ئاساکان کەلە شوێنە گشتییەکان بەبیانووی ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان هەڵدەستن بەخەڵەتاندنی ئەوجۆرە ئافرەتانە بۆئەوەی بیانکەن بە مەرامی ئارەزوویان نەك بەخشینی ماف پێیان، ئایا رەوایە جوانی و شۆخی ئافرەت ئارایش بکرێت لە گۆڤارو رۆژنامەو تلفزیۆنەکان بەچەندین بەرگ و پۆشاکی بیانی و رووت و

(١) مواقف أيمانية–الشيخ احمد فريد ١٠٦

قووت كه دوورن له كلتووری ئیسلامی رەسەن و كوردایەتیمان؟

بێگومان ئەمه مافی ئافرەت نییه هەرگیز بەمه ئافرەت ئازاد ناكرێت كه بچیت كەمین بۆ خەڵكی موسڵمان دابنێتەوه بەجوانی ئافرەت لەسەر شاشەكانی تلفزیۆن ئینجا بەدەنگی خۆش و بەڕەنگی جۆراوجۆر حەیفه رۆڵی چاكانی پێشوومان نەبێ، دەڵێ ئافرەتانی ئەو سەردەمه ئەگەر قسەیان بۆ ناچاری لەبەر پیاوێكی نامەحرەم بكردایه بۆئەوەی پیاوەكه تووشی فیتنه نەیەت لەچكەی كراسیان دەگرت و دەیانخستە ناو دەمیان تاكو دەنگ و قسەكانیان بگۆڕێ نەرم و نیانی پێوه دیارنەبێ با خەڵك بەئەوان فریو نەخوات چونكه دەڵێن ئێمه ئارام ناگرین لەسەر ئازارەكانی ئاگری دۆزەخ و تووڕەیی خوا.

٥-ئافرەتێكی داوێن پاك وپیاوێكی تاوانبار.

پیاوێكی گوناهبار لەكاتی گیان كێشانیدا خەڵكی پێیان دەگووت: بڵێ (لا إله الا الله) بەڵام ئەو بۆی نەدەگوترا تەنها ئەو دێرە شیعرەی دووبارە دەكردەوه، دەیگووت:

یارب قائلة یوماً وقد تعبت

أین الطریقُ الی حمام منجاب

واتە: ئەی خوایه رۆژێك ئەو ئافرەتە گووتی: كه زۆر ماندوو بوو حەمامی مونجاب لەكوێیه؟

-هۆی ئەمه ئەوەبوو رۆژێك ئافرەتێكی داوێن پاك هاتە دەرەوه بۆ حەمامێكی دیاریكراو كەناوی حەمامی مونجاب بوو، نەیدەزانی لەكوێیه بۆیه

زۆر ماندوو بوو لەگەڕان بەشوێنیدا، پیاوێکی بینی لەدەرگای ماڵی خۆی وەستابوو، پێی گووت: حەمامی مونجاب لەکوێیە؟

ئەویش دەستی بۆ دەرگای ماڵی خۆی دەرێژ کردو گووتی: ئێرە حەمامی مونجابە، کە ئافرەتەکە چووە ژوورێ یەکسەر پیاوەکە دەرگای لەسەر داخست، کە ئافرەت زانی ئەمە ماڵی خۆیەتی حەمام نییە، یەکسەر تێگەیشت کە ئەمە فێڵە لێی دەکرێ، بۆیە ئافرەتە داوێن پاکەکە خۆی نیگەران ناکات و خوای گەورە یارمەتی دەدات دڵی بۆئەو پیاوە خۆش دەکات پێی دەڵێ: برۆ بەزوترین کات لەبازاڕ هەندێ خواردن و نان و پێداویستی بکڕە بەڵام بەپەلەو زوو وەرەو چونکە زۆر هیلاك و ماندووم وەهەندێ بۆنی خۆش لەگەڵ خۆت بۆم بکڕە، ئینجا ماندوبوونەکەم دەحەسێتەوە، ئەوکاتە هەرچی داوا دەکەیت بۆت جێبەجێ دەبێ.

پیاوەکە لە کەیفان رایکرد بۆ بازاڕ، لەبیری چوو کە دەرگای ماڵەکەی لەسەر ئافرەتەکە دابخات چووە بازاڕ ئەوشتانەی کە پێی گووترا بوو بۆی کڕی، بەپەلە گەڕایەوە ماڵێ، بینی ئافرەتە لەماڵی نەماوەو رایکردووە، پیاوەکە کە ئەم شتەی بینی لەخەفەتی ئەو ژنە تاسا، بۆیە هەر لەناو هاوڕێکانیدا باسی دەکرد، تاکو وای لێهاتبوو لەرێگادا وەك شێت دەڕۆیشت و ئەو دێرە شیعرەی دووبارە دەکردەوە.

یارب قائلة یوماً وقد تعبت

أین الطریقُ الی حمام منجاب

رۆژێك خزمەتکارەکەی پێی گووت بۆچی بەپەلە نەهاتیتەوە تاکو بەسەری زاڵ بیت؟

بۆچی لەخانووەکەت بەندت نەکرد؟

یان دەرگات لەسەر دانەخست؟

بەم قسانە زیاتر ناڕەحەت و پەرۆش دەبوو، وە زیاتر بڕیارەکانی دەکولّانەوە، هەر بەردەوام ئەو وشەی دووبارە دەکردەوە دەیگووت: رێگای حمامی مونجاب لەکوێیە؟

تاکو وای لێهات ئاخیر قسەی کەلە دنیادا دەرچوو ئەو دێرە شیعرە بوو، هەرکاتێك کەلەسەرە مەرگیدا داوایان لێی دەکرد هەر ئەوەندەی دەگووت، ئینجا سەیرکە چۆن یەك گوناح ئەوهای بەسەر هێنا کە لەسەرە مەرگیدا بەوشێوە بدۆڕێ، کەچی گوناهەکەی بەتەواوی بۆنەکرا تەنها ئاقرەتەکەی بۆ هاتە ژووری[1].

(هەڵوێستە ئیمانیەکان لەتۆبەکردنێکی راستەقینەدا)

تۆبەو گەڕانەوە بۆلای خوا مانای وازهێنان و کۆچکردنە لەماڵی گوناهو تاوان هیچ بەندەیەك لێی دەوڵّەمەند نییە بەڵکو هەموو کەسێ پێویستی پێی هەیە چونکە وەزیفەی تەمەنی مرۆڤە، هەربۆیە چاکانی پێشوو دەیانگووت کەسێ بەیانی و ئێوارە تۆبە نەکات ئەوا لەچینی ستەمکارانە گومانیش لەوە نییە کە هەموو ئادەمیزادێك هەڵّە دەکات و تووشی تاوان دێت بەڵام چاکترینییان چینی تۆبەکارانە، زۆرجار مرۆڤ کە تاوانێك دەکات پاشان تۆبەی لەسەر دەکات، دووبارەی دەکاتەوە بەڵام ئەوجارە تۆبەی لەسەر ناکات

(١)بةسةرهاتء ثةند وةرطرتن، بةرهةمَيكى تري نووسةر، ل٢٨٦.

چونکه والێی تێگەیشتووه که تەنها یەکجار مافی گەڕانەوەی هەیەو بەس که چووەوە سەر تاوان نابێ جارێکی تر تۆبە بکات، بەڵام لەڕاستیدا وانییە هەرکە تاوانێکت کرد دەس بەجێ تۆبەی لەسەر بکە ئەو تۆبەیە بۆت دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکەت، ئینجا پێغەمبەرەکەت (ﷺ)وای پێ ڕاگەیاندووی که ئەگەر جارێك تۆبەت کرد و پاشان گەڕایتەوە سەر کارەکەت دووبارە بۆت هەیە تۆبە بکەیت، پاشان و پاشان هەربۆت هەیە تۆبە بکەیت چونکە خوای گەورە بەفریشتەکانی دەڵێ: ئەم بەندەی من دەزانێ که خوایەکی بەخشندەو میهرەبانی هەیە کەله تاوانی خۆش دەبێ بۆیە من لێی دەبوورم و تاوانەکانی دەسڕمەوە.

بەڵام ئێمە باس لە کەسانێك دەکەین که بەهیمەت و ئیرادەوە تۆبەیەکی ڕاستەقینەیان کردووە، جارێکی تر ناگەڕێنەوە سەر تاوانی پێشوویان.

-شێخ حسنی (البصری) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێ:

تۆبەی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی که بەندە واز لەتاوان بینێ و پەشیمانی خۆی دەربڕێ بەرامبەر بە ڕابردووی، وە بڕیار بدات که جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی پێشوو.

١-باوکی بەشەریەت (آدم) علیه السلام، یەکجار تاوانی کرد و تۆبەو پەشیمانی خۆی دەربڕی وە جارێکی تر فەرمانی خوای نەشکاند ئەمەش لەکاتێکدا که خوا لێی قەدەغە کردبوو بەخۆی و خێزانەکەی که نزیکی ئەوداره دیاریکراوە نەکەون لەبەهەشت، بەڵام بەهۆی شەیتان و وەسوەسەکەی لێی نزیك کەوتنەە و لێیان خوارد تاکو خوا لێیان تووڕە بوو بەهۆی ئەوەوە دەرچوون لە بەهەشت (جنة المأوى) کەوتنە

سەرزەوی، لەپاشان تاوان و گوناهکردن لەسەر زەوی دابەزین و بێبەش بوون لە کۆمەڵێ شت وەکو بێبەش بوون لە رزق و رۆزی، لەشیرنایەتی ئیمان و ئولفەت وەرگرتن بەخوا و بێبەش بوون لە زانست و چەندین شتی تر.

بەڵام دایك و باوکمان (أدم و حواء) رێگای تۆبەی راستەقینەیان دۆزییەوە.

﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴾[1].

واتە: پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە چەند وشەو نزایەکی وەرگرت–بەدڵ و بەکۆڵ پاڕایەوە، خوای میهرەبانیش–نزاکەی لێ وەرگرت و لێی خۆش بوو چونکە تەنها ئەو زاتێکی ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە[2].

نزاکەش ئەو چەند وشەیە بوو: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾[3].

واتە: ئادەم و حواء گوتییان: ئەی پەروەردگارمان ئێمە بەڕاستی ستەممان لەنەفسی خۆمان کرد، ئەگەر تۆ لێمان نەبووریت وە بەزەییت نەیەتەوە پێماندا بێگومان لەچینی زەرەمەندانین.

٢–تۆبەی بکوژەکە کە سەد کەسی کوشت ئینجا تۆبەی کرد خوای گەورەش

(١) سورة البقرة (٣٧).

(٢) تەفسیری ئاسان.

(٣) سورەتی الاعراف (٢٣).

تۆبەکەی لێ وەرگرت، ئەمەش پیاوێکی بنی اسرائیلی بوو هەروەك لە فەرموودەی (صحصح)دا هاتووە، کە بوخاری و مسلم ریوایەتییان کردووە:

(پیاوێك هەبوو لەنێو بەنی ئیسرائیلیەکان نەوەدو نۆ (۹۹) کەسی کوشتبوو پاشان دەرچوو پرسیاری کرد، چووە لای خواپەرستێك (راهب) گووتی بۆم هەیە تۆبە بکەم؟

راهیب گووتی: نەخێر، ئەویشی لەوێ کوشت، ئەو هەر پرسیاری دەکرد بۆئەوەی بزانێ کە ئایا بۆی هەیە تۆبە بکات.

پیاوێك پێی گووت: بچۆ بۆئەو گوندە لەفلان شوێندا، لەرێگادا مرد، خوا فەرمانی بەزەوی کرد کە لەلایەك نزیك بێتەوە، لەلایەکی تریش دوورببکەوێتەوە لەوکاتەی کە فریشتەی رەحمەت و عەزاب هاتنە سەری پاشان فریشتەیەك لەسەر وێنەی ئادەمیزاد دێتە نێوانیان و دادپەروەری دەکات لەنێوانیاندا، بڕیاردەدات کە دەبێ زەوییەکە زەرع بکرێ لەکوێ نزیك تربوو بۆئەوەێ دەیبەن—فریشتەی عەزاب دەیانگووت هیچ کاری چاکی نەکردووە، هی رەحمەتیش دەیانگووت: بەدڵ تۆبەی کردووە، بەڕاستی لەکارەکەی پەشیمان بۆتەوە، بۆیە ئەهلی بەهەشتە.

کە دادوەرەکە بڕیاریدا خوای گەورە پارچە زەوی رەحمەتی بچووك کردەوە، لەرەحمەت نزیکتر بوو، خوا لێی خۆشبوو، ئینجا ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فراوانی لوتف و سۆزی خوا، وە فێرمان دەکات کە خوا چەندە بەبەزەییە بەرامبەر بەندەکانی لەکاتێکدا کە فەرمانیشی دەشکێنن، بەڵام کەتۆبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە، خوا هەر وەریاندەگرێتەوە لێیان دەبووریت.

۳–تۆبەی دوو پادشای بەنی ئیسرائیلی:

–عبداللەی کوڕی مسعود دەفەرموێ:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (بەنی ئیسرائیلی لەدوای (موسی)دا پیاوێکییان بۆخۆیان هەڵبژارد–کردیان بە پادشاە–لەشەوێکی مانگەشەودا هەستا چووە سەربانی (بیت المقدس) نوێژی کرد بیری لە کردەوەکانی کردەوە کە پێشتر دەیکردن، خۆی بەپەتێك بەستابووەوە، پەتەکەش (حبل) بەیانی لەمزگەوت هەڵواسرابوو ئەویش لەشوێنی خۆی نەمابوو رۆیشتبوو.

بۆی دەرچوو تاکو گەیشتە کەناری دەریا بینی هەندێ لەوێ خشت دروست دەکەن–بەفەرمانی پاشاکەیان–لێی پرسین چۆن ئەمە دروست دەکەن؟ ئەوانیش هەواڵەکەیان پێدا و فێریان کرد، ئەویش لەگەڵیان بووە کرێکار، بەڵام هەندێ شتی سەیریان لێ دەدیت، هەرکە وەختی نوێژ دەهات هەڵدەستا نوێژی دەکرد،کرێکارەکانیش ئەم هەواڵەیان گەیاندە گەورەیان– پاشا–گوتییان: پیاوێك لەگەڵمان ئیش دەکات ئەوهاو ئەوها دەکات، پادشا ناردی بەشوێنی، بەڵام ئەو نەچوو، تاکو سێ دانە جار هەر نەچوو ناچار پاشا بەوڵاخی خۆی چوو بۆلای، کە پاشای بینی یەکسەر رای کرد لەبەردەستی ئەویش کەوتە شوێنی تاکو پێی گەیشت گووتی راوەستە با قسەت لەگەڵ بکەم، ئینجا راوەستا تاکو قسەی لەگەڵ بکات، وە هەواڵەکەی بەتەواوی بەپاشا راگەیاند، زانی کە ئەویش پاشا بووە، بەڵام لەبەر ترسی خوا رای کردووە وازی لە دنیا هێناوە، پادشا گووتی: وابزانم منیش دەبێ لەگەڵ تۆبم، وەك تۆ خواپەرستی بەڕاستی و بێگردی بۆ بکەم، بەدوای کەوت هەردووکیان

تاکو مردن خواپەرستیان کرد لەولاتی میسر[1].

٤-هەڵوێستی راستەقینەی (سراقە)ی کوڕی (مالك) لەتۆبەکردندا:

-سراقە لەگەڵ پێغەمبەر و ابوبکردا بەسەرهاتێکی ئالودەی هەبوو کە بووە هۆکاری موسڵمانبوونی.

ئینجا گوێ دەگرین بۆی کە بەخۆی بەسەرهاتەکەمان بۆ باس دەکات دەفەرموێ:

نوێنەرەکانی قوڕەیش هاتنە لامان پێیان گووتین: ئەوکەسەی کە پێغەمبەر یان ابوبکر بکوژێ یان بەدیل بیگرێ ئەوا سەد (١٠٠) وشتری پێ دەدرێ، کاتێ کەمن لە مەجلیسی قەومی خۆم (بەنی مودلیج) دانیشتبووم یەکێك لە قەومەکەم هاتەلامان گووتی: ئەی سراقە من رەشایەکم بینی لەنزیك کەنارەکە وابزانم (محمد و هاوەڵانی) بوون.

منیش زانیم کە ئەوانن بەڵام گووتم: ئەمانە محمد و هاوەڵانی نین بەڵکو فلان و فلان بوون بەپێشمان تێپەڕین.

دوای ئەوە کەمێك لە مەجلیسەکە مامەوە ئینجا هەستام و چوومەوە ماڵی، فەرمانم بە کەنیزەکەم کرد، کە ئەسپەکەم بۆ دەربێنێ لەدواوەی دارخورماکان رایگرێ، پاشان رەمەکەم بردو سواری ئەسپەکەم بووم، پەلەم لێ کرد تا گەیشتمە پێغەمبەر و أبوبکر کە لێیات نزیك بوومەوە بەئەنجازەی بیستنی دەنگ، ئەسپەکەم ساتمەیەکی کرد و منیش کەوتمە خوارێ، دەستم کردە تیرانەکەم بەختی خۆم تاقی کردەوە، بینیم ئەوەی کە پێم ناخۆشە ئەوم بۆ دەرچوو، بەڵام من هەر دوایان کەوتم، تا لێیان نزیك بومەوە، بەڵام

(١) رواه احمد وأبو يعلى، انظر مواقف ايمانية/ ٣٩٣.

ئەمجارەشیان ئەسپەکەم ساتمەی کرد، دووبارە دەستم کردە تیردانەکەم جارێکی تر بەختی خۆم تاقی کردەوە، ئم جارەش ئەوەی کەپێم ناخۆش بوو ئەوم بۆ دەرچوو، کە دوایان کەوتم بەڵام من سەرپێچیم کردو دوایان کەوتم تا وام لێهات گوێم لە خوێندنەوەی پێغەمبەر بوو، پێغەمبەر هەرگیز ئاوڕی نەدەدایەوە بەپێچەوانەی ابوبکر کە زۆر ئاوڕی دەدایەوە ئەوجارە قاچەکانی ئەسپەکەم لەزەوی رووچوون تاکو ئەژنۆ منیش هاتمەوە خوارەوە، ویستم هەڵیستێنمەوە ئینجا تۆزو گەردەلوولەیەکم بینی لەئاسمان وەک دووکەڵ وابوو.

(سراقە) دەڵێ: جارێکی تر بەختی خۆم تاقی کردەوە ئەمجارەشیان ئەوەی پێم ناخۆش بوو دەرچوو، یەکسەر هاوارم کرد گووتم: ئێوە پارێزراون، ئەوانیش وەستان تا گەیشتمە ئەوان، کەوتە ناودڵم کە ئایینی پێغەمبەر (ﷺ)سەردەکەوێ، پێم گووت: قەومی تۆ پاداشتیان داوە بۆئەوکەسەی کە دەتکوژێ یان بەدیل دەتگرێ ئینجا هەندێ هەوالّم پێ ڕاگەیاندن و هەندێ خۆراك و کەلوپەلم پێشکەش کردن، بەڵام هیچییان وەرنەگرت، هیچ شتێکییان نەویست تەنها ئەوە نەبێ کە ڕێگەی ئەوان بەکەس نەڵێم، پرسیارم لێ کرد کە نووسراوێکم بۆ بنووسێ بە پارێزراو بوونم، ئەویش فەرمانی بەعامیری کوڕی فەهیرە کرد لەپارچە پێستێکی خۆشکراو بۆم بنووسێ، ئینجا ڕۆیشت[1].

ئینجا بزانە کە هەرکەسێك بەڕاستی تۆبە و گەڕانەوە بۆلای خوا ئەنجام بدات ئەوا خوای گەورە لەدنیاو ئاخیرەتدا خەڵاتی دەکات و بەڕێز دەبێ لەنێو قەوم و هۆزەکەی جگە لەمەش ئەوەی کە دڵی لێ سێ ودووە و بەڕاستی لێی

(١) رواه البخاري ومسلم/ دموع تائبة/ يوسف الحاج احمد (٩٠).

دڵنیا دەبێ چونکە بەپاکی ئەسپی تاو داوە بۆئەو مەیدانە بۆیە خوا کاری بۆ ئاسان دەکات ئەگەرچی لەسەرتا (سوراقە) نیازی باشی نەبوو بەڵام داخی گەورەشی پێغەمبەر و ابوبکر نەبوون بەڵکو حەزو ئارەزووەکانی دنیابوون کە خەڵاتکردنی بوو، بەسەد وشتر، بەڵام ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ موسڵمانبوون و تۆبەیەکی راستەقینە بۆ سوراقە، چونکە بەئارەزووی خۆی موسڵمان بوو کەس شمشێری لەسەر گەردەنی دانەنابوو، وە دەیتوانی تەنها رێگایان بەکەس نەڵێت و بۆخۆی بگەڕێتەوە.

-ئینجا پێغەمبەر بە (سراقە)ی گووت: ئەی سوراقە چۆنە ئەگەر هەردوو بازنەکەی کیسرات لەدەستت کرد؟!

کاتێ کە خەڵاتی ئیمامی (عمر) هات و کیسرا و تەخت و بەختی کەوتە ژێر دەستی موسڵمانان (عمر) هات و هەردوو بازنو پشدێن و تاجەکەی کیسرای لەلابوون، فەرمووی: بانگی سوراقە بکەن، ویستی هەردوو بازنەکەی لەدەست بکات.

سوراقەش پیاوێك بوو مووی دەستەکانی زۆر بوون ئیمامی (عمر) فەرمووی: ئەی سوراقە دەستت بەرز بکەرەوەو بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لەدەستی کیسرای سەندنەوە و لەدەستەکانی سوراقەی کردن کە پیاوێکی دەشتەکی و چۆڵ نشینێك بوو لەتیرەی بەنی مودلەج[1].

٥-هەڵوێستی راستەقینەی (مالك)ی کوڕی دینار لەتۆبەکردندا:

مالك ی کوڕی دینار، زانای گەورە و پایە بەرز، لە باوەڕپێکراوەکانی تابیعیینەکان دەژمێردرێت و یەکێکە لە دیارترین ئەوکەسانەی کە قورئانییان

(١)دموع تائبة/ يوسف الحاج احمد (٩١).

دەنووسیەوە لەوکارە ئەوپەڕی شارەزایی هەبوو.

کە لەدایك بوو (عبدالله)ی کوڕی عەباس لە ژیاندابوو، گوێی لە ئەنەسی کوڕی مالك بووە و فەرموودەی لێ گێڕاوەتەوە.—ابن قدامه—دەفەورموویێ: لەکتێبی التوابین گێردراوەتەوە لە (مالك)ی کوڕی دینار کە پرسیاری لێ کرا لەهۆی تۆبەکردنی ئەویش فەرموویێ:

من پیاوێکی پۆلیس بووم بەردەوام بووم لە مەی خواردنەوە دوای کەنیزەیەکی گرانبەهام کڕێ و زۆرم خۆش دەویست و کچێکم پەیدا بوو، ئەو کچە دڵی منی تەواو داگیر کردبوو، کاتێك کە گەورە بوو بەسەر پێیان کەوت زیاتر خۆشمدەویست ئەویش منی خۆشدەویست، کە دەمویست مەی بخۆمەوە لەپێش خۆم دادەنا ئەم کچە لەپێشی هەڵدەگرتم و منیش دەمویست لێی بسەنمەوە لەئەنجامی ئەمە لەسەر کراسەکەم دەڕژا، کە ئەم کچەم دوو ساڵی تەواو کرد وەفاتی کرد بە مردنی زۆر زۆر غەمبار بووم.

لەشەوی جومعەی نیوەی شعبان نوێژی عیشام نەکرد سەرەڕای ئەوەی بەسەرخۆشی خەوتم، لەخەومدا بینیم وا قیامەتە فوو لە سورکراوە گۆڕەکان هەڵکەندراون و منیش لەگەڵ ئەو خەڵکە کۆکرامەوە.

لەناکاو دەنگێکم لەدوای خۆم بیست، کە ئاوڕم دایەوە بینیم ئەژدیهایەکی رەش و شینی زۆر گەورە لەدوامە وە دەمی کردۆتەوە بەخێرایی بۆلام دێت، منیش زر ترسام و رامکرد، لەڕێگای هەڵاتنم بەلای پیرێکی جوان و جل و بەرگ خاوێن تێپەڕیم، سڵاوم لێ کرد ئەویش وەڵامی دامەوە، پێم گووت: ئەی پیرە لەو ئەژیهایە بمپارێزە خوا بتپارێزێ، پیرەکە گریا و گووتی: من بێ هێزم ناتوانم بەرەنگاری ببمەوە بەڵام خێراکە بەڵکو خوا یەکێك دێنێتە سەر ڕێگات رزگارت بکات لەو ئەژدیهایە، منیش رامکرد و بەسەر بەرزاییەك سەرکەوتم، کە

گەیشتمە سەرەوە چینەکانی ئاگرم بینی، زۆر ترسام و ئەوەندەم نەمابوو بکەومە خوارەوە، لەترسی ئەژدیهاکە، لەناکاو یەکێ هاواری کرد گووتی: بگەڕێوە تۆ لەخەڵکی ئەو ئاگرە نیت، کەمێك ئارام بووم و بەقسەی ئەو گەڕامەوە، جارێکی تر ئەژدیهاکە گەڕایەوە دواوە جارێکی تر بەلای پیرەکە تێپەڕیم و پێم گووت: پیرە داوام لێ کردی بمپارێزی لەو ئەژدیهایە بەڵام تۆ رەتت کردەوە.

پیرەکە گریا گووتی: من بێ هێزم، بەڵام برۆ بۆلای ئەو چیایە لەوێ راسپاردەی موسڵمانەکانی لێیە، ئەگەر راسپاردەیەکت هەیە برۆلای تا رزگارت بکات بینیم چیایەکی خڕی لەزیوە، چەندین کون و کەلەبەرو پەردەو سەرقاپی هەڵواسراوی تێدایە، لەهەر کوونێك دەرگایەکی لێیە لەزێڕی سوور، بە دوڕو گەوهەر رازاوە وە بەپەردەیەکی ئاوریشم داپۆشراوە، منیش بۆئەم چیایە رامکرد و ئەژدیهاکەش لەدوامە، کە نزیکی چیایەکە بووم فریشتەکان گوتییان: پەردەکان بەرزبکەنەوە دەرگاکان بکەنەوە،لەوانەیە ئەو نائومێدە راسپاردەیەکی لێرە هەبێ و لە دوژمنەکەی رزگاری بکات، بینیم پەردەکان بەرز بوونەوەو دەرگاکان کرانەوە منداڵی جوانی وەك مانگ لەو دەرگایانە هاتنە دەرەوە، ئەژدیهایەکەش لێم نزیك بوەوە منیش بەسەرسامی مامەوە، هەندێ لە منداڵەکان هاواریان کرد وەی لەئێوە هەموتان وەرن دوژمنەکەی لێ نزیك بۆتەوە، ئەوانیش پۆل پۆل دەهاتن تا کچەی خۆمم لەنێوانیاندا بینی، کە کچەکەم منی بینی گریا گووتی: بەخوا ئەمە باوکمە ئینجا بەخێرایی هاتەلام و دەستی چەپی خستە دەستی راستم و دەستی راستی بۆ ئەژدیهاکە درێژکرد هەرکە ئەژدیهاکە ئەمەی بینی یەکسەر رایکرد.

پاشان کچەکەم لەکۆشم دانیشت و دەستی راستی لەریشم دەخشاند پێی

دەگووتم: باوکە﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾

واتە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ باوەڕداران کە دڵەکانییان بە نووری ئیمان ملکەچ و ڕۆشەن بکەنەوەو بۆ ذیکرو یادی خوا ڕووناك بێتەوە، منیش گریام و گووتم کچی خۆم ئێوەش قورئان دەزانن؟ گووتی: باوکە ئێمە زاناترین لەئێوە بەو قورئانە.

گووتم: ئەو ئەژدیهایە چی بوو کە دەیویست بمفەوتێنێ؟ گووتی: ئەمە کردەوە خراپەکانتە هەر بەهێزت کرد ئەویش ویستی بتخاتە ئاگری دۆزەخەوە، پێم گووت ئەی ئەو پیرە کێ بوو کە بەلای تێپەڕیم؟ گووتی: ئەوە کردەوە چاکەکانتانە کە لاوازت کرد تا وای لێهات نەتوانی بەرامبەر کردەوە خراپەکانت بوەستێ.

گووتم: کچی خۆم ئێوە چی دەکەن لەو چیایە؟ گووتی: باوکە ئێمە منداڵانی موسڵمانین خوای گەورە لێرەی نیشتەجێ کردووین تا قیامەت دادێ چاوەڕێتان دەکەین بێنە لامان تاکو شەفاعەتتان بۆ بکەین، بەترسەوە لەو خەوە هەستامەوە، بەیانی تۆبەیەکی ڕاستەقینەم کرد و ئارەقەو (مەی) خۆم هەموو ڕێشت. ئەمەش هۆی تۆبەکردنم بوو[1].

بەڕاستی نموونە زۆرن لەسەر ئەوانەی کە جوانترین هەڵوێستییان هەبووە لە تۆبەکرندا، هەرکاتێ وازیان هێنابایە لەتاوانەکان ئەوا بەتەواوی خۆیان یەکلا دەکردەوە لەگەڵ دنیاو خۆشیەکانی چەند کەستان بینی لەخۆشترین ژیانی دانیا دایە خوای گەورە بەپاداشتی نەبڕاوەی بەهەشت و رازی بوونی خوا گرنگ نییە جوانترین و گرانبەهاترین پۆشاك بپۆشی، بەڵکو ئەوە بەلایان گرنگە کە

(١) دموع تائبة/ يوسف الحاج احمد.

خوا رازی بێ لێیان، وە بەپاداشتی بەهەشت شادیان بکات، چەند گەورەیە کە بەردەوام بیت لەسەر وازهێنانت لە دەریای تاوان، چەندە پیرۆزە کە بگەیتە کاروانی چاکانی پێش خۆت بە رووێکی سپی، ئینجا دەبێ هیمەت و هێزو ئیرادە وەبەرخۆمان بنێین لەکاتێك کە خۆمان پچڕاند لەگەڵ مالّی تاوان وە جارێکیتر نەگەڕێینەوە سەری، ساردبوونەوەمان بێ هیمەتمان دەکات، بەمە ئیستیقامە لەدەست دەدەین، ئینجا رێگای سەرەکی بۆ سەرکەوتنمان و ئاسوودە بوونمان لەژیندا ون دەکەین.

بۆیە دەڵێین زۆر کەس هەن کە بەخەیاڵیاندا هاتووە کە تۆبە بکەن بەڵام دەڵێن ئەوڕۆکەنا بەیانی (التسویف) بەکاردێنین، نازانن ئەوە شتێکی بێ سوودە بۆیان ئایا دڵنیایت کەتاکو بەیانی و چەند کاتژمێرێك مۆڵەتت پێ دەدرێ کە تاخیر بکرێیت لە دنیادا بۆئەوەی تۆبە بکەیت، بۆیە دەبێ پەلە بکەیت و خۆت دوا نەخەیت لە کاروان﴿ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ [1].

دەڵێت: ئەی پەروەردگار خۆزگە ماوەیەکی گەمی تر مۆڵەتت بدامایە تا خێر و چاکەم بکردایە و مالّ و سامانم ببەخشیایە و بچوومایەتە ریزی چاکانەوە.

جا ئەو داخوازیە بەجێ نییە چونکە رۆژی هەرکەسێ تەواو بوو کاتێ مەرگی هەرکەسێ هات، هەرگیز خوا دوای ناخات و مۆڵەتی بۆ تازە ناکاتەوە،

(١) سورة المنافقون (١٠-١١)

خواش زۆر ئاگایە بەهەموو ئەوکارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن[1].

—براو خوشکی بڕوادار، لەدوای هەر تاوانێك چاکەیەك ئەنجام بدە تاکو تاوانەکەت بسڕیتەوە، نەکەی بەکردنی یەك گونە واز لە هەموو چاکە و خوا پەرستییەکانت بێنی ئەگەر بەردەوام لەدوای خراپەکان چاکە ئەنجام بدەیت لەکۆتاییدا ئەم خراپەو تاوانەش هیچ بەهایەکی نامێنێ و دەس بەجێ واز دێنێ، ئەگەر نوێژێکی پوخت و تەواو بۆ خوا بکەیت بێگومان دەتپارێزێ لە خراپە تاکو نوێژی ئایندە جگە لەوەی کە دەبێتە کەفاراتی گوناهەکانت ئیتر پەلە بکە بۆ ئەو پێشبڕکێیە بۆ لێخۆشبوون و بەهەشتێك کە بەرینیو فراوانی بەقەبی ئەرزو ئاسمانە، بۆ پارێزکاران ئامادەکراوە هیمەتت بەرز کەوەو ئیرادەت بەهێزبکە تاکو بەئاوات بگەیت.

(١) تەفسیری ئاسان.

لەکۆتاییدا....

لەخوای گەورە دەپارێمەوە کەوا لەتاوانمان خۆش بێت و هیمەتمان بەرزو ئیرادەمان بەهێز بێت لەبەر خاتری ناوە جوانەکانی و بەرەکەتی اسم ی ئەعزەم نەوەکانمان سەرکەوتوو و سەرفرازی دنیاو ئاخیرەت بکات، بمانپارێزێ لە فیتنەو ئاژاوەی دنیاو دنیاویستان، لەژێر ئالآی پێغەمبەران و شەهیدان و زانایان و چاکان حەشرمان بکات آمین آمین..

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین

لەرۆژی پێنج شەممەی ٣ی رەجب ی ١٤٢٣ کۆچی

بەرامبەر ٢٠١٢/٥/٢٤ زایینی

بەیارمەتی خوا تەواو بوو

سەرچاوەکان:

١–قورئانی پیرۆز

٢–تەفسیری ئاسان

٣–صلاح الأمة في علو الهمة، سيد حسين العفاني

٤–مواقف ايمانية، د. احمد فريد

٥–دموع تائبة، يوسف الحاج أحد

٦–مدارج السالكين، ابن القيم الجوزية

٧–بەسەرهات و پەند وەرگرتن، بەرهەمێکی تری نووسەر

٨–رجال ونساء حول الرسول، سعد ابو يوسف عزيز

٩–قيمة الزمن عند العلماء، الشيخ عبدالفتاح ابو غدة.

١٠–صحيح وصايا الرسول، المجموعة الاولى، سعد ابو يوسف عزيز

١١–صفة الصفوة، ابن الجوزي

ناوەرۆك

بابەت	لاپەرە
وانەی یەکەم : هیمەت بەرزی	٧
وانەی دووەم : هیمەت بەرزی لە (اخلاص) و وەدەستهێنانی زانست.	٢٧
وانەی سێیەم : هیمەت بەرزی لە بانگەوازی کردن بۆ لای خوا.	٤٣
وانەی چوارەم : هیمەت بەرزی لەشوێن کەوتن و خۆ پاراستن لە زیادکراوەکان	٥٦
وانەی پێنجەم : هیمەت بەرزی لە قورئان خوێندن و زیکری خودا.	٦٥
وانەی شەشەم : هیمەت بەرزی سەرکردەو سەرلەشکرەکان	٧٤
وانەی حەوتەم : هیمەت بەرزی لە پشت بەستن بەخودا.	٩١
وانەی هەشتەم : هیمەت بەرزی لەرازی بوون بەخوا.	١٠٠
وانەی نۆیەم : هیمەت بەرزی لەخۆ بەکەم زانین-التواضع	١٠٩
وانەی دەیەم : هیمەت بەرزی لەشەرم و حەیادا	١٢٠
وانەی یانزەم : هیمەت بەرزی گە نجان	١٣٤
وانەی دوانزەم : هیمەت بەرزی ئافرەتان	١٤٦
وانەی سیانزەم : هیمەت نزمی	١٧٣
وانەی چواردەم : چۆن..؟ کەی..؟ مرۆڤ هیمەتی بەرزدەبێ؟	٢٠٧
وانەی پانزەم : هەڵوێستە ئیمانیەکان	٢٢٤
سەرچاوەکان	٢٧٧
ناوەرۆك	٢٧٩

ئەگـەر گەنج و لاوی ولات هیمەت و ئیرادەیان رووخا ئەوا دڵنیابە کە ولاتیان رووخا، چونکە ئەوانن کە لەسەنگەرەکان شەونخووننی دەکەن بۆ ئازادی ئایین و ولاتیان، بۆیە ئەوەی کە زۆر پێویستی بەهیمەت و ئیرادەیەکی بەرزبێ بێگومان چینی گەنجە لەناو هەموو چین و تۆیژێك، ئەوان زیاتر لەهەموو کەس جێی پەنجەیان دیارە، مێژوو زۆر سوپاسی هەوڵ و ماندوبوونی ئەوانی کردووە، ئەوانەی کەلەدەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوون کێ بوون؟

بێگومان گەنجانی وەك (علی)ی تەمەن پانزە ساڵان و بلال و عمار و معاژ و ابن عباس بوون، کەتاکو کۆتایی دنیا هەرگیز مێژوو لەبیریان ناکات، بۆیە گەنجانی دەوری پێغەمبەر لەپیاو و ئافرەتان بەراستی نموونەی هیمەت بەرزی بوون، کە ئێمەش پێویستیمان بەوە هەیە کە رۆڵی ئەوان ببینین لەو مەیدانەدا، لەهەوڵ و کۆشش و خزمەتکردنی ئایینی خواو سەرخستنی پێغەمبەر و بەرگری کردن لە پەیامەکەی لەکاتێك کە دوژمن لەهەموو لایەکەوە تەڵەی فێڵ و فریودانی بۆ سازداین ئەگەر ئیرادەمان بەهێز نەکەین وە بەسەر ئارەزووەکانمان زاڵ نەبین ئەوا هەرگیز ناتوانین بەرەنگاری دوژمن ببینەوە و بەسەری زاڵ بین.

نووسەر



00964 770 6521662
mahweeshop@yahoo.com